ئومێد عەزیز مستەفا

# ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفی یە



فەرهاد عەونی
پێشەکیی بۆ نووسیوە و
لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراوە

ئومێد عەزیز مستەفا

# ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفی یە



فەرهاد عەونی
پێشەکیی بۆ نووسیوە
و لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراوە

**ژیان و بەرهەمی عەونی**

- چاپی یەکەم ٢٠١٤ . هەولێر

- نووسەر: ئومێد عەزیز مستەفا

- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆك: عومەر شەهاب

- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٨٨)ی

ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

# هێما کورتکراوەکان

| | پیتەکان | وشەکان |
|---|---|---|
| 1. | (د.) | دکتۆر |
| 2. | (چ) | چاپ |
| 3. | (ز) | زاینی |
| 4. | (ژ) | ژمارە |
| 5. | (ل) | لاپەڕە |
| 6. | (ك) | کۆچی |
| 7. | (گ) | گۆڤار |
| 8. | (ه) | هجری |
| 9. | (ص) | صفحة |
| 11. | (ط) | الطبعة |

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | هێما كورتكراوەكان |
| ٤ | ناوەڕۆك |
| ٨ | پێشەكییەكی پێویست بۆ ئەم ماستەرنامەیە |
| ١٩ | **پێشەكی** |
| ٢٣ | **بەشی یەكەم** |
| ٢٤ | **◊ تەوەری یەكەم:** |
| ٢٥ | ئاوڕدانەوەیەكی مێژوویی شاری كۆیە |
| ٣٢ | ژیانی عەونی |
| ٣٤ | سەرچاوەی روناكبیری و ئەزموونی شیعری |
| ٣٩ | خەبات و چالاكی عەونی |
| ٤٨ | پلەو پایەی شیعرەكانی عەونی |
| ٥٠ | بەرهەمەكانی عەونی |
| ٥٤ | عەونی و نوێگەری |
| ٦٠ | دەنگ دانەوەی كۆچی دوایی عەونی |
| ٦٢ | **◊ تەوەری دووەم:** |
| ٦٣ | خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی لەسەر عەونی نووسراون |
| ٨٧ | **بەشی دووەم: كاریگەریی شاعیرانی كلاسیك و نوێی كوردی بەسەر شیعرەكانی عەونی دا:** |
| ٨٨ | **◊ تەوەری یەكەم:** |
| ٨٩ | كاریگەریی شاعیرانی كلاسیكی كوردی بەسەر شیعرەكانی عەونی دا: |

| | |
|---|---|
| ١- بابا تاهیری هەمەدانی | ٩١ |
| ٢- نالی | ٩٤ |
| ٣- حاجی قادری کۆیی | ١٠٤ |
| ٤- وەفایی | ١٠٧ |
| ٥- صافیی هیرانی | ١١٤ |
| ٦- مامەند کەرکووکی | ١٢١ |
| ٧- مەیلی | ١٢٠ |
| **◊ تەوەری دووەم:** | ١٣٠ |
| **أ- کاریگەریی شاعیرانی نوێی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی دا:** | ١٣١ |
| ١- گۆران | ١٣١ |
| ٢- دڵدار | ١٣٦ |
| ٣- هەژار | ١٣٩ |
| ٤- هێمن موکریانی | ١٤٤ |
| **ب- کاریگەریی عەونی بەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆیدا** | ١٥١ |
| - صافیی هیرانی | ١٥٢ |
| - جاهید | ١٥٤ |
| **بەشی سێ یەم**<br>**ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی عەونی:** | ١٥٧ |
| **◊ تەوەری یەکەم:**شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ڕووخسارەوە | ١٥٨ |
| زمانی شیعری | ١٥٩ |
| وێنەی شیعری | ١٦٥ |
| هونەری ڕەوانبێژی | ١٧١ |
| سەروا – (قافیە)ی شیعری | ٢٠١ |
| کێشی شیعری | ٢١٧ |

| | |
|---|---|
| نازناو – (تلخص) | ٢٢٦ |
| ◊ **تەوەری دووەم: شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:** | |
| ١- شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی | ٢٢٨ |
| ٢- سیاسی و خەباتی کوردایەتی | ٢٢٩ |
| ٣- شیعری دڵداری | ٢٤٤ |
| ٤- شیعری وەسفی (سروشت و ئافرەت) | ٢٥٠ |
| ٥- شیعری مەینۆشی | ٢٥٥ |
| ٦- شیعری شانازی(فخر) | ٢٥٨ |
| ٧- شیعری ستایش (مدح) | ٢٦٠ |
| ٨- شیعری داشۆرین (هجو) | ٢٦١ |
| ٩- شیعری کۆمەڵایەتی | ٢٦٣ |
| ١٠- شیعری پەند و ئامۆژگاری | ٢٦٦ |
| ١١- شیعری بۆنەکان (مناسبات) | ٢٦٩ |
| ١٢- شیعری شیوەن و لاواندنەوە | ٢٧١ |
| ١٣- شیعری ئاینی | ٢٧٥ |
| **ئەنجامەکان** | ٢٧٩ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٨٣ |
| پاشکۆ | ٢٩٩ |
| کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی | ٣٠٩ |
| کورتەی باسەکە بەزمانی ئینگلیزی | ٣١٢ |

# پێشەکی

# پێشەکییەکی پێویست
# بۆ ئەم ماستەرنامەیە

## فەرهاد عەونی

رۆژی ٢٠١٤/٥/١٧ لە هۆڵی (عەبدوللا حەداد)ی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددیندا نامەی قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا) ، لەژێر ناوی "ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیردا" کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفییە، وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی دا کرا و بە پلەی ( زۆر باشەی باڵا ) وەرگیرا.

مەبەستیش لە نووسینی ئەم چەند دێڕەدا وەکو پێشەکییەك بۆ ئەم (ماستەرنامە نایابە)ی کاك ئومێد عەزیز مستەفا ، کە لە لایەن خوشکی بەڕێز پڕۆفیسۆر (د.شوکریە رەسول) سەرپەرشتی کراوە . ئەوە نییە هەڵسەنگاندن یاخود پیاهەڵدان بۆ ماستەرنامەکەی قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا) بکەم ، چونکە هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن چەند مامۆستایەکی پڕۆفیسۆر و یاریدەدەری پڕۆفیسۆر بۆ زیاتر لە سێ کاتژمێر تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی بۆکرا ، لە کۆتاییشدا نامەی ناوبراو مافی خۆی لە لایەن ئەو بەڕێزانە پێ بەخشرا.

مەبەستی بەندە لە نووسینی ئەم دێڕانە وەکو پێشەکییەك پاش ڕەزامەندیی قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا) ، بریتییە لە بابەتێك کە دەمێك بوو ببووە گرێیەك کە زۆر جار نیگەرانی دەکردم ، چونکە دەمزانی لە رووی ویژدانەوە (عەونی) مافی خۆی نەدراوەتێ دەربارەی ژیانی سیاسی و ناوەڕۆکی شیعرە سیاسییەکانی ، کە هەر لە تەمەنی (بیست) ساڵیدا دا چووەتە ناخی ویژدانی وئیلهامی شیعری پێبەخشیوە و پێی چۆتە دونیای جاویدانییەوە.

برای بەڕێزم پڕۆفیسۆر د. عزالدین مستەفا رەسول کە سەرۆکی لیژنەی موناقەشەی نامەی ناوبراو بوو ، لەسەرەتای دانیشتنەکەیدا گوتی: (عەونی دۆستێکی دێرینم بوو ، زۆر جار لە بەغدا لە دووکانەکەی خوالێخۆشبوو (محمد حەیدەری کۆیی) ، لە ناوچەی (حافظ القاضي)دا یاخود لە ئوتێلی (ديوانية الكبير) کە دیسان خاوەنەکەی محمد حەیدەری و دوو

برادەری دیکەی کۆیی بوون ، لەگەڵ کاك عەونی یەکدیمان دەدیت ، یادگاریی بەنرخی زۆرم هەیە لەگەڵی "شادم بەوەی نامەیەکی ماستەری لەسەر نووسراوە" . بە حەق شایانی ئەوەیە نامەیەکی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ ئێستا درەنگیشە ، چونکە عەونی سەرەڕای ئەوەی بازرگان و سیاسی بوو ، لە هەمان کاتدا ئەو شاعیرێکی گەورەبوو ، شانازی بە شیعرەکانییەوە دەکەم ، وەکو تێکۆشەرێك باسی دەکەم کە لە (حزبی هیوا و پاشان لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەوری سیاسیی هەبووە . زۆر شاعیری گەورەمان هەیە کە شیعرەکانیان لە لوتکەدان ، بەڵام ژیانێکی سیاسیی ئەوتۆیان نییە ، هەرچی (عەونی)یە ژیانە سیاسییەکەشی گەورەیە).

لێرەدا کە برای بەڕێز پرۆفیسۆر د. عزالدین باسی لە گەورەیی ژیانی سیاسی عەونی دەکات وەنەبێ قسەکانی بە مەبەستی پیاهەڵدانی عەونی بووبێت یان لە رێگای دیوانە چاپکراوەکەی یاخود لە رێگای ئەو ماستەرنامەیەی قوتابی ئومێد عەزیز هەڵسەنگاندن بۆ ژیانی سیاسیی عەونی بکات ، بەڵکو هەڵسەنگاندنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم کە لە نزیکەوە ئاشنایەتی و دۆستایەتیی لەگەڵ عەونی دا هەبووە و (بەندەش) دەمێکە ئاگاداری ئەو دۆستایەتییە دێرینەم . وا بزانم ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردوو بوو جارێکیان باوکم لە سەفەرێکی بەغدا گەڕابۆوە کۆیە ، هەمان ئێوارە لەناو چیمەنی باغچەی ماڵەوەمان بەدەم (نێرگەلە کێشانەوە) کتێبێکی بەدەستەوە بوو و دەیخوێندەوە ، کاتێ کە لێی ورد بوومەوە (الواقعية في الأدب الكوردي)ـەکەی د. عزالدین مستەفا رەسول بوو ، کە بەدیاری پێشکەشی کرابوو.

کرۆکی نووسینی ئەم چەند دێڕەم لەم چەند وتەیەی (د. عزالدین)ـەوە سەرچاوە وەردەگرێ کە دەڵێ "عەونی ژیانە سیاسییەکەشی هەر گەورەیە". کە دەمێکە لای من (بەندە) ئەو مەسەلەیە پەنگی خواردۆتەوە ، بەڵام چونکە مەسەلەکە پەیوەندیی بە (عەونی) باوکمانەوە هەبووە ، رێگام بەخۆم نەداوە کە باس لە پیاهەڵدانی ژیانی سیاسی و رەنگدانەوەی لەسەر شیعرە نیشتمانییەکانی و تەنانەت لەسەر شیعرە دڵداری و سۆزە دەروونییەکانی بکەم ، کە زۆر روون و ئاشکرایە و بە شیاویشم نەزانیوە شەن و کەوی بۆ

بکەم ، چونکە نووسینی بابەتێك لەسەر باوك یان لەسەر کەسایەتییەکی نزیك لەلایەن هەر نووسەرێکەوە لەوانەیە جۆرە (انحیاز)ێکی پێوە دیار بێت ، کاتێك دەڵێم ئەم مەسەلەیە (مەبەستم ژیانی سیاسیی عەونی)یە لای من "دەمێکە پەنگی خواردۆتەوە" د. عزالدین باشی بۆچوو کە دەڵێ "ئێستا درەنگیشە" ، یاخود بە مانایەکی دیکە (درەنگیش چوو ، یاخود درەنگ پێتان زانیوە ، یان دەبووایە هەر لەپاش راپەڕینەوە کە بارودۆخی سیاسی لەبار بوو بابەتی لەسەر بنووسرایە).

د. عزالدین لە پێشەکیی قسەکانیدا لە کاتی موناقەشەی نامەی ماستەری ناوبراو دەڵێ: (عەونی لە هیواوە پاشان لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەردەوام بووە) ، بەڵام لای بەندە پاش لێکۆڵینەوە و بەدواگەڕان و خویندنەوەی هەندێ بابەت لێرە و لەوێ کە هەندێکیان نووسینە و هەندێکیشیان گێرانەوەی یادگار و بیرەوەرییەکانە ، سەرەڕای زانیاریی تایبەتیم کە دەربارەی ژیانی باوکم کە لە خۆیم بیستووە ، کە لێرەدا تەنها بۆ نموونە باس لە هەندێکیان دەکەم . دەستپێکی کاری سیاسیی عەونی وەکو خوالێخۆشبوو محمد مستەفا هۆشەنگ (حەمە بۆر) لە نووسینێکی لەژێر ناوی (هەڵبەستێکی بڵاونەکراوەی عەونی)دا کە لە گۆڤاری "وەشت"ی ژمارە (٢) بەهاری ساڵی ٢٠٠٨دا نووسیویەتی و تێیدا دەڵێ: (لە دانیشتنێکدا لەگەڵ هونەر و خەباتکاری زانا "مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی ، کە هەردووکمان لە کۆمەڵی (برایەتی)دا بووین و هاوبەند کرابووین ، بەم تاوانەی (برایەتی)بوونە. مامۆستا مەحوی لە باسی شاعیراندا لە عەونی جوان دوا و فەرمووی: (ئەندامێکی چالاکی (کۆمەڵی برایەتی)یشمان بوو)). لە درێژەی نووسینەکەیدا حەمە بۆر باسی قسەکانی مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی لە گفتوگۆیەکدا بۆ عەونیی گێڕاوەتەوە ، عەونیش بە درێژی باسی ئەو پەیوەندییەی بە کۆمەڵی (برایەتی)ی بۆ حەمە بۆر باس کردووە ، کە لێرەدا جێگای باس نییە و کاتی خۆی لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی ساڵی ٢٠١١ دەقی نووسینەکەی حەمەبۆرم بڵاوکردۆتەوە . شایانی باسە کۆمەڵی

برایەتی[1] ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی درووست بووە بە سەرۆکایەتیی (شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید) کە ئامانجی سەرەکیی ئازادیی (کورد و کوردستان) بووە کە تێدا خوالێخۆشبووان وەکو خوالێخۆشبوو حەمە بۆر دەڵێ: ئەم زاتانەش ئەندامی کۆمەڵی برایەتی بوون (محمود صدیق شاوێس ، ئیسماعیل حەقی شاوێس ، محمد مستەفا هۆشەنگ (حەمە بۆر) ، محەمەد سەعید بەگ سەلیم بەگ ، عیزەت مەلا سەعید کابان ، شێخ لەتیف دانساز ، مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی ، مەلا جەلال حەیدەری ، ئەحمەد شوکری ، مەحمود ئەحمەد شەنگە ، محمد ئەمین مەنگوڕی و ماجد مستەفا... هتد).

مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەوێز مەلا ، کە بە مامۆستا (حەمە رەش) بەناوبانگ بوو کە کەسایەتییەکی رۆشنبیر و کورد پەروەری کۆیی بوو ، لە ژمارە (١)ی ئابی ساڵی ٢٠٠٢ی گۆڤاری "آفاق تربوية" کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو ، دیمانەیەکی لەژێر ناوونیشانی "چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پێشڕەوانی یەکەم لە بواری پەروەردە و خوێندندا" سازدراوە و لەبارەی رەوشی سیاسیی کۆیەی ئەو سەردەمە دەڵێت: (ساڵی ١٩٤٦ **مامۆستا عەلی عەبدوڵلا** (کە یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و زیاتر لە نیو سەدەش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو پارتە بووە ، دوا پۆستیشی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ، تا کۆنگرەی سیانزەهەم) وەزیفەی بەجێهێشت و لە بەغدا گەڕایەوە کۆیە بە مەبەستی کارکردنی لە بواری سیاسەتدا و یەکەم شانەی پارتیی لە کۆیە درووستکرد ، لەو کەسانەی کە بڕوای پێیان هەبوو و متمانەی پێ دەکردن ، ئەوانەی ئەوکاتەی لە ریزی پارتی بوون کە لەیادمە (عوسمان عەونیی شاعیر . تایەر سەعید . محەمەد ئەمین مەعروف کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بوو . کاکە زیاد ئاغا کە جێگری سەرۆکی پارتی بوو... هتد).

ئاشکرایە هەستی نەتەوایەتیی عەونی هەر لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێکردووە ، باشترین بەڵگەش بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرەیە کە بریتییە لەو پێنج

[1] لە دیمانەیەکی حەمە بۆر دا لەگەڵ د. عبدالستار طاهر شەریف لە کتێبی (الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن-ص٩٢، ١٩٠٨-١٩٥٨).

خشتەکییە نایابە پڕ لە هەست وسۆزی نەتەوایەتییە کە عەونی لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی لە گۆڤاری هاواری ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٣٣ کە لە شام دەردەچوو ، لەژێر ناوی (بۆ خاوەنی هاوار) کە مەبەستی خوالێخۆشبوو جەلادەت بەدرخانە کە تێیدا لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

**نەبوو شەخسێ بکا سەعی لە دنیا بۆ نەجاتی کورد**
**لە دنیادا هەموو تالان و کوشتن بوو بەراتی کورد**
**بە غەیرەس ئێوە کێ ماوە سەعی بکا بۆ حەیاتی کورد**
**هەر ئێوەن گەه بە شیر و گەه بە خامە بۆ نەجاتی کورد**
**سەرو ماڵتان فیداکەن هەر لە بۆتان تاکو بابانی**

★ ★ ★

**هەموو چاوەڕێی لوتفی تۆن ئەم کوردە بێ چارە**
**فەلەك پابەندی کردوون بە زەهری قاتیل ئەمجارە**
**دەبا سەعی بکەین گەورە و بچووك مەردانە لەم کارە**
**لە سایەی بەزم و رەزمی ئێوە میللەت زۆر ئومێدارە**
**نەجاتی بێ لە پەنجەی دوژمنی بێ دین و ئیمانی**

★ ★ ★

لە کۆتایی شیعری (بۆ خاوەنی هاوار) دەڵێ:

**ئەوەی دوژمن بە کوردانە هیلاکی ژەهری ماریان کەی**
**خودا ئەو قەومە نازدارە کە حیفزی چاو و زاریان کەی**
**لە دنیا شان و خەندان و بڵند و بەختیاریان کەی**
**خودایە کامەران و سەرفراز و پایەداریان کەی**
**نەوەی شێرانی کوران یەعنی خێزانی بەدرخانی**

کۆیسنجق ٢٤ی کانوونی دووهەم ١٩٣٣

لاوێکی کورد/ عەونی[1]

---

[1] لەژێر ئەم ناوونیشانەدا شاعیر بەم شێوەیە پێنج خشتەکییەکەی بلاوکردۆتەوە.

نرخی ئەم پێنج خشتەکییەی عەونی لەسەر ئەو شیعرەی مامەند کەرکووکی کە بریتییە لە (١١٠) دێڕە شیعر ، کەتێیدا (٦٦) دێڕە شیعرە سێیەکانی پێشەوە شیعری (عەونی)ین و (٤٤) دوا دێڕەکانیش شیعری مامەند کەرکووکین.

لێرەدا پرسیارێك دەوروژێ ئەویش ئەوەیە ئایا تەمەنی (عەونی)چەند بووە؟ و ئاستی شیعریی لەو تەمەندا چۆن بووە؟ کە هەستی کوردایەتی ببزوێنێ و لە ئاکامدا ئەم شاکارەی لێ دەربچێت.

عەونی وەکو لە دیوانەکەیدا هاتووە ساڵی ١٩١٤ لە کۆیە لەدایکبووە ، بەڵام لە (باری شارستانیی عیراقی "شهادة الجنسية العراقية") ساڵی لەدایکبوونی عەونی بۆ ساڵی (١٩١١) دەگەڕێتەوە ، ئەوجا ئەگەر ئێمە ساڵی ١٩١١ بکەینە ساڵی راستەقینەی لەدایکبوونی عەونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە کاتی ناردنی شیعرەکە لە کۆیەوە بۆ (گۆڤاری هاوار) تەمەنی عەونی لە دەوروبەری (٢٢) ساڵیدا بووە ، کە دەتوانم بڵێم سەرەڕای بلیمەتی و بەئاگابوون لە بارودۆخی نەتەوەکەی لە هەموو لایەکەوە پێش (٨١ ساڵ) (کە ئێستا ساڵی ٢٠١٤)یە تەنها هەست و سۆز و بیری کوردایەتی عەونیی شاعیر بووە ، پێش ٨١ ساڵ کە وایکردووە سەرەتای دەستپێکردنی شیعر نووسینی بە شیعری نەتەوایەتی (کوردایەتی) هاتبێتە کۆڕی شاعیرانەوە و شیعری نووسیوە و بڵاویکردۆتەوە ، لە لایەکی دیکەوە زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم (کەش و هەوای کۆیەی ئەو سەردەمە) چ لە رووی سیاسی چ لە رووی رۆشنبیری چ لە رووی پێگەی ئاینی لە روانگەی خواپەرستی و گرنگی بە زانستی ئایینی راستەقینە چ لە رووی باری کۆمەڵایەتی لە ریزی پێشەوەی ئەو شار و شارۆچکانە بووە ، کە پێشەنگی بەرپابوونی هزری تەنویری و منەوەرییەتیی بە خۆوە بینیوە ، دەنا چ هۆکارێك هەیە لە (کۆیە)ی پێش ٨١ ساڵی بێ رێگا و بان لەگەڵ چواردەوری و بێ کارەبا و ئاوی دابەشبوو بۆ ماڵان و بێ تەلەفۆن و بێ هیچ جۆرە ئامێرێکی پەیوەندی لەگەڵ دونیای چواردەوری خۆیدا ئەگەر رەسەنایەتی بنچینەیی شارستانییەتیی ئەو شارە نەبێت کە خەڵکی رەسەنی رۆشنبیر و شاعیر و خوداپەرست و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و خێرخواز و نانەری رەسەنی دروستکردووە ، چ هۆکارێکی دیکە هەیە کە ئەم دەیان و سەدان کەڵە

کەسایەتییانەی لێ درووست بووبێت ، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە (کۆیەی ئێستا)ش بێ بەشە تاکو ئەمڕۆ لە هەندێ پێداویستیی ژیان وەکو پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە نەبوونی ڕێگایەکی دوو ساید چ بۆ هەولێر چ بۆ کەرکووك چ بۆ دوکان و رانیە ، کە هەڵکەوتە وپێداویستی و مێژووی کۆیە ئەوە دەخوازێ کە ببەسترابێتەوە بە تۆڕێکی ڕێگاوبانی تازە بەو شار و شارۆچکانەی کە ناوم هێناون سەرەڕای نەبوونی پڕۆژەی رۆشنبیری ، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم ئەوەی بۆی کراوە کە شتی دیار و بەرچاو بێت ، تەنها ئەو زانکۆیە نەبێت (زانکۆی کۆیە) کە خودای گەورە پاداشتی (جەنابی مام جەلال تاڵەبانی) بداتەوە کە بە بیرۆکە و هیممەتی خۆی ئەو پڕۆژە شارستانییەی لە کۆیە درووستکرد و بووە مایەی بووژانەوەیەکی بەرچاو کە (دەتوانم بڵێم) ئەگەر ئەم پڕۆژەیە نەبووایە ئێستا کۆیە لەبیر کرابوو و دەکەوتە پەراوێزی مێژووەوە.

جارێکی دیکە دێمەوە سەر (ئاخافتنە لەجێی خۆیەکەی برای بەڕێزم پڕۆفیسۆر د. عزالدین مستەفا رەسول) کە لە سەرەتای قسەکانیدا ئیشارەتی بە (مەغدووریيەتی) عەونی کرد و گوتی: (نووسینی ئەم نامە ماستەرە بۆ یەکەم جار لەسەر عەونی "درەنگە" بەهەق عەونی شایانی ئەوەیە نامەیەکی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ ، چونکە عەونی وەکو شیعرەکانی گەورەن و ژیانێکی سیاسیی گەورەشی هەبووە).

لێرەدا (بەندە) دەستخۆشی لە بەڕێز پڕۆفیسۆر د. عزالدین دەکەم کە بە وردی چۆتە نێو ژیانی شیعری و سیاسیی عەونی و قەدری زانیوە (قەدری زێڕ لای زێڕینگرە)[1] ، و درکی بەوە کردووە کە عەونی سەرەڕای ئەو ژیانە سەختە سیاسییەی کە (خۆی لە حەپس بوونی چەندین جارە لە کۆیە و هەولێر و کەرکووك و فزێلییەی بەغدا و کوت و نوگرە سەلمان کە دواجاریش ساڵی ١٩٦٥ بوو لە سەردەمی حکومەتی عبدالسلام عارف دا بۆ ماوەی شەش مانگ لە حەپسخانەی هەولێر لەگەڵ چەندین کەسایەتیی کوردپەروەری شاری کۆیە دەبینێتەوە ، سەرەڕای ماڵ بەتاڵانبردن و دەرچوون لە کۆیە و پەنا بۆ بەر ناوچە ئازادکراوەکان لە ئانوساتی شەڕی حکومەتی بەعسی یەکەم بۆ سەر کوردستان لە مانگی

---

[1] پەندی پێشینان.

حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا و ماڵ لێتێکچوونی و پەنابردن بۆ ئەوەی لە کۆیە لەبەر چاوان نەبێت کاتێك کورەکانی پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردبوو لە ساڵی ١٩٧٤دا.

دیسان سەرەڕای شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کە بۆ (جەلادەت بەدرخانی خاوەنی گۆڤاری هاوار و ، وتم ئەی کچ لە گەشتی ، ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم ، نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە ، کاوەی سەدەی بیستەمین سروودێکی تازە ، یەکبوون ، نامەیەك بۆ بارزان ، ئاواتەخوازم ، نامرێ ئەم گەلە ، یادی شێخی حەفید ، لاوانی کورد ، ئازادیی ولاتم ، دوشمنی بەدکار ، کۆشش و مردن ، تکا کارم ، شەرمەزاری ، خەونی سەربەستی ، نەوتی خۆمان . ئەی شەهیدان... هتد) سەرەڕای شیعرە دڵدارییەکانی کە لەگەڵ سۆزی دەروون و هەستی نەتەوایەتی تێکەڵ کردووە ئەوجا ئەگەر لەگەڵ خەباتی نەپساوەی لە کۆمەڵ و حزبە کوردییەکاندا هەر لە (دارکەر ، کۆمەڵی برایەتی ، هیوا . رزگاری ، پاشانیش وەکو ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦) بە بەردەوامی لە ریزی ئەم پارتە تاکو ساڵی ١٩٥٦ ، ئەوجا ئەندامێتی لە رێکخراوی (ئاشتی خوازان لە کۆیە) لەگەڵ چەندین کەسایەتیی رێزداری شاری کۆیە لێك بدرێتەوە و هەڵسەنگاندنێکی بە ویژدانانەی بۆ بکرێت ، ئاکامەکەی (عەونی شاعیری رێبازی کوردایەتی) لێ دەردەچێت ، کە لێرەدا لای من (بيت القصيد)ـە بەیتولقەسیدەکەش بە جۆرێك لێك دەدرێتەوە کە ئەگەر شاعیرێك یاخود هەر ئەدیبێك ماکینەی راگەیاندنی پارتێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت پێم وا نییە بگاتە ئەو ئاستەی کە (شایانییەتی) چونکە دەمێکە بانگەشەی حزبی و ماکینەی راگەیاندن (خەڵکی جۆراوجۆر ئەوجا ئەدیب ، سیاسی . کەسایەتی) کە ئەگەر "گەورەش" نەبن گەورەیان دەکات! کە ئەمەش بۆتە مایەی ئەو پاشاگەردانییەی ئەمڕۆ لە کوردستان سەریهەڵداوە و هەیە ئەوجا لە زۆربەی بوارە جیاجیاکاندا هەندێ جار (کە ئەمەش جێگای ئاخ و داخە) ، بەڵام رەسەنایەتی (رەسەن) هەندێ جار دوور لەو بانگەشەی حزبی و ماکینەی راگەیاندنە خۆی لە گۆڕەپانەکەدا (فەرز دەکات) بێ ئەوەی ئەم ماکینە گەورە و کاریگەرە رۆڵی تێدا هەبێت (ماکینەی راگەیاندنی حزبی) ، بەڵام چ لە (کەمینەی رەسەن)ـی بێ مەئوا و مەلوا بکەیت کە ئەمڕۆ (سەد جار بەداخەوە) لەناو گەردەلوولی

(ناڕەسەنایەتی) لول دەخوا و ون دەبێت و بۆتە دیاردەیەکی ناشرینی ئەم ڕۆژگارەی ئێستا ، کە لە ئاکامدا بە زەرەرێکی بەرچاوی پێشکەوتنی شارستانی تەواو دەبێت ، چونکە (ناڕەسەنایەتییەکە ئەگەر وا بڕوات پاڵ بە ڕەسەنایەتییەکانی سەراپای ژیانی کۆمەڵانی خەڵك دەنێ) ، گۆڕەپانەکەی پێ بەجێ دەهێڵێ کە خەریکە ئەگەر فریا نەکەوین دەبێتە سیمای ئەو ڕۆژگارەی کوردستان.

عەونی تەنها لە قەناعەتی ویژدانی و نەتەوایەتی شیعری بۆ سەرکردە و سەرۆك و پێشەواکانی کوردی گوتووە ، کە سەراپای ژیانیان بۆ کورد و کوردستان تەرخانکردووە وە لە پێناویدا یان لەسێدارە دراون یان لە (وڵاتی غەریبییان) سەریان ناوەتەوە ، مەبەستی عەونی شاعیریش لێرەدا دوور بووە لە (ڕیایی ، پێهەلگۆتنی شایەری بۆ پارە و پوول ، یاخود مەبەستێکی نەخوازراوەی دیکە) ، چونکە ئەو بە هیچ شێوەیەك پێویستیی پێیان نەبووە و لەوە گەورەتربووە مەبەستی سەرەکیی عەونی "تەمجید کردن"ی تەنها ئەم (سەردارانەیە) لە ڕوانگەیەکی نەتەوایەتییەوە.

لە شیعری (بۆ یادی شێخی حەفید) شێخ محمودی نەمر) کە لەنێوان (١٨) دێڕدا دەڵێ:

**با سلێمانیش ببێتە کەربەلا**

**با بکەین یادی نەمر شێخی حەفید**

هەر لە هەمان شیعریش دا کاتێ یادی دکتۆر فوئاد و شێخ سەعیدی پیران دەکاتەوە و دەڵێ:

**حوکمی فاشستی کەمالی تورکەکان**

**نەیتوانی قەومی کورد کا کەم ئومید**

**لاﭬی سەرداری لەژێر دارا دەبێ**

**هەروەکو دکتۆر فوئاد و شێخ سەعید**

لە شیعری (شینی پێشەوا)ش کە چەند ڕۆژێك دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محمەد و هاوەڵانی گوتراوە (لە ساڵی ١٩٤٧)دا و دەڵێ:

**لە سی مارتی چل و حەوتا**

**لە چەپ گەردی چەرخی چەوتا**

**له مه‌هاباد له چوارچرا**

**دادی بێ دادی هه‌ڵکرا**

**ئه‌و داره‌ی پێش نیوه شه‌وه**

**وه‌ستا له‌ژێریا پێشه‌وا**

**گوتی: ئێستا ده‌ڵێم کوردم**

**له رێی ئازادی کورد مردم**

**هتد...**

ده‌رباره‌ی سه‌رۆك مه‌لا مسته‌فای بارزانیش (عه‌ونی) وه‌کو سه‌رکرده‌یه‌کی گه‌وره‌ی کورد ته‌ماشای بارزانیی کردووه نه‌ك وه‌کو سه‌رۆکی حزبێك ، له‌وانه‌شه یه‌که‌م شاعیری کورد بووبێت پاش سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ١٤ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٩٥٨ به گه‌ڕانه‌وه‌ی بارزانی دڵشاد بووه و له شیعرێکی له‌ژێر ناوی (نامه‌یه‌ك بۆ بارزان) که له رۆژنامه‌ی پێشکه‌وتن ژماره (٣٥) رۆژی ٢٢ی تشرینی دووه‌می ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوه‌ته‌وه ، یانی پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی بارزانی به چه‌ند رۆژێك نووسراوه ، که له سه‌ره‌تادا ده‌ڵێت:

**ئه‌ی سروه‌ی شه‌ماڵ کزه‌ی به‌ر به‌یان**

**فیدات بم هه‌ڵسه بڕۆ بێ وچان**

**نامه‌ی گوشادی کورد و کوردستان**

**هه‌ڵگره بیبه بۆ شاخی بارزان**

★★★

**بڵێ مژده بێ ئه‌ی کێوی سه‌ربه‌رز**

**دێنه‌وه وڵات شێرانی نه‌به‌ز**

**رۆڵه‌ی ئازادین هاوڕێی دڵسۆزن**

**خه‌مخواری گه‌ل و خاکی پیرۆزن**

**هتد...**

له کۆتاییدا دەڵێم سەرەڕای ئەو ژیانە سیاسییە گەورەیەی کە هەیەتی و سەرەڕای ئەو شیعرە نەتەوایەتی و بەرەنگاربوونەوەیە کە لە سەرەتادا بە شیعری (بۆ خاوەنی هاوار ساڵی ١٩٣٣) دەست پێدەکات و دوا شیعرە بڵاوکراوەکەشی لە گۆڤاری (کاروان) ی ژمارە ٨٨ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (یەکبوون) کە دیارە مەبەستی لەم (یەکبوون)ـە چییە و ئاراستەی کێی کردووە و دەڵێ:

**من بەڵێنم داوە تا ماوم بە سەربەرزی بژیم**

**گەر سەرم بڕوا لە رێیدا قەت لەژێر پێ ناکەوم**

**تەندروستیم هەر نییە ئەمڕۆ مەترسی مەرگمە**

**تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم**

**ئاشنا گەر نەمکوژێ ترسم نییە نا ئاشنا**

**با هەمیشە گوللە بارانم بکا پێی ناکەوم!!**

بۆیە لێرەدا دەڵێم (سەرەڕای دەست خۆشیم لە کاکە ئومێد عەزیز مستەفا کە بەو نامەیە هەندێ لایەنی شیعرەکانی (عەونی) شەن و کەو کردووە ، و بە گیانێکی زانستییانە لە هەندێ وردەکاری شیعرەکانی کۆڵیوەتەوە ، کە سەراپای ئەم نامەیەی لێ هاتووەتە بەرهەم و دەرگاشی بۆ بەندە واڵا کردووە کە تیشك بخەمە سەر بەشێك لە مەغدوورییەتی (عەونی) کە وەکو پرۆفیسۆر د. عزالدین مستەفا رەسول باسی لێوە کردووە ، وەکو پێویست لایەنی لێ نەکراوەتەوە و بوو بە هۆکاری نووسینی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بە هیوای ئێمەش لە کوڕ و کچانی (عەونی) بتوانین بەشێك لەو (مەغدوورییەتە)ی (عەونی) کەم بکەینەوە ، کە پێشووتر لە پێشەکیی چاپی دووەمی دیوانەکەی باسم لێوەکردووە ، نەیەڵین چی دیکە عەونی لە (گۆڕ)یش ئەو دوو بەیتە شیعرە بڵێتەوە کە لە رۆژگارێکا گوتوویەتی ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ رۆژگاری ئێستادا (ئەو کاتە) بە سەردەمی زێڕین دادەنرێت ، کە دەڵێ:

**پیاوەتی و عەهد و وەفا جاران هەبوو**

**ئێستا بێ سوودن لە ناوان دەرکران!**

# پێشەکی

هەرکەسێك مێژووی شاری کۆیە بخوێنێتەوە لە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو مەڵبەندە زیندووەی ئەدەب و هونەری کوردستانی باشوور وردبێتەوە . بۆی دەردەکەوێت کە کۆیە شاری ئەدەبیات و جەرگەی هەست و نەستی نەتەوایەتی و خەباتی نیشتمانی کورد بووە . لە سەدەکانی ڕابردوو دا چەندین شاعیری گەورە و ناوداری وەکو: (قاصید . حاجی قادری کۆیی . جلیل زادە و ئەختەر... تاد) پێگەیاندووە . لەبواری شیعرو ئەدەبیاتدا شانی لەشانی شارە گەورەکانی دیکەی کوردستان داوە . بەڵام ئەگەر سەرنجێکی باری نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی بدەین دەبینین شاعیرانی کۆیە کە ئەو سا ڕابەری هۆشیار کردنەوەی گەل بوون ئێستا چەندانێکیان نەبێ ئەوانی تر لە بیر کراون . بەداخەوە دەوڵەمەندی ئەو سای کۆیە لەگەڵ هەژاری ئێستای ناچێتە تای تەرازوویەکەوە لەبارەی ئەدەب وهونەرەوە. شاعیری بە توانای کاروانی شیعری نیشتمانی و دڵداری وەکو عەونی لە ناو ئەو دەستە شاعیرانەی شاری کۆیە دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان بەتایبەتی بەرهەمە شیعریەکانی.

**- ناوونیشان و سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

بریتیە لە ((ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر)) . کارکردن لەسەر لایەنی ژیانی عەونی و خستنە ڕووی کورتەیەکی مێژوویی لەبارەیەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەدنیای شاعیرو باشتر تێگەیشتن لە کار و بەرهەمی ئەدەبی کە لەپاش خۆی بەجێی هێشتوون . بەتایبەتی لەسەر کارتێکردن و کاریگەر بوونی ناوبراو بە شاعیرانی کلاسیك و نوێی کوردی و شیعرەکانی بەهەر دوو ئاراستەی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە.

**- هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بێ گومان کارکردن لەسەر هەربابەتێك هۆکاری خۆی هەیە . هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ئاستی ماستەر و دکتۆرا لە بارەی ژیان و بەرهەمی عەونی ئەنجام نەدراوە. لە

لایەکی تریشەوە گەیاندنی خزمەتێك بە شیعرو شاعیرانی شارەکەم و ڕەواندنـەوەی خـەمی فەرامۆش کردنی شاعیرانی شاری کۆیە لە بارەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە.

**- گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

هـەموو بابـەتێك گرنگـی تایبـەت بـەخۆی هەیـە . گرنگـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەش لـەوەدا کۆدەبێتەوە کە چۆن خەبات و شۆڕش و چەوساندنەوەی گەلێك دەبێتە هەوێن بۆ لـە دایـك بوونی بەرهەمی ئەدەبی لەڕێگەی شیعرەوە . هـەروەها دەبێتـە سەرچاوەیەکی زانسـتی بـۆ دەستنیشان کردنی کارو بەرهەمە شیعریەکانی عەونی و هەنگاوێکە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

**- گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

ئاشکرایە هیچ کارێکی زانستی هەرئاوا بەئاسانی دەستەبەر نابێت و بێ گیروگرفت نییـە . بۆیە گیرو گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە فەوتان و نەمانی بەشێك لە شیعرەکانی عـەونی سەرچاوە دەگرێ کە بۆتە مایەی ئەوەی چەند شیعرێکی بە ناتەواوی تۆمار بکرێن . یـاخود گەڕان بەدوای چەند مەبەستێکی شیعری عەونی لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئاستەنگ بێت.

**- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

هەرچی سەبارەت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە یە لە میانـەی هەوڵەکانمانـدا بـۆ ڕێکخسـتنی کارەکان پێڕەوی ڕێبازی (مێژوویی وەسفی) مان کردووە . بە پێی چۆنیەتی دابەش کردنـی بابەتەکان بە مەبەستی زیاتر دەروەست هاتن و کەم کردنەوەی کەم و کوڕیەکانی.

بـەپێی پێویسـتی لێکۆڵینەوەکـە نـاوەڕۆکی باسـەکەمان بـۆ سـێ بەشـی سـەرەکی دابـەش کردووە . هەر بەشێك لە دوو تـەوەر پێکهاتووە و هـەر تـەوەرێك کۆمـەڵێك بابـەت لـەخۆی دەگرێـت . پاشـان ئـەنجام و سەرچـاوەکان خراونەتـە ڕوو لەگـەڵ دوو وێنـە لـە دەستنووسـی شیعرەکانی شاعیر خۆی . بەم شێوەی خوارەوە:-

**بەشی یەکەم/ بریتییە لە دوو تەوەر:**

**تەوەری یەکەم:-**

لەم تەوەرەدا ئاوڕێکمان لەمێژووی شاری کۆیە داوەتـەوە . لەگـەڵ ژیـانی عـەونی کـە بـۆ شەش لق دابەشمان کردووە . وەك: (سەرچاوەی رۆشنبیری و ئەزموونی شـیعری . خـەبات و

چالاکی . پلەو پایەی شیعرەکانی . بەرهەمەکانی . عەونی و نوێگەری . لەگەڵ دەنگ دانەوەی کۆچی دوایی عەونی).

**تەوەری دووەم:-**

ئەم تەوەرەش (خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی لە سەر عەونی نووسراون) لە خۆ دەگرێ . زۆربەی نووسینەکان دەست نیشان کراوە . بەپێی مێژووی بلاْوبوونەوەیان لەسەر یان نووسراوە . ئەم تەوەرە ئەو نووسینانەی گرتۆتە خۆ کە ئەوەندە بهێنێ ئێمەش شتێکی لەسەر بنووسین.

**بەشی دووەم /**

لە ژێر ناونیشانی (کاریگەریی شاعیرانی کلاسیك و نوێی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی) دا کە بریتیە لە دوو تەوەر:

**تەوەری یەکەم:-**

باسمان لە (کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی) دا کردووە،وەکو: (بابا تاهیری هەمەدانی . نالی . حاجی قادری کۆیی . وەفایی . صافیی هیرانی . مامەند کەرکووکی و مەیلی).

**تەوەری دووەم / بریتییە لەدوو لق:-**

أ- باسمان لە (کاریگەریی شاعیرانی نوێ ی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی) دا کردووە . وەکو: (گۆران . دڵدار . هەژار و هێمن موکریانی).

ب-کاریگەریی عەونی بەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی دا . وەکو: (صافیی هیرانی و جاهید).

## بەشی سێ یەم/

ئەم بە شەشیان بریتیە لە ڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکانی عەونی کە بە سەر دوو تەوەر دا دابەش بووە:-

**تەوەری یەکەم:-**

شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ڕوخسارەوە بریتیە لە باسکردنی هەریەك لە (زمانی شیعری . وێنەی شیعری . هونەری ڕەوانبێژی . سەروای شیعرەکانی . کێشی شیعری و نازناوی شیعری).

**تەوەری دووەم:-**

شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بریتییە لە خستنە ڕوو و شیکردنەوەی ئەو مەبەست و بابەتانەی شاعیر شیعری لەبارەوە نووسیوون . بەتایبەتی بابەتەکانی وەك: (شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی . سیاسی و خەباتی کوردایەتی . دلّداری . مەینۆشی . وەسف . ستایش . شانازی . داشۆرین . کۆمەلاّیەتی . لاواندنەوە و ئاینی) لەگەلّ بابەتی مێژوویی . دواتر ئەنجامی لێکۆلّینەوەکە بەچەند خالّێك خراوەتە ڕوو . لەگەلّ سەرچاوەکان بە شێوەی تیپی فەرهەنگی زمانی کوردی ڕیزکراوە.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

- ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی شاری کۆیە
- ژیانی عەونی
- سەرچاوەی ڕۆشنبیری و ئەزموونی شیعری
- خەبات و چالاکی عەونی
- پلەو پایەی شیعرەکانی عەونی
- بەرهەمەکانی عەونی
- عەونی و نوێگەری
- دەنگ دانەوەی کۆچی دوایی عەونی

## بەشی یەکەم:-

### تەوەری یەکەم:-ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی شاری کۆیە:

کۆیە خاوەن مێژوویەکی تایبەت بەخۆیەتی . ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە ئەوا گەواهی ئەوە دەدەن کە کۆیە مێژوویەکی دێرین و زێرینی لە هەموو بوارەکاندا هەیە . لە هەموو دەورو سەردەمێکدا جۆرە ناوێکی هەبووە . (لەسەردەمی هەرە زوودا ناوی کۆپاو کۆپار وەك ناوی شارو ئاوەدانی لەو هەرێمەدا دێت کەدەکەوێتە نێوان ئەربائیلۆ و ئەرەبخا – ئەکباتان . واتە هەولێرو کەرکووك و هەمەدان،.... ئەو کۆپارەش وشەیەکی زەردەشتی (ئاوێستایی) یەو لەو دواییەدا بووە بە(کۆسار) کە بەم شوێنە دەڵێن شاخاوی و بەردەلان بێ . لەهەندێ سەرچاوەی دیکەشدا دەگوترێت: کۆیە وەختێك ناوی کۆی سان واتە گوند یان شاری سان بووە . وشەی (سان) کورتکراوەی سوڵتانەو کاتی خۆی ئەو (کۆی سان)ە لەگەڵ (کۆسرەت) کەبووەتە ناوی چیایێك لەناحیەی خەلەکانی ئێستا برابوون . لەسەردەمی ئەردەلانیەکاندا لەپاش دەسەلاَت نەمانی (مەئموون بەگ) دا سەرخاب بەگی مامی . ویلایەتەکەی ئەوی کە (لۆی . شیلە . مهران....) بووخستیە سەربەشەکەی خۆی . ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: (لۆی) . (نۆی)یەو(نۆش) ناوچەی کۆیەیە . بنچینەی وشەکەی ناوی کۆپا . کۆپار . کۆهیار . لەسەردەمی کۆن و نوێدا هەر (کۆ)بووە . بەلاَم لە سەردەمی سەلجوقییە تورکمانەکاندا کە لە ساڵی (١٠٧٠)ز دەسەلاَتیان بەسەر کوردستاندا شکا . ناویان نا (کۆی سنجاق) . چونکە شارەکە مێرنشین بووە . ئالاَو سەربازی هەبووەو پێی گوتراوە کۆی سنجاقواتە کۆیەی ئالاَ یان ویلایەت و ئیالەتی (کۆ))[١].

---

[١]- کەریم شارەزا ، نازم محمدئەمین ، جەمیل حەوێزی ، عوسمان خۆشناو مستەفا ، مەجید ئاسنگەر ، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری ، هەولێر ، ساڵی ٢٠٠٩، ل٩ - ١٠ .

کەواتە شارەکە ناوی (کۆی) بووە . چونکە سەیری هەریەکێك لەم ناوانەی سەرەوە بکەین دەبینین وشەی (کۆ) هەیە . (ئەمەش بەدوو مانا دێت:- یان بەمانای چیا یان شاخ . کێو دێت یاخود بەمانای گردبوونەوە و کۆبوونەوەدێت،... لە ولاتی کۆیە چوار پاشانشین هەبوون . بڕیاریان داوە کۆببنەوە و شورەیەکی قایمی لەدەوری دروست بکەن و چوار قوللەی بۆکراوە . هەر پاشایەك بەرپرسیار بووە لە پاراستنی قوللەیەکی . بۆیە شارەکە ناو نراوە (کۆ)[1]. دروستکردنی ئەم شوورەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆیە شارێکی گرنگ بووە و مەترسی دەرەکی لەسەر بووە . بۆیە شورەیەکی قایمی بەدەوردا کراوە بە مەبەستی بەرگری کردن و خۆپاراستن لەهەر هێرشێکی شەڕانگێزی . ئەم (شوورەیە لە گەچ و بەرد دروستکراوە . لە زۆرشوێنان مەترێك پان بووە و زۆر جار نوێکراوەتەوە و چوار دەرگای گەورەی هەبووە:-

١- دەرکی گەورەی (گەرووی سۆرکێ): لەگەرەکی بەفری قەندیان بوو بۆ دەشتی کۆیە و کاروانی کەرکووك و پردێ بووە.

٢- دەرکی (قۆنگرێ): لەگەرەکی هەواوان بۆرێگای بابان و سلیمانییە و بناری حاجی قەلاو دوکان بووە.

٣- دەرکی (قۆنگرێ): لەگەرەکی بایزاغا بووە بۆ ولاتی خۆشناوەتی بووە.

٤- دەرکی (شێخی شێخ موسی) لەبەینی گەرەکی هەواوان و بەفری قەندی بووە. لە کۆنە قەلاتێش . لەگەڕەکی قەلات دەرکەیەکی تایبەت هەبووە کە بۆ هەولێر و ولاتی دزەییان بووە . هەروەها لەمزگەوتی حاجی سعید یش دەرگەیەکی بچووك هەبووە بۆ ڕەوەندی دیوی بیتوێنێ)[2].

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە کۆیە چوار گەڕەك بووە (قەلات . بایزاغا . هەواوان و بەفری قەندی) کەواتە کاروان سەرابووە و شارێکی گرینگی بازرگانی بووە . (کەوتۆتە سەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] تاهیر احمد حوێزی ، میژووی کۆیە ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، چاپخانەی نمیر ، بغداد ، ١٩٨٤، ل٥٣.

هێلی حەریر (طریق حریر) کەلە(چین)ەوە هاتووە بەرەو تەبرێزو پاشان بۆ خوارووی عێراق . کۆیە ڕێگای ئاوی هەبووە بۆ بازرگانی کە تەق تەق و ئاومار بووە) * . کۆیە سەنتەریکی گرینگ بووە بۆ بەستنەوەی شارەکان بەیەکتری و ئالّ و گۆڕی بازرگانی کەخەڵکی شار خەریکی ئاڵو گۆڕی و پیشە دەستیەکان بوونە لەو سەر دەمەدا کە پێگەیەکی باشی هەبووە لەبواری پیشەسازیدا کە کەل و پەل و ئامێری کشتوکاڵی وتیخ و چەکی هەمەجۆری لێ دروست کراوە . جگە لە دابین کردنی پێداویستی ناو خۆ نێردراوە بۆ شوێنەکانی تری کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش . پیشەدەستیەکان وەکو: (جۆلآیی . ڕەنگ ڕێسی . لباد چیەتی و جاجم و بەرماڵ دروست کردن . تەون . دەباغچیەتی . خەنجەر دروستکردن . چەخماخسازی و چەقۆ گەری . ئاش وەستایی و زێرینگەری و مزگەری و سبیلە چیەتی . کەوش دوریی و کلآو دوری و لیفکە چنین و کورتان دووریی و ناڵبەندی . سابون و گۆزەو شەربە دروستکردن و.... هتد) * . خەڵکی لادێش خەریکی ئاژەڵداری و چاندنی دانەوێڵەو توتن کردن بوون . لەگەڵ (بنێشت و کەتیرەو مازوو.... هتد . کە ئەمانە لەگەڵ زێر دەنێردران بۆ بەغداد . خەنجەری دەبانی کۆیە بەناو بانگ بووە) * .

لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنەکەی کۆیە کەوتۆتە داوێنی شاخی باواجی و زنجیرە چیای هەیبە سوڵتان . دەشتێکی فراوانیشی هەیە بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕگای زۆری هەیە . ئەم تایبەت مەندیانە وایان کردووە کە شاری کۆیە ببێتە مەڵبەندێکی دیارو بەرچاو لە بواری بازرگانی و سیاسی و رۆشنبیری و شارستانیەوە . کە لە(ساڵی ١٨٧٥ ز فەرمانگەی تاپۆی بۆدامەزراوە . لەساڵی ١٨٨٠ز نەخۆشخانەی بۆکراوەتەوە . لەساڵی ١٨٨٥ز یەکەم قوتابخانەی میری لێکراوەتەوە . لەساڵی ١٩٥١ پڕۆژەی کارەبای بۆدامەزراوە)[1].

---

( * ) چاو پێکەوتن لەگەڵ ئازاد دلزار ، رێکەوتی ٢٢- ٥ — ٢٠١٣ .

( * ) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی ، رێکەوتی ١٥- ٦ — ٢٠١٣ .

( * ) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد دلزار ، رێکەوتی ٢٢ — ٥- ٢٠١٣.

[1] کەریم شارەزا ، نازم محمدئەمین ، جەمیل حەوێزی ، عوسمان مستەفا خۆشناو ، مەجید ئاسنگەر ، کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا ، چ١ ، ل١٤١.

کۆیە بەر لەوەی قوتابخانەی لێبکرێتەوە بەمەڵبەندی زانست و زانیاری ناسراوە . ئەویش بەهۆی ئەوەی کەگرینگییەکی زۆری بەزانست و زانیاری داوە لە پەرستگاو شوێنە ئایینیەکان . چونکە پێش هاتنی ئیسلام دانیشتوانی کۆیە زەردەشتی ودیان بووینە . پاش هاتنی ئیسلام موسڵمان و دیان و جولەکەشی لێبووە . بۆیە لەدوای موسڵمان بوونی خەڵکەکە مزگەوتەکان بوونەتە مەڵبەندی فێرکردن و ژمارەیان تادەهات زیادی دەکرد . کە نزیکەی ٢٥- ٣٠ مزگەوتی بووە . مەلا و زانای ئاینی بەناو بانگی لێهەڵکەوتووە . وای لێهاتووە لەناوچەکانی تری کوردستان روویان تێکردووە و مۆڵەتی مەلایەتیان وەرگرتووە . مەلای چاکی پێگەیاندووە و هیچ مزگەوتێك لە١٠- ١٢ فەقێی کەمتری تیادا نەبووە . کەسایەتیە ئاینیەکان وەکو: (مەلا ئەسعەدی جەلی زادە . مەلا عبدالرحمانی کاکی جەلی . حاجی مەلا عبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی و مەلای گەورە و... هتد)[1] . زۆر مەلاو زانای تر هاتوون و لەوێ خەریکی دەرس وتنەوە بوونەو هەر لە وێش نیشتەجێ بوونە . وەکو مەلا رەئووفی بێتوشی و مەلا رەسولی کوری و کەیفی جوان ڕۆیی و چەندانی تر ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە پێگەیاندنی ڕۆڵەی شارەکەی کە بۆتە مایەی بەرهەمێکی بەردار بۆ کوردستان و ناوچەکە و کەسانی نیشتمان پەروەر و شۆرشگێڕو قارەمان پێبگەیەنێت . (کۆیە شارێکی ئەوەندە خۆش و پڕ زانست و زانیاری بووە فەقێکان وێردی سەر زمانیان ئەوەبوو . دەیان گووت: بە زستانان کۆ – هاوینان شنۆ)[*] . بۆیە هەرکەسێك مێژووی ئەم چەند سەدەیەی دوایی شاری کۆیە بخوێنێتەوە لەبارەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەو مەڵبەندە زیندووەی ئەدەب و هونەری کوردستانی باشور ورد بێتەوە . بۆی دەردەکەوێت کە کۆیە شاری ئەدەبیات و جەرگەی هەست و نەستی نەتەوایەتی و خەباتی نیشتمانی و کوردایەتی و شوێنێکی ستراتیژی بازرگانی نێوان شارە گەورەکانی کوردستان و کوردستانی رۆژهەڵات و خوارووی عێراق و شام و حەلەب بووە .

---

[1] - کەریم شارەزا ، ناودارانی پارێزگای هەولێر ، گ . هەولێر ، ژ.(٥) زستانی ٢٠٠٠ ، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر ، ل١٣٤.

( * ) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد دلزار ، رێکەوتی٢٢- ٥ - ٢٠١٣ .

کۆیە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە . لە خەباتی مێژووی گەلەکەماندا و چەندین پیاوی سیاسی و سەربازی گەورەی تیادا هەڵکەوتووە . لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە گەشانەوەیەکی کاریگەری لە هەموو بوارەکاندا بەخۆوە بینیوە . بەتایبەتی لەسەدەی بیستەمدا ڕۆڵەکانی ئەم شارە لەناو کۆرو کۆمەڵ و حزب و پارتەکاندا جێگایان دیاربووە . لەوانە: (ئاسەفی مەلا رەئووفی خادم سوجادە لەحزبی خۆیبوون چالاکانە کاری تیادا کردووە . یونس رەئووفی برای ناسراو بە"دڵدار" سکرتێری حزبی هیوا بووە . سەمەد محەمد بەناو عەبدولکەریم تۆفیق و عەلی عەبدوڵلا بەشداریان لەدامەزراندن و سەرکردایەتی حزبی "شۆرش "دا کردووە . مستەفا خۆشناو و بەکرعەبدولکەریم حەوێزی لەدامەزراندنی "حزبی رزگاری کورد "بوون . لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەساڵی ١٩٤٦ دا ئەم کۆییانە بەشداریان تیادا کردووە: کاکە زیاد جێگری دووەمی سەرۆك . عەلی عەبدوڵلا . بەکرحەوێزی . عەبدولکەریم تۆفیق لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلاو دکتۆر جەعفەر . عەبدول کەریم و رەشید عبدلقادر دەستەی مەکتەبی سیاسیان پێکدەهێنا و مستەفا خۆشناویش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو،...ساڵی ١٩٥٣ ز کە کۆنگرە بەسترا لە (١٣) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چوارکۆیی تیادابوو: عەلی عەبدوڵلا . عومەردەبابە . جەلال تاڵەبانی . محەمەد ئەمین مەعروف)[١] بوون . بێجگە لەمانەش لەحیزبی شیوعی عێراقیشدا (کەریم ئەحمەد . ئەحمەد دلزار . فاتیح ڕەسول و کەمال غەمبار و چەندانی تر)[٢] هەبوون . لەدوای نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ و سەرهەڵدانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان لە دامەزراندنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) یشدا ڕۆڵەکانی کۆیە خەباتی دیارو کاریگەریان تیادا گێڕاوە . لەدامەزرێنەرانی (جەلال تاڵەبانی . عمرەدەبابە و د. فواد مەعسووم) بوون . زۆرلە کەسایەتی تری سیاسی و سەربازی وەکو: (د. خالید حمە سعید . مامۆستاجەعفەرعبدلواحد . عبدوڵلا رەسول (کۆسرەت) و... هتد . هەروەها لە ڕاپەرینە

---

[1] کەریم شارەزا ، نازم محمدئەمین ، جەمیل حەوێزی ، عوسمان مستەفا خۆشناو ، مەجید ئاسنگەر ، کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا ، چ١، ل١٤٦- ١٤٨ .

[2] کەریم شارەزا ، کۆیە و شاعیران ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل١٦.

مەزنەکـەی بـەهاری ١٩٩١دا ڕۆڵ و پێگـەی کۆیـە و ڕۆڵـەکانی لـە ئـازاد کردنـی کۆیـە و ناوچەکانی تری کوردستان دا دیاروو لەبەرچاوە. کۆیە شارێکی زینـدوو بـووە هـەر لـەم دوو سەدەی رابردوودا چەندین شاعیر و نووسەری گەورە و بـەناو بـانگی پێگەیانـدووە لەوانـە:- قاصـید . حـاجی قـادر . ئەختـەر . کـەیفی . حەزینـە . نیهـانی . مـەنفی . مـەلای گـەورە . عاسی . مەیلی . دلاوەر . زەکی هەناری . سامی عەودالْ . راجی . عەونی . عاصم . رۆستەم . مامەڕووتە . دڵدار . دلزار . پرغەم* . کەریم شارەزا . کەمال غەمبار . عبدالرزاق بیمار . جەلال جۆبار . ئـازاد دلـزار . بایزمستـەفا* . شـوان ئەحمـەد مـام عـەلی . وریاجـەلیل زادە . ئارام صالح . شەفیق بـەیاد و.... هتـد . نووسـەرانیش وەکـو مەسعود محەمـەد . عبـدالخالق علاالدین . ئازاد عەبدول واحێد . رابەر سـید بـرایم . فـەرهاد عـەونی . شـێخ صلاح شـێخ شەرەف و... هتـد لێ هەڵکەوتووە،ئەمانـە دەورێکـی پێشـرەوانە یـان لـە هۆشـیار کردنـەوە و ڕۆشنبیرکردنی میللەتی کورد گێڕاوە . ناکرێت ڕۆڵـی ژنـانی کۆیـەش فـەرامۆش بکرێـت کـە شان بەشـانی پیـاوان لـەبوارە جیاجیـا کانـدا هـەوڵی خۆیـان داوە . وەکـو:- (سوڕەییە خـانی مـەلای گـەورە . فریشـتە مسـتەفای حـەوێزی . عائیشـە گـوڵێ . دکتـۆرە عەتیـە سـەعید . دکتۆرە صبریە سەعید . دکتۆرە پیرۆز کاکە زیاد . نەرمین عوسمان . کوردە عـومر عبداللـە . گەلاوێژ بەکر حەوێزی و نەورۆز حەمەد و.... هتد)* .

کۆیـە شـوێنی کۆبوونـەوەی شـاعیران بـووە چـەندین شـاعیرهاتوونەتە کۆیـە بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدن یـان خزمـەت کـردن . هەنـدێکیان تاماوەیـەك لـەم شـارەماونەتەوە .

---

(*) پرغەم : ناوی مستەفا حسن مستەفایە لەساڵی ١٩٢٥ز لە سکتان لەدایك بووە ، لەساڵی ١٩٩١ز لەکۆیە کۆچی دوایی کردووە لەگۆرستانی قشرەی کۆیە نێژراوە. ئەم زانیاریەم لەرێگەی ( فاکس )ەوە لە بایزمستەفا کوری شاعیر وەرگرتووە لە ١٤ — ٤ — ٢٠٠٦ .

(*) بایز مستەفا لەساڵی ١٩٦٩ز لە گوندی سکتان لەدایك بووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە ، لەساڵی ١٩٨٥ز هاتۆتە هەولێر و پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی تەواوکردووە ، شاعیرێکی نوێخوازە و ئێستا لە دەرەوەی ولآت لە ( نۆتینگهام — بەریتانیا ) نیشتەجێیە. چاوپێکەوتن لەگەڵ بایز مستەفا لەرێگەی فیس بووك لە رێکەوتی ١٦- ٨ - ٢٠١٣.

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆرە شوکریە رەسول ، رێکەوتی ٤ - ١٠ - ٢٠١٣.

وەکو:- (شێخ ڕەزا دەچێتە کۆیەو لەخزمەتی مەلای دانا مەلا ئەسعەدی جەلی زادە پایان بەخوێندن دێنێ)[1] . ڕەمزی ڕەحیم (مامەند کەرکووکی) . کەیفی جوانڕۆیی و جاهید و... هتد . لە سۆنگەی ئەم مێژووەدا لەپاڵ دیمەنێکی جوان و ئاو هەوای ساف و سازگاردا کۆیە بەردەوام لە خزمەت نەتەوە و کوردستانەکەیدا پشکی شێری بەرکەوتووە . بەلاّم هەزار ئەفسوس خراوەتە پەراوێزەوە . وەکو شێرکۆ بێکەس دەڵێت:- (کۆیە لەوەتی هەیە خوێن دەبەخشێ . بەلاّم تاکو ئێستا کەس خوێنی تێنەکردۆتەوە)[*] .

لە ناو ئەم دەستە شاعیرە کورد پەروەرانەدا (عوسمان عەونی)مان هەڵبژاردووە و کردوومانەتە گەوهەری لێکۆڵینەوەکەمان . عەونی بەهۆی شیعرەکانیەوە جێگایەکی تایبەتی لە ئەدەب و مێژووی خەباتی نەتەوایەتی شاری کۆیە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی کردۆتەوە . کە هۆنراوەی ناسك و جوانیپڕ هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی و ئەوینی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردووە . ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە بۆ هەتا هەتایە ناو و شیعرەکانی لە مێژووی کورد و ئەدەبی کوردیدا بەنەمری بمێنێتەوە.

---

[1] - موکرم تاڵەبانی ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی "ژیانی ، پەروەردەی ، بیرو باوەڕی و شیعری" ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٣٦ .

( * ) وریا جەلیل زادە ، پێگەی کۆیە لەئەدەبی کوردیدا ، بەرنامەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان سەتەلایت ، ١٨- ٦- ٢٠١٣.

## - ژیانی عەونی*:-

عەونی ناوی تەواوی (عوسمان حبیب عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد عەبدوڵڵا)* یە . چەند بۆ چوونێك هەیە بۆ ساڵی لەدایك بوونی یەکێ لەوانە گوایە لە ساڵی ۱۹۱٤ز لەدایك بووە . بەلاّم ئەمە ناچێتە خانەی دڵنیاییەوە . چونکە بەپێی بەڵگەنامەی شارستانی لە ۱- ۷- ۱۹۱۱ز لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لەدایك بووە . (لە تەمەنی مێرمنداڵی بووە لە ساڵی ۱۹۲۷ لە قوتابخانەی سەرەتایی تاپۆڵی پێنجەمی خوێندووە . لەو کاتەدا باوکی کۆچی دوایی کردووە . ناچار بووە قوتابخانە بەجێ بهێڵێت وخەریکی بەرێوەبردنی دوکانی باوکی وخێزانەکەی بێ . ئەمە بەهیچ جۆرێك رێگەی لێ نەگرتووە هاتووچۆی حوجرەی خوێندنی فەقێیان لە مزگەوت بکا)[1] . دوای کردنەوەی قوتابخانە لەکۆیە تائەم ساڵانەی دوایی مزگەوتەکان فەقێی تیادا بووە . (لە مزگەوتی حەتك لەلای مەلا محەمەدی مەلا برایمی عەودالأنی ناسراو بە (دلاوەر) ی شاعیر . هەندێ دەرسی ئاینی وەك (العقائد) و (الشرع)ی خوێندوە . لەگەڵ رێزمانی عەرەبی . دوای ئەمەش بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زمانی فارسی لەلای مەلا ئەحمەدی رەش خوێندووە و بەچاکی فێری زمان و ئەدەبیاتی بووە . دوای دەست هەلگرتنی لەخوێندنی مزگەوت هەندێ لەبرادەرە دڵسۆزەکانی وەکو(میرزا عەبدولکەریم) و (محەمەد حەوێزی) ناسراو بە (حەمەڕەش) کتێبەکانی پۆلی شەشەمیان پێ تەواو کردووە)[2].

---

(*) عەونی: ( عون ، اعانە ، مساعدە ، یارمەتی ، یاریدە ، هاریکاری ) ، کەمال جەلال ، کەمالنامە فەرهەنگی زانستی عەرەبی ، ئینگلیزی ، کوردی ، چ۱، چاپخانەی رێنوێن ، سلێمانی ، ۲۰۰۳ ، ل۸۷۹ .

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ فرهاد عەونی ، رێکەوتی۱۵ -٦ -۲۰۱۳ .

[1] - مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ۲ ، بەرگی حەوتەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ۲۰۱۰ ، ل۲۸۵.

[2] — کەریم شارەزا ، دیوانی عەونی ، چ۱، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ۱۹۹۷ ، ل۲۱-۲۲.

بەم شێوەیە عەونی خولیای خوێندن و فێربوون بووە . وەك ڕۆشنبیرێك بەرە و پیری زانست و زانیاری چووە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ هەرچەند بخوێنێ هێشتا پێویستی بەخوێندن و زانیاری تازە هەیە . (عەونی زمانەکانی دەورووبەری عەرەبی و فارسی و کوردیش کەزمانی زگماکیەتی زۆرچاك زانیوە وای لێکردووە لە وەرگێڕانیشدا دانەمێنێ)* . شاعیر کەسێکی چالاك و باوەڕ بەخۆبووە . (لەسەردەمی لاویەتیدا نازناوی عەونی وەك نازناو هەڵبژاردووەو لە شیعردا بەکاری هێناوە)[1].

شاعیر لەتەمەنی لاویدا هەوڵی داوە ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنێ . چونکە کوڕی گەورەی باوکی بووە . (لە ساڵی ١٩٣٩ز لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە . لەگەڵ (زەکیە)ی کچی مەلا ڕەئووف بێتووشی کە بنەماڵەیەکی مەلا زادە بوونە و لە کۆیە دانیشتوونە . عەونی شەش کوڕو حەوت کچی هەبووە)* .

هەمیشە هانی منداڵەکانی داوە بۆخوێندن . خوێندنی بەهەمووان تەواو کردووە . (عەونی هەوڵی زۆری لەگەڵ برا بچووکەکەی عمرحبیب داوە و کۆلێژی حقوقی پێتەواو کردووە . لەژیانیدا موچەخۆری نەکردووە . بەهێزو بازووی خۆی ژیاوە . دوای دەست کردنی بەئاڵ و گۆڕی بازرگانی ئابووری باش بووە و هاوکاری زۆر کەسی کردووە . چ لە کۆیە و چ ئەوانەی لە دەرەوەی کۆیە بوونە کە خەریکی خوێندن بوونە و کەم دەرامەت بووین)* . عەونی بەپیشە بازرگان بووە و کەسێکی دەست و دڵ فراوان و چاو تێربووە . (زۆرئازاو خۆڕاگربوو . هەموو ژیانی بەهێز و بازوی خۆی بەرێکردووە . چاولەدەستی کەسیش نەبووە . زۆربەی ژیانی بەهەبوونی بەسەر بردووە)* . شاعیر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە و هاورێیەتی زۆرکەسی کردووە . لە شاعیران و ئەدیب و

---

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ غەریب پشدەری ، رێکەوتی ١٤- ٦- ٢٠١٣.

[1] مارف خەزنەدار(د.) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢ ، بەرگی حەوتەم ، ل٢٨٥ .

)* ( چاوپێکەوتن لەگەڵ جوان عەونی ، رێکەوتی ٢٢- ٥- ٢٠١٣ .

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ سا سان عەونی ، رێکەوتی ١٣ - ٦- ٢٠١٣ .

)* ( چاوپێکەوتن لەگەڵ غەریب پشدەری ، رێکەوتی ١٤- ٦- ٢٠١٣ .

نووسەرو هونەرمەندان و کەسایەتی سیاسی و ناو دار چ لە کۆیە یاخود لە دەرەوەی کۆیەدا . وەکو: (عاصی . دلاوەر . مەلای گەورە . دڵدار . دلزار . هۆشەنگ . صافی . گۆران . هەژارموکریانی . هێمن . کامەران موکری . تایەری ئەحمەد حوێزی . عبدالمجید شێخ نووری . کریم شارەزا . عبدالرزاق بیمار . غەریب پشدەری . عوسمان مستەفا خۆشناو . مەسعود محەمەد . مەلاحاجی تۆفیق . مەلا قادری گۆپتەپەیی و سامی عەودالْ... هتد)[*] بوونە . کەسایەتی سیاسیش وەکو: (کاکە زیاد،مام جەلال . عومەر دەبابە و... هتد) . هونەرمەندان وەکو:-

(ئەحمەدی حەمەی مەلا . خالە سێوە . تاهیرتۆفیق . باکوری و وریا ئەحمەد و... هتد).

## أ- سەرچاوەی رۆشنبیری و ئەزموونی شیعری:-

عەونی جگە لەو کتێبانەی کە لە قوتابخانە و حوجرەی مزگەوتەکان و دەرەوەی ئەوانەوە خوێندوویەتی و فێری بووە . هەمیشە لە هەوڵدان دابووە بۆ خۆ پڕچەك کردن بەزانست و زانیاری . بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی پەرتووك و گۆڤار و ڕۆژنامە و دیوان و دەست نووسی شیعری شاعیرانی پێش خۆی بووە . (لەلای مەلاو موستە عیدەکان و شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی وەکو حوسەینی و صافی و مەلا محەمەدی دلاوەر و عاصی چاوی بەهۆنراوەکانی شاعیری مەزنی کورد (نالی) کەوتووە و لەبەری دەکردن... (لە دوایشدا لە کۆمەڵە شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی لە ساڵی ١٩٢٥ز کە ئاورەحمان سەعید بلاّوی کردۆتەوە . ئاشنای شیعرە نیشتمانیەکانی ئەو کەڵە شاعیرە کوردە بووە)[1].

لە ماڵەکەی خۆیداخاوەنی مەکتەبەیەکی باش بووە . هەر لەکۆنەوە کتێب سەرچاوەی ڕۆشنبیری بووە . (سەرچاوەی رۆشنبیری عەونی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەبووە . زمانی فارسی و عەرەبی باش زانیوە و ڕۆشنبیریەکی خودی بەرهەم هێناوە . چونکە خوێندنەوە کلیلی کەسایەتی مرۆڤە . زانینی ئەم دوو زمانە زیاتر مەودای فراوان کردووە بۆعەونی

---

)[*] ( چاوپێکەوتن لەگەڵ فرهاد عەونی ، رێکەوتی١٥- ٦- ٢٠١٣ .

[1] – کەریم شارەزا ، دیوانی عەونی ، چ١، ل٥ .

کەخۆی رۆشنبیر بکات . لەبەر ئەوەی دەی خوێندەوە . خوێندنەوەش سامانێکی رۆشنبیری پێ بەخشیی بوو)*.

شتێکی ئاشکرایە کەزۆرکەس دەخوێننەوە . بەڵام ئەو هێزەیان پێنابەخشێت کە بنووسن . بۆیە مەرج نیە هەموو خوێندەوارێك نووسەر بێت . بەڵام مەرجە هەموو نووسەرێك خوێندەوار بێت . سەرەڕای ئەوەش (دوکانەکەی وەکو نوسینگە یاخود بنکەیەکی رۆشنبیری لێهاتبوو کە ڕۆژانە گفتووگۆی سیاسی و ئەدەبی لێدەکرا لەگەڵ هاورێ و شاعیران کە سەردانیان دەکرد . هەروەها باوەڕپێکراوی گۆڤاری گەلاوێژ بوو لە کۆیە و زۆرلە بەرهەمەکانیشی لەم گۆڤارە بلاّو دەکردەوە)*.

شاعیر خاوەنی پێشینەیەکی باش بووە چ لەوەی کە فێری بووە چ ئەوەی خوێندوویەتیەوە . یان ئەوەی لە گفتووگۆیە ئەدەبیەکان بیستوویەتی . ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە سەرمایەکی باش بووە بۆ عەونی و پشت ئەستوری کردووە بۆ نووسین . یەکێك بووە لەو کەسانەی کە پێیان دەوتن (تاقمی مونەوەر- ڕووناکبیر لە کۆیە)[١]. عەونی ئەزموونێکی باشی هەبووە لەسەر ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی . سەرەتای دەست پێکردنی عەونی بەشیعر نووسین دەگەرێتەوە بۆ (سەرەتای سییەکان . لە ساڵی ١٩٣٢ز شیعری ئۆپەرێتی بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکەی کۆیە داناوە و... ناوەڕۆکەکەی هەستێکی نەتەوایەتی هەبووە . بەڵام لەساڵی ١٩٣٥ دا بەتەواوی دەستی شیعری

---

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال غەمبار ، رێکەوتی ٨- ٦- ٢٠١٣ .

(* )چاوپێکەوتن لەگەڵ ساسان عەونی ، رێکەوتی ١٣- ٦- ٢٠١٣ .

[١] - وریا ئەحمەد ، گۆرانی و میوزیکی ناوچەی کۆیە ، گ . ڕامان ، ژ. ( ١٣٤ ) ، خولی سێیەم ، تەمموزی ٢٠٠٨ ، ل١٤٦ .

بەهێزبووە)[٢] . لەساڵی ١٩٣٣ز دا شیعرێکی تری لە شێوەی ئۆپەرێت داناوە بەناوی (ووتووێژی لاو و پیر)[*]،ناوەڕۆکەکەی نەتەوەییە و بە شێوەی گفتووگۆ دای ڕشتووە و دەڵێت:-

**لاو:ئەی مامە چەند ئیختیاری**
**تـۆخـەڵکـی کامــە دیاری ؟**
**بۆچـی دەکەی شــین و زاری ؟**
**بــەچ دەردێــك گـــرفـــتـــاری ؟**
**پـیـر: رۆڵە مـــن کوردی عـــێـراقــم**
**کـەم سـەیـر پـڕ ئـیشتــیاقــم**
**قـەومـێـکـی خاوەن نـیـفـاقـم !!**
**بێ ئـابـڕوو بووم بـە یـەکـجـاری !**

کۆپلـەی یەکـەم بەپرسـیارکردنی لاو دەسـت پێـدەکات و کۆپلـەی دووەم وەلامـی مامـەی ئیختیارە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت . تاکو کۆپلەی کۆتایی کە مامەی ئیختیار دەڵێت:-

**پیر: ڕۆڵەگیان زۆری نەماوە**
**شۆرشێکە بەر پاکراوە**
**لاوی کـــورد بریاری داوە**
**بۆت بێنن مژدەی رزگاری(١)**

---

[٢] - کەریم شارەزا ، عەونی شاعیرێکی نەتەوەی کوردە ، گ . کاروان ، ژ . ( ٣ ) ، کانوونی یەکەم ، ١٩٨٢ ، ل١٧.

)[*] ( لە سەردەمی(صالح زەکی صاحێبقران) قایمقامی کۆیە ، لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی پێشکەش کراوە .

١-فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢، چاپخانەی رۆژهەلات ، ساڵی ٢٠١١ ، هەولێر ، ل٧٩- ٨٠ .

جگە لە مەش لە ٢٤ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ ز شیعرێکی تری بە ناو نیشانی (بۆ خاوەنی هاوار)* نووسیووە . لە بنەرەتدا پێنج خشتەکییە لەسەر شیعرێکی (مامەند کەرکووکی) ئەم شیعرە

(سەرجەمی ستایش و پیاهەڵدانە بە جەلادەت بەدرخان و بەدرخانیەکاندا . بە شانازیەوە باسی مێژووی ئەوبنەماڵەیەو خزمەتە گەورەکانیان دەکات و بەنەوەی شێرانی کوردانیان لە قەڵەم دەدات . چونکە وەك دەڵێت:- هەر ئەوانن گەه بەشیر و گەه بەخامە بۆ نەجاتی کورد سەرومالیان فیداکەن هەر لە بۆتان تاکو بابان . بۆیەکا لە خواوەندی گەورە دەپارێتەوە کە کامەران و سەرفرازیان بکات)[1].

دوای ئەوە عەونی لەساڵی ١٩٣٥ شیعرێك بەناو نیشانی (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم) دەنووسێ کە لێوان لێوە لەهەستی نەتەوایەتی و گیان فیدایی و گیانی بەرگری و نیشتمان پەروەری . ئەم شیعرە گەواهی ئەوە دەدات کە دەست و بازووی شیعر نووسینی پتەو و تۆکمە بووە ئەگەرنا لاوازی پێوە دیاردەبوو . وەکو دەڵێت:-

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتل و عامی تورکەکان و غارەتی ئێران دەکەم*
من لەرێگای سەربەخۆیی خاك و رزگاری گەلم
گیانی خۆم و قەوم و خوێشانم هەموو قوربان دەکەم

لە کۆتایشدا دەڵێت:-

خزمە گوێ بگرن لەبەندە (عەونی) زۆربێ چارەیە
من گرینم نەك لە بۆ خۆم . بەڵکو بۆکوردان دەکەم ([1])

---

)* ( لە گ . هاوار ، ژ. ٢٢ ساڵی ١٩٣٣، ل٣ دا بلاّوکراوەتەوە .

[1] کەمال مەزهەر ، گ . هاوارو کوردی عێراق ، گ . بەیان ، ژ . ( ١٨٣ ) ، ساڵی١٩٩٩ ، ل٥ .

(* ) ئەم نیوە دێڕە لە هەردوو چاپی دیوانەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: (قەتل و عامی حاکمانی تورکیا و ئێران دەکەم ) ، بەلاّم لە دەستنووسەکەیدا بەم شێوەی سەرەوە هاتووە کە خراوەتە ڕوو .

عەونی بە شیعری کلاسیکی دەستی پێکردووە و شاعیرێکی هەڵکەتوو و خۆرسك بووە . هەر لە تەمەنی لاویەتیدا دەستی داوەتە شیعر نووسین و بەهرەدار بووە . (لە راستیدا سەرەتاو سەرهەڵدانی شیعری شاعیر دیاردەیەکی سەرنج راکێش و جێی تێڕامانە . چونکە... هیچی وای لە بەر شاعیرانی ناسراودا نەبووە)* .

بەپێی ئەزموونی پەنجا ساڵەی شیعری عەونی دەبینین بەرهەمێکی زۆری نییە . بەڵام بەهرەو تواناکەی لەوەدایە کەوشکی نەکردووە . لەکاتی پێویستدا شیعری تیژڕە و بووە . وەکو خۆی دەڵێت:- کاریگەری نالی لەسەر بووە . بەڵام وەك شاگردێکی نالیپەیرەوی شیعرەکانی ئەو کەڵە شاعیرەی کردووە . هەوڵەکانی خستۆتەگەر تاکو ئەورادەیەی کە دەڵێت:-(ئەگەر شیعرێك چەپکێك گوڵی نالی یان وشەیەك یا هەر بۆنی شیعری نالی نەدات من بەشیعری نازانم)* .

خۆی بە قوتابیەکی قوتابخانەی شیعری حاجی قادر و رێبازە نەتەوەییەکەی ئەحمەدی خانی داناوە . وەکو لە شیعرێك بە ناوی عیشق و ئازادی دەڵێت:-

درێژەی ژینی پڕژانم بەخت کرد بەرژەوەند زانیم
قوتابی خوێندنگەی پڕ نرخ و بەرزی (حاجی) و (خانی)م ([1]).

ئاشکرایە حاجی قادری کۆیی درێژە پێدەری رێبازە نەتەوەییەکەی خانی بووە . عەونیش خۆی بە قوتابی ئەم رێبازە داناوە . بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین عەونی بەشیعری نەتەوەیی دەستی پێ کردووە . ئەوەش مانای ئەوە نییە کە لە غەزەلەکانی دابڕێنین و لێکیان جیابکەینەوە . بەڵکو شیعری نەتەوەیی و دڵداری لای عەونی شان بەشانی یەکتری

---

[1] دەستنووسی عەونی ، ساڵی ١٩٧٩ ، ل٩٣ .

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال غەمبار ، رێکەوتی ٨ – ٦ - ٢٠١٣ .

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ غەریب پشدەری ، رێکەوتی ١٤- ٦- ٢٠١٣ .

[1]- فرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢ ، ل٣٦٢.

ڕۆیشتوونه وەکو دووهێلی تـەریب بەیەکەوە وان . بـەلاّم بـەپێی کۆنترین مێژووی دانـانی شیعری تاکو ئێستا وا دەردەکەوێت کـە سـەرەتای دەست پێکردنـی شـیعری لای عـەونی بـە شیعری نەتـەوەیی دەسـتی پێکـردووە . هەڵبەتـە ئەمـەش کۆمـەڵێ هـۆ و هۆکـاری تایبـەت بەخۆی هەیە کە لە (بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەماندا باسی لێوە دەکەین).

شـــاعیر وەك سوارچـــاکێك توانیویـــەتی لەگـــەڵ ڕێبازەکـــانی تـــری ئـــەدەبی پـــەرە بەنوێکردنەوەی شیعرەکانی بدات و خۆی بگونجێنێت . ئەگـەر پێشـەنگیش نـەبووبێ ئـەوا جێگـای دیـاری لـە ئـەدەبی ناوچـەکەدا هـەبووە و بەسـەرکەوتوویی هـەنگاوی نـاوە. شـاعیر لەگەڵ قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و دەرچوون لـە قـاڵبی کۆن ئەسپی خـۆی تـاو داوە و جێ پەنجەی دیـارە . چـونکە شـاعیرێکی کۆششکار بـووە . سـەرەڕای ئـەو بەهرەیـەی کەهەیبووە هەمیشە خەریکی خۆپێگەیاندن بووە بۆ ئەوەی لە کاروانی شیعری دانەبڕێت . ئەمـــەش بۆتـــە هـــۆی ســـەرکەوتن و بـــەردەوام بـــوونی لـــە شـــیعر نووســـیندا . شـــیعرە بڵاوکراوەکانی کە لە گۆڤارەکانی وەکو:-(هـاوار . گەلاوێـژ . بـەیان و کـاروان) بڵاودەکـردەوە گەواهی ئەو بەردەوام بوونە دەدەن.

## ب- خەبات و چالاکی عەونی:-

عەونی وەکو لاوێکی هۆشیارو چاپووك لەسـەرەتای لاویەتیـدا هەسـتی بـەزەبرو زەنگـی سەرمیللەتە ستەم دیدەکەی و نیشـتمانە داگیرکـراو و دابەشـکراوەکەی کـردووە . هەسـتێکی نەتـەوەیی و نیشـتمان پەروەرانـەی لادروسـت بـووە و لەشـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە . بەوپـەڕی وەفاداریـەوە لـەپێناو گـەل و وولاتـدا خـەباتی کـردووە . هەڵوێسـتی جوامێرانـەو نـەکردەی نوانـدووە و بـاجی ئـەم هەڵوێستانەشـی داوە . بـیرو بـاوەڕێکی چـەپی هـەبووە دەتـوانین بڵـێین مارکسیـەکی قـەومی بـووە . هـەر لـەم تەمەنـەدا چـۆتە ریـزی کۆمـەڵ و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە . وەکو ئەندام و کوردێکی بەئەمـەك بەرامبـەر بەگەل و نیشتمانەکەی چالاکانەکاری تیاداکردوون . (بۆ یەکەمجار لەتەمەنی بیست سـاڵیدا پەیوەندی بەرووناکبیرانی کۆیەوە کردووە کـە (منـەوەرا)نیشیان پـێ دەوت مـەلای گـەورەی

کۆیە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیەبووە،... پاشان لە کۆتایی ١٩٣٦ دا دەچێتە ریزی دارکەرانەوە (الحطاب)[١].

پاش نەمانی ئەم کۆمەڵەیەش دەچێتە ریزی (پارتی برایەتی کە لە سلێمانی دامەزراوە،شێخ لەتیف سەرۆکی بووە )[٢].

لە کۆیە نوێنەری ئەم حیزبە بووە و ئابوونەی بۆ دەناردن . (ئەندامێتی عەونی لە پارتی برایەتی ساڵی سیەکانی چەرخی پێشووە کە.... . گومانی سوریەتیشی لێدەکرا)[٣].

عەونی نیشتیمان پەروەر بوو . هەموونیشتمان پەروەرێکیشی خۆشدەویست و هاورێیەتی هەمووانیشی دەکرد بەتایبەتی شیوعیەکان . (پەیوەندی من و عەونی زۆرباش بوو هەموو دەم باسمان باسی سیاسەت بوو . قەد باسی ئەدەبمان بەیەکەوە نەکردووە . چونکە نەدەپرژاین . بەندینخانە بووە هۆی لێك دوور خستنەوەمان)[*] .

جێگای سەرنجە عەونی لەژینگەیەکی هەمەڕەنگی کۆمەلأیەتی و سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆمانسی شاری کۆیە گەورەبوو . لەم ژینگانەش کاریگەرتر ژینگەی قوتابخانەی کەلتوری و نەتەوایەتی حاجی قادر و مەلا عەبدوڵلأی جەلی زادەو مەلای گەورەو دەیان شاعیری هاورێ و هاوبیرو پیاوانی سیاسی دەڤەری کۆیە و مامۆستاکانی قوتابخانەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو نموونەیی لێ دروست بێ . (مامۆستایانی نیشتمان پەروەری

---

[١] — جەواد حەمەبەگ ، لەحەڤدەمین ساڵیادی عەونیدا ، رۆژنامەی رێگای کوردستان ، رێگای ئەدەب و هونەر ، ژ. (١٥) ، ٢٧٠٩ ، ل١ .

[٢] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید ، رووداوەکانی کوردستان لەئاوێنەی ئەدەبدا ، چ١ ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠١٠ ، ل٩١.

[٣] - حەمەبۆر(هۆشەنگ ) ، هەڵبەستی بلأونەکراوەی عەونی ، گ . وەشت ، ژ. (٢) ، سلێمانی ، بەهاری ٢٠٠٨ ، ل٦٧.

([*] ) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار ، رێکەوتی ٢٢- ٥- ٢٠١٣ .

وەك: عەبدوڵلاٌ عەزیز . عەبدوڵلاٌ سامی . عەلی ئاگا . زەکی هەناری . سابیر و ئیسماعیل و... تاد . ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گیانی نیشتمان پەروەری لە دڵدا چەسپاو تر کردوونە)[1].

بەهۆی ئەم کاریگەری و کارەساتانەی کەبەسەرگەلەکەی داهاتووە وایان لە عەونی کردووە کەبەرەو پارتی هیوا بچێت . وەکو خۆی دەڵێت: (لە سەرەتاوە هانەری یەکەمم شۆرش و کارەساتی کوردستانی تورکیا بوو لە سییەکانەوە . ئەمە ڕێخۆشکەر بوو بۆچوونە ریزی "حزبی هیوا " لەگەڵ چەند برادەرێکی ترەوە )[2].

هەمیشە لە خەیاڵ و بیری نەتەوەکەی دا ژیاوە . لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا بەبێ جیاوازی ڕەگەزیان بە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری جۆشی داون . (باوکم هانەری هەموو منداڵەکانی بووە . بەهەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان پەروەردەی کردووین بێ جیاوازی . جگە لە مەش لە ناو برادەر و هاوڕێکانیشیدا هەرخەریکی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووە . زۆرجار سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکانی کردووە . باجی زۆری داوە و هەردەم یاتاخی ئامادەبووە بۆ زیندان . کە زۆربەند کراوە و برادەرەکانی بۆیان بردووە )[*].

دوای ئەوەی کە پارتی هیوا نەما (پێش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەساڵێك واتە لە ١٩٤٤ز دا هیوا لەبەر هەندێ هۆی سیاسی تێکچوو.... لە ساڵی ١٩٤٥ز بەتەواوی نەما)[3].

ئیتر دەچێتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان (لە ساڵی ١٩٤٦ کە ئوستاز علی عبدالله لە بەغداد گەرایەوە بۆ کۆیە بە مەبەستی ئەنجام دانی کاری سیاسی . کە یەکەم شانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە کۆیە دامەزراند کە چەند کەسانێك بوو لە جێگەی

---

[1] وریا احمد، گۆرانی و میوزیکی ناوچەی کۆیە ، گ . ڕامان ، ژ . (١٢٧) ، خولی سێیەم ، کانوونی یەکەم ٢٠٠٧ ، ل١٤١.

[2] ك.ن ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەونیدا ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ. (١٠٩) ساڵی یەکەم ، ٤- ٦- ١٩٩٢٢٦٩٢، ل٦.

([*] ) چاوپێکەوتن لەگەڵ ساسان عەونی ، رێکەوتی ١٣- ٦- ٢٠١٣.

[3] عبدالخالق علاالدین ، دیوانی دڵدار ، مطبع دار افاق عربیة للصحافة والنشر ، ١٩٨٥ - بغداد ، ل٨٨.

متمانەو باوەڕپێکراوی ئێمە بوون... لەوانەی لەبیرم بێت عوسمان عەونی شاعیر . طاهر سعید . محمدامین معروف ئەمانە ئەندامی دامەزرێنەری پارتی و محمد زیاد اغا جێگری سەرۆکی پارتی بوو... مام جلال و وریا علی کانی مارانی پا لێوراو بوون . چونکە تەمەنیان بچووك بوو)[1].

زۆرچالاکانە بۆماوەیەکی زۆرکاری لەم پارتە دا کردووە . لەم سەردەمەدا شیعری کاریگەری هۆنیوەتەوە لەبۆنەو مناسەباتەکاندا خوێندوویەتیەوە . (باوکم زۆرحەزی لە شیعرە نەتەوەییەکانی کردووە . ئامادە نەبووە بەقوربانی شیعرەکانی تری بکات . لەکاتێکدا بەعسیەکان داوایان لێکردووە کەدیوانەکەی بۆچاپ بکەن رازی نەبووە . دەیزانی کە شیعرە نەتەوەییەکانی بۆ بلاو ناکەنەوە . بۆیە بڕیاری نەدەدا)[*] .

ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییە وای لە شاعیر کردووە کە لە چەندین کۆڕو کۆمەڵ بەشداری بکات و لەخەباتی کوردایەتیدا بێ وچان بێت . لەوانە (لە پەنجا کانەوە رۆڵێکی دیاری هەبووە لە رێکخراوی ئاشتیخوازانی عێراقدا هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆرشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ز دا ئەم رێکخراوە بەگەرمی پشتگیری لەم شۆرشە مەزنەکردووە... بەیاننامەکە لەلایەن ١٩ ئەندامی ئاشتیخوازانی کۆیە واژوو کرابوو . بە خوالێخۆشبوو مەلامەعسووم دەست پێدەکات و بە خوالێخۆشبوو عوسمان عەونی کۆتایی دێت)[2] . جگە لەمەش هەر لە و ساڵەدا (لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی ئەدیبانی عێراق لە دوای بەر پابوونی شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ز بووەتە ئەندامی ئەو رێکخراوە ئەدەبیە،... لە ساڵانی ١٩٥٩ و١٩٦٠ز وەك شاعیرێکی زمانزانی کورد بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کردووە ،... لە ساڵی ١٩٧٠ز دوای بەیاننامەی ١١ی ئادارو لە پاش دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بەئەندامی ئەو یەکێتییە وەرگیراوە... لە دوای

---

[1] لقأء مع الرحيل الاول لرجال التربية والتعليم ، احمد حويز الملا ، افاق تربية تصدرها وزارة التربية فى اقليم كردستان العراق ، العدد(١) ، اب ٢٠٠٣ ، ص٥٣ - ٥٤.

[*] ( چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر عەونی ، رێکەوتی ٩- ٦- ٢٠١٣.

[2] فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢ ، ل٥٤.

دامەزراندنی کۆری زانیاری کوردیش . لە ساڵی ١٩٧٢ز دا بەئەندامی یاریدەدەری ئەو کۆڕە وەرگیراوە)[١].

شاعیر بەهۆی دڵسۆزی و لێهاتوویەوە لە (دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کۆیە لەساڵی ١٩٧٣ز بەسەرۆکی کۆمەڵە دەست نیشان کراوە)[٢] . عەونی کەسێکی خۆڕاگرو پشوو درێژبووە لەسەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بەردەوام بووە کە بۆتە مایەی ئەوەی لەهەر کۆر و کۆبوونەوەو ئاهەنگێکدا ناوی عەونی لەناو ناوان بێ . (عەونی نیشتمان پەروەر هەرگیز لە نیشتیمان پەروەری لای نەداوە هەردەم پێی وابووە کە کوردایەتی تاکە ڕێگایە بۆسەرکەوتن و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان بۆیە لەسەر ئەم هەڵوێستە زۆر تووشی ئازارو ئەشکەنجەوگرتن بووە)[٣].

عەونی چەندین جار ئاشنای بەندیخانەکان بووە . (لەساڵی ١٩٤٣ز من و ئەحمەدی حەمەی مەلا و حوسامەدین گیراین و ڕەوانەی کەرکووکێ کراین . ناردمان بەدوای (عەونی یوسف)دا . بەهۆی مەلا صدیق... زوو بەربووین)[٤].

ناوبراو لەسەر خەباتی سیاسی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی خۆی لە بەندینخانەکانی(کۆیە . هەولێر . بەغدا . کوت و نوگرەسەلمان)[٥] بینیوەتەوە. جگە لە بەندینخانەی کەرکووك . دوای بەربوونی لە بەندینخانەی نوگرە سەلمان (لە ساڵی ١٩٦٣ز بە

---

[1] لەیادی ماڵئاوایی عەونیدا ، رێگای کوردستان ، ڕێگای ئەدەب و هونەر ، ژ . ( ٧٥١ ) ، ئابی٢٠٠٧ ، ل١٠.

[2] فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢ ، ل٥٤٣ .

[3] محەمەد ئەکرەم ، ژیانی عەونی لەچەند دێرێکدا ، مانگ نامەی کۆیە ، گۆشەی ناوداران ، ژ . (٢٠) ، ئابی ٢٠٠٨ ، ل٨ .

[4] وریا ئەحمەد ، مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە ، گ . ڕامان ، ژ . (١١٩) ، خولی سێیەم ، گولانی ٢٠٠٧ ، ل١٧٩.

[5] کەریم شارەزا ، دیوانی عەونی ، چ١ ، ل٢٢ .

خۆی و خێزانەوە توشی دەربەدەری و ئاوارەبوون بووە . دواجاریش لە ساڵی ١٩٦٥ز دوای شەڕ دەست پێکردنەوە بۆماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەی هەولێر توندکراوە )[1].

وەنەبێ هەرلەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە باجی ئەم هەڵوێستە جوامێرانانەی دابێ . بەڵکو بە شیعریش باجی داوە کە لەسایەی ناجێگیری باری سیاسی کوردستان و هەڵگیرسانی شۆرش و دەست پێکردنی شەڕ . دووجار دیوانە دەستنووسەکەی فەوتاوە . جاری یەکەم (پێش ئەوەی شەڕدەست پێبکات . دیوانە شیعریەکەی ناردە گوندی قەسرۆکێ سەربەقەزای رانیە لای دۆستێکی خۆی بەناوی (حەمەد رەمەزان) کوێخای گوندەکەبوو . لەلای دانا تاکو بیپارێزن،... حکومەت تەڕوو و وشکی کوردستانی سوتاندو گوندی قەسرۆکیش بەر ئەم شاڵاوە نیشتمانیە کەوت وکاول کرا،... پاش دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکانی ئازاری ١٩٧٤ ز زۆر ترسناك بوو . ئەمەش هۆکاریك بوو کەوای لە عەونی کرد... . ئەو دیوانە دەستنووسەی خۆی،... لە باخچەی ماڵەکەمان لە کۆیە بیشارێتەوە،... دوای ئەوەی کە دەگەرێنەوە کۆیە،... دیوانە شیعرە دەسنووسەکە کەوتۆتە بەر رەحمەتی باران)[2].

پاش ئەو هەموو گۆڕانکاریی و ماڵ وێرانییەی کە بەسەر میللەتی کورد داهات کە وڵات وێران کراو شۆرش و خەباتی گەل بەرەو ئاقارێکی تر براو ئەوونەکسەیەی بەسەر کوردو کوردستان داهات . جارێکی تر گەلی کورد شۆرشی دەست پێکردەوە و ئاگری شۆرشی نوێی داگیرساندەوە و لەچەندین لاوە یارمەتی و کۆمەکیان بۆدەکرد . لەو کاتەشدا عەونی وەك بازرگانێکی نیشتمان پەروەر ئاوڕی لە شۆرشی نوێی گەلەکەی داوەتەوەو یارمەتی و کۆمەکی خۆی پێشکەش کردووە . (دووای دروست بوونی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان باوکم بڕە پارەیەکی زۆری بۆ شۆڕش ناردووە کە بڕی (٥٠٠٠) هەزار دیناری سویسری بوو لەڕێگای کەسانی دڵسۆزەوە ناردوویەتی)*.

---

1 سەرچاوەی پێشوو.

2 فەرهاد عەونی ، ، سەرەقەڵەمێك دەربارەی پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکوکی ، گ . هەولێر ژ. (٥) ، هەولێر ، زستانی ٢٠٠٠ ، ل١٢٨ .

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ وریا عەونی ، رێکەوتی ٨ – ٦- ٢٠١٣.

شاعیر چۆنی بۆ ڕەخسابێ ئاوا لە ڕێگەی خەبات و بەرخودانددا بەخشیویەتی . دوژمنی هەرە گەورەی خائینانی گەلەکەی بووە . لەژیانیدا زۆرباش زانیویەتی کە چۆن بژی هەربۆ خێزان و دۆست و خۆشەویستان و شارو وڵاتەکەی هەر بۆ خەبات و شیعر و ئەدەبی نەتەوەکەی . کەسێکی ماندوو نەناس و نیشتمان پەروەرێکی خوێن گەرم بووە . خاوەن پەیام و بەرنامە بووە . (یەکێك لە ووتەکانی ئەوە بوو کە هەموو جارەی ووت:-ئەوەی نەزانێ بژی خوابیکوژی) [*] .

عەونی لەچوارینەیەکیدا دەڵێت:-

تاکو داگیر کەر لەخاکی نشتمانم دەرنەکەم

کوردم و هەر شەڕ دەکەم . هەر شەڕ دەکەم

ئاشنای شەڕنیم بەڵام چبکەم یەخەم دەگرێبەزۆر

ناعیلاجم من دیفاعی ملك و ماڵ و سەردەکەم ([1])

لەم چوارینەیەدا عەونی ڕاگەیاندنێکی بن بەست دەکات بۆ داگیر کەرانی نشتمانەکەی لەڕێگەی شەڕکردن کەپێی وایە تا کە ڕێگایەبۆ ئازادکردنی خاك و نیشتمانەکەی . بەڵام شەڕێکی بەبیر و باوەڕ لە پێناو ئازادیدا . زۆرفەلسەفیانە وشەکانی شەڕ و ئاشتی و داگیر کەری و شەهیدبوونی بەیەکەوە گونجاندووە و ئەوەمان بۆ ڕوونەکاتەوە کە هەرچەندە ئێمەی کورد خاکمان داگیر کراوە . بەڵام لەگەڵ شەڕدانین و لایەنگری ئاشتین . ئەوە ئێوەن ناچارمان دەکەن بەشەڕکردن . دەیەوێت بڵێ شەڕەو یەخەمان دەگرێ ئەگەر نەیکەین خوادەمان گرێ . لەدێڕی چوارەمدا ئاماژە بەو حەدیسەی پێخەمبەر دەکات (د.خ) کەدەفەرموویێت:-(من قتل دون مالە فهو شهيد،ومن قتل دون دمه فهو شهيد . ومن قتل دون دينه فهو شهيد،ومن قتل دون اهله فهو شهيد)[2]. مەبەستی لەوەیە ئەگەر بکوژرێشم ئەوا

---

[*]) ( چاوپێکەوتن لەگەڵئەحمەد دلزار ، ڕێکەوتی٢٢- ٥- ٢٠١٣ .

[1] دەستنووسی عەونی ، ساڵی ١٩٧٩ ، ل٢.

[2] الحافظ ابى محمدزكى ، الترغيب والترهيب من الحديث الشريف ، الطبعةالاولى ، الجزءالثالث ، مطبعةالسعادة ، ابريل سنه١٩٦١ص١٦٢.

خەلاتە بۆ دونیا و بۆ ڕۆژی دوایش . چونکە شەهیدم. لەشیعرێکی تردا بەناوی (کۆشش کردن) دەڵێت:-

**بەختیاری دوو جیهان تەنیا بە کۆشش کردنە**
**هەر کەسێکی کۆڵنەدەربێ ڕووی بەرەو سەرکەوتنە**
**حەز دەکەی گەر بەرگی ئازادی بپۆشی وەك كەوا**
**نرخی سەر بەرزی لەرێگای سەر لەژێر کەوتنە**
**لافی سەرداری لەژێر دارا دەبێ ترست نەبێ**
**دەست هەموو کەس ناکەوێ رێگا بەهیوا بردنە**

دیوانی عەونی . چ١ . ل٧٠.

لەم شیعرە دا عەونی ئاسوودە بوونی دنیا و قیامەتی لەژێر یەك وشەدا کۆکردۆتەوە ئەویش(کۆشش کردن)ە . بەلام چ کۆشش کردنێك ؟ کۆششێکی بەردەوام کەبەرەو سەرکەوتنت دەبات . ئەگەر حەز بکەی بەرگی ئازادی بپۆشی کە بە (کەوا)ی* چواندووە . بەلەبەر کردنی ئەم بەرگە سەرت بەرز دەبێ . بەلام پێویستی بەقوربانی دان هەیە . وەئەگەر بتەوێت ئەو لافە لێ بدەیت . ئەوا نابێ لەپەتی سێدارە بترسیت . چونکە ئەمە دەست هەموو کەسێك ناکەوێت کەرێگا بەرەو هیوا و ئاوات بەرێت. هەردوو وشەی (سەردار) و (ژێردار) دژ یەکن . لێرەدا شاعیر دەیەوێ ئەوە بڵێ کە نەئازادی بەبێ هەوڵ و قوربانی دەست دەکەوێ . نە قوربانی دانیش لەپێناو ئازادی دا بەدەست هەموو کەس دەکەوێ . چونکە ئەوەندە پیرۆزە.

(*) کەوا جۆرێکە لەجل وبەرگی کوردی کە پێشتر لەگەڵ سەڵتە لەبەریان دەکرد، دەیان ووت کەواوسەڵتە، هەروەها پارچەیەکە لەجلی کوردی ژنانەش .

جگە لە شیعر لە مەیدانی خەباتدا شانۆگەریشی نووسیووە . (کاک عەونی گووتی:- شانۆگەری (زووحاك) من نووسیبووم . کاتێك لە چلە کاندا لەسەر گردی سەر قەبران... لەو شوێنە پێشکەش کرا . بەلام شانۆ گەریەکە سیاسی بوو)[1].

شاعیر لە پێناو بەدەست هێنانی ئازادیدا چی پێکرابێت کردوویەتی . (لە ساڵی ١٩٤٦ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەنمایشی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاك دا دوای ڕووخانی ئەژدەهاك بەسروود ئەمدێڕە شیعرەیان دەوت:-

**بژی ئازادی،ئازادیخواهان**

**بمرن زۆرداران . بمرن بەد خواهان)[2].**

خەباتی عەونی خەباتێکی نەپساوە و بەردەوام بووە و پاك و بێگەردبووە لە تێکۆشاندا هەر ئەوە وایکردووە کە چەندین جار پلەی بەر پرسیاریەتی لە پارت و ڕێکخراوەکاندا پێ بدرێت . خەبات گێڕێکی لەخۆ بوردووو نیشتمان پەروەرێکی سەردەمی خۆی بووە . (لە بەرایی پەنجاکانیش ئەندامێکی کارای تیپی شانۆی میللی کۆیە بووە،... لەڕاپەرینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ز شاعیر ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە . دەرگای ماڵەکەی بەڕووی پێشمەرگە ماندوو و شەکەتەکان والا کردبوو . خواردن و خواردنەوەی بۆ ئامادە دەکردن و هانی دەدان و ورەی بەرز دەکردنەوە)[3] . هەستی ناوەوەی نیشتمانی و نەتەوەییەکەی کۆبەهرە شیعریەکەی . نیشتمان پەروەرێکی سیاسی یان سیاسیەکی نیشتمان پەروەر لە ڕەوتی خەباتی کوردایەتیدا زوو هەڵکەوت و بەدیار کەوت.

---

[1] وریا ئەحمەد ، مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە ، گ . ڕامان ، ژ . ( ١١٩ ) ، گولانی ٢٠٠٧ ، ل١٧٨.

[2] کەمال غەمبار ، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك ، چ١ ، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ساڵی ٢٠٠٨ ، ل١١٠ .

[3] فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢، ل٥٤٢ - ٥٤٣ .

## ج- پلەو پایەی شیعرەکانی:-

شاعیر هەر چەندە لەدوا قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی دێت . بەتایبەتی لەدوای سیەکانی سەدەی بیستەم . کە دەبینین ناوەڕۆکی شیعری کوردی گۆڕانی تێکەوتبوو . کە هەنگاوی بەرەو نوێکردنەوە و ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەنا . عەونی لە و کاتەدا هاتە مەیدان بەو بەهرە شیعریەی کەهەیبوو . چەندین شیعری ناسکی خستە سەر خەرمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوە . زۆر سەرکەوتووانەش خۆی لەگەڵ ڕێبازەکانی تری ئەدەبی گونجاند و توانی شوێن پەنجەی خۆی لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بچەسپێنێ و جێگای ئاماژە بۆکردن و ناوهێنان بێ . (عەونی وەستای غەزەلی کلاسیکی ئاساییە لە وەسف و دڵداریدا . لە کوردایەتیدا دەستێکی درێژی هەیە . ناوەڕۆکی نیشتمان پەروەری تێکەڵ بەدانایی و دڵداری کردووە . دەکرێ غەزەلیەنیشتمانی پێ بووترێت)[1].

غەزەلەکانی عەونی لەناو شاعیر و هونەرمەند و کەسانی نیشتمان پەروەر جێگای خۆیان کردۆتەوە . لەناو خەڵکدا باوبووەو لەبەریان کردووە . زۆرلە شیعرەکانی ئاوازیان بۆ داناوە و کراون بەگۆرانی لەوانە:- (بەقەد شمشادی بۆستانە . وەکو قومری و ئەی شاهی زەمان . مەلا ئەحمەدی کۆرە بەدەف گووتوویەتی . ئەی گوڵ . لەم کەڵبەی ئەحزانە . نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە و جیهانم پشکنیوە لەلایەن تاهیر تۆفیق گووتراوە . شیعری (قوربان)یش لەلایەن دەروێش عبدوڵلاوە بەدەف گووتراوە . هەروەها (سافی هیرانی) شیعرێکی عەونی بەناوی (خوماری چاو خومارێك) کردووە بەپێنج خشتەکی . ئەمە ئاماژەیە بۆ سەنگینی و پلە بەرزی شیعرەکانی . بێجگە لەمانەش شیعرەکانی عەونی سنووری زۆریان بڕیوە . (بەش بەحاڵی خۆم تازە پێرادەگەیشتم کە "یونس یەحیا "لە بەندیخانە دەرچوو شیعرێکی خوێندەوە بۆم کە سەرە دێڕی یەکەم ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم بوو کەهی عەونی یە . ووتی ئەم شیعرەمان لە بەندیخانە دەگووتەوە . ئەمە گەورەیی شاعیریەتی عەونی دەسەلمێنێ . کەتێکۆشەرێکی کورد لە بەندیخانە شیعرێکی وای

---

[1] مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢، بەرگی حەوتەم ، ل٢٨٨.

لەبەر بێ و بیڵێ ئەمە مەخزایەکی گەورەیە بۆ شاعیر . یان شەهید " موهیب حەیدەری" برام شیعری (ئەی کچی کورد)ی خوێندەوە ئەوە مانای ئەوەیە کەشیعرەکانی عەونی دیواری بەندیخانەیان بڕیووە )[*] .

شیعرەکانی عەونی پەسند کراون و بەشیعری ڕەسەن و بەرهەمی شاعیرێکی بەهرەدار وەرگیراون . (عوسمان عەونی شاعیرێکی ڕەسەنی گێتی کوردەوارییە)[1] . شیعرەکانی لەدڵێکی گڕگرتوو بەئاگری ئەوین هەڵدەقوڵێن بەشێوازێکی کوردانە و تام و بۆی خۆماڵی و وشەی ڕەسەنی کوردی هۆنیوەتەوە . (عەونی شاعیرێکی باش بوو . شیعری جوانی نووسیووە . لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا شیعری دەخوێندەوە و جێگای دیارو لەبەر چاوبوو)[*] . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شیعرەکانی گڕو تینێکی بزوێنەری تایبەت بەبیرو بۆچوونی نیشتمان پەروەرانەی خۆی بووە . (کاك عەونی شاعیرێکی لیریکی زۆرباش بووە . وریا و لێهاتوو بووە . زۆرحەزی لە هونەرو گۆرانی بوو . لێزان بوو لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا)[*] .

لەوەرگێڕانی چوارینەکانی (خەیام) دا لە فارسیەوە بۆ زمانی کوردی ئاستیان لەهی شێخ سەلام و هەژار کەمترنین . لەوەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتوو بووە. (شاعیریەتی عەونی لە دڵدار زیاتر نەبێ کەمتر نەبووە لە نوێکردنەوەدا . هەندێ لە شیعرەکانی کراونەتە بەستە . هەروەها لە پێنج خشتەکیەکانی لەسەر شیعری هێمن مهابادی دا ئەگەر کەسێکی زۆربەسەلیقە نەبێ لەیەکیان جیا ناکاتەوە لەگەڵ هی هێمن)[*].شیعرەکانی عەونی سەلیقەو بەهرەو بالآی شیعری بەرزیان پێوە دیارە و لە ریزبەندی شاعیرە بەهرەدارەکانی ڕێبازی کلاسیك و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دایە.

---

)[*] (چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری ، رێکەوتی ١٦ - ٦- ٢٠١٣ .

[1] - مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢،بەرگی حەوتەم ، ل٢٩٧.

([*] ) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار ، ڕێکەوتی ٢٢- ٥ – ٢٠١٣ .

)[*] ( چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد دلزار ، ڕێکەوتی ٢٢- ٥ – ٢٠١٣.

)[*] ( چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال غەمبار ، ڕێکەوتی ٨ – ٦ – ٢٠١٣.

### د- بەرهەمەکانی عەونی:-

عــەونی وەکــو شــاعیرێکی شــاری کۆیــە بەشــیعرەکانی زیــاتر ناســراوە . لــەڕووی چەندایەتیشەوە ژمارەی شیعرەکانی زۆر زیاترن لەبەرهەمـەکانی تـری . ئـەم بەرهەمانـەی بۆی بەجێ هێشتووین ئەمانەن:- (شیعر . چیرۆکە شیعر . چیرۆك . مەتەڵ و وەرگێڕان)ە . دیوانی عەونی بریتیە لەکۆمەڵە شیعرێك کەبەشی زۆری مەبەستە شیعریەکانی تێدایـە و زۆربەی نەتەوەیی و دڵدارییە . ئـەم بەرهەمانـەی سـەرەوە لەناوهەردووچاپی دیوانەکەیـدا بەرچـاو دەکـەون . (چـیرۆکە شـیعرییەکانی بـەزۆری درێـژن . ئەمانـە دەکـرێ قەسـیدە یـا پۆیێمیـان پـێ بـوترێ)[1]. نـاوەڕۆکی ئـەم چـیرۆکە شـیعریانەی عـەونی لەئـەدەبی سـەر زارو حیکایــەتی بــەرئاگردان و دیاردەکۆمەڵایەتیــەکانی نــاو کۆمــەڵ وەرگــیراون لەوانــە:- سەرگوزەشـتەی مـام رێـوی و وورچ . رێـوی و دەهـۆڵ . سەرگوزەشـتەی وورچ و مـەیموون . پیرێك . مامەی لادێ . مارو باغەوان . گوڵ و بولبول . بازرگان و تووتی.

عەونی لە چیرۆکە شیعرێکدا بەناو نیشانی (رێوی و دەهۆڵ) دەڵێت:-

**لەنزیك گوندێك شایی و لۆغان بوو**
**پیاوێك کەپیشەی دەهۆڵ لێدان بوو**
**بەخۆشی و شادی و بەزم و گۆرانـی**
**شـایـی دەگـێـڕا شەو تا بـەیانی**
**شایی تەواو بوو وەك هەمووجارێك**
**دەهـۆڵـی خسـتـە ژێـر لقی دارێك**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣١٢.

شـاعیر بـاس لـە شـایی و بـەزم و هـەرای هەڵپـەرکێی کـوردەواری دەکـات و پاشـان دێتـە سەرباسـی مـام رێـوی کـە لەگەشـت دەگـەڕا و لـەپڕ دەنگێکـی گـەورە دەبیسـتێ و ڕادەکـات . وادەزانێ تەڵە و داوە بـۆی دانراوەتـەوە کاتێـك ئاوڕدەداتـەوە کەسـی لـەدوا نییـەو بەشـوێنی خۆیدا دەگەڕێتەوە . دەهۆڵەکـە دەبینێـت بـەژێر لقـی دارەکەوەیـە وادەزانـێ پێسـتەی بزنـە

[1] مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢، بەرگی حەوتەم ، ل٢٨٧ .

یاخود قاورمەی خاوەن بێستانەکەیەو لەوێدا حەشاری داوە . لەپڕێکدا پەلاماری دەدات و دەبینێت ناوەکەی بەتاڵە . ئینجا لە کۆتایدا دەڵێت:-

**کەئەمەی بینی ڕێوی حەپەسا**
**گووتی: من تازە بووم بە مامۆستا !!**
**پەیکەری گەورە بۆش و بەتاڵە**
**مەسەلەی کوردە چەند هەزار ساڵە**

دیوانی عەونی چ٢ . ل٣١٣

چەند مەتەڵێکیشی نووسیووە و وەڵامی زۆربەیان ناوی شارو شارۆچکەکانی کوردستانە . لەوانە: (سیروان . دیاربەکر . ڕەواندوز . کۆسرەت . چۆمان . پیرمام . کوردستان . بۆسکین و نەینەوا) یە . لەمەتەڵێکدا دەڵێت:-

**کێوێکی بڵند بەقەد هەڵگوردە**
**نیشانەی بەرزی نەتەوەی کوردە**
**لەپێنج پیت پێك دێت ناوێ بۆ وێنە**
**جێ نەوەی میدیای ئاشوور شکێنە**
**یەك دوو و چوار بۆ ئەو کەسانە**
**دژ و نەیارن لەم نیشتمانە**
**چوارو دوو پێنج بەشی هەژارە**
**پێنج و چوارو سێ زۆرە لەم شارە !**
**مەتەڵ هەڵێنی بەژیرو وردی** وەڵام (کۆسرەت)
**قبوڵی بخۆ بە برنجی کوردی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٤٦.

شاعیر چەند چیرۆكێكی نووسیووە بە ناونیشانی (دیاری لاوێك . پایزم خۆش ناوێ . كۆششی مێروولە – پێوانی پیاو لە ناومانا) . لە چیرۆكی (دیاری لاوێك) دا بەم شێوەیە دەست پێ دەكات:-(ماوەیەكی زۆر بوو دانیشتوانی شارەكە چاوەڕوانی هاتنی كاروان بوون . چونكە لەڕۆژگاری پێشوودا هەموو شتێك و پێویستی یەكی دیكە . لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر بەهۆی كاروانەوە دەگواسترایەوە . بەلاّم ماوەیەكی زۆربوو كاروان نەهاتبوو . شتومەك و پێویستی لە بازاردا زۆركەم بوو بوو . دانیشتوانی شارەكە چاوەڕوانی كاروان بوون . ڕۆژێك دەنگ بلاّوبووەوە . كاروان گەیشت . خەلّكەكە زۆر دلّخۆش بوون... هەر كەس پێویستی خۆی دەكڕی و بەرەو مالّ دەگەڕایەوە . تەنیا كوڕێكی لاونەبێ . كەهیچی نەكڕی بوو . سەری بەهەموو كۆگا و دوكانەكاندا دەكرد،... یەكێك لەخاوەن كۆگاو دوكانەكان ڕووی كردە كوڕە لاوەكەو پێ ی گووت: ((ئەی كوڕی لاو وا دیارە بەشوێن پێویستیەكی تایبەتی كەوتووی و لێ ی دەگەرێیت و نای دۆزیتەوە)) لاوەكە لەوەلاّمدا گووتی: ((بەلّێ... ملوانكەیەكە شایانی دیاری بێت بۆ خۆشەویستەكەم... بازرگان گووتی:... فەرموو ئەوە ملوانكەكە بیبە ئەگەر خۆشەویستەكەت بەدلّی بوو . ئەو پێت دەلّێ: نرخی چەندە؟... لاوەكە گووتی: لێت وەرناگرم... بازرگان گوتی: ئەی لاو لەراستیدا منیش نرخەكەی نازانم،... لێرە بەرەو باشوور گۆرستانێك هەیە . ئەگەر بچی بۆ ئەوێ ئافرەتێك دەبینی لێ ی بپرسە . ئەو دەزانێ نرخی ملوانكەكە چەندە ؟ لاوەكە ملوانكەكەی وەرگرت و بەرەو گۆرستان ڕۆیشت... . لاوەكە گوتی: ئەی دایكی بەرێزو جگەر سوتاو . زۆرسوپاست دەكەم . بەلاّم بەلّێن بێ نەگەرێمەوە تا بەئامانج دەگەم و گەوهەری (یەكێتی) بەدەست دێنم !... ئای چەند بەنرخە یەكێتی چونكە ئازادی و رزگاری و بەختیاریمان پێ دەست دەكەوێ. ئافرەتەكە ڕووی تێ كردو پێ ی گوت: ئەی لاو بەهیوای گەیشتن بەئامانج بڕۆ خوات لەگەلّ بێ !!)[1].

ئەگەر سەیرێكی ئەم چیرۆكە بكەین دەبینین چیرۆكێكی كراوەیە . كۆتاییەكەی بۆخوێنەر جێهێشتووە . بەپێی لێكدانەوەو بۆچوونی خۆی چۆن حەزبكات ئاوا كۆتایی

[1] – فەرهاد عەونی دیوانی عەونی ، چ٢ ، ل٤٦٣ – ٤٦٥ .

بەچیرۆکەکە بهێنێ وەك ئەوەی کەخوێنەر بکاتە بەشێك لە چیرۆکەکە . چەند کەسایەتیەکی بەکار هێناوە . وەك:(کوڕێکی لاو) کە سایەتیەکی سەرەکی یە . (بازرگان و ئافرەتێك) کەسایەتی لاوەکین لە چیرۆکەکەدا . کاتەکەی دیاری کراوە و لە (٤٨) کاتژمێر تێناپەڕێت و شوێنیش (شارە) لە (بازار بەرەو گۆرستان) لە مەکۆی شەهیدانەوە بەرەو خەبات و تێکۆشان . بەمەبەستی گەیشتن بەئاوات بۆ بەدەست هێنانی (یەکێتی) واتە یەکگرتن و یەك ریزی بۆ ئازادی و بەختیاری . لەڕووی ناوەڕۆکەوە ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە و هەمووی کۆکردۆتەوە لە وشەی (یەکێتی) نووسەر دەیەوێت بڵێت یەك بوونی و یەك ریزیمان سەرکەوتنە بەسەر ژێردەستیمان.

عەونی (١٤٠) سەدو چل چوارینی (خەیام)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و زۆرباش تیایدا سەرکەوتوو بووە . بۆ نموونە:-

هرگز دل من علم محروم نشد
کم ماند ز ا سرار کی مفهوم نشد
هفتاد و دو سال فکر کردم شب و روز
معلوم شد کە هیچ معلوم نشد

وەرگێڕانەکەی:-

لەزانست رێگای زۆرم بڕیوە
هەموو رازێکم چاك پشکنیوە !
رۆژ و شەو حەفتاو دووساڵ بیرمکردەوە
ئەمجا تێگەییم . کە چیم نەزانیوە ! ([1])

پارچە شیعرێکی (ئەبولعەلای مەعری)* لەعەرەبیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەم شێوەی خوارەوە:-

---

[1] - جەلال زەنگابادی ، چوارینەکانی خەیام پاچڤەی عەونی ، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل٨٨.

(* ) ئەحمەد عەبدوڵلاً کوڕی سلێمان ناسراو بە ئەبولعەلای مەعری شاعیرێکی ناوداری عە رەبە ، لە ساڵی ( ٣٦٣ھ) لەدایك بووە ، لە ( ٤٤٩ ھ )ی کۆچی دوایی کردووە .

لــــه لازقـــيـــه شـــــەڕو هــەرابــوو
لــەنــاو گــاورووو ئیســلام بـەرپــابــوو !
یـەك بـە زەنـگـوڵـە لێ دان خەریك بــوو
یـەك بـانـگـی دەدا هـەسـتـن نوێژ ڕابوو
هــەریـەك ئـایـنی خۆی پـەسـنـد دەكرد
خــۆزیـا دەم زانـی كـامـیـان ڕەوا بـوو ؟!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٦.

شیعرێكی (كەلیمی هەمەدانی)* لەفارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی . بـەڵام تـەنها ئەم دوو دێڕەی خوارەوەی لەبەردەست دایە:-

دوو دەستم هەر دوو گیراون . بەزوڵف و گەردەنی ساقی
پیــاڵــە وەرگــرم كــامـیـان بـەرەلڵا كەم لـەلام شـەرمە !
سەرینم گەر نەبێ باكم نی یە فرمــێســكــی دووچــاوم
بەشەو نەرمی دەكا وەك لۆكە ئەو بـەردەی لـەژێـر سـەرمە

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٨٧.

## ه – عەونی و نوێگەری (الحداثة**Modernity** -):-

لــە هــەموو ســەردەم و قۆناغێكــدا هــەنگاو بــەرەو نوێكردنــەوە نــراوە . بــەهۆی ئــەم گۆڕانكاریانەی كەلـەبارو دۆخـی سیاسـی و كۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری و ئـابووری ناوچـەكەدا ڕوودەدات . گومــان لــەوە دانییــە لەگــەڵ هــەموو ئــەم گۆڕانكاریانــەدا ئــەدەبیش پێویسـتی بــەگۆڕانكاری و نــوێ بوونــەوە هەیــە و دەبێــت لەئاســت گۆڕانكاریەكانــدا بێــت و لەگــەڵ ســەردەمەكەیدا بگونجێت . بۆیـە ئەگـەر سـەیر بكـەین نوێكردنـەوە یـان نوێگـەری سیمای

(*) كەلیمی هەمەدانی شاعیرێكی بەناو بانگی ئێرانیەو لە ساڵی ١٦٥٢ز كۆچی دوایی كردووە .

بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بووە لەقۆناغێکی دیاریکراودا . بۆیە دەبینین چەندین تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی وەرگرتووە و لەهەر زمانە و چەند زاراوە و چەمێکی جیاوازی بۆ بەکار دەهێنرێت . وەکو: (لەزمانی ئینگلیزیدا (Modernism) و (Innovation) هەن . لەزمانی عەرەبیشدا (الحداثة) و (تجدید) بەکاردێت . لەزمانی کوردیشدا چەمکێکی فراوانەو چەندین فۆرمی تری بۆ بەکار هێنراوە . وەکو: (نوێکردنەوە . نوێخوازی . نوێگەری . تازەگەرایی . نوێگەرایی،...) . زیاتریش ئەم فۆرمانە بۆیەك مەبەست بەکارهێنراون)[1] . جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەکراوە . لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینیەو لە وشەی (نۆڤاتۆر)ی لاتینیەوە هاتووە . چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆکراوە . لەئەدەبی ئەوروپاییدا نوێخوازەکان (Moderns) وا پێناسە کراوە:-(ئەو دەستە نووسەرە فەرەنساییانەبوون کە لەململانێی نێوان کۆنەکان و نوێکارەکاندا ((١٦٨٧ – ١٧١٤)) بەشداربوون و داکۆکیان لەتازەکردنەوەی دارشتن و بابەتە وێژەییەکاندا دەکردەوە . پابەندی چاولێکردنی کۆنەکانی گریك و رۆمان نەبوون)[2].

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت لەگەڵ هەموو نوێبوونەوەیەکدا کێشەیەك سەر هەڵدەدات لەنێوان کۆن و نوێدا . ئەمەش شتێکی ئاساییە . چونکە هەموو گۆڕانکارییەك لەدایك بوونێکە . هیچ لەدایك بوونێکیش بێ ئێش و ئازار نابێت.

ئەدۆنیس دەڵێت:-(هێمای نوێگەری لەهەر بەرهەمێکی شیعریدا بریتییە لەو داهێنانەی کەلەبەرهەمەکانی ڕابردووی جیا دەکاتەوە . هەروەها لەرێی زەنگین کردنی ئێستاو داهاتوو شەوە بڕیاری لە سەردەدرێت)[3]. هەمووداهێنانێك خۆی لەخۆیدا دروستکردنی جیهانێکی

---

[1] - یادگار ڕەسول باڵەکی ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٧.

[2] - مجدی وهبی ، معجم مصطلحات الادب ، مکتبة لبنان ، بیروت ، السنة ١٩٧٤ص٣٢٨.

[3] - ئەدۆنیس ، چەندسەرنجێك سەبارەت بەئەزموونی شیعرم ، وەرگێران : شوان ئەحمەد ، گ . ئێستا ، ژ. (٢٢)، ١٩٩٩ ، ل٣١

تازەیە . بەم مانایەی نا کە چاکەی نوێ لەسەر کۆن بێت . بەڵکو لەبنچینەدا سیمای نوێگەری سیمای جیاوازییە . بۆیە لەبەرهەمی ڕابردوو جیای دەکاتەوە.

چەمکێکی تری نوێگەری ئەوەبووە:-(گەڕان بەدوای ئەوەی هاوچەرخە)[1] . نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەهەموو کۆنێك نوێی سەردەمی خۆیەتی و هەموو نوێیەکیش بەپێی ڕۆژگار ڕۆژێك دێت کۆن دەبێت . یەکێك لە پێناسەکانی تری نوێگەری (تجدید) ئەوەیە:-(شتێکی تازە خستنە ناو شتێکی جێگیر . دەرچوون لەلاسایی کردنەوە)[2].

کەواتە نوێگەری تایبەت نییە بەشتێك یاخود بەبوارێکی تایبەت . بەڵکو هەموو شتێك لەژیاندا لەنوێ بوونەوەو گۆڕانی بەردەوام دایە . بەڵام ئێمە کاتێك باس لەئەدەب دەکەین بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەوساتەی باری کۆمەڵگایە . بۆیە هەرگۆڕانکاریەك بەسەر کۆمەڵگا دابێت . ڕەنگدانەوەی بەسەر شیعردا دەبێت . کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نەبووە لەم گۆڕانکاریانە و ڕنگدانەوەشی بەسەر ئەدەبەکەیەوە هەبووە . ئەدەبی کوردی وەکو ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەمگۆڕانکاریانەوە . بەتایبەتی بزووتنەوەی نوێگەری . (کاریگەری تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ لەرێگەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و هەست و هۆشی نەتەوەیی بەرزبوونەوەی رادەی هۆشیاری نەتەوەیی و گەڕانەوە بۆ کلتووری دێرینی کوردی بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ کلتووری دەوڵەمەندی ناوچەی هەورامان شیعری کوردی بەئاراستەیەکی جیاواز دابرد)[3].

کەواتە تازەبوونەوەی شیعر لەمنداڵدانی ئەم گۆڕانکاریانەدا لەدایك دەبێت . بارودۆخی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕووبەڕووی گەلێك گۆڕانکاری بووەوە . لە ئەنجامی ئەم هۆکارە ناوەکی و دەرەکیانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردی

---

[1] عەلی تاهیر بەرزنجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، چ١، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل١٢.

[2] یادگار ڕەسول باڵەکی ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ، چ١، ل١٧.

[3] هیمدادی حوسێنی ، رێبازە ئەدەبییەکان ، چ٢ ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٧٣ .

داهات شاعیرانمان بەتایبەتی(شاعیرانی ناوداری کوردستانی باشوور . وەك: پیرەمێرد . بێ کەس . شێخ نووری شێخ صالح . گۆران و... زۆرئازازیانەو زانایانە ئاگاداری ئەدەبی ولآتانی دەرەوەو دەورو بەر بوون)[1]. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی نوێگەریی لە ئەدەبی کوردیدا سەر هەڵبدات . بۆیە هەر قسەو باسێك لەسەر بزووتنەوەی نوێگەری لەئەدەبی کوردیدا بکەین ئەوا نابێت ڕۆڵ و داهێنانی شاعیرانی رابردوو لە یاد بکەین کە سەر مەشق و ڕابەری ئەم بزووتنەوەیەن لەشیعری نوێی کوردیدا ئەوانیش: (شێخ نووری شێخ صالح . عبداللە گۆران . عبدالرحمان نفوس و رەشید نەجیب و... هتد)[2]. لە دوایدا ئەم بزووتنەوەیە هەموو ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوە بە کوردستانی رۆژهەلآت و رۆژئاواشەوە . شاعیرانی کۆیەش شوێن پەنجەیان لەوسەردەمەدا دیاربووە بەتایبەتی (دڵدار و عەونی و ئەحمەد دلزار و... هتد)،عەونی وەکو شاعیرانی سەردەمی خۆی بوێرانە هاتۆتە مەیدانی نوێکردنەوەی شیعری . لەکێشی عەرووزی عەرەبی دوور کەوتۆتەوەو چەندین شیعری بەرز و بەپێزی هۆنیوەتەوەو توانیویەتی پێگەیەکی بەرچاو لەشیعری نوێی کوردی بۆخۆی بەر جەستە بکات . لەشیعری کێشی خۆماڵی بەرهەمێکی زۆری هەیەو تا رادەیەك هەمووکێشەکانی بەکارهێناوە . لەکێشی دەبڕگەیی و حەوت بڕگەیی شیعری زۆرە . سەروای مەسنەوی لەم جۆرە شیعرەدا بەکارهێناوە و سەروای ڕەنگاوڕەنگیشی هەیە . بە زمانێکی کوردی سادە شیعرەکانی هۆنیوەتەوە و هەموو کەس دەتوانێت لێی تێبگات . وەکو ئەم شیعرەی کەبەناو نیشانی (جیهانم پشکنیوە) داناوە و دەڵێت:-

**جیهانم پشکنیوە،٤+ ٣**

**نازدار جوانم زۆردیوە٧ بڕگەیی**

**بەلآم وەك تۆ نازەنین**

**نەم دی لەسەر ڕووی زەمین**

---

[1] فەرهەنگ سەلیمی ، ڕێرەوی شیعری کوردی ، گ . نووسەری نوێ ، ژ . (٥٧) ، ئەیللولی ٢٠١١، ل٦١ .

[2] کمال غمبار ، عبداللە گۆران رائداً لحرکة تجدید الشعر الکوردی ، الطبعةالثالثة ، وزارةالثقافة دارالثقافة والنشر الکردیة ، بغداد ، السنة٢٠١٣ ، ص١٢٣.

نـەگوڵـی نـەهــــــوزاری
جوان و شــیرین ڕەفــتــاری

بــڵــێـــم فـریـشتـەی ئەونی
دەنگت خـــۆشه وەك كەو نی

ئەم شيعره لەڕووی زمان و كێش و سەروا و ئـاواز و ئاهەنگەوه یەكێكه لـەو شـیعرانەی كەدەچێته قۆناغی شیعری نـوێی كوردییـەوه . چونكه بـەزمانێكی پـاراوی كـوردی دوور لـه وشـەی بیـانی نووسـراوه و لەسەركێشـی خۆمـاڵی (حـەوت) بڕگـەیی دانـراوه لەسـەر(٤ + ٣) وەستاوه . لەڕووی سەرواشەوه مەسنەوییه . هەروەها لەڕووی ناوەڕۆكیشەوه جۆشـی ئـەڤین و هەستی نەتەوایەتی تێكەڵ بەیەكتری كـردووه و نـاوەڕۆكێكی تـازەی لێ دروسـت كـردووه . ئەمەی كردووه بەبەرنامەیەكی هونەری دیـاریكراوی خـۆی و لەزۆربـەی شـیعرەكانی تریـدا دەبینرێت . لەدوای ئەم سەرەتایه جوانه مەسـەلەی خۆشەویسـتی ئـافرەت و نیشـتمانەكەی دەكاتەوه بەیەك و پاش سوێند خواردنی بەخودا سوێند بەزەردەشت دەخوات كه لەشـیعری كوردیدادەگمەنه و دەڵێت:-

كیژێ تۆم دی وام زانی
تـۆكچی كـوردسـتـانـی

بەیەزدان و بەزەردەشت
بەو فریشتانەی بەهەشت

ئــەگــەر ئەوی بەراستی
رزگــار دەبــم لەپەستی

پاشان شاعیر له سۆزی دڵداری دەردەچێت و دەچێته بـواری هەسـت و سـۆزی نەتەوایـەتی و تێكۆشانی ڕۆڵەی نەتەوەكەی لەپێناو ئامانجێكی دیاری كراودا كه یەك ریزی گەلەكەیـەتی .

بەلاّم ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە سەیر بکەین لە کۆتایی شیعرەکەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە شاعیر ڕەشبینە و دواڕۆژی میللەتەکەی لاتاریك و تاڵە و دەڵێت:-

من گۆران و تۆ کرمانج
هەردوو بۆشوێن یەك ئامانج
هەردەڕۆین و پێ ناگەین
هەردەڵێین و تێ ناگەین

شێوەی ئەم گفتوگۆیە،
لاوی کورد ڕەنجەڕۆیە !!
نەلەیەك دەگەین
نەبەیەك دەگەین* !!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٤ — ٨٦.

شاعیر لەشیعرەکانی تریدا ئەوەی سەلماندووە کە شاعیرێکی گەش بینە . بەلاّم لەکۆتایی ئەم شیعرەدا ڕەش بینی بەدیدەکەین . ئەگەرچی ڕاستییەکانی ئەوسەردەمەی میللەتەکەی خستۆتە ڕوو لەبارەی یەك نەگرتن و پەرتەوازەیی ریزەکانی گەل . بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا میللەت هێزێکی تۆکمەو لەبن نەهاتووە بۆیە نابێت بڕیارێکی بەبڕای بەبڕی لەم جۆرەی بەسەردا بدەین کە هەرگیز یەك ریزو یەکگرتوو نابێت . چونکە هەموو کۆمەڵگایەك بەپێی کات و سەردەم درەنگ یان زوو گۆڕانی بەسەر دادێت و ئاسۆیەکی ڕوون چاوەڕێیەتی . بەتایبەتی ئەم کۆمەڵگایانەی خاوەن خەبات و تێکۆشانێکی پاك و نەپساوەن و دۆزێکی ڕەوایان هەیە.

---

(*) لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو بەدەنگی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان تایەر تۆفیق گووتراوەو لە رادیۆی بەغدا تۆمارکراوە .

## و- دەنگ دانەوەی کۆچی دوایی عەونی:-

سەرەڕای ئەم هەموو خەبات و تێکۆشان و ئازار و ئەشکەنجەیەی بەندیخانەو خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی و ئەم ململانێیەی لەگەڵ نەخۆشیدا . (ڕژێمی بەعسیش لە دواپەلە قاژەی نەمانی لە کوردستان . شاری کۆیەی تۆپ باران کرد و ماڵەکەی شاعیر یەکێك بوو لە ئامانجی گوللەکانی و چەند پرپشکێکی (ساچمە) ی بەر کەوت و بریندار کرد)[1]. عەونی شاعیری میللی و نیشتمان پەروەری کورد تاکە ئاواتی ئەوەبوو کەئازادی گەل و نیشتمانەکەی بەچاوی خۆی ببینێ و ئالای کوردستان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان شەکاوەبێت و گەلەکەی بۆ هەتا هەتایە لەژێر ئەم زەبروو زەنگەی دوژمنان رزگاری بێت . وەکو لەم شیعرەیدا بەناوی (ئازادی ولاتم)دەڵێت:-

**خواست و گەرەکم بووکە ببینم لەحەیاتم**

**ئازادی و رزگاری گەل و خاکی ولاتم !**

**هەرچەندە دوایی تەمەنم هات بەنەهاتی**

**هیوام هەیە هەربەردەگرێ داری خەباتم**

دیوانی عەونی . چ۲ . ل٦٧.

شاعیر گەشبین بووە باوەڕی وابووە کە ئەم ئازادیە هەردەبینێ . هەرواش بوو ئەم ئازادییەی بینی . بەلاّم بەداخەوە مەوداکەی کەم بوو کە لەساڵێك و چوار مانگ و بیست ڕۆژ زیاتر ئەجەل مەودای نەداو دواین دروودی (لە ٢٠ – ٧ – ١٩٩٢ز بوو . دوعا خوازی لە کەس و کار و کورد و کوردستان کردو تاهەتایە چاوی ژیانی لێك ناو تەرمی پیرۆزی بەشانی ئەدیب و نووسەران و جەماوەری شارەکەی کۆیەی تێکۆشەر برایە گۆرستانی باسکی عارەبیان و بەخاکی نیشتمان سپێردرا)[2].

عەونی لە دوای خۆی دیوانێکی شیعری پڕ لە هەست و سۆزی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و غەزەلی دڵداری و وەسفی سرووشتی بۆ بەجێ هێشتووین . کۆچی دوایی شاعیر

---

[1] فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ۲ ، ل٤٣.

[2] لەیادی ماڵئاوایی عەونی شاعیر ، رێگای کوردستان ، ژ . (٧٥١) ، چوارشەممە ١ئابی ٢٠٠٧ ، ل١٠.

کارەساتێکی گەورەبوو بۆخزمەتی ئەدەب و وشەی کوردی بەگشتی و بنەماڵەو شاری کۆیە بەتایبەتی . ئەم کۆچکردنەی شاعیر دەنگ و سەدایەکی گەورەی لە کوردستان دایەوە . نەك هەر لەلای هاورێ و هاو سۆزانی بەڵکو لە لای سەرجەم ئەدیب و ئەدیب دۆستان و پارت و رێکخراوە ئەدەبی و پیشەیی و سیاسی و جەماوەریەکاندا کە لەچەندین لاوە بەپرسەنامە لەلایەن پارت و کەسایەتییە ناو دارەکانی گۆڕەپانی سیاسی و حیزبی و حوکومی و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد بەشداریان لە ماتەمینی شاعیردا کرد لەوانە:- بەرێزان (مام جلال تاڵەبانی . حسن کوێستانی . مهدی خۆشناو . جلال سام اغا . احمد دلزار و مستەفا صالح کریم) و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و... هتد)[١].

لە چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو کە چەندین کەڵەشاعیری کۆیە و ناوچەکانی تری کوردستان ئامادەی بوون و چەندین بروسکەی تیادا خوێنرایەوە . وەکو: (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر فوئاد مەعسوم و وەزیری ڕۆشنبیری شێرکۆ بێکەس و... هتد)[٢].مەرگ چەپۆکی بەرزە و کەس دەروەستی نایەت . وەکو حاجی قادر دەڵێت:-

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە

ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە ([٣])

عەونی یەکێکە لەو کەسانەی کەناوی لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەی و مێژووی ئەدەبی کوردی هەر بەنەمری دەمێنێتەوە . (وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان سمیناری رێزلێنانی بۆ عەونی و (١٠) شاعیرو نووسەری نەمر سازکردووە)[٤].

---

[1] فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢ ، ل٥٨٩- ٥٧٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو......... ل٥٩٠.

[3] سەردارحەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، دیوانی حاجی قادری کۆیی ، سنە، ٢٧٠٧- ٢٠٠٧ ، ل١٨٣.

[4] بلاوکراوە ، سەرفرازبێ کاروانی وشەی شیرینی کوردی ، بەچاودێری سامی شۆرش وەزیری ڕۆشنبیری ، رێکەوتی ٣ -١٠-٢٠٠٥.

## بەشی یەکەم
## تەوەری دووەم:

"ختستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی لەسەر عەونی نووسراون"

## تەوەری دووەم /

## خستنە ڕوو و هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی لەسەر عەونی نووسراون:-

شاعیرانمان لەسەدەی نۆزدەهەم تاکۆتایی سەدەی بیستەم بەگشتی بەنووسین و لیکۆڵینەوەی زانستی مافی خۆیان نەدراوەتێ . بەتایبەتی شاعیرانی شاری کۆیە . دیارە ئەمەش بێ هۆ و هۆکار نەبووە . بەلاَم دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ز ئەم دەرگایە بەتەواوی کرایەوە . دیسان سەبارەت بەشاعیرانی کۆیە وەك پێویست نەبووە . عەونیش وەکو شاعیرێکی ئەم شارە لەوان بەدەر نەبووە . بەلاَم هێشتا لەچاو ئەو شاعیرانەی کەهیچیان لەسەر نەنووسراوە باشترە . هەرچەندە شاعیر لەسەردەمێکی ناسك و پڕ لەگۆرانکاری ژیاوە بۆیە دەبینین چ لە مێژووی ئەدەب یا لەو نووسین و توێژینەوانەی باس لەشاعیرانی سەدەی بیستەم یان شۆرشەکانی ئەم سەدەیە بکەن ئەوا باسی عەونی یان شیعرەکانی کراوە . بەتایبەتی لەشاری کۆیە . پاش بلاَو بوونەوەی دیوانەکەی چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٧ز دا خەڵکی زیاتر ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا کرد . بۆیەکەم جار نووسەرو شاعیر (کەریم شارەزا) بەر لە بلاَو بوونەوەی دیوانەکەی لەگۆڤاری کاروان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٨٢ز لە (٦) لاپەرەدا بابەتێکی بەناونیشانی (عەونی شاعیرێکی نەتەوەیی کوردە)[1] بلاَوکردۆتەوە . وەکو یەکەم نووسین لەسەرعەونی شتێکی باشە . بەلاَم وەکو خۆی لەلاپەرە (١٦) دا دەڵێت:- (چاوپێداخشاندنێکی خێرا بەتۆماری ژیانی عەونی شاعیردا) . ئەگەر سەیرکەین سەرپێیی بەنووسینەکەوە دیارە . بەتایبەتی سەبارەت بەژیانی . چونکە یەکەم نووسین بووە لەسەر عەونی و خۆشی لەژیاندا مابوو هیچ نەبا دەبوایە دیمانەیەکی لەگەڵ دا بکردایە و چەند پرسیارێکی تایبەتی و ئەدەبی ئاراستە بکردایە بەتایبەتی سەبارەت بە ساڵی لەدایك بوون و ساڵی هاوسەر گیری و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نازناوی

[1] - کەریم شارەزا ، عەونی شاعیرێکی نەتەوەی کوردە ، گ . کاروان ، ژ . (٣) ، ساڵی ١٩٨٢ ، ل١٥ – ٢١.

(عەونی) . هەرچەندە ئێمە لەتەوەری یەکەمدا ئەوەمان ساغ کردۆتەوە کە لە ساڵی ١٩١١ز لەدایك بووە . بەلاّم لە هەمان لاپەڕەدا کەریم شارەزا ساڵی ١٩١٤ز ی بۆدانـاوە . بۆ ساڵی هاوسەرگیریەکەشی ساڵی١٩٤٠ز داناوە . بەپێی وتەی دلێر عەونی ئەوا عەونی لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٩ز هاوسەرگیری کردووە و کچە گەورەکەی بەناوی (پەرژین) لە ١- ٧- ١٩٤١ز لەدایك بووە . هەروەها لە لاپەڕە (١٧) دا دەڵێت:-

(لەساڵی ١٩٣٢ز ئۆپەریتی بۆقوتابخانە سەرەتاییەکەی داناوە کە ناوەڕۆکەکەی هەستێکی نەتەوایەتی یە) . واتە سەرەتای دەست پێکردنی شیعر لەلای عەونی بەشیعری نەتەوایەتی بووە . نەك دلّداری . لە لاپەڕەکانی (١٧ — ٢١) نووسەر تەنها باسی دوو مەبەستی شیعری کردووە (دلّداری و نەتەوایەتی) چەند نموونەیەکی شیعریشی بۆ هێناونەتەوە . بەلاّم هیچ نەبا دەبوایە مەبەستەکانی تریشی ئاماژە پێ بکردایە . ئەگەر بەکورتیش بوایە.

-ساڵی ١٩٩٤ز کەریم شارەزا لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٩٩٧) دا بابەتێکی بەناونیشانی (لە دووەمین ساڵ ڕۆژی کۆچی دوایی شاعیری شیعری سەربەرزی وورە بەرنەدان عەونی)[1] . بلاّوکردۆتەوە لەلاپەرە (٦) دا باسی تێکەڵ بوونی عەونی بەسیاسەتەوە دەکات و دەڵێت:- لە ساڵی (١٩٤١ز) ەوە کەوتوەتە سەر ڕێبازی سیاسی و بوەتە ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا. بەلاّم عەونی لەسەرەتای تەمەنی (٢٠) ساڵیدا چۆتە ناو کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە و لەساڵی ١٩٣٦ ز دا چۆتە ریزی کۆمەڵەی دارکەران . پاشان پەیوەندی بەپارتی هیوا کردووە . هەر لەم لاپەڕەیەدا چەند نموونەیەکی شیعری وەرگرتووە و بەکورتی لێکدانەوەی بۆکردووە . کە تایبەتە بەشیعری نەتەوایەتی.

-ساڵی ١٩٩٧ز کەریم شارەزا هەستا بە ساغ کردنەوە وئامادەکردنی (دیوانی عەونی)[2] . چاپی یەکەم . پێشەکی بۆ نووسیوە و (٢٧٤) لاپەڕەیە . هەرچەندە خێرایی و پەلەپەلی پێوە دیارە . بەلاّم جێگای دەست خۆشیە . چونکە بۆتە هۆی رزگار کردنی بەشێکی زۆری

---

[1] کەریم شارەزا ، لەدووەمین ساڵ ڕۆژی کۆچی دوایی شاعیری شیعری سەربەرزی وورە بەرنەدان عەونی ، رۆژنامەی برایەتی ، ژ . (١٩٩٧) ، ساڵی ١٩٩٤ ، ل٦ .

[2] کەریم شارەزا ، دیوانی عەونی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چ١ ، ساڵی ١٩٩٧ ، هەولێر .

شیعرەکانی عەونی لە فەوتان و ئاشناکردنی عەونی بەئەدیب و ئەدەب دۆستان و خوێنەری کورد بەگشتی . لەبارو دۆخێکی خراپی ناو خۆی کوردستان ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاندووە و بۆتە کەناڵێکی بەهێز بۆ ئەوەی شیعرەکانی عەونی ڕووناکی بەچاوی خۆیان ببینن لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە وای لە کۆمەڵە نووسەرێکی ئەو سەردەمەکرد کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا تێبینی و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆیان لەسەر بنووسن و زیاتر ببێتە مایەی دەنگ دانەوە و دەوڵەمەند کردنی . راستە تێکەڵی و هەڵەی چاپ و کەمی لێکدانەوەی وشەو ماناکان بەتایبەتی ئەو وشانەی کەپێویستیان بەواتاکەی هەیە . هەموو ئەمانەو چەند شتێکی تریش هەن . بەلاَم لە گەڵ ئەمانەشدا بەسەرچاوەیەکی باشی شیعرەکانی عەونی هەژمار دەکرێت.

- لە ڕۆژنامەی برایەتی ساڵی ١٩٩٧ز ژمارە ٢٣٧٦ دا کەریم شارەزا بابەتێکی بەناو نیشانی (دوو شاعیر و بابەتێك عەونی و گۆران و کچی کوردستان)[1] . بلاَو کردۆتەوە و دەڵێت:- (زۆرجار وارێك دەکەوێت کەدوو شاعیر یا پتر لەسەر یەك بابەت هۆنراوەی بەپێز دادەنێن . بەبێ ئەوەی راستەوخۆ ئاگایان لەیەکتری بێ یاخود لاسایی یەکدی بکەنەوە). (جیهانم پشکنیوە)ی عەونی و (بەستەی دڵداری) گۆرانی شاعیری بەنموونە وەرگرتووە . ئەوەی کەریم شارەزا نووسیوویەتی تەواوە . بەلاَم دەچێتە خانەی دەق ئاوێزانەوە نەك بەراوردی ئەدەبی . چونکە دەقئاوێزان (التناص) لەبێ ئاگاییەوەیە . ئەگەر ئاگاداری یەکتری بن ئەوا دەقئاوێزان نییەو بەراوردی ئەدەبییە . بێجگە لەمەش کاریگەری (گۆران) بەسەر عەونی یەوە دیارە . هەروەها لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیان نەك هەر ئاگایان لە یەکتری بووە . بەڵکو هاوڕێی یەکتریش بوونە . زۆرئاساییە ئەگەر عەونی ئەم شیعرەی پێش گۆران دانابێ . هەرچەندە ساڵی دانانی شیعرەکان زۆر روون نین . بەلاَم مەبەستمان لەوەیە کە کاریگەریی لەنێوانیاندا هەیەوئاگایان لەیەکتری هەبووە . بۆیە ئەوچەند دێڕەی لە پێشەکی نووسیویەتی لەگەڵ ئەم دوو دەقە شیعرییەی کە بەراوردی کردووە . ئەگەر بەرامبەری

---

[1] کەریم شارەزا ، دوو شاعیر و بابەتێك عەونی و گۆران و کچی کوردستان ، ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ . ( ٢٣٧٦ )، ١٩٩٧ ، ل٧.

(الموازنة) یان ده‌ق ئاویزان نه‌بێت ئه‌وا یه‌ك ناگرێته‌وه . چونكه به‌راوردی ئه‌ده‌بی له بێ ئاگاییه‌وه ڕوونادات.

- ساڵی ١٩٩٧ز له ڕۆژنامه‌ی برایه‌تی پاشكۆی ئه‌ده‌ب ژماره (٣٤\٢٣٧٤)دا باكوری بابه‌تێكی به ناونیشانی (بزووتنه‌وه‌كانی سیمفۆنیا له دیوانی عه‌ونیدا)[1] بلاّوكردۆته‌وه . دابه‌شی كردووه بۆ سه‌ر چوار سیمفۆنیا و بۆ هه‌ریه‌كێك له‌م جۆره سیمفۆنیایانه نموونه‌ی شیعری هێناوه‌ته‌وه و به‌شێوه‌یه‌ك باسی كردووه . كه وه‌ك ئه‌وه‌ی عه‌ونی شاره‌زایی ته‌واوی له‌م جۆره سیمفۆنیا یانه هه‌بێ . وه‌كو خۆی گومان ده‌بات و ده‌ڵێت:- تۆ بڵێی عه‌ونی ره‌حمه‌تی . خولیای مۆسیقای رۆژئاوایی كلاسیكی نه‌بووبێت و جارجاره گوێی نه‌دابێته چه‌ند سیمفۆنیاییێكی بیتهۆڤن یاكۆ . ساكۆف یا باخ و....هتد؟ ئه‌م گومانه‌ی باكوری گه‌وره‌ییه بۆ عه‌ونی و شیعره‌كانی به‌تایبه‌تیش له‌م شیعره‌ی كه (باسی كۆیه) ده‌كات كه به نموونه هێناویه‌تیه‌وه و ده‌ڵێت:- ڕه‌نگه ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ مۆسیقای سیمفۆنیای (شه‌هره‌زاد) ی مۆسیقاری رووسی (كۆرساكۆف) به‌راورد بكرێ . گێرانه‌وه‌ی حیكایه‌تی باسی كۆیه گه‌ڵێ خۆشترو شیرینتر و به‌تامتر ده‌بێ!. باكوری یه‌كه‌م كه‌سه له‌سه‌ر ئاوازو مۆسیقای شیعره‌كانی عه‌ونی نووسیبێت و تیایدا وردو سه‌ركه‌وتووبێ . به‌شێوه‌یه‌ك دابه‌شی كردووه تاراده‌یه‌كی زۆر ده‌توانین بڵێین نهێنی ئاوازی شیعره‌كانی عه‌ونی ده‌رخستووه و جێگای ده‌ست خۆشیه . به‌لاّم ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنج و پرسیاره ئه‌وه‌یه كه باكوری ئه‌وه‌نده كاریگه‌ر بووه به‌ئاوازی ئه‌م شیعرانه‌ی عه‌ونی بۆ چی یه‌كێك له‌م شیعرانه‌ی كه خۆی باسی ده‌كات ئاوازێكی نه‌مری بۆ دانه‌ناوه و نه‌ی كردووه به‌گۆرانی ؟ بۆ كه‌سێكی وه‌كو باكوری شاره‌زا له مۆسیقا و گۆرانی كارێكی ئه‌وه‌نده قورس نییه . ئه‌مه له‌لایه‌ك له‌لایه‌كی تره‌وه وای به‌باش ده‌زانین كه ناو نیشانی بابه‌ته‌كه‌ی به‌ناوی (بزوتنه‌وه‌كانی سیمفۆنیا له شیعره‌كانی عه‌ونیدا) بوایه گونجاوتر ده‌بوو . چونكه دیوانه‌كه‌ی ته‌نها شیعری له‌خۆ نه‌گرتووه . به‌ڵكو په‌خشانیشی تێدایه.

---

[1] - باكوری ، بزووتنه‌وه‌كانی سیمفۆنیا له‌دیوانی عه‌ونیدا ، ڕۆژنامه‌ی برایه‌تی ، ژ. ٣٤ \٢٣٧٤ ، ساڵی ١٩٩٧ ، ل٢ .

- لـه ١ – ٥ – ١٩٩٧ ز لـه ڕۆژنامـەی برایـەتی . (پاشـكۆی ئـەدەب) . ژمـارە (٢٣ \ ٢٣٢٢) بابـەتێكی بـە نـاوی (دیـوانی عـەونی خسـتنەڕوو و چـەند سـەرنجێك)[1] بلاّوكردۆتـەوە . لـە سەرەتادا باسی پێكهاتە و شێوازی دارشتنی دیوانەكەی عەونی دەكات . پاشان دێتە سەر باسـكردنی شـیعری دڵـداری و كوردایـەتی و سـۆزی دەروون كـە چـەند نموونەیـەكی لەشیعرەكانی عەونی خستۆتەڕوو . شێوەیەكی سەرپێی پێوە دیارە و زۆرسادە و ساكار دێتە بـەر چاو . زۆربـەكورتی باسی كـردووە و لێكدانەوەیـەكی ئـەو تـۆی بۆنموونـە شـیعریەكان نەكردووە و هیچ زانیاریەكی تیادا بـەدی ناكرێـت بـە بـەراورد لەگـەڵ نووسـینەكانی تـردا . بەشتێكی سواو دووبارە نەبێ بەهیچی تر ناچێت . تەنیا ئەوە نەبێ لە نموونەیەكدا ئامـاژە بە هونەری ڕەوانبێژی دەكات لە هەردوو و شەی (بـەیان) دا كـە شـاعیر دروسـتی كـردووە و دەڵێت:-

**ئـەو دەمـە ئارام بووەستە تا (بەیان)**

**دەم لەسەر دەم . دەست لەسەر(بەیان)**

تەنیا هەر دوو وشەی (بەیان)ی وەرگرتووە و دەڵێ هونەری رەگەزدۆزی تەواوە . كەچـی وشەی (دەمە) لەگەڵ وشەی (دەم) رەگەز دۆزی ناتـەواوە لـەجۆری زیـاد . هـەر ئـەو نموونـە شیعریانەی لەبابەتەكەیدا بەكاری هێناوە لایەنی هونەری رەوانبێژی تری تێدایـەو نووسـەر لەسەری بازی داوە . وەكو ئەم چوارینەیەی كە بە نموونە هێناویەتیەوە:-

**لەخەوما چاوەكەی كاڵت لەخـــەوما**
**وەكو بەختی رەشی من هەرلەخەوما**
**بەزەبرو زەنگی گێتـی نـەی تـوانـــی**
**ئەمن لادا لەرێی راسـت و پـتــەومـا**

نووسەر لای لە بیر و هونـەرە رەوانبێژیەكـەی هـەر نەكردۆتـەوە . لـە كاتێكدا لـە نیـوە دێری یەكەم و دووەمدا هونەری لێكچواندنی تەواو هەیە لە نێوان وشەكانی (چاوی كاڵی بە بەختی رەشی خۆی چواندووە . وەكو ئەوزارە . لەخـەوما ڕووی لێكچوون) دكەیـە . ئەگـەر

---

[1] (پاشكۆی ئەدەب) ، دیوانی عەونی خستنەڕوو و چەند سەرنجێك ، رۆژنامەی برایەتی ، ژ. (٢٣\٢٣٢٢)، ١٩٩٧، ل٤ .

وورد تر بوایە یان تەنها کاری لەسەر هونەری ڕەوانبێژیەکەی بکردایە سەرنج ڕاکێش ترو بە پێز تر دەبوو.

- لەپاشکۆی دیوانەکەی عەونی چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٧ز عبدالرزاق بیمار بابەتێکی بەناو نیشانی (عەونی شاعیری هەڵکەوتوو . هیوا ڕوون)[1] بلاوکراوەتەوە . بەڕۆژی کۆچی دوایی عەونی دەست پێدەکات و باس لە هەگبە و ئەزموون و پلە و پایەیشیعرەکانی عەونی و ئاستی ڕۆشنبیری و دەسمایەی شیعرو ئەدەبیاتی عەونی دەکات . چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی دەهێنێتەوە بۆ ژیانی پڕ خەبات و چالاکی ئەوسای عەونی و بلاو کردنەوەی بەرهەمەکانی لەچەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا . لالە زمانی شیعری شعرەکانی دەکاتەوە بە چەند وشەیەك و باسی ئاوازو مۆسیقای غەزەلەکانی دەکات کە لە و سەردەم بە سەر زاری خەڵکەوە بوون . ئەم نووسینەی ناو براو جێگەی دەست خۆشییە لەو کاتانەی کەیەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە دوای کەریم شارەزا لەسەر عەونی نووسیبێت . ئاماژەی بە هەندێ لایەنی شیعری و هەست و جۆش و خرۆشی شاعیر کردووە و نموونەی شیعری بۆ هێناوەتەوە . بەلام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ شیعرەکان نەکردووە . تەنانەت مەبەستە شیعرییەکەی خستۆتە بەر چاو و چۆتە سەر نموونەیەکی تر . تەنانەت یەك وشەی لەسەر نموونە شیعریەکان نەنووسیوە . بۆیە زیاتر لە گێڕانەوەی مێژوویی دەچێت بە نموونەی شیعری . دەگمەن نەبێت وشەی ئەدەبی لەپاڵ نموونە شیعریەکان نابینین . لەلاپەڕە (٢٦٥) دا دەڵێت:- (سەرەتا عەونی دەسمایەی ڕۆشنبیریەکی زۆری نەبووە کە هاتۆتە کۆڕەکە و ئەزموونێکی زۆریشی نەبوو لە کاری هەڵبەست و ئەدەبیات). ئەمە شتێکی ئاساییە لە لای زۆر لە شاعیر و نووسەراندا ئەم پێشینەیە بەدی دەکرێت . بەلام نابێ ئەوەمان بیرچێتەوە کە شاعیر پەروەردەی بەردەستی شاعیران بووە لە کۆیە چ لە قوتابخانە و چ لە مزگەوت ئاشنای دیوانی حاجی قادربووە و زۆر لە شیعرەکانی نالی گەورە

[1] - کەریم شارەزا ، دیوانی عەونی ، چ١ ، ساڵی ١٩٩٧، ل٢٦٥.

شاعیری کوردی لەبەر بووە . ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە بووە بەر لە وەی شیعر بنووسێت.

لە لاپەڕە (٢٦٧) دا هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر شیعری (ڕەنج دەکێشم) دەکات کە لە دێڕێك تێپەڕ ناکات . بە نموونە شیعری (گەشتی مانگە شەو) لە لاپەڕە (٢٦٨) دا کۆتایی بەبابەتەکەی ئەهێنێ . ئەگەر نووسەر ورد و قوڵتر بووایە ڕەونەقی زیاترو لەزەتێکی تری ئەدا بەخوێنەران.

- عەدنان جمال بابەتێکی لەسەر دیوانەکەی عەونی چاپی یەکەم بەناونیشانی (دیوانی عەونی و چەند سەرنجێك)[1] بلاّو کردۆتەوە . لە سەرەتادا باسی پێکهاتەی دیوانەکە دەکات و پاشان سەرنج و تێبینی خۆی خستۆتە ڕوو . دەڵێت:- بەداخەوە لایەنێکی هەرە گرینگی دیوانەکە فەرامۆش کراوە و هەر باسی لێوە نەکراوە... ئەویش لایەکی شیعری گۆرانییە کە بەعەرەبی پێی دەڵێن (الشعر الغنائی) دەبوایە بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرایە و بە دوور و درێژی باسی لێوە بکرایە. پاشان دێتە سەر باسکردنی پەیوەندی نێوان عەونی و هونەرمەند تایەرتۆفیق وەك هاوڕێ و هاوسێی یەکتری بووینە بۆ ماوەیەکی درێژ لە تەمەنیاندا . یەکەم شیعر کە تایەر تۆفیق کردوو یەتیە گۆرانی لە ئیزگەی کوردی لە بەغداد تۆماری کردووە شیعری عەونی بووە و دوا گۆرانیشی هەر شیعری عەونیە و نموونەی شیعرەکانیشی خستۆتە ڕوو . بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند تایەرتۆفیق عەونی شیعرێکی هۆنیوەتەوە و هونەرمەندی بە (تایەری خۆش خوانی من) ناو بردووە . پاشان چەند شیعرێکی تری باس کردووە کە کراون بە گۆرانی و لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە گوتراوە.

سەرەنجەکانی نووسەر لەجێی خۆیەتی لە نووسینەکەیدا سەرکەوتوو بووە و جێگای دەست خۆشییە . چونکە عەونی پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ هونەرمەندو دەنگ خۆشانی کۆیە بەگشتی جگە لە تایەر تۆفیق . خاڵە سێوە و ئەحمەدی حەمەی مەلا و...

---

[1] - فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢، ل٥٤٤ - ٥٤٨ .

تاد . ئەگەر لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا درکی پێنەکراوە دەبوایە لە چاپی دووەمی جێگای بۆ بکرابوایەوە.

- ساڵی ١٩٩٩ کەمال مەزهەر لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٨٣) بابەتێکی بەناونیشانی (گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق)[١] بڵاوکردۆتەوە . بە باسی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەست پێدەکات و دەڵێت: لە زۆر بواری کوردایەتیدا بەدرخانیەکان یەکەم بوون . بەشێوەیەکی گشتی باس لە دەنگ دانەوەی گۆڤارەکە و بەشداری نووسەرو شاعیرە کوردەکانی کوردستانی عێراق لەم گۆڤارەدا دەکات . لە لاپەڕە (٥) دا باسی عەونی دەکات و دەڵێت:-پارچە هۆنراوەیەکی زۆر دوور و درێژی پڕ لە سۆزی ((لاوێکی کورد عەونی)) بەناو نیشانی (بۆخاوەنی هاوار)ەوە بڵاوکردۆتەوە . سەرجەمی ستایش و پیاهەڵدانە بە جەلادەت بەدرخان و بەدرخانیەکاندا . بەشانازیەوە باسی مێژووی ئەو بنەماڵەیە و خزمەتەگەورەکانیان دەکات و بە (نەوەی شێرانی کوردانیان) لە قەڵەم دەدات . چونکە دەڵێت: هەر ئەوانن (گەهـ بەشیر و گەهـ بەخامە) بۆ (نەجاتی کورد سەرو ماڵیان فیداکەن هەر لە بۆتان تاکو بابان)،... هتد . لە کۆتاییدا دەڵێت:- هەڵبەت دەرچوونی هاوار و بابەتەکانی هەستی شاعیری کۆیە یان بزواندووە . وەکو نووسەر دەڵێ تەواوی شیعرەکە ستایش و پیاهەڵدانە . بەلام ئەوەی باس نەکردووە کە شیعرەکە پێنج خشتەکی (عەونی)یە لەسەر شیعرێکی (مامەند کەرکووکی) کە بیست و دوو کۆپلەیە . هەر کۆپلەیەکی پێنج نیوە دێڕە و دەکاتە ١١٠ نیوە دێڕ بەگشتی.

- زستانی ساڵی ٢٠٠٠ز لە گۆڤاری هەولێر ژمارە (٥) فەرهاد عەونی بابەتێکی بەناو نیشانی (سەرە قەڵەمێك دەربارەی پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی)[٢] بڵاوکردۆتەوە . زانیاری زۆری سەبارەت بەژیان و خەبات و شیعرەکانی عەونی نووسیوە و ژیانی بەندی و ئاوارە بوون و لە ناو چوونی شیعرەکانی بۆ دووجار لە دوای

---

[1] کمال مەزهەر ، گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق ، گ . بەیان ، ژ . (١٨٣) ، ساڵی ١٩٩٩، ل٥ .

[2] فەرهاد عەونی ، سەرە قەڵەمێك دەربارەی پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی ، گ . هەولێر ، ژ. (٥) ، زستانی ساڵی ٢٠٠٠ ، ل١٢٣.

یەك باس كردووە . پاشان چاوپێكەوتنەكەی كەریم شارەزای كە لەگەڵ عەونی كردوویەتی و بابەتەكەی كمال مەزهەریش كە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوكردۆتەوە خستۆتیە ڕوو . لەگەڵ چەند نموونەیەكی شیعری عەونی . لە لاپەڕە (١٢٩)دا دەڵێ عەونی تەمەنی لە(٢٠) ساڵ تێپەڕی نەكردووە كە ئەم شیعرەی بۆ گۆڤاری هاوار ناردووە و لە لاپەڕە (١٣٠) دا دەقی پێنج خشتەكیەكەی عەونی بڵاو كردۆتەوە.

نووسەر زانیاری باشی لەم نووسینەیدا بڵاوكردۆتەوە جێگەی پێزانینە . بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی دیوان و بڵاوكراوەكان هەندێ سەرنج هەن پێویستە باسیان بكەین . شیعری (وتم ئەی كچ) بەرهەمی سییەكان نیە . بەپێی دیوانەكەی چاپی دووەم لە ساڵی ١٩٤٠ز دایناوە . لە ساڵی ١٩٣٣ز عەونی بەرەو تەمەنی (٢٣) ساڵی چووە بەپێی بەلگەنامەی شارستانی.

- ساڵی ٢٠٠٣ كەمال مەعرف لە كتێبی (ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی) چاپی یەكەم . بابەتێكی لە لاپەڕە (١٦٩) بەناوی (نەورۆز لە شیعری شاعیرانی كۆیە دا) نووسیوە كە تەنها نموونەیەكی چوار نیوە دێڕی لە شیعری عەونی بەناوی (نەورۆزی ساڵی تازە)[1] دا هێناوەتەوە . بەبێ ئەوەی كەباس لە عەونی بكات . لە كاتێكدا باسی لە شاعیرەكانی سەردەمی عەونی كردووە و بەسەر عەونی دا تێپەڕیوە . ئەمەش كۆمەڵێك پرسیار لە دەوری خۆیدا كۆدەكاتەوە و كۆمەڵێك گومان هەڵدەگرێت.

- ساڵی ٢٠٠٧زلە هەفتەنامەی ڕێگای كوردستان ژمارە (٧٥١) ئا: ڕێگای كوردستان بابەتێكی بەناونیشانی (لەیادی ماڵئاوایی عەونی شاعیردا)[2] بڵاو كردۆتەوە . دەلێت:-عەونی لە ساڵی ١٩١٤ز لە كۆیە لەدایك بووە و لە ٢٠ – ٧ – ١٩٩٢ز كۆچی دوایی كردووە . لە ساڵی ١٩٩٤ز چاپی یەكەمی دیوانی عەونی شیعری شاعیر بڵاوكراوەتەوە و كەریم شارەزا پێشەكی بۆ نووسیوە و فەرهاد عەونی ژیانی عەونی لە چەند دێڕێكدا بۆ نووسیوە و پوختەی

[1] كەمال مەعروف ، ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی ، چ١، چاپخانەی ژین ، ٢٠٠٣ ، ل٢٠١.

[2] ئا : ڕێگای كوردستان ، لەیادی ماڵئاوایی عەونی شاعیردا ، هەفتەنامەی ڕێگای كوردستان ، ژ. (٧٥١) ساڵی ٢٠٠٧ ، ل١٠.

پێشەکیەکە و ژیانی عەونی خستۆتەڕوو . پاشان باسی عەونی و ژیانی شاعیری دەکات و پێی وایە کە عەونی لە ساڵی (١٩٢٣) ەوە دەستی بەشیعر دانان کردووە... لە کۆتایدا نموونەیەکی شیعری عەونی هێناوەتەوە:-

**نامرێ ئەو گەلە**
**گەلێك كە ڕۆڵەی لەکۆڕی شەڕا**
**هەنگاو هەڵێنێ بەسەر سەنگەرا**
**چاوی نەترسێ لە تۆپی دوژمن**
**مل بماڵێنێ بەدەم خەنجەرا**

نووسەری ئەم بابەتە ئەرکی کێشاوە . بەلاّم زانیاریەکی ئەوتۆ لە بابەتەکەدا بەدی ناکەین . تەنیا وەریگرتووە و کورتی کردۆتەوە . هەندێ ساڵ و ڕێکەوتی گۆڕیوەو لەگەڵ وێنەیەکی عەونی بلاّوی کردۆتەوە . چونکە چاپی یەکەمی دیوانەکەی عەونی لە ساڵی ١٩٩٧زدا چاپکراوە . ساڵی لەدایك بوونی لە بلاّو کراوەکان و دیوانەکەشیدا بە مەزەندە دانراوە کە ساڵی ١٩١٤ز یە لە راستیدا لە ساڵی ١٩١١ز لەدایك بووە . عەونی لە سەرەتای سیەکاندا دەستی بەشیعر نووسین کردووە . چونکە لە ساڵی ١٩٢٣ز دا عەونی هێشتا نەچووبوە بەر خوێندن . هەرچەندە لە وانەیە هەڵەی چاپیش بێت . بەلاّم راستیەکەی بەم شێوەیە . دەقی شیعریەکەشی وەکو خۆی بلاّو کردۆتەوەو کەم و زۆر لەسەری نەدواوە.

- زیرەك کەمال هەر لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستاندا بابەتێکی بەناونیشانی (عەونی شاعیر نەمردووە . چونکە سەردەمەکان بەشیعر دەبرێت)[1] بلاّوکردۆتەوە . بەوتەی نوسەرێکی ناوداری جیهانی دەست پێدەکات کە ناوەکەی نەنووسیوە و دەڵێت:- (گرینگ ئەوە نییە تۆچیت . بەڵکو گرینگ ئەوەیە راگەیاندن لە بارەی تۆوە چی دەڵێت) پاشان رەخنە لە سەردەمی دوای ڕاپەرین دەگرێت و ڕوودەکاتە راگەیاندن و میدیاکان کە کەم

---

[1]- زیرەك کەمال ، عەونی شاعیر نەمردووە ، چونکە سەردەمەکان بەشیعر دەبرێت ، هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ، ژ. (٧٥١) ساڵی ٢٠٠٧ ، ل١٠ .

تەرخەم بوونە بەرامبەر شاعیر و ئەدیبەکانمان . دواتر دەڵێت:- عەونی شاعیر یەکێکە لە شاعیران و سەرقافڵەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و لە ڕێگەی دەقە شیعریە دانسقەو تەڕو پاراوەکانیەوە توانی ماڵی رۆشنبیر و کتێبخانەو ئەدەبی ئەم ولاتە پڕ بکات لە شەوق وچراخان،... پاشان دێتە سەر شیعرەکەی (نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە)و بە کەمێك وەستان لەسەری کۆتایی بە نووسینەکەی دەهێنێ.

نوسەری ناوبراو دوور کەوتۆتەوە لە دوبارە بوونەوە و وەرگرتن لە بابەتەکەیدا . هەرچەندە لە بواری گازەندەوە نزیکە و لە وەسف و ستایشی عەونی خۆی دەبینێتەوە . بەلأم لە لاسایی و سوان دەرچووە لەسەر شاعیر . سەبارەت بەو دێڕەی کە دەڵێت:- (عەونی شاعیر یەکێکە لە شاعیران و سەرقافڵەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی) . لە راستیدا عەونی یەکێکە لە شاعیران . بەلأم وەکو یەکێك لە سەرقافڵەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بێت ئەمە بڕیارێکی قورسە . چونکە شاعیر لە حەلقەکانی کۆتایی رێبازی کلاسیکیەوە هاتۆتە مەیدان . قۆناغ و سەردەمەکانی تری ئەدەبی کوردی بڕیوەو لەگەڵیدا خۆی گونجاندووە و بەرەو نوێکردنەوە هەنگاوی ناوە . لەسەر ئەم رێبازە چەقی نەبەستووە . بەپێی تەمەنیش لەسەر ئاستی ئەدەبی شاری کۆیە و ئەدەبی کوردی بەگشتی زۆر لە شاعیرانی تری لەپێشە . ئەمە کەم کردنەوە نیە لە پلەو پایەی عەونی و شیعرەکانی . بەڵکو راستیەکە و نکوڵی لێناکرێت.

- بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ ز لە وەرزە گۆڤاری " وەشت " دا ژمارە (٢) حەمەبۆر (هۆشەنگ) بابەتێکی بەناو نیشانی (هەڵبەستێکی بلأونەکراوەی عەونی)[1] بلأو کردۆتەوە . لە لاپەڕە (٥٩)دا دەڵێت:- لە ساڵەکانی ناوەڕاستی چەرخی بیستەمدا . هەڵبەستەکانی مامۆستا (عوسمان عەونی کۆیی) مان بەزۆری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا . یا لە دەمی (ئەم و ئەو)ەوە . بەخێرایی بلأودەبوونەوە . پاشان باس لەپەیوەندی نێوان خۆی و عەونی دەکات کە چەندین نامەیان لەگەڵ یەکتریدا گۆریوەتەوە بەنامەی شیعریشەوە لە سلیمانی بۆ کۆیە .

[1] حەمەبۆر ، هەڵبەستێکی بلأونەکراوەی عەونی ، گ. وەشت ، ژ. (٢) ، سلێمانی ، بەهاری ٢٠٠٨ ، ل٥٩.

لەرێگەی (عومر حبیب) ی برا بچووکی عەونی و یەکێك لەو نامە شیعریانەی لە لاپەڕە (٦٠)دا بڵاوکردۆتەوە بەناوی (سکاڵا) بۆعەونی ناردووە لە رێکەوتی ٦ — ١-١٩٤١ دا . دەڵێت:-

**لەزۆری داخە . هێند سیخناخە . گەنجینەی دەماغ و دڵ**

**نەوەك زوو . شەق بەرن . بۆیە بەشی تۆی لێدەدەم ناچار**

لەکۆتاییدا دەڵێت:-

**دەبا کۆتای سکاڵا بێ . تەواو ناکرێ بەتۆ (هۆشەنگ)**

**سەری (عەونی) مەکە جەنجاڵ . دڵیشی بەس پڕە ئازار**

لەلاپەڕە (٦٤) دا وەڵامەکەی عەونی بڵاوکردۆتەوە . لە ١٥ — ١ — ١٩٤١ ز — کویسنجق دەڵێت:-(عوسمان "عەونی"ی بەقاڵ)

**برای شیعرینم (هۆشەنگ)ی نـــازدار**

**نامەکەت گەیشت لەگەڵ چەند ئەشعار**

لەکۆتاییدا دەڵێت:-

**ژیان نایهێنێ واچـــــاکە ئیتر**

**دوایی پێبێنێ (عەونی) بەگوفتار**

لە کۆتایی نووسینەکەیدا باسی ئەندام بوونی عەونی دەکات لە پارتی برایەتی بە بەڵگەوە. مایەی دەست خۆشییە ئەم شیعرەی عەونی لە فەوتان رزگار کردووە و چەند زانیاریەکی نوێی خستۆتە سەر خەرمانی خەباتی عەونی و شیعرەکانی . بەڵام تێبینیەکەمان ئەوەیە عەونی بەپیشە بەقاڵ بووە "بازرگان" . نەك مامۆستا . چونکە خوێندنی بە فەرمی تەواو نەکردووە و لە هەموو ژیانیشیدا مووچە خۆر نە بووە.

- ساڵی ٢٠٠٨ لە مانگنامەی ڕۆشنبیری گشتی کۆیە . ژمارە (٢٠) . محەمەد ئەکرەم بابەتێکی لە گۆشەی ناوداران بەناونیشانی (ژیانی عەونی لەچەند دێڕێکدا)[1] بلاّوکردۆتەوە . تیایدا باسی ژیانی عەونی دەکات و بەس . هیچ بەدوا داچونێکی تێدا بەدی ناکرێت . تەنیا ئەوەنەبێ ئەرکی کورت کردنەوەکەی کەوتۆتە ئەستۆ . چونکە هەمووی وەرگیراوە . بۆیە ئەم جۆرە نوسینانە بە دووبارە و سواو دادەنرێن.

- ساڵی ٢٠٠٨ز کەمال غەمبار لە کتێبی بەرە و جیهانی شیعری چەند شاعیرێك . لە لاپەڕە (١١٠ – ١٢٤)ی بۆ عەونی تەرخان کردووە بە ناونیشانی (ئاوڕدانەوەیەك لە دیوانی عەونی)[2] بلاّوکردۆتەوە . کە چەند بابەتێك لە خۆی دەگرێت و لە لاپەڕە (١١١)دا نووسیویەتی لەبواری نوێکردنەوەدا عەونی شاعیر لە هۆنراوەی (وتوو وێژی لاو و پیر) دا عەونی لە ساڵی ١٩٣٣ز لە کۆیە دایناوە مۆرکی هەنگاو نان بەرەو شێوازی نوێکردنەوەی ناوە . هەرچەندە چوارینەیە وەك دەمە تەقێیەك بۆ قوتابیان دانراوە . دەکرێ چ بەکێشی خۆماڵی (پەنجە) یا کێشی عەرووزی عەرەبی حسابی بۆ بکرێ،... کێشی (٨) پەنجەیی (سیلاب) واتە هیجا بەکاردەهێنێ:-

لاو: ئەی مامە ئەی تاجی سەرم٤+٤
منیش وەك تۆ قوڕ بەسەرم(٨) پەنجەیە

لەخاکی خۆم دەربەدەرم
دەچێژم دەردی هەژاری

لە لاپەڕە ١١٢ دا کۆپلەکەی دوای ئەو بەکێشی عەرووزی لێك داوەتەوە:-

---

[1] محەمەد ئەکرەم ، ژیانی عەونی لەچەند دێڕێکدا ، مانگنامەی ڕۆشنبیری گشتی کۆیە ، ژ. (٢٠) ، ساڵی ١٧ - ٧ -٢٠٠٨ ، ل٨ .

[2] بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك ، ئاوڕدانەوەیەك لەدیوانی عەونی ، کەمال غەمبار، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ٢٠٠٨، ل١١٠ .

پیر: ڕۆڵەگیان زۆری نەماوە

شـۆرشێــکە بـەر پــاکراوە

لاوی کـــورد بــڕیــاری داوە

بۆتبێنن مـــژدەی رزگـــاری

کێشی عەرووزیش:- علی الاهزاج تسهیل مفاعیلنمفاعیل حسابی بۆکراوە.

تێبینیەکانمان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:-

١- ئـەم شـیعرەی سـەرەوە نووسـەر بەچـوارین نـاوی بـردووە . بـەلاّم لەبنەڕەتـدا چوارخشتەکییە نەك چوارین . چـونکە ئـەوەی چوارین لـە چوارخشـتەکی جیـا دەکاتەوە ئەوەیە: (چوارین یەکەیەکی سـەربەخۆی هەیـە کەچـی چوارخشـتەکی سەربەخۆ نییـە . بەندێکـە لـەهۆنراوەیێکی دوور و درێـژ کـە بەسـەر کۆمـەڵێك پارچەی چوار لەتیدا دابەش دەبێ)[1].

٢- چـوارین یەکێکـە لـە قالبـە شـیعریەکانی شـیعری کلاسـیکی و بەکێشـی پەنجـە حیسابی بۆناکرێت . چونکە کێشی شیعری کلاسیکی کێشی عەرووزییە.

٣- پێمان باشە بەکۆپڵە نـاوی بـەرین . چـونکە چوارخشـتەکییە و شـیعرەکە دەمـە تـەقێی نێـوان گـەنج و پـیرە بـۆ شـانۆگەری نوسـراوە واتــە هـەموو کۆپلـەکان بەیەکەوە واتای شیعرەکە تەواو دەکەن.

لەلاپەڕە (١١٢ – ١١٣) دا دەڵێت: لە هـۆنراوەی (وتم ئـەی کـچ)دا هەرچـەندە چـوارینەیە . لـەڕووی کـێش و بـەکارهێنانی وشـەی تـەڕوو پـاراوی پـەتی کـوردی و دارشـتنی هـزری نەتەوایـەتی و سـۆزی کـوردێکی لـێ قـەوماو... . ئـەم جـۆرە هـۆنراوە ئەگـەر لەگـەڵ ئـەم هۆنراوانـە بـەراورد بکرێـت کـە خۆیـان بەیـەك سـەروا بەسـتۆتەوە دەچـنە قـاڵبی شـیعری کلاسیکی . بەنوێکردنەوەی ڕەوتی شیعری عەونی شاعیر حیسابی بۆ دەکرێ . لە کاتێکا ئەم هۆنراوەیە مێژووی ساڵی ١٩٤٠ز ی بەسەرەوەیە:-

[1] عەزیزگەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ل٢٦٧.

**گوتم ئەی کچ لـەگەشتی**

**شـارسـتانی یـادەشتـــی**

**واجـوان و پـاك ڕەوشتی**

**مەسیحی یان زەردەشتی؟!**

ئـەم هۆنراوەیـە لەسەرکێشی خۆمـاڵی دانـراوە کـە (٧) بڕگەییـە . ئەگـەر ئاوڕێـك لـە شیعرەکانی(دڵدار) بدەینەوە بۆمان ڕوونـدەبێتەوە کە (دڵدار) ساڵی ١٩٤٠ پێی ناوەتـە دنیـای نوێکردنەوە . یەکەم هۆنراوەی بەناوی کوردستان کە (١٠) بڕگەییە ٥+٥ کە تیایدا دەڵێت:-

**کوردستانی خۆش . نیشتمانی جوان**

**تۆقیبلە گـاهــی مـنی بێ گومان**

**چـاوم پـــشـــکـوتووی شاخەکانتە**

**فـێـری سـەیرانی بـاغـەکـانـتـە**

تێبینیەکانمان لەم خاڵانە چڕدەکەینەوە:-

١- نووسەر خۆی دەڵێت ئەم شیعرەی عـەونی دەچێتە قـالبی کلاسیکیەوە چ لـەڕووی قـالبی شیعرییەوە بێ یا لـەڕووی کێش و سـەرواوە بێ . بـەڵام بـە نوێکردنـەوەی ڕەوتـی شـیعری عەونی داناوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك بدات . بەکێشی خۆماڵی لێکی داوەتەوە . شیعری کلاسیکی و کێشی خۆماڵی ! یەك ناگرێتەوە.

٢- دوای قۆنـاغی نوێکردنـەوە عـەونی نەگەڕاوەتـەوە سـەر ڕێبـازی کلاسـیك . چـونکە زۆر شیعری تری لەدوای ساڵی ١٩٤٠ هۆنیوەتـەوە و بەکلاسـیك هـەژمار دەکرێن . وەکو: (بەقـەد شمشادی بۆستانە . وەکو قومری . ژوان و... هتد).

٣- پێمان وایە (دڵدار)ی شاعیر پێش عـەونی هـەنگاوی بـەرەو دنیـای نوێکردنـەوەی شـیعری ناوە . بەڵگەشمان شیعرەکانیەتی.

٤- ئەم دوو نیوە دێڕەی دووەم لەلاپەڕە (١٦٣)ی دیوانی دڵدار دا بەم شێوەیە هاتووە:-

## چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
## فـێری ژیـانــی بـاخـەکانتە

- سـاڵی ٢٠٠٩ لـە ڕێگـای ئـەدەب و هونـەر . پاشـكۆی ڕێگـای كوردسـتان . ژمـارە (١٠) دا جەواد حەمەبەگ ساڵح بابەتێکی بـەناو نیشانی (لەحەڤـدەمین ساڵیادی عـەونی شـاعیردا)[1] بـڵاو کردۆتـەوە . بـاس لـە ژیـان و خـەباتی سیاسـی چـالاکیەکانی عـەونی دەکـات و چـەند نموونەیەکی شـیعری هێناوەتـەوە . ئەگەرچـی بابەتەکـەی زیـاتر لایـەنی مێژووییـە . بـەڵام زانیاری زۆرباشی لەسەر عەونی خستۆتە ڕوو . چالاکیەکانی بەخاڵ دەست نیشان کـردووە . ئەو نموونە شیعریانەی کەهێناویەتیەوە لێکدانەوەی ئەوتۆی بۆ نەکردووە . هەر هیچ نـەبا تاڕادەیەك لایەنە مێژووییەکەی پێ پەردە پۆش بکردایە و بابەتەکەی پێ فراوانتر دەبوو.

- ساڵی ٢٠١٠ مارف خەزنەدار لە مێژووی ئـەدەبی كوردی بـەرگی حەوتـەم (١٢) لاپـەڕەی بـۆ تـەرخان کـردووە . بەناونیشـانی (عـەونی ١٩١٤ — ١٩٩٢ز)[2] لەبەشـی بیسـت و یـەك دا . بـەژیانی عــەونی دەسـتی پێكـردووە كـە لـە دیوانەكـەی وەری گرتـووە و زۆر بەچـری دایرشتۆتەوە و هیچ بەدواداچونێکی پێوە دیار نیـە . لەلاپـەڕە (٢٨٦) دا دەڵێت:-عـەونی لـە ناوەڕاستی سـیەکانی سـەدەی بیستـەم دەسـتی کـردووە بـە شـیعر وتـن . لـە لاپـەڕە (٢٨٦) دا شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە دابەش کردووە و بەپێی کێشی خۆماڵی و عەرووزی عەرەبی باسی کردوون و هەموو لایەنـەکانی بـەکورتی خسـتۆتە ڕوو . لـە لاپـەڕە (٢٨٧)دا لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی بە نموونـەوە باسکردووە و لێکدانەوەیەکی چڕوپڕی بۆکردووە . لە لاپەڕە (٢٩٧) دا لە کۆتاییەکەدا دەڵێت:- لە پاشانا عەونی بەدوو قۆناغی یەك لـەدوای یـەك تێنەپـەڕیوە . لـە پێشـانا خـەریکی دڵـداری بـووبێ و لـە پاشـانا بـۆ نیشـتمان پەروەری چووبێ . ئەو هەردووکیانی تێکەڵ بە یەکتری کردووە ....

---

[1] - جەواد حەمەبەگ ساڵح ، لە حەڤدەمین ساڵیادی عەونی شاعیردا ، ڕێگای ئـەدەب و هونـەر ، پاشـكۆی ڕێگای كوردستان ، ژ. (١٠) ، ساڵی ٢٠٠٩ ، ل١ .

[2] - مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، چ٢ ، بەرگی حەوتەم ، ٢٠١٠ ، ل٢٨٥.

**تێبینیەکانمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:-**

١- عەونی لە سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم دەستی بەشیعر دانان کردووە وەك:-

أ- زوحاکی هەژدەهاك بۆشانۆگەری نەورۆزی داناوە لە ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە.

ب- شیعری وتوو وێژی لاو وپیر لە ساڵی ١٩٣٣ لە کۆیە دایناوە.

ج – شیعری بۆ خاوەنی هاوار کە پێنج خشتەکییە لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکوکی لە ١٩٣٣ز لە کۆیە دایناوە . تاکو ئێستا ئەوەندە شیعرەی لەبەر دەستدایە کە لەسەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم دایناوە . چونکە شیعرێکی زۆری نەماوە.

٢- لەڕووی ڕوخسارەوە زۆر باش باسی شیعرەکانی عەونی کردووە بەکورتی . بەلاَم لە کۆتایی نووسینەکەیدا باسی (زمانی شیعری و هونەری ڕەوانبێژی)ەکەی کردووە ئەگەر لەگەڵی باسی بکردایە نووسینەکە یەکگرتووتر دەبوو.

٣ – لەڕووی ڕوخسارەوە هیچ نموونەیەکی شیعری نەهێناوەتەوە.

٤- بەپێی ئەو زانیاریانەی ئێمە دەستمان کەوتوون شاعیر خۆی مێژووی بۆ شیعرەکانی داناوە . تاکو ئێستا کۆنترین شیعری عەونی ئەمانەن:- (زوحاك . وتو وێژی لاو و پیر . بۆخاوەنی هاوار . ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم و ئەی برادەران)ە هەموویان لەسەرەتای سییەکانەوە تاکو کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەمە . لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کاسەیان پڕە لە کوردایەتی و لێوان لێون لە هەستی نەتەوایەتی . بۆیە پێمان وایە عەونی بە شیعری نەتەوەیی دەستی پێ کردووە و پاشان لەگەڵ شیعری دڵداری تێکەڵی کردووە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم نووسینە نووسینێکی ئەکادیمیەو بە پلەی یەکەمی هەموو ئەو نووسینانەی دەزانین کە تاکو ئێستا لەسەر عەونی نووسرابن . چونکە وردەکاری و قوڵبوونەوەیەکی زۆری پێوە دیارە و وەکو خوری شیکراوەتەوە.

- ساڵی ٢٠١١ چاپی دووەمی(دیوانی عەونی)[1] لەسەر ئەرك و پێداچوونەوەی فەرهاد عەونی کوڕی شاعیر چاپکراوەتەوە . شەش سەدو حەوت (٦٠٧) لاپەڕەی لەخۆگرتووە .

---

[1]- فەرهاد عەونی ، دیوانی عەونی ، چ٢ ، چاپخانەی رۆژهەلاَت ، هەولێر ، ساڵی ٢٠١١.

جیاواز لەچاپی یەکەمی بەهۆی زیادکردنی هەندێ شیعر کەدوای چاپی یەکەم دەستیان کەوتۆتەوە . لەگەڵ هەندێ لەو بابەتانەی کەلە دوای چاپی یەکەم لەسەر عەونی نووسراون لەپاشبەند بلاّوکراونەتەوە . جگە لەو پێشەکیەی مامۆستا کەریم شارەزا بۆچاپی یەکەمی نووسی بوو . فەرهاد عەونی پێشەکیەکی بۆ چاپی دووەم نووسیوە و هۆکاری چاپی دووەمیشی تیادا خستۆتەڕوو،پاشان ژیانی عەونی نووسیوەتەوەو شیعرەکانی دابەش کردووە بۆسەر چەند مەبەستێکی شیعری . وەکو:-(شیعری کوردایەتی . دڵداری . سۆزی دەروون . خەباتی گەلان و وەسف) . چەند قالبێکی شیعریشی دەست نیشان کردووە . وەکو:- (پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعری خۆی . پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعری شاعیرانی وەکو:- (نالی . وەفایی . صافی . مەیلی و حەوت شیعری هێمن) . هەروەها ئەم دوو شیعرەی لەگەڵ (دڵدار)ی شاعیر دایان ناوە . تێهەڵکێش لەگەڵ شیعرێکی (حافظی شیرازی) و پارچە شیعرێکی گۆڕدراوەی (ئەبولعەلای مەعری) بۆکوردی و وەرگێرانی شیعرێکی (کەلیمی هەمەدانی) لەفارسیەوە بۆکوردی و کۆپلەیەك لەپێنج خشتەکی (جاهید) لەسەر شیعرێکی عەونی وهەشتاو هەشت (٨٨) چوارینەی عەونی و سەدو چل و یەك(١٤١) چوارینەی وەرگێردراوی خەیام بۆ سەر زمانی کوردی لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٤ وەریگێراوە . هەژدە(١٨) تاك شیعر و چەند شیعرێکی تر کە بۆ مناسەبەی جیا جیا داینـاوە و هەشت (٨) چیرۆکە شیعر بەناوەکانی (سەرگوزەشتەی مام ڕێوی و ورچ . ڕێوی و دەهۆڵ . سەرگوزەشتەی ورچ و مەیموون . پیرێك . مامەی لادێ . مار و باخەوان . گوڵ و بولبول و بازرگان و توتی) . لەگەڵ دە (١٠) مەتەڵ و سێ (٣) پارچە پەخشان بەناوی (دیاری لاوێك . پایزم خۆش ناوێ و کۆششی مێرووله- پێوانی پیاو لەناو مانا) . دەقی بانگەوازی ئاشتیخوازانی کۆیە کە شاعیریەکێك بووە لەو کەسایەتیانە . دەقی چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ساڵی ١٩٩٢ز و چەند بروسکەیەکی ماتەمینی لەلایەن کەسایەتی و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و چلەی ماتەمینی شاعیر لە ڕۆژی ٢٩- ٨ – ١٩٩٢ز چەند کۆپیەکی بلاّوکراوە و بەڵگەنامەی شاعیر و هەندێ وێنەی شاعیر کە لەگەڵ هاورێکانی لە بەندیخانەو گەشت و

گوزار لە شەقلاوە و بێخاڵ و حاجی ئۆمەران گرتوویانە و بە لۆگۆی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد کۆتایی هاتووە.

ئێمە لەبەر بارودۆخی ئەوسای ناوخۆی کوردستان و رزگار بوونی شیعرەکانی عەونی لە فەوتان. چاوپۆشیمان لەچاپی یەکەمی دیوانەکەی کردووە. بەلاّم هیچ پاساوێك نییە بۆچاپی دووەمی دیوانەکەی. بۆ ئەم مەبەستە تێبینیەکانمان بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:-

١- بێجگە لە زیاد کراوەکان هەمان شێوازی چاپی یەکەمی هەیە.

٢- هەندێ بابەتی تیادا بلاّوکراوەتەوە ناوی نوسەر یا ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارەی تیایدا بلاّو کراوەتەوە نەنووسراوە.

٣- دەبوایە هەندێ لەدەست نووسەکانی شیعری عەونی لەدیوانەکەیدا بلاّوبکرابوایەوە.

٤- هەندێ لە مەبەستەکانی تری شیعری لەڕووی ناوەڕۆکەوە تێکەڵ بە شیعرەکانی ترکراوە وەکو:-

(شیعری ئاینی. کۆمەلاّیەتی. مەینۆشی و... تاد).

٥- لەڕووی قالبی شیعرییەوە عەونی خاوەنی چوار (پێنجین)ە کە هەریەکەیان حەوت (٧) کۆپلەن. بەلاّم بە پێنج خشتەکی تۆمارکراون لە لاپەڕە (٣٣٩- ٣٤٦). پێنجین هی یەك تاکە شاعیرە و پێنج خشتەکیش دەبێ دوو شاعیر تیایدا بەشدار بن. (بەم جۆرە پێنج خشتەکی ئەو شیعرەیە کە دوو شاعیر لە دانانی بەشدار دەبن)[1].

٦– عەونی سەد و چل (١٤٠) چوارینەی خەیامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. چونکە چوارینەیەکی لە لاپەڕە (٤٣٤) تۆمار کراوە لە لاپەڕە (٤٣٩) دووبارە کراوەتەوە:-

---

[1]- عەبدوڵلا خدر مەولوود، گ. ڕامان، ژ. (١٣٠)، ئاداری ٢٠٠٨، ل٧٢.

**ژیان و تەمەن بێ پەروا دەڕوا**
**زار و خەمبارو بێ هیوا دەڕوا**
**لە درێژی ژیان شادیم نەدیوە**
**حەیفم بۆ ژینێك دەڕوا وادەڕوا**

٧- عەونی (٨٦) هەشتاو شەش چوارینی هەیە نەك (٨٨)هەشتاوهەشت . چونکە یەکێکیان لە لاپەڕە (٣٩٨) تۆمارکراوە لە لاپەڕە (٤٠٨) دا دووبارە کراوەتەوە:-

**بنەوشەم دیت کزو داماو و خەمبار**
**گوڵم دیت شادو ڕووگەش دەم بەخەندە**
**نی یە زانایێ تاکو لێی ی بپرسین**
**گەلێك زۆر چارە ڕەش یەك بەهرەمەندە**

لە لاپەڕە (٤٠٨)دا چوارینەیەك تۆمارکراوە کە لەبنەڕەتدا شیعرێکی کەلیمی هەمەدانی یەو عەونی لە فارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:-

**دوودەستم هەردووگیراوە بەزوڵف و گەردنی ساقی**
**پیاڵە وەرگرم کامیان بەڕەڵلاکەم لەلام شەرمە**
**سەرینم گەرنەبێ باکم نی یە فرمێسکی دووچاوم**
**بەشەونەرمی دەکاوەك لۆکە ئەو بەردەی لەژێرسەرمە**

- ساڵی٢٠١٢ جەلال زەنگابادی لە کتێبێکی بەناوی (چوارینەکانی خەیام پاچڤەی عەونی) . لە (٢٢٠) لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە و فەرهاد عەونی پێشەکی بۆ نووسیوە . باسی ژیانی عەونی دەکات و دەڵێت:-

(عەونی نازناوی هۆزانیی هۆزانڤانی نەتەوە خوازی کورد عوسمان حبیب عەبدوڵڵایـە . کە لە ساڵی ١٩١٤ دا لە شاری کۆیە زاوە)[1] . پاشان دێتـە سەرباسـی خـەیام و چـوارینەکانی کـە (٤٧) لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە . ئینجا وەرگێڕانەکـەی عـەونی بـە هـەردوو دەقەکەیـەوە دەخاتـە ڕوو (کـوردی – فارسـی) و ئەوانـەی کـەهی خـەیامن دەسـت نیشـانی کـردوون و ئەوانەی کە گومانی لێ دەکرێت یاخود هی خەیام نین هەمووی ئاماژەی پێ کردووە و چەند هەڵە یەکی تیـادا راست کردۆتـەوە . چوار (٤) لاپـەڕەی بـۆ دەسـت نووسـی شـاعیر تـەرخان کردووە و پەراوێزوفەرهەنگۆکێکی بۆ وشەکان دروست کردووە لەگەڵ سەرچاوەکان.

تێبینیەکانمان لەم دوو خاڵەدا دەخەینە ڕوو:-

١- جگەلەوەی ساڵی لەدایك بوونی بە ١٩١٤ داناوە . بەڵام وشەی (زاوە)ی لـە بـری لـەدایك بوون داناوە . ئەم وشەیە نە لەزمانی قسەکردن و نە لەزمانی نووسینیشدا واتە لە رێزمانی کوردیدا بۆ مرۆڤ بەکارنایەت.

٢- هەندێ وشەی بەکارهێناوە کە نـا رێزمـانین وەکـو:(دەبـەڵگێنێ . خۆرۆشـنهزرکردن و میناك و... هتد) . ئەگەر ناوچەیی بێت یاخود شێوەزاری نووسەریش بێت پێویسـتە خـۆی لێ بپارێزرێت . چونکە لەگەڵ شێوازی نووسیندا ناگونجێت.

- سـاڵی ٢٠١٣ کـەریم شـارەزا لـە کتێبێکیـدا بـەناوی (کۆیـەو شـاعیرانی)[2] . بـەرگی دووەم چواردە (١٤) لاپەڕەی بۆ عەونی تەرخان کردووە . لە سەرەتادا کورتەیەك لە ژیـانی عـەونی باسـکردووە . لـە لاپـەڕە (٧٧) دا باسـی عـەونی و شـیعری دڵـداری دەکـات و دوو نموونـەی شیعری دەکاتە بەڵگە و لێکدانەوەیەکی تەندروستی بۆ دەکات . لە لاپەڕە (٨٣)دا دێتـە سـەر شیعری نەتەوەی لەلای عـەونی و بـە نموونـەی شـیعری و لێکدانـەوەکانی بابەتەکەی پشت ئەسـتوورکردووە و بـاس لـە شـیعری سیاسیشـی دەکـات بـە نموونـەوە . لـە لاپـەڕە (٩٠) دا دەڵێت:- دیوانی عەونی دووجار چاپکراوە . چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٣دا بەپێشەکی کەریم

---

[1]-جەلال زەنگابادی ، چوارینەکانی خەیام ، چ١ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ساڵی ، ٢٠١٢ ، ل١١ .

[2] – کەریم شارەزا ، کۆیە و شاعیرانی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ساڵی ٢٠١٣ ، ل٧٦.

شارەزا لە هەولێر دەرچووە . چاپی دووەمیشی بەزێدەکراوی چەندەها لێکۆڵینەوەی پتەو پاشکۆ و وێنەی ئەرشیفی لەلایەن کاك فەرهاد عەونی یەوە دەرچووە.

تێبینیەکانمان بە کورتی دەخەینە ڕوو:-

١- چاپی یەکەمی دیوانی عەونی لەساڵی ١٩٩٧ز چاپکراوە . لەسەر ئەرکی شەوکەت شێخ یەزدین . وەزیری دارایی کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- عەونی شیعری کۆنتری هەیە لەڕووی مێژووەوە لە چاو ئەو شیعرانەی کە نووسەر بۆ شیعری دڵداری هێناویەتیەوە کە گوایە دەسپێکی شیعردانانی بە دڵداری دەست پێکردووە . لە تەوەری یەکەمدا باسمان کردووە کە بەشیعری نەتەوەیی دەستی پێکردووە و بەڵگەشمان خستۆتە ڕوو.

لە چاو نووسەرانی تردا کەریم شارەزا زۆرترین نووسینی لەسەر عەونی بلاْوکردۆتەوە . پشکی شێری بەرکەوتووە . ئەمەش هۆ و هۆکاری خۆی هەیە . نووسەر دەڵێت:-(عەونی وەسیەتی کرد کە پاش مردنی دیوانەکەی بدەن بە کەریم شارەزا بۆ رێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ)[*] . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە عەونی و کەریم شارەزا بێجگە لە هاو شاری پەیوەندی هاورێیەتی و تارادەیەکیش دوورە خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبووە.

- لە ٥ – ٩ – ٢٠١٣ ئەدەب و هونەر پاشکۆی کوردستانی نوێ بابەتێکی بەناو نیشانی (یەکەمین ڤیستیڤاڵی عەونی شاعیر لە کۆیە)[١] . بلاْوکردۆتەوە کە کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر بەشداریان تێدا کردوە و ڕاو سەرنجەکانیانی لەسەر ڤیستیڤاڵەکە خستۆتە ڕوو . بەگشتی ستایشی ڤیستیڤاڵەکەیان کردووە و بەکارێکی باشیان داناوە . هەرچەندە ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ بیروڕای ئەم نووسەر و شاعیرانە . بەلاْم ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمە یە ئەوەیە کە بیست و یەك ساڵ دوای کۆچی دوایی عەونی لە سنووری بەرێوەبەرایەتی

---

([*] ) ئەم زانیاریەم بەتەلەفۆن لە کەریم شارەزا وەرگرتووە ، رێکەوتی١٥ – ٨ – ٢٠١٣.

[١]-سەردار ئەکرەم و ئومێد رەزا ، یەکەمین ڤیستیڤاڵی عەونی شاعیر لە کۆیە ، ئەدەب و هونەر پاشکۆی کوردستانی نوێ ، ژ. ( ٦١٧٣) ، پێنج شەممە ، ٥ – ٩ – ٢٠١٣ ، ل٢ – ٣ .

رۆشنبیری هونەری کۆیە ڕێکخراوە . چونکە شیاوی ئەوەبوو کە زووتر و چەندەمین جار بووایە . نەك یەکەمین جار.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو سەرنج و تێبینی و هەڵسەنگاندنانەی کە خستمانە ڕوو دەربارەی ئەو نووسینانەی کە لەسەر عەونی نووسراون . ئەمانە شتە زەقەکان بوون . لە ترسی درێژدادڕی بەسەر زۆرخاڵ و شتی تر پازمان داوە و چاو پۆشیمان لێ کردووە.

# بــەشی دووەم

# بەشی دووەم

"کاریگەریی شاعیرانی کلاسیك و نوێی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی دا"

## تەوەری یەکەم:

"کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی دا"

- بابا تاهیری هەمەدانی
- نالی
- حاجی قادری کۆیی
- وەفایی
- صافیی هیرانی
- مامەند کەرکووکی
- مەیلی

## تەوەری یەکەم /

## کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی دا:

ئاشـکرایە مەسـەلەی شـیعری کلاسـیکی کـوردی هەرچـۆن باسـی بکـەیت و بابـەت و لێکۆڵینەوەی بۆ ئامادەبکەی وەکو دەریا وایە وابەئاسانی تەواو نابێت . ئەمەش بۆ گەورەیی و دانـایی شـاعیرانمان دەگەڕێتـەوە . (شـۆڕە سـوارانی شـیعری کلاسـیکی کـوردی مـژدەی هەڵهاتنی سەرەتاو دەست پێ کردنی زمانی ئەدەبی کوردییان دایە نەتەوەی کورد . هەوڵ و تەقـەلاّ پـیرۆز و پرشـنگ دارەکـەی نـالی شـارەزووری و کـوردی و سـالمی تیـا دیـارەو شـاکارە ئەدەبیـەکان و جێگـا پەنجـەی ئـەم کەڵـە شـاعیرانە جێگـای شـانازی هەمیشـەیی نەتـەوەی کوردە)[1].

شاعیرێك شك نابەم کەسوودی لە شاعیرانی پێش خۆی وەرنەگرتبێت و لەئـەدەبی پـێش خۆی دابڕابـێ و شـیعری گـەورە شـاعیرەکان هەست و هۆشـی گـۆش نـەکردبێ . عـەونی لـە ئەنجامی خوێندن و تێکەڵی لەگەڵ فەقێیانی مزگەوتو قوتابیانی قوتابخانەی کۆیەو گەڕانی لەگــەڵێك شــوێندا و هاورێیــەتی لەگــەڵ دەســتەیەکی خوێنــدەوارو ڕۆشــنبیری کۆیــەو دەوروبەری لە زانای ئاینی و شاعیر و ئەدیب و نیشتمان پەروەران و مامۆستا دڵسۆزەکانی و خوێندنــەوەی دیـوانی شـاعیرە ناودارەکـانی گەلەکـەمان . بێگومــان بــەدەر نــەبووە لــە کەوتنەژێر گاریگـەری شـاعیرانی پـێش خـۆی و کاریگـەری هەنـدێ لـە شـاعیرانی سـەردەمی خۆشی پێوە دیارە . چاکترین بەڵگەشمان وتەکانی خۆیەتی کە نـاوی هەنـدێکیانی هێنـاوە . وەکـو دەڵێـت:-(شـیعرەکانی حـاجی و نـالی هـەوێن بـوون . لـە شـاعیرانی ئـەم سـەردەمەش هەژارموکریانی نەك هەرشاعیرێکی زۆرگەورەیـە بـەڵکو پاسـەوانێکی زمـانی کوردیشـە . لـە

---

[1]- حەمەسەعید حەمە کەریم ، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، چاپخانەی دارالحریە ، ١٩٨٦ ، ل١٠ .

تەنیشت ئەویشەوە شیعرەکانی مامۆستا هێمن زۆرکاریان تێکردووم تەنانەت چەند شیعرێکیشم تەخمیس کردووە)[١].

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەدەب خەرمانێکە هەریەکەو دێ مشتێکی دەخاتە سەری و دەوڵەمەندی دەکات . (کەواتە رەسەنایەتی رەها لە ئارادانییە و هەموو ئەدیبەکان وامداری پێش خۆیانن)[٢] . ئەم کاریگەری و کارتێکردنەش پەلکێشمان دەکات بەرەو ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوان بەرهەمی دوو شاعیردا . بەلأم نابێ ئەوەمان بیرچێتەوە کە بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەربوون (پێویستە جیاوازی لە نێوان زمانی دوو ئەدەبەکەدا هەبێ)[٣] . واتەلە نێوان دوو نموونەی ئەدەبی یان دوودەقی جیاواز لەزماندایە . کەواتە ناچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکردنەوە . بەڵکو دەبێتە بەرامبەری (موازنە) . بەلأم بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی بەراوردکردن لەیەك زماندا دروستە بەمەرجێك لە دوو ناوچەی جیاوازبێت . چونکە بەپێی جیاوازی بارودۆخی کۆمەلأیەتی و ژینگەیان بۆچونیان جیاواز دەبێت با بەیەك زمانیش بنووسن . (چونکە لەو قوتابخانەیەدا جیاوازی زمان مەرج نییە)[٤].

هەرچەندە لێرەدا مەبەستمان بەراورد کردن نیە . بەڵکو تەنها ئەوە نەبێت کە کاریگەریی شاعیرانی کلاسیك و نوێی کوردی بەسەر عەونی یەوە بە نموونە بخەینە ڕوو . (ڤ. م. جیرنۆمسکی پێی وایە کاریگەری ئەدەبی خاڵی چوونە ناو گەشەی زانستیە)[٥] . هەرچەندە مەرج نییە ئەم کاریگەریانە هەمووی هەر لەرێگەی خوێندنەوەی شیعری

---

1 ك ، ن ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەونی ، کوردستانی نوێ ، ژ. (١٠٩) ساڵی یەکەم ، پێنج شەممە ٤-٦-١٩٩٢ ، ل٦.

2 محمد غنیمی هیلال ، الادب المقارن ، دارالعودة- بیروت ، ص٢١.

3 محمد عبدالسلام كفافی ، فی الادب المقارن ، الناشر دار النهضة العربية ، بيروت ، ١٩٧٢ ، ص٢٤ .

4 ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بەشێك لەدیوانی موخلیس ، چ١ ، چاپخانەی سپیرێز- دهۆك ، ٢٠١٠ ، ل١٠٩ .

5 ظ . م . جيرنومسكی ، نقلها عن الروسية ، عزالدين مصطفى رسول ، الدراسات الادبيةالمقارن ، الجزء الاول ، سليمانية - ٢٠٠٠ ، ص٧.

شاعیرانەوە بێ . لەوانەیە هەندێ لەو کاریگەریانە لەرێگەی رۆشنبیری دەورووبەرەوە بێت . واتە لەبێ ئاگاییەوە نییە . بەڵکو بەهۆی ئاگاداربوونیان لەڕووداو و کارەساتەکانی سەر نەتەوەو باری کۆمەلأیەتی و هەستە نیشتمان پەروەریەکەوەبێ . دەشێ ئەم کاریگەری و لێك وەرگرتنە لەرێگەی وشە یاخود دەستەواژە وە بێ . یان لەرێگەی وەرگرتنی وێنەو واتاوە . یا هەرنەبێ سێبەروبۆنی شیعری شاعیرێکی تری بەسەرەوەبێ . ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەم کاریگەریانە لەخوارەوە بە نموونەی شیعری بخەینە ڕوو:-

## یەکەم:-بابا تاهیر و عەونی:-

بابا تاهیری هەمەدانی لە (٩٣٧م – ١٠١٠م)[1] . لە هەمەدان لەدایك بووە و هەرلەم شارەش ماڵئاوایی لەم جیهانە کردووە . وەکو کۆنترین شاعیری کورد بە بیرو فەلسەفەی کوردی کاریگەری لەشاعیرانی کوردو بیانی کردووە . چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی وایان لەخەیام کردووە کە چەندین وێنەو بیری فەلسەفی وەربگرێت و لەشیعرەکانیدا ڕەنگ بداتەوە . (لەو سەردەمەی بابا تاهیر پەیدا بوو . نزیکەی هەشتا ساڵ دواتر عومەری خەیام دەرکەوت . کە چەندین وێنەی شیعری و فیکری لە هەمەدانی وەرگرتووە)[2] . لەناو شاعیرانی کوردیشدا عەونی یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی و بەچەند بابەتێکی کاریگەربووە... فەلسەفەکەشی لەوەدایە کەباسی ریشەی ئادەم و حەواو لێ کەوتنەوەی هەموو مرۆڤە بەپێی فەلسەفەی ئیسلام . وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:- - **بابا تاهیر دەڵێت:-**

**بەڕەتلاَیەکم ئاوایە پیشەم**
**دەستێ بەجام و دەستێ بە شوشەم**
**تۆ بێ تاوان بی دیارە فریشتەی**
**منیش لە (حەوا)و(ئادەمە)ریشەم ([1])**

---

[1] عەلائەددین سەججادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ١، بلاَوکردنەوەی کوردستان(سنە) ، ١٣٨٩ ، ل١٧٩

[2] هەیاس محمود کاکەیی ، بەدوا داچوون و لێکۆڵینەوە دەربارەی بابا تاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی ، چ١، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل١٣ .

[1] - ڕازی ، چوارینەکانی باباتاهیری عوریان ، لە لوڕیەوە کردوویەتی بەسۆرانی ، گ. ڕۆڤار ، ژ.(٣٨) ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل٢٠ .

**- عەونی دەڵێت:-**

**عەونی واپیر بووە بێ یارو یاوەر ماوەتەوە !**
**ئاشنایان هەموو ڕۆیشتن و کەس نایەتەوە !!**
**ئەوە کاروانێکە لە ڕێ دایە بەبێ ڕاوەستان**
**لەو دەمە ئادەم و حەوا بووە نەپساوەتەوە!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٣.

وێنەکە لە ڕەگ و ریشەی ئادەمیزاد یەك دەگرێتەوە کە ئادەم و حەوایە.

**- بابا تاهیر لەچوارینەیەکی تردا دەڵێت:-**

**ا گـــر دسـتـم رسـد بـر چـرخ گـردوون**
**از او پرسم که این چند است و ان چون**
**یـکـی را داده ای صـدگـونـه نـعـمـت**
**یـکـی را قـرص جـوالـوده در خـون ([2])**

**واتاکەی:-**

ئەگەر دەستم بگاتە سەرەوە (گەردوون)
لێی دەپرسم ئەمەیان چۆنەو ئەویان چۆنە
یەکێك دەوڵەمەندو لەوپەری شادی دەژیت
یەکێك هەژاروچەوساوە بەهەزارخوێنی دڵ نانێکی جۆی دەست دەکەوێت.

**- عەونی دەڵێت:-**

**وەنـەوشەم دیـت کـزو دامـاو وخـەمـبار**
**گوڵم دیت شادو ڕووگەش دەم بەخەندە**
**نی یە زانـا یێ تـاکـو لێ ی بپرسـین**
**یەکێك واچارە ڕەش یەك بەهرەمەندە!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٨.

---

[2] - عباس احمدی ، چوارینەکانی باباتاهیری عوریان ، گ. ڕۆڤار ، ژ.(٣٨) ، سلێمانی ، ١٥ – ٢ –٢٠٠٦ ، ل٦٦ .

عەونی واتاکەی وەرگرتووەو بەشێوازێکی تر دایڕشتۆتەوە کەهەمان مەبەست دەدات بەدەستەوە . ئەوەی وێنەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە جیاوازی نێوان دروستکراوەکان و پرسیار کردنە لەوکەسەی کە زانایە بەهەموو شتەکان کەخوای گەورەیە . وەکو لە قورئانی پیرۆزدا لەسورەتی الأحزاب ئایەتی (٥٣) دەفەرموویێت:-﴿ فان اللّهَ کان بکلِ شَیءٍ علیماً ﴾ واتە:-(بەراستی خوا زانایە بەهەموو شتێك)[1].

**لەچوارینەیەکی تردا باباتاهیر دەڵێت:-**

**مووئەز قالوو بەلا تەشویش دێروم**

**گوناه ئەز بەرگی داروون بیش دێروم**

**چوو فەردا نوومەخوونون نوومەخوونن**

**موو دەرکەف نوومە سەر دەپێش دێروم**

**واتاکەی:-**

من لەقالوو بەلاوە برسم هەیە
لەگەڵای دار و درەخت زیاتر گوناهم هەیە
لەو ڕۆژەی کەهەرکەس کتێبی خۆی دەخوێنێتەوە
کتێبی دەستم شان و پیلم دەچەمێنێتەوە ([2])

**- عەونی دەڵێت:-**

**پاش مردن کاتێك . کۆدەکرێنەوە**

**لەگۆڕەپانی لێپرسینەوە**

**هەرکەس دەفتەرێك دەدرێتە دەستی**

**دەڵێن: (کردەوەی خۆت بخوێنەوە!)**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٢.

---

[1] کۆمەڵگەی مەلیك فەهد ، وەرگێڕانی مانای قورئانی پیرۆز بۆسەر زمانی کوردی ، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف ، المدينه المنوره ١٤٣٣هـ ، ل٤٢٥ .

[2] مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٢٢٨ .

وێنەکە لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە لەڕۆژی دوایی لە گۆڕەپانی لێپرسینەوە دا هەرکەسێك دەفتەری کردەوەکانی خۆی پێدەدرێت و دەیخوێنێتەوە. فەلسەفەی ژیان و مردن و زیندوو بوونەوە لە ئیسلامدا روونکراوەتەوە کە ژیان بۆ عیبادەت و تاقیکردنەوەیە و مردنیش هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ ئەوەستێنێ و شتێکی بەلگە نەویستە سەبارەت بە مرۆڤەکان . چونکە (مردن رووداوێکی ڕۆژانەی هەر کۆمەلگایەکی گەورەو بچووکی مرۆڤایەتییە . هەر مرۆڤێکیش لە ژیانیدا جارێك دەمرێ)[1].

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (العنکبوت) ئایەتی (٥٧) دا دەفەرموویت ﴿ کل نفسٍ ذائقة الموت...﴾ . واتە هەموو گیان لەبەرێك ئێش و ئازاری مردن دەکێشێ. دوای ئەم قۆناغە رۆژی زیندوو بوونەوە دێت کە مرۆڤەکان ئەنجامی کردەوەکەیان وەردەگرنەوە . کەواتە مرۆڤەکان دوو جار ژیان و مردنێکیان لەچارەنووس دا هەیە.

## دووەم:- نالی و عەونی:-

نالی وەکو شاعیرێکی گەورەی کورد لەسەردەمی خۆی و دوای خۆی تاکوئیستا چەندین شاعیر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی . عەونی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە نالی شاعیر لەهەموو شاعیرانی پێش خۆی و دووای خۆشی زیاتر کاری تێ کردووە و بەلای شیعرە دلداریەکانی راکێشاوە . وەك لە نموونانەکانی خوارەوەدا دەبینین:-

- نالی (١٨٠٠ – ١٨٥٦) دەلێت:-

**بۆتۆزی رەهت دیدە سەقاو موژە جاڕووب**
**ترسام کەلەپێت چێت دەمێ جێت بمالم**

---

[1] مەولود ئیبراهیم حەسەن ، گەڕان بەدوای نەمریدا ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل١٣٢ .

چاوم داناوە بەفرمێسك ئاورشێنی رێت بکا . برژانگیشم داناوەگسکی بدات بۆت . بۆئەوەی تۆزی رێ نەیەت بەسەر ڕووتا . بەلاّم لەوەترسام کاتێ کەجێگاکەت گسك ئەدەم برژانگێم بەجێ بمێنێ و پاشان بچێ بەپێتا و ئازارت بدا... ([1]).

- **عەونی دەلێت:-**

**چ خۆشە پێ دەنێیە بانی چاوم**

**بەجارووبی موژەم ژێرپێت بمالّم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٠.

عەونی پێی خۆشە یارەکەی پێ بنێتە سەرچاوی و برژانگەکانی بۆ بکاتە گەسك و ژێرپێی یاری پێ بمالێ . کەرستەی لەنالی وەرگرتووە هەمان وێنەی لێ دروست کردووە بەدەستکاریەوە.

- **نالی لەشیعرێکی تردا دەلێت:-**

**عاشق – دەلێ- نابێ کەبدا خۆی لەداوم**

**زولفم کەهەموو داوە . هەموو دانەیە خالّم**

باسی خۆلێدانی داوەکە دەکا . داو و دانەکان زۆرن . بەهۆی ئەم زۆریە ڕزگاربوونی نێچیر زۆر زەحمەتە یا هەر مەحالە ([2]).

- **عەونی دەلێت:-**

**داوی ئالّۆزاوی زولفیم دیت لە دەوری خالّی ڕوو**

**ترس و لەرزی زۆرمە لەم داو و دانە سلّ دەکەم**

---

[1] - مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، دیوانی نالی ، چ٢ ، بلاّوکردنەوەی کوردستان ، سنە ١٣٨٧، ل٢٩٧.

[2] - عەبدوللاّخدر مەولوود ، کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە سەر یەکتریدا ، چ٢ ، چاپخانەی رۆژهەلاّت ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل٢١ .

عەونی زۆر بەئاشکراو ڕوونی دەڵێ: بەچاو شتێك دەبینم . بۆتە مایەی ئەوەی ترس و لەرزم هاتیتێ . بۆیەمافی خۆمە لێی سڵ بکەمەوە . ناوێرم ! هەرهەندەبچمە پێش بەو داو وفاقەوە دەبم و پەلبەست دەکرێم ([1]).

**- لەشیعرێکی تردا نالی دەڵێت:-**

**دوێنێ چ بوو دەت دا بەزووبان لافی کەرامەت**

**ئەمڕۆ نەدەمت بوو . نەدەمت بوو . نەدەمت بوو**

واتە: دوێنێ کە بەسەر زیندوو بووی . بەراست و چەپدا لاف و گەزافت لێ ئەداوخۆت نەبێ کەست بەهیچ نەدەزانی . ئەمڕۆ کەراست و ڕەوان بەرابەر بە دەسەڵاتی مەرگ وەستایت و هیچت لەئاستدا پێ نەکرا . لەو هەموولاف و گەزافە پەشیمان بوویتەوە . نەتوانیت هەناسەیەك بدەیت و نەدەمت گۆی کرد هیچ بڵێ. دیوانی نالی . چ٢ . ل٣٧٩.

**- عەونی دەڵێت:-**

**ئەی دڵ . بەخەتا تاکەی . مایل بەخەتاکاری ؟**

**دوێنێکە دەمێکم بوو . ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٧.

عەونی وەك نالی بەپرسیار دەست پێدەکات و ڕوو لە دڵی گوناهباری دەکات و پێی دەڵێ هەتاکەی ئارەزووی ئەم گوناهوو تاوانە دەکەی؟ دوێنێ کات و وەختێکم هەبوو . ئەوڕۆ پەشیمان بوویمەوەو ئەم لۆتفەم نەماوە. سێبەرو کاریگەری نالی بەشیعرەکەی عەونی دیارە کەدەیەوێت بەهەمان کەرستەو ڕەنگەوە وردەکاری ڕەوانبێژی بنوێنێ و وەستایی خۆی پیشان بدات.

**- نالی دەڵێت:-**

**خەتات فەرموو کەخۆشە چین و ماچین**

**کەناچین لێرە خۆشە چینی ماچین**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو . ........ ل٣٣.

واتە: هەڵەیە کە ئەڵێن وڵاتی چین و ماچین خۆشە . چین و ماچین خۆش نییە . ئێرەخۆشە ئێمەش بۆیە لێرە لاناچین بەهیوای ماچێکمان دەسگیربێ. دیوانی نالی . چ٢ . ل٣٥٥.

- عەونی دەڵێت:-

**رێ ی خەتامەگرە دڵە ڕوو بکە چین**
**گەردەزانی لەمەبەست بۆچی دەچین**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٤.

عەونی مەنەلۆگ لەگەڵ خۆیدادەکات بۆئەوەی رێگای گوناهو تاوان نەگرێت . بەڵکوبەرەوچین بچێ کە رێگا راستەکەیە . هەردوو وشەی (خەتاو چین)ی لەنالی وەرگرتووە و وێنەیەکی تری پێدارشتووە . هونەری رەوانبێژی لەنێوان وشەکان (چین و دەچین) دا دروستکردووە . کە ڕەگەز دۆزی ناتەواوە لە جۆری زیاد.

- نالی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**
**دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە** دیوانی نالی . چ ٢ . ل٥٧٩.

نالی ڕووی مەحبووبەکەی بەئاسمان چواندووە . برۆکانی بەدوومانگی یەکشەوەی چواندووە و زوڵفەکانی بەدووشەو و پرومەتی بەدوومانگی تابان چواندووە . جوانی ڕووخساری خۆشەویستەکەی پێ دەرخستووە . بەپێچەوانەی ئاسمان کەئەمانە دوو دوو نین بەیەکەوە.

- عەونی دەڵێت:-

**ئاسمانی حوسنی رووخسارت لەئەبرۆ و چەرخی روو***
**تاقی ئەبرۆت دووهیلال و چەرخی کوڵمەی خۆرتە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٣.

* ئەم شیعرە عەونی لەگەڵ دڵدار داییناوە.

رووی یـاری بـەئاسمان چـواندووە . برۆکـانی بـەدوومانگی یەکشـەوە و کـوڵمی بـە خۆر(الشمس) چواندووە،کاریگەری نالی بـەزەقی بەسـەر هەردووکیانـەوەدیارە لـە وەرگرتنـی وشە و دروستکردنی وێنەی شیعری و هونەری رەوانبێژیە کەشیان.

**- نالی لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**لەخەوفی تەلعەتت ڕۆژ هەروەکو شێت**

**بەروو زەردی هـەڵات و کـەوتـە کێـوان**

دیوانی نالی . چ٢ . ل٣٣١.

تەلعەت: (طلعت) روومەت . هەڵاتن.

**- عەونی دەڵێت:-**

**لەترسی تەلعەتی ڕووی ڕۆژ کەسەر گەردانە هەڵنایێ**

**نە ئەوهات و نە ئەم هەڵهات دەزانم ئەو کە هەرنایی[٧]**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٤٠.

هەندێ کەرستەی لێ وەرگرتووە و دەستکاری تیادا کردووە . وێنەیەکی سەرنج راکێشی لێ دروست کردووە.

**- لە شیعرێکی تردا نالی دەڵێت:-**

**گەر ئەشرەف و مەحبووبە بەیووسف کوڕی یەعقوبە**

**کـچ بـوو بـەخـریـداری یـەعـنـی کە زولـەیـخا کـچ**

دیوانی نالی . چ٢ . ل١٦٦.

خریدار: کریار

**- عەونی دەڵێت:-**

**یـوسفـی مـیسـری عـزیـز بۆچی دەزانـێ عـاقـیـبـەت**

**کەی دەگەییە مەرتەبە تا نەچووە ناو زیندانی عەشق**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٥.

وێنەکە لە ئامازەکردن بۆچیرۆکی یوسف و زولەیخا یەکدەگرێتەوە.

**- نالی دەڵێت:-**

**تۆ یووسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جیانیمن پیرم و فانی**

**لەم کوڵبەی ئەحزانە نەزیندووم و نەمردووم هەروا بەتەماتم**

کوڵبە: کەلاوە. ئەحزان: جمعی حوزن: خەم دیوانی نالی . چ٢ . ل٢٧٦.

**- عەونی دەڵێت:-**

**لەم کوڵبەی ئەحزانە . عەشقی سەنەمێکم بوو**

**لەم چۆڵ و بیابانە . باخی ئیرەمێکم بوو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٧.

سەنەمێکم: (صنم.ع.) مەبەست شۆخ و شەنگ . خۆشەویست . دلبەر . یار . بت ([1]).

ئیرەم: شاری کۆنی وەك بەهەشت رازاوەبووە . ناوی لە قورئاندا هاتووە. مەلای جزیریش باسی شاری ئیرەمی کردووە و دەڵێت:-

**گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم**

**شەب چراغی شەبی کوردستانم([2]).**

عەونی دەستەواژەیەکی لە نالی وەرگرتووە و وێنەیەکی ناسکی لەسەر دارشتووە.

**- نالی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**ماچی دەمەکەی دامێ کەدامێ سەرو ماڵم**

**بنوارە چ سەییادە . چ جەللادە بەحاڵم**

دیوانی نالی . چ٢ . ل٢٩٦.

---

[1]- محەمەد نوری عارف ، فەرهەنگی دیوانی شاعیران(نالی،سالم،کوردی) ، چ٢ ، بلاوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل٥٤٧.

[2]-عزالدین مستەفا رەسول ، شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی مەلای جزیری ، چاپخانەی دارالحکمە ، هەولێر ، ساڵی ١٩٩٠ ، ل٩٠.

- عەونی دەڵێت:-

**بـەمـاچـێـکـی دەمـی تـۆ دەی فـرۆشـم**

**ئەگەر بم بێ هەموومولْکی کەی وجەم**

کەی: مەبەستی کەی خوسرەوی شای ناودار.

جەم: مەبەستی لە جەمشیدی شای ئێرانە.دیوانی عەونی . چ۲ . ل١٥٨.

وێنەکە لەئاڵ و گۆریدا یەك دەگرێتەوە لەگەڵ یاردا . سەودا کردنی سەروەت وسامان بەماچی دەمی یار.

- نالی دەڵێت:-

**هـەنـاسـەم زولفەکـەی لاداو مـەیـلێکی نـەکـرد چاوی**

**نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابردو نێرگس هەر لەخەودایە([1]).**

- عەونی دەڵێت:-

**هەناسەم زولفەکەی لادا لەســــەر ڕوو**

**کەمانگ ئاوابوو . ئەمجا مانگە شەو بوو**

دیوانی عەونی . چ۲ . ل١٧٠.

وێنەکە لەلادانی زوڵف بەهەناسە لەسەرووی یاردا یەك دەگرێتەوە . کە عەونی ئەم دەستەواژەی لێ وەرگرتووە و وێنەیەکی تری پێ دروست کردووە.

- نالی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-

**ناری سینەم گەر نەبێ . غەرقم ئەمن**

**ئاوی چـاوم نـەبـێ . ســووتـاوم ئـەز**

نار: ئاگر. غەرق . غەریق: خنکاو                دیوانی نالی . چ۲ . ل٢٣٢.

---

[1]- مارف خەزنەدار ، نالی چۆن گوڵ دەبینێ ، گ . کۆلێژی ئەدەبیات زانستگای بەغداد ، ژ. (٢٣ ) ، ١٩٧٩ ، ل١٧ .

- عەونی دەڵێت:-

**لەگەرمی سۆزی سینەی خۆم دەترسم**

**کە ئاگر بەر بداتە جسم و جانم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٩.

- نالی دەڵێت:-

**هەتا تۆم ئاشنابووی . ئاشنام بوون**

**ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ**

ئەغیار: بێگانەدیوانی نالی . چ٢ . ل٣٩٣.

- عەونی دەڵێت:-

**بەچاوی تۆ ئەگەر تۆم ئاشنابی**

**لەگەڵ غەم ئاشنا نابم هەتاهەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٨.

- لەشیعرێکی تردا نالی دەڵێت:-

**وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ روو ڕەشی تۆبم**

**ئەم ساڵە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری**

دیوانی نالی . چ٢ . ل٦٥٤.

- عەونی دەڵێت:-

**ئەم بەڵێنەی بەمنت فەرموو گووتت: (دێمە ژوان)**

**چاوەرێم رۆژو شەوم وەعدەیی پارم گەرەکە**

یوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٢.

وێنەکە لە گێڕانەوەی ئەو گفتووگۆ و بەڵێن وپەیمانەی کە یارپێی داون وساڵێکی بەسەر داچووە یەکدەگرێتەوە.

ئەم نموونە شیعریانە (مشتێ بوون لە خەرواریێك) . سەرەڕای ئەمانە عەونی پێنج خشتەکیەکی لەسەر شیعرێکی نالی داناوە . لە سەرەتادا بە وەسفی نیشتمانەکەی دەست پێ دەکات کەچەندە خۆش و رازاوەیە . پڕە لەگوڵ و باخ و سەوزایی هەرکەسێکیش دژی گەل و خاکەکەی بێت بەناڕەسەنی داناوە . پاشان دێتە سەر وەسفی جوانی یارەکەی . زۆر لێزانانە جوانی یار و جوانی نیشتمانەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە و دڵنیایە لەوەی کەهەردووکیان خودا ئەو جوانیەی پێداون و دروستکراوی یەزدانن . دەڵێت:-ئەوندە جوان و رازاوەن (مانی) نیگار کێشی بەناوبانگی ئێرانی کاتێك کە ویستوویەتی وێنەی بکێشێ دەستی دەلەرزێت لەبەر ئەم جوانیە . لە کۆتاییدا دەڵێت:-هەرچەندە کە نەخۆشم و تەندروستیم تەواو نییە . بەلاّم دڵەی پڕ ئازارم ئارەزووی گەشت و باخ و سەیران دەکات . بەپێی ئەم شیعرە وا دەردەکەوێت (نالی و عەونی) لە تەمەنی پیری دا بووینە کە ئەم شیعرەیان داناوە . ئەمەدەقی پێنج خشتەکییەکەیە:-

**نیشتمانم کە سەراسەر گوڵ و باخ چەمەنە**
**لالە زارێکە هەمووی سوسن و شەوبۆ و سەمەنە**
**هەرکەسێك دژبێت بەخاك و گەلەکەی ناڕەسەنە**
**دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە**
**خاڵی لەعلی حەبەشە . ساکینی بوردی یەمەن**

★★★

**ماری گەنجینەی ڕووی زوڵفی لە گەردەن وشانی**
**ویستی وێنەی بگرێ . دەستی دەلەرزی (مانی)**
**لوتفی یەزدانەکەپێی داوە نیگاری و جوانی**
**پەرچەمی سونبلی و قەدی (قصیب البان)ی**
**زوڵفی بەهلوولی و خەت ڕەنگی و وەجهی حەسەنە**

★ ★ ★

هــەركــەســێ جـۆرێ دووا مـاوەیـی ڕۆژانـی ژیـــان
کەس بە ئامانج نەگەیشت دەرکی نەکرد رازی نیـهان
کەنەزانێ لـەمـەدا گـشتـی هونـەرمـەندی جـیهـــان !
تەلعەتی ئایەتی جان مەزهەری ئـیعجاز و بــەیـــان
لەبی دەرج و دەهـەنی سیـڕڕو کــەلامی عـەلـەنــــە !
ڕێ ی نـەجاتـم نـی یـە تـادەم خـەنە ژێری گڵ و خاك
مــن لــەگـێـژاوی غـەمـا شـیـفـتـە ماوم تـەك و تـاك
دولبەری شۆخ و نیگارم بـەسـە سینـەم مـەکە چــاك
دەست لە خوێنم مەدە ئـاڵوودەمـەکە دامـەنی پـــاك
خوێنی من سابیـتـە باتـڵ نـی یە وەك ڕەنـگی خەنــە !

★ ★ ★

حاڵی بولبول چی یە ئەو کـاتـە کـە گوڵ پـێدەکەنی
زارو بــێـزار و ســەراسیـمـــە لـەخـەو ڕادەچـەنـــی
کــەبکەم باسی قەد و قامـەت و غونـچـەی دەهـەنـی
وەك گوڵی ئاتـەشی خـەمڵیوە بـەبـەرگی چـەمـەنـی
قـــامــەتــی نـــارەبـــەرە . نـــارەوە . نـــارەوەنــــە !!

★★★

قەدی یـەعقوب لـەخـەمی یوسفی گوم گەشتە چەمی
چاوی تـاریك بـوو کـەوا گـۆشـە نـشـین بـوو لـەخـەمی
هـاتـەگـوێی مـژدە کت و پـڕ کــە ڕەوی دەردووهـەمی
روشـنـیی دیـلـەیـی ئـیـنـسـانـە کە مژدەی قـەدەمی
ڕەوشـنـیی دیـلـەیــی خـەم دیـلـەیـی (بیت الحزنـه)

★★★

دڵی زارم بەهیوای گەشتی لە باغە ئێستاش
بۆچی نازانی کەپڕ قەل و زاغە ئێستاش
(عەونی) باوەڕ بکە هەرچەندە نەساغە ئێستاش
دڵی (نالی) کە ئەنیسی قەرەداغە ئێستاش
داغی سەر چاوەو دێوانەیی دار و دەوەنە !

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٤٩- ٣٥٠.

بەپێی ئەم نموونانەی خستۆتمانە ڕوو ئەوەمان بۆدەردەکەوێت لەڕووی مەبەستی شیعریەوە عەونی کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرە دڵداریەکانی نالی و بەتەواوی کاری تێکردووە و لەناخیدا ژیاوە . هەندێ جارکەرستەی لێ وەرگرتووە و هەندێ جاریشئیلهامی داوەتێ . شاعیر هەمیشە لەگەڵ شیعرەکانی نالی دا ژیاوە و لە مێشکیدا خولاوەتەوە ئەمەش وای لێکردووە هێزو گوڕێکی تری پێ ببەخشێت و لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەشێوەی جیاجیا ڕەنگ بداتەوە.

## سێیەم:-حاجی قادر و عەونی:-

حاجی قادری کۆیی وەکو شاعیرێکی گەورەی نەتەوەیی کاریگەری بەسەرشاعیرانی دوای خۆی هەبووە و شیعرە نەتەوەییەکانی وەکو داینەمۆیەك بووە لەو سەردەمدا بۆ جولاندن و بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیار کردنەوەی گەلی کورد . شیعرە نەتەوەییەکانی حاجی بەپلەی یەکەم سەرەنجی عەونی ڕاکێشاوە و کاری تێکردووە . وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

- حاجی (١٨١٧- ١٨٩٧) دەڵێت:-

گوتم بەبەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا
لەخەو هەڵسە زەمانێ بچینەوە ئەولا ([1])

[1] - سەردارحەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، دیوانی حاجی قادری کۆیی ، پێداچوونەوە مەسعود محەمەد ، بلاوکردنەوەی سنە ، شارەکتێبی میدیا ، ٢٧٠٧ ، ل٣٩.

- **عەونی دەڵێت:-**

**گووتم: بەختی خەواڵوو زووکە . زووکە**

**دەهەستە هاتنی ڕۆژت بەشەو بوو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٠.

وێنەکە لە مەنەلۆگ و بانگکردنی یان هەستانی بەخت لەم بێ بەختیەدا یەکدەگرێتەوە.

- **حاجی لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك**

**ئەگەرتۆفان بێ لەشکرتان بەپووشەك**

دیوانی حاجی . ل٦٩.

- **عەونی دەڵێت:-**

**کەچی وەك ئاگری ژێرکاین لەگەڵ یەك**

**بەرە حمەت بێ کەحاجی راستی فەرمووا!**

دیوانی عەونی . چ١ . ل٧٢.

وێنەکە لە وەسف کردنی نەتەوەکەیاندا لەگەڵ یەکتری یەکدەگرێتەوە . کە بە ئاگری بن کایان چوواندووە لە دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتریدا . لە بنەرەتدا پەندێکی کوردیە و حاجی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە.

- **حاجی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**حاجی کەسێکە بێکەس بۆئێوە قوڕ دەپێوێ**

**گوێی لێدەگرن زەریفە . ناگرن بەلا لەخۆتان**

دیوانی حاجی . ل٨٢.

- **عەونی دەڵێت:-**

**خزمە گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆربێ چارەیە**

**من گرینم نەك لە بۆ خۆم . بەڵکو بۆ کوردان دەکەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٦.

وێنەکە لە خەم و خەفەت دابوون بۆ میللەتی کورد یەکدەگرێتەوە.

**- حاجی دەڵێت:-**

**دولبەرم مامزیە . بازی بەرەفتاری کەوە**

**ئەی دڵی خەستە وەکوگوربە بەشوێنی مەکەوە**

دیوانی حاجی . ل١٢١.

**- عەونی دەڵێت:-**

**یاری من سەر و قەدە . ڕووی گوڵە . لێوی قورمزیە**

**چاوی باز . لەنجەکەوە . رەوت و رەوی مامزی یە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٥.

وێنەکە لە وەسفی دلبەرەکەیاندا یەکدەگرێتەوە کە بە مامزیان چواندووە و رەفتار و لەنجە و لاریشی بە کەو دەچێ.

**- لە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێت:-**

**بێ و ئەگەر دەستی یەکتری بگرن**

**وەك ئەسکەندەر جیهان هەموو دەگرن**

دیونی حاجی . ل١٦٧.

**- عەونی دەڵێت:-**

**حاجی دەڵێ:- گەر یەك بگرن**

**دەورو پشتی خۆیان دەگرن**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٣١.

هەندێ کەرستەی وەرگرتووە هەمان وێنەو واتای دارشتۆتەوە بەسنوورداری.

**- لە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێت:-**

**مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە**

**ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە**

دیوانی حاجی ل١٨٣.

- عەونی دەڵێت:-

**ژین و مەرگ حـاجی دەڵێت وێنەی هەتـاو سـایـەیـە**
**ئەو کەسەی خووی چاکی کردە پیشە بۆی سەرمایەیە**

دیوانی عەونی چ٢ل٢٤٩.

وێنەکە لە فەلسەفەی ژیان و مردندا یەکدەگرێتەوە.

- حاجی دەڵێت:-

**ئەگەر کـارێك نەکەن لەم بەینەدا زوو**
**مەمالیك[*] کاتەکی زانیت لەدەست چوو**

دیوانی حاجی . ل١٩٥.

- عەونی دەڵێت:-

**وەکو حاجی کە فەرمووی یەك دی نەگرن**
**دەبـینـی زوو وڵاتیـشت لـە دەسـت چـوو**

دیوانی عەونی . چ١ . ل٧٣.

وێنەکە لە هەوڵدان و یەکگرتن دا بۆ پاراستنی نیشتمان یەکدەگرێتەوە.

بەپێی ئەم نموونانە دەتوانین بڵێین حاجی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەشیعرە نەتەوەییەکانی زیاتر کاری کردۆتە سەرعەونی . لەشیعری وەسف و خۆشەویستیشدا تاك و تەرا ئەم کاریگەریە بەسەر شیعرەکانی عەونی دا بەدی دەکرێت . شیعرە نەتەوەییەکانی حاجی قادری کۆیی بۆتە کرۆك و هێزێکی پشتیوانی تەواوی شیعرە نەتەوەییەکانی عەونی.

## چوارەم:-وەفایی و عەونی:-

وەفایی شاعیری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کاری کردۆتە سەر عەونی و بەشیعرە دڵدارییەکانی سەرەنجی عەونی بۆ لای خۆی راکێشاوە و لەچەندین شیعردا هەست بەو کاریگەرییەی وەفای دەکرێت . عەونی

---

([*]) مەمالیك : لەچاپی سێیەمی دیوانی حاجی قادری کۆیی ، بە ( وڵاتیش ) هاتووە .

لەهەندێ شیعردا کەرستەی لێوەرگرتووە و وەکو خۆی بەکاری هێناوەتەوە و لەهەندێکی تردا واتا و سێبەری شیعری وەفایی پێوە دیارە و بەسانایی دەست نیشان دەکرێت . بەتایبەتی لەم شیعرەیدا کە وەفایی بۆماچێکی چاوی خۆشەویستەکەی دڵی خۆی داوە بەزولفی یار . بەلاّم یار پەشیمانەو وەفایی بەمەست دەزانێ و سەودا ناکات . عەونی ئەوەندە کاریگەربووە پێی هەندێ کەرستەی لێ وەرگرتووە بەدەست کارییەوە هەمان وێنەی دارشتۆتەوە کە دیالۆگ کردنە لەگەڵ یار و رازی کردنیەتی بۆ ماچێکی دەمی بەهەر نرخێك بێت . بەم شێوەی خوارەوە:-

- وەفایی (١٨٤٤- ١٩٠٢) دەڵێت:-

**من دڵم بۆ ماچێکی چاوی بەزوڵفی دا کـــوتی:**

**ئەی پەشیمانم !(وەفایی) مەستە سەودای بەرهەمە([1])**

- عەونی دەڵێت:-

**گوتم ماچی دەمت نرخی چی یە گیانت دەوێ فەرموو**

**گوتی: پێم ناکرێ (عەونی) کە هەر سەرگەرمی سەودابم**

دیوانی عەونی چ٢ ل١٢.

ئەوەی هەردوو وێنەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە دیالۆگ کردنە لەگەڵ خۆشەویستەکەیان لەسەر نرخی ماچێك کە ئامادەن دڵ وگیان بدەن . بەلاّم یاربە سەوداکەریان دەزانێ وسەودا ناکات.

---

[1]- محمد علی قەرەداغی ، دیوانی وەفایی ، چ١، مرکزنشر فرهنگ وادبیات کردی انتشارات صلاح الدین ایوبی ، ١٣٦٤، ل١٣٨

- **وەفایی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**بمکوژی صەدجار دەرم کەی روی من و خاکی دەرت**

**کیف یحرم سائل من بابك حـــــاز الـنــدی**

**دیوانی وەفایی . چ١ . ل١٢.**

- **عەونی دەڵێت:-**

**کەمن هۆگر بەتۆ بووم تازە بۆچی دولبەرێکی تر**

**دەرم کـەی لـێرە ناڕۆم ناچمە کوچەو دەرێکی تر**

**دیوانی عەونی . چ١ . ل٣١.**

**وێنەکە لەدەرکردن و نەڕۆیشتن لەبەر دەرگای یاردا و واز نەهێنان لە خۆشەویستەکەیان یەکدەگرێتەوە.**

- **وەفایی دەڵێت:-**

**لـێوی ئـاڵت چاوی کاڵت بـونـە فیتـنـەی دیـن و دڵ**

**حەقیەتی – باللە – (وەفایی) دەست لەئیمان بەردەدا**

**دیوانی وەفایی،چ٢ . ل١٢.**

- **عەونی دەڵێت:-**

**بەخەندەو نازی لێو و چاوی کاڵی**

**چ ئاشـوبێکە بۆمـن ڕێك خـــــراوە؟!**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧١.**

**وێنەکە لەوەسفی لێو و چاوی یاردا یەکدەگرێتەوە کە بۆتە مایەی ئاشوب و فیتنە بۆیان.**

- **وەفایی لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**کارگا ە خـاکی بـەسـەر وەسـتاروو و سینە بـرۆت**

**نـرخی قاقوم . قەدری خەز . بازاری سنجابی شکا**

**قاقوم: پێستێکی سپی و گەرمە لەبەر دەکرێ.**

**خەز: حەریر.سنجاب: سمۆرە. دیوانی وەفایی . چ٢ . ل١٥.**

- عەونی دەڵێت:-

**لە کالآی بەر هەمم چەند پارچەیەکم برد لە بازار**
**بەپارە نەی کڕی کەس لێم بەبێ پوول و دراوم دا**

دیوانی عەونی،چ٢،ل١٤٨.

وێنەکە لە فرۆشتن و بێ بازاری و شکانی نرخ دا یەکدەگرێتەوە.

- وەفایی دەڵێت:-

**جانی عەزیزم ! بەسەری زوڵفی خاو!**
**یوسفی دڵ چی دی لەزیندان مەکە**

دیوانی وەفایی . چ١ . ل١٢٩.

- عەونی دەڵێت:-

**بەیادی بەژن و باڵات تاکو کەی دڵخوازی باڵابم**
**بەبێ تاوان وەکو یوسف لەزیندانی زولەیخابم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٧.

وێنەکە بەئاماژەکردنی چیرۆکی خۆشەویستی زولەیخا بۆ یوسف و بەندکردنی بەبێ تاوان یەك دەگرێتەوە کە خۆیان بە یوسف چواندوە لەبێ تاوانی و گیرۆدەبوونیان بەخۆشەویستی یارەکانیانەوە. سەرەڕای ئەمەش عەونی لەسەر شیعرێکی وەفایی کە ئەوەندە پێی کاریگەربووە و لەناخیدا ژیاوە پێنج خشتەکیەکی لە سەر داناوە . لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرێکی دڵدارییەو عەونی ڕوودەکاتە یارەکەی و داوای لێدەکات کەبەزەیی پێدابێتەوە و ئەو خۆشەویستییەی کەلەدڵیدا هەیە وەکوئەلقەی زنجیرە و لێی نەپسێنێت . چونکە دڵی بەندو گرفتاری پێچی کەزیەکانیەتی و لەشیشی غەمناك و خەفەت بارە لەبەر فروفێڵی چاوە سیحراویەکەی بۆیە هەر چاوەڕێی سۆز و بەزەیی دەکات.

ئەمەی خوارەوە دەقی پێنج خشتەکیەکەیە:-

ئـەی شـاهــی زەمـــان مــەرحـەمـەتی خۆت بنوێنـــە
زنـجـیـری مـحـەبـبـەت لــەدڵـم دا مــەپـسـێــنە
بازاری مەلاحەت لە جـەمالــت مـــەشــکـــێـنــە
ئـــەی حــوسـنــی ئـەزەل دا نـــەفـسی خۆت بـنـوێـنە
ئــاوێـنـەیـی ڕووی خـۆتــە دڵـی مـن مـەشـکـێـنـــە !!

★★★

دڵ حەپس و گرفتارە لەحەڵقەی خەمی گـێـسـووت(١)
تـــەن عاجز و خـەمـناکە لەبـەر دیـدەیـی جـــادووت
هـەرمـونـــتـەزیـری مــەرحـەمەتم جـاریٚ کە فــەرمــووت
کـەوتومە شەکەنجی(٢) خەمی زولفـت بـەتەمـــای ڕووت
یـــاریـم کە نـــەکەی چـــووم بە تـەلیـسماتی خـــەزیـنـــە

لەدوایدا دەڵێت:-

چاوم ئیمڕۆکە زەوقی بەمەی داوە و ناڵەی دڵی برینداریشم بوو ئاوازی بە نەی دا . ئەگەر لەرێشدا بمرێت ئەوا سەفەرێکی خێرە . چونکە لەو ڕۆژەوەی دڵم لەتاو خۆشەویستی تۆ سوتاوە گیانم لە پێناو بینینی روخسارت داناوە و بیرو دڵ و دینم هەمووی بەبێ سود بەبادا . وەکوپەپولە ئاسا دێم بەرەو ڕووی گوڵی ڕووخسارت و هەموودەم دەگریم وەکو بولبولێکی بەندکراو فرمێسکەکانم وەکو باران دەرژێنم...

ئـــەم چاوە کـەئیـمـڕۆ نـەزەری زەوقـی بـەمـــەی دا
نــــاڵــەی دڵــی زارم بـوو کــە نـاڵـیـنـی بەنـــەی دا
ئـەی دڵ ســەفـەری خێرە ئـەگەر بـمـریٚ لـــە ڕیٚ دا
ڕابـــرە بــە دامــان و خـــیـابـانــی یـەخــەی دا
نـەخـتیٚ لەگــوڵ و سونبول و نـــەسریـن بوەشـێـنە

---

١ - خەمی گێسوو: پێچی پرچ ، یان پێچی کەزی .

2-شەکەنجی : بەگریٚ و چین و پێچی زوڵف دەوتریٚ ، هەروەها بە ئازار و فرو فێڵیش دەوتریٚ .

لەو ڕۆژەوە پەروانەیی دڵ چوو بەچرادا
بەو دەوڵەتی وەصڵت کەبگەم ڕوح لەبەهادا
عەقڵ و دڵ و دینم هەمووبێ هووده بەبادا
چونکە شەرەفی قوڕبی بەقا وا لە فەنادا
ئەی دڵ وەرە تا زیندووە بی خۆت بمرێنە

★ ★ ★

پەروانە سیفەت دێم بەرووی لالە عوزاران
دایم دەگریم هەروەکو بولبول لەکەناران
فرمێسکی دووچاوم دەڕژێنم وەکو باران
چونکە سەبەبی دەوڵەتی خەندەی گوڵەباران
ئەی دیدە هەتا هەی بگری خوێن بڕژێنە

لەکۆتایدا دەڵێت:-

لەو ڕۆژەوەی کە دڵ بە نامرادی بەسەرچوو زانیم کە ئەلقەی پرچت خەتەرە بۆ دڵ و گیانم،ئیستاش لەژێر لافی برۆکانت دای و شەیدا بە دووچاوی مەستیسەرلێشێواو بێ نرخ کەری کاری،جارێ لە سەیری چرای رووخسارت دڵ گڕ دەگرێ هەرچەندە خەم و ئازاری زۆرم چەشتووە . بەڵام دەمی یارم قەت لە بیر دەرناچێ و لە دڵەوە پەرێشانی پەنجەکانی تۆم ئەی یار.

لەو ڕۆژەوە ئەی دڵ کە بەناکامی بەسەرچووی
زانیم خەتەرە بۆمن و تۆحەڵقەیی گێسووی
ئێستاکە لەژێر سەڵتەنەتی تاقی دوو ئەبرۆی
عەینی کەرەم و مەرحەمەتە هەرچی بفەرمووی
لوتفت نی یە جارێ بە جوێنم بدوێنە !

★ ★ ★

سەرگەشتەوو دێوانە بە دوو چاوی خومـــاری
سەودا سەرو ڕیسوا و مەلامەت گەری کـــاری
گەه گڕ دەگرێ دڵ لە نەزەر شەمعی عـــوزاری
سووتاوە دەروونم وەرە ئەی بادی بەهــــاری
زیندووم کەوە بێنێکی لەغونچەی دەمی بێنە

★ ★★

دەرناچێ دەمی دولبەرەکەم قەت لەخەیاڵـــم !
هەرچەندە کە دووچاری غەم و جەور و مەلالــم
(عەونی)م و لەدڵ دا زەدەیی پەنجەیی ئاڵــم
فەرمووییە (وەفایی) بەدڵی تۆیە ویـــصالم
قوربان هەر ئەتۆ و دڵ وەرە روحیش بستێنە[*] !!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٥١- ٣٥٣.

لێرەدا دەتوانیین ئەوە بڵێین کاریگەریی وەفایی لەسەر عەونی لەڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر لەڕێگەی شیعرە دڵداریەکانیەوە بووە . هەرچەندە لەم پێنج خشتەکییەدا عەونی لەناو شیعرەکەی وەفایی دا گوڵ بژێری کردووە و چەند دێرێکی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بەپێنج خشتەکی بۆیە زۆرجار بەرەو لای سۆفیگەری مان دەبات و لەخۆشەویستیە مەجازییەکە لامان دەدات و بەرەو خۆشەویستی حەقیقیمان دەبات بەتایبەتی لەبەکارهێنانی کۆمەڵێك وشەی تایبەت بە سۆفیگەری کە گومانەکەمان زیاتر دەکات ئەمەش لای وەفایی زیاتر درکی پێ دەکرێت . بەڵام عەونی بەمەجازی دایڕشتۆتەوە و ئەم پێنج خشتەکییەی لێ هۆنیوەتەوە.

([*]) خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی کۆرە بەدەف گوتوویەتی .

## پێنجەم:-صافیی هیرانی و عەونی:-

صافی هیرانی وەکو شاعیرو هاوڕێی عەونی لەناوچەکەدا کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر عەونی . کاتێک کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە بەتایبەتی شیعرە دڵداریەکانی گەواهی ئەوەدەدەن کە عەونی کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی صافی هیرانی و لەچەندین شوێندا ئەو ڕەنگ دانەوەیە هەستی پێ دەکرێت . بەپێی توانا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:-وەکو صافیی لەشیعرێکی دا باس لەدووری یاردەکات و بەهاوڕێیانی دەڵێ دەستم لێمەدەن دەردی من دووری یارە و بەدەستی یار نەبێ قەت برینم چاک نابێتەوە. عەونی لەژێر کاریگەری ئەم دێرە شیعرەدا باس لەوە دەکات کە ئەوەی شەیدا و کوشتەی بینینی تۆبێ بەدەرمان چاک نابێتەوە . ئەگەر نەیەتەلات و باسی دەردو ئازاری خۆی نەکات ئەوسا چی بکات؟.

- صافیی (١٨٧٣- ١٩٤٢) دەڵێت:-

**ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێمەدەن**

**قەت شفای نایە برینم تا نەگاتە دەستی یار[1].**

- عەونی دەڵێت:-

**ئەوەی کوشتەی نیگاهت بێ بەدەرمان ناکرێ چاری**

**لەلای تۆ گەر بەیانی دەردو ئازاری نەکاچبکا**

دیوانی عەونی،چ٢،ل١٤٦.

وێنەکە لە چاک نەبوونەوەی دەردو برینی دووری خۆشەویستەکەیان یەکدەگرێتەوە . لەلای یار نەبێ بە دەرمان چاکبوونی نییە.

[1] -گیوموکریانی ، دیوانی صافی ، چ٣ ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ساڵی ١٩٧٣ ، ل٢٢.

**- صافیی له شیعرێكی تردا دەڵێت:-**

**تەوقی عەشقی ویم لەگەردن دا نەجاتیم بۆنییە**

**كۆشـشی بێ فایدەیە یادی خەلاصی رسـتـگـــــار**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٢٢.

**- عەونی دەڵێت:-**

**هــەتـا مــردن كــەدەرنــاچــم لــەبــەنــدی**

**كەمەندی زوڵفی ئەو شۆخەم لەپێدایە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٩.

وێنەكە لە دەرنەچوونیان لە داوی خۆشەویستی یارەكەیان یەكدەگرێتەوە.

**- صافیی دەڵێت:-**

**لـەبـەر مـەیـلـی مـەیـی عـیـشـقی تووە یاری وەفـادارم**

**لە تەكیەو خانەقا دەرچووم . خەریكی دێرو زیننارم**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٢٧.

**- عەونی دەڵێت:-**

**شكاندم جامی تۆبەو زوهد و تەقوا**

**عەسا و تەسبیح و بەرماڵم فرێ دا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٩.

وێنەكە لە وەرگـەڕان یـان وازهێـنـان لـەدین لـە پێـنـاو عەشـق و خۆشەویسـتـی یارەكـەیان یەكدەگرێتەوە.

**- لەشیعرێكی تردا صافیی دەڵێت:-**

**لەبەد كرداری من ڕوو وەرمەگێرە ئەی شەهی خوبان**

**كـەتـۆ ڕوو وەربـگـێـری كەس نیە گەربێتە خەمـخوارم**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٢٧

- عەونی دەڵێت:-

**هەڵەی دڵ بوو کە رەنجا دلبەرم فەرمووی بەڵێن وابێ**

**هەتا ماوە دەبێ بەند بێ لەچینی پرچی خاوم دا د**

یوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٨

وێنەکە لەئەنجامی هەڵەکردن و تۆران و رەنجاندنی دلبەرەکەیان یەکدەگرێتەوە.

- صافیی دەڵێت:-

**دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت**

**قوربان لەوە معلومە کە لێوت نمەکینە**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٤٥

- عەونی دەڵێت:-

**لەم مەجلیسە مەستانە لەبەر دیدەیی مەستت**

**من بۆ مەزە هێنام و کەبابی جگەرم کرد**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٣

وێنەکە لەوەدا یەکدەگرێتەوە کەدڵ و جەرگیان بۆتە کەباب بۆمەزە لەپێناو چاوی مەستی دلبەرەکەیان.

- صافیی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-

**حاڵی (صافی) گەردەپرسی وا لە دەس هیجرانی تۆ**

**مات و مەبهووتە لە گۆشەی بێ کەسی دانیشتووە**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٤٧.

- عەونی دەڵێت:-

**لەگۆشەی بێ کەسی دا بێ ئومێدو بێ ئەمەل ماوە**

**لەژین بێزارە داوای مەرگی یەکجاری نەکا چ بکا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٦.

وێنەکە لەتەنیایی و بێ کەسی و مات و بێ هیوا بوون لەدووری مەعشووقەکانیان یەکدەگرێتەوە.

- صافیی دەڵێت:-

**خوێنم برژێ صورەتی ناوی تۆ دەکێشێ**

**تانەمکوژێ نازانێ کە (صافی) بەوەفایە**

دیوانی صافی . چ٣ . ل ٤٨.

- عەونی دەڵێت:-

**وەها چەسپا لەجەستەم خۆشەویستی تان تەماشاکە**

**نیگاری خۆت دەبینی چۆن لەناو خوێنی ڕژاوم دا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٨.

وێنەکە لە خوێن ڕژان و نیگار کێشانەکە بەخوێن یەکدەگرێتەوە.

- لەشیعرێکی تردا صافیی دەڵێت:-

**وەکو عارەب کە دەست و دامەنی ئێوەم عیلاجێ کەن**

**دڵی قەقنەس میسالم وا لەکوورەی سینە سووتاوە**

دیوانی صافی . چ٣ . ل٥٦.

- عەونی دەڵێت:-

**دەمەی گێڕ دەستی من و داوێنی تۆ بێ وەك عەرەب سەدجار**

**فەرامۆشی نەکەی واتازە هات سەودا سەرێکی تر !!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٤.

هەندێ کەرستەی وەرگرتووە و وێنەکە لەخۆ چواندن بە عەرەب یەکدەگرێتەوە.

ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆدەسەلمێنن کە عەونی کەوتۆتە ژێرکاریگەریی شیعرە دڵداریەکانی صافیی لەڕووی مەبەستی شیعریەوە. عەونی پێنج خشتەکیەکیی لەسەر شیعرێکی صافیی هیرانی داناوە و لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرێکی دڵدارییە . عەونی باس

لەدڵی خۆی دەكات بەرامبەر بە مەعشوقەكەی كە چی بەسەر هاتووە وچۆن دەربەدەر و شێتانە رەفتار دەكات . دڵی خۆی بە مەجنوون چواندووە لە خۆشەویستیدا بەرامبەر خۆشەویستەكەی وەك چۆن مەجنوون بەرامبەر بە لەیلای خۆشەویستی وێڵی دەشت و دەر بووە . وای زانیوە وەكو لەیلا دەست دەكات بە لۆمەكردنی . واتە خۆی ئارەزووی دانیشتن و بەزم و سەفای مەی خۆران دەكات . صافیی هیرانیش باس لەدڵی خۆی دەكات ودەڵێت:- (لەتاو دووری یار دڵم مەیلی مەی دەكات و گوێ لەئاوازی ساز و عوود دەگرێ)[1].

**ئەمە دەقی پێنج خشتەكیەكەیە دەڵێت:-**

**دڵ وەكو مەجنوون لەعەشقا دەشت و دەر واتەی ئەكا**
**باوكە وای زانی ئیتر لەیلا صیفەت لۆمەی ئەكا !**
**یەعنی خۆی تەكلیفی بەزم و مەجلیسی بادەی ئەكا**
**دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەكا**
**گوێ لەدەنگی سازو عودو بەزمی نای و نەی ئەكا**

عەونی لەبەر ڕوخساری جوان و بریسكەداری یارەكەی جارێك دڵی خۆی دەچوێنێ بە پەپوولەو جارێكیش لەبەر خۆشەویستی لێو و كوڵمەكانی بەبولبولی دیوانەی چواندووە . هەروەهاجارێك بەخزمەت كاری تەكیەو جارێ بە مل كەچێكی بووتخانەی داناوە. دڵی صافیش سەردەمێ مەست و خەواڵوەو خزمەتكاری مەیخانەیە و وەختێكیش وەكو صۆفی زیكری خوا دەكات.

**گاهێ بۆ نووری جەماڵت دڵ وەكو پەروانەیە**
**گاه لە عەشقی لێو و كوڵمەت بولبولی دێوانەیە**
**گاه مجەوری تەكیەیە گاه مل كەچی بوتخانەیە**
**سەردەمێ مەست و خومار و خادیمی مەیخانەیە**
**وەختێ تەسبیحی لەدەستە . صۆفیە حەی حەی ئەكا**

---

[1] – محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی ، دیوانی صافی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٤ ، هەولێر ، ل١٥٥ .

ئەوەنده شەیدای خۆشەویستەکەی بووه هەردەمەو لەسەر دینێك بووه . جارێك بەرماڵ لەشان و باوەڕداره و جارێك بێ باوەڕ و نیشتەجێی مەیخانەیە . بەهەمان شێوه لای صافیش هەندێ جار زاناو زانای کرداری رەوشت پاك و ئاین پەروەر خۆیەتی و هەندێ جاریش نەزان و گومڕاو کردەوەی خراپی زۆرەو خەڵکی لۆمەی دەکات.

**گاهێ وابەرماڵ لەشانی خاڵە زاهید خۆیەتی**

**گاهێ ناصیحی ئەمینە . گاهێ فاسید خۆیەتی**

**گاهێ مەیخانە نشینە مەستە شاهید خۆیەتی**

**هێندە جاران عالیمی عامیل و عابید خـــۆیەتی**

**وەختێ جەهل و فیسقی زۆرە عالەمێ لۆمەی دەکا**

هەندێ جار دڵی عەونی دەسەلأت داره و سوڵتانی جیهانە دڵی ئەوەندە خۆشە . هەندێ جاریش بەندە و خزمەت کاره و گیرۆدەی زوڵفی یارەکەیەتی و لەغەم ئازادە . لەلای صافیش جار جار زۆر بەکەیف و پێکەنینە . بەلأمشەوی واش هەیە وەکو شێت وایە گریە و شین بۆ خۆشەویستەکەی دەکات.

**گاهێ سوڵتانی جیهانە گاه غولأم و بەندەیە**

**گاهێ بەستەی زولفی یارە گاه لەغەم ئازادەیە**

**من کەهەر فیکری جنوونی لێ ئەکەم لەم مادەیە**

**جاربەجارێ زۆر بەکەیف و پێکەنین و خەندەیە !**

**هێندە شەو مەجنوونە شین و گریە بۆ لەیلەی دەکا**

زۆرجار من دەی خەمە ڕوو تۆ داواکاری بەو تەنها لە ڕقی من لەو دەشت و دەره بەدوایدا بگەڕێ . ئەگەر یار فەرمانێکی کرد تۆ جێبەجێ کەرو گیان فیدای بە. صافی بانگی دڵی خۆی دەکات و پێی دەڵێ: وەره یان ولأتی ئێران یان ولأتی تورکیابە ئەو بەپێچەوانەوە ڕوو لەدەشتی ڕەی دەکات.

**جارەها عـەرزی دەكـەم بەس تـاڵبی نـادانـی بـە**

**بەس لـە دژ مـن وا لـە چۆڵ ودەشت وسـەرگـەردانـی بـە**

**یار ئەگەر ئەمرێكـی كـرد فـەرمـان بـەرو قـوربـانـی بـە**

**پێ ی دەڵێم ئـەی دڵ وەرە ئـێـرانـی یـا تـوورانـی بــە**

**ئەو لەبەینی هەردوو رێگە ڕوو لـە دەشـتـی ڕەی دەكــا**

دڵـی عـەونی لەبـەر خۆشەویسـتی مەعشـووقەكەی زۆردەور دەبینـێ ڕۆژێـك بەئاگایـەو ڕۆژێـك مەسـتە . جـارێ لـە كێـو و دەشـتەو جـارێ لـە كـۆری خۆشەویسـتانە تادەگاتـە ئەوڕادەیەی دەست دەكات بە لۆمـەكردنی بـۆ ئـەوەی واز بهێنـێ . بـەڵام دڵـی بـە ئەفسانەی دەزانێت. سـەری سـوڕماوە صـافی لـەئیش و كـاری دڵ نـازانـێ چـۆن تێـی بگـات شـێتە یـان سەرخۆشە هەر دەمەو لە حاڵێتێكی تایبەتی دایەو كاری نالەباری پێـدەكات هەرحاڵـەتێكیش پێچەوانەی ئەوی تریانە . سەری لەم رەفتارانەی سورماوە.

**ڕۆژێ هـوشـیـارە دڵـم ڕۆژێـكـی وا مـەسـتـانـەیــــــە**

**گاه لەكێوو گاه لەدەشت و گاه لە كۆی جانـانـەیــــــە**

**چەندی من لۆمەی ئەكەم واز بێنە لای ئەفـسـانــەیـە**

**دڵ نــزانــــم شـێـتـە یـا سـەر خـۆشـە یان دێوانەیە**

**یائـیـلاهـی ئـیشی وا عـەكسی بـەمـن تاكـەی ئـەكـــا !**

لە كۆتایدا عەونی چۆلی و دەشت جێدەهێلێت و دێتـەوە بـۆ ئاوەدانی و ئەوەنـدە لـەناو شاراندا گەڕاوە بۆتە هەژارێكی ئەو تۆ ئەوەندەی ژیابێتیش بێ ئاگاو دابڕاو بووە لە ژیان و دڵـی لـە ڕیـزی مـردووان بـووە. لـەدووری یـاردا صـافی بـێ ئۆقرەبـووە و هـەتا لـەو دەردەسەریەدابێ ناچارە غەم و پەژارەیی هەڵبژێرێ.

**دڵ لــەریـزی مـردووان بــوو . تاكوئێستا گەر ژیا**

**چــەنـد لەنێو شاران گەڕابوو ببوە سائیل و گەدا**

**(عەونی) تۆ وەحشەت لە دڵ بۆچی ئەكەی هەرچی دەكا**

**دووری یارە دڵ لـەبۆیـە بێ ثــبـاتـە (صـافـی) یا**

**تـــاكو لـەم سـەگ مـەرگـە دابێ ئـیختیاری وەی ئـەكا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٥٤-٣٥٥.

## شەشەم:-رەمزی رەحیم (مامەند کەرکووکی)* و عەونی:-

عــەونی خــۆی دانــی بــەوە دانــاوە کــە مامەنــد کــەرکوکی کــاری تێکــردووە و لــە چــاوپێکەوتنێکدالەڕۆژی٢٥- ١٠- ١٩٧٤ دادەڵێـت:-(لـەزاری کرمـانجی چـەند پارچـە شـیعرێکی بڵاوکرایەوە . بەناوی مامەند کەرکووکی و لەوانە پارچە شیعرەکەی "ڕۆژێ تصادوفی بـوو تووشی فەقیرێ هاتم "بوو . لەسەر ئافرەتێکی کوردی لێ قـەوماوی دەربـەدەری کوردسـتانی تورکیا بوو یـەکجار کـاری تێکـردم و ئـەو هۆنراوەیـەی مامۆسـتا رەمـزی بووبـە سەرچاوەی ئیلهامی هۆنـراوەێکم کەبەهەمان ماناو مەبەستەوە دام ناوە)[١].

- مامەندکەرکووکی (١٨٨٩- ١٩٦٣ز) دەڵێت:-

رۆژێ تصـــادفی بوو . تـووشی فەقیـرێ هـاتـــم
لـەگـەڵیـا کوڕوکیژێ ناویان بوو (کورد و فـاتـم)
هەرسێك رەنگ زەردو عاجز . گەلێ لاوازو بێ تـــاب
جلیان پرزۆڵ پرزۆڵ بوو . بەلأم هەروەکومەهتـــاب
زۆرجوان و ناسك بوون لەچـــارەیـــان دیـــاربـــوو
عیفەت . ناموس . عیشیەت . گەورەیی ئاشکاربوو
گوتی: بــراکــوردەکـەم ئـێـرە وولأتـی کـــوردە
حەیفێ ئەوهام بیستبوو... کوردان بەدەست و بردە([٢]).

---

(*) مامەندکەرکووکی ناوی خوازراوی شیعریەتی ، ناوی تەواوی( رەمزی رەحیم جاو فرۆش )ە لە ساڵی ١٨٨٩ز لە کەرکووك لەدایك بووە ، لە ساڵی ١٩٦٣ز کۆچی دنیای کردووە ، لەگۆرستانی شێخ محی الدین لەکەرکوك بەخاك سپێردراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ صلاح رەمزی رحیم ، لەرێکەوتی ١٨- ٧ – ٢٠١٣.

[١] - دەستنووس ، کەریم شارەزا ، تۆماری ژمارە (٤) ، ساڵی ٢٠١٣ ، ل٨٨.

[٢] – لەتیف فاتیح فەرەج ، مامەند کەرکوکی شاعیرێکی لەبیرکراو ، چ١ ، چاپخانەی کارۆ ، کەرکووك ، ٢٠١٣ ، ل١٣.

- عەونی دەڵێت:-

گوتم: ئەی کچ لەگەشتی
شـــارستانـی یـــادەشـتی
وا جوان و پاك رەوشـتی
مەسیحی یان زەردەشـتی؟!

ئـەوکـچـە کوردە نازدارە

ڕەنـگ زەردولـیـو بـەبارە
بـــەرگـی رەشی پۆشیوە
وامــەلوول وغــەمــبــارە

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٢.

وێنەکە لە وەسف کردنی کچە کوردێك یەکدەگرێتەوە . لە جوانی و خوڕەوشت و ڕەنگ زەردی و غەمباریدا.

- مامەند کەرکووکی دەڵێت:-

فرمێسکی چاوی رژاند بەحەسرەتێکی پڕســۆز
قابل نەبوو بۆی نەبێ لەو حەلە جگەر کوز کوز([1])

- عەونی دەڵێت:-

گوتم ئەی کچ توویەزدان
بۆدەستت کرد بەگریـــان ؟
کــەمــن واتــۆ دەبـیــنــم
جــەرگـم دەبـێـتـە بریان !!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٢.

وێنەکە لە گریانی کچەکەوگاریگەریەکەی بەسەر شاعیردا یەکدەگرێتەوە .

[1] — لەتیف فاتیح فەرەج ، مامەند کەرکوکی شاعیرێکی لەبیرکراو ، ل١٤ .

**- لە شیعرێکی تردا مامەند کەرکوکی دەڵێت:-**

**گوتی: ئەمن کوردێکم لەکوردانی شیمالـــی**

**مێردوو چوار کوڕی دیکەم خنکان بەدەست کەمالی**

دەستنووس شارەزا . ل٩.

**- عەونی دەڵێت:-**

**کیژێکم لێم قەوماوە**

**خزم و برام کوژراوە**

**هانام هێناوتە بەرتان**

**نـازانم کێتان پیاوە؟**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٣.

وێنەکەلەئاوارەبوون و قوربانی داندا یەکدەگرێتەوە.

**- مامەندکەرکووکی لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**وەختێ بابمان حوکمران بوو . بەسەر هەمـــوودنیاوە**

**هەموو دیل بوون لەژێر دەستمان بێ سەروپا وئیفتان**

دەستنووس شارەزا . ل٣.

**- عەونی دەڵێت:-**

**ئەتۆش قەومێکی کۆنی ئاریایی**

**ئەتۆش فەرمان رەوابووی سەردەمی زوو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٧٤.

وێنەکە لەباسکردنی مێژوو و فەرمان ڕەوایی میللەتی کورد دا یەکدەگرێتەوە.

(لەدوایی کاك عەونی گووتی:- شیعرەکانی رەمزی رەحیم کارێکی تەواویان کردۆتە سەرهەستی شاعیریەتیم . نەك هەر ئەم هۆنراوەیەی کەباسم کرد . بەڵکو هۆنراوەیەکی تری کە مامەند کەرکووکی خۆی (١٨ — ١٩)دێڕ شیعری لەگۆڤاری (هاوار)دا بڵاو کردۆتەوەو

لە ستایشی بنەماڵەی بەدر خانیەکان بوو . زۆرکاری تێکردم و هەستام کردم بە پێنج خشتەکی و ناردم بۆ هەمان گۆڤار . وەك زانیم بلاّو کرایەوە)[1].

**پێنج خشتەکییەکەی عەونی لەسەر هۆنراوەکەی مامەندکەرکوکی:-**

**هەر ئێوەن خانەدانی موڵك و میللەت میرجەلادەت بــــەگ**
**هەرئێوەن فەخری کورد . ساحێبی غیرەت میرجەلادەت بەگ**
**لەپاش ئەو هەرئە تۆی ئەرکانی دەوڵەت میرجەلادەت بــەگ**
**ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میرجەلادەت بــەگ**
**نەوەی شێری جەزیرەو قارەمانی موڵـــــکـــی بـۆتـانـــی**

★ ★ ★

**لەدونیادا هەرئێوەن ناوتان لاییق بــــەتــەســجــیــلـــە**
**تەمەنای سەربەخۆیی میللەتی کوردت بـــەتــەعــجــیـلـە**
**لەسایەی لوتفی ئێوە میحنەت و شادی کــەتـــەبـدیـلـــە**
**بەراستی خانەدانتان لایقی تەعزیم و تـــەبــجــیــلـــە**
**لەسەر کورد لازمە دایم بکا عـەرزی پـەنـا خـــوانـــی**

مامەنـد کـەرکوکی بێجگـە لـە شـیعرەکانی کـە کاریگـەریان کردۆتـە سـەر عـەونی وەکـو مامۆستایەکیش لە قۆناغی سەرەتایی کاریگەری بیری نەتەوایەتیشی بەسـەریەوە هـەبووە . بۆیـە هـەر کۆپلەیـەك لـەم پێـنج خشـتەکییەی عـەونی بخوێنینـەوە تێنوویـەتی هەسـتی نەتەوایەتی و ستایش کردنی بنەماڵەیەکی کـورد پـەروەرمان لـەلا ئەشـکێنێ . کـە چـەندین سیفاتی جوان و بەرزیان دەخاتە پاڵ و تایبەتمەندی تایبەت دەدات بەو بنەماڵەیـەو بەتاکـە بنەماڵەیان دەزانێ کە ناویان تۆمار بکرێت و بچێتە ناو لاپـەڕەکانی مێـژووی کـوردەوە . لـە

---

[1]- دەستنووس ، کەریم شارەزا ، تۆماری (٤) ، ساڵی ٢٠١٣ ، ل٩٠

خەم خۆری و ئازایەتی و دڵسۆزیان بۆ گەلی کورد . لەوانیش زیاتر کەسی تر بە شیاو نازانێ بۆ ڕابەرایەتی کردنی میللەتی کورد.

**لەفیکری کورد بچووك و گەورە ئەم نەقشە کە بەستراوە**
**بەفرمێسکی هەزاران چاوی خوێناوی نەشۆراوە**
**ئەمەکارێکی پیرانی قەدیمە تازە وتراوە**
**لەناو قەلبی هەمووڵاوێکی کورد ئەم شیعرە نووسراوە**
**کەشایستەی سوپاس و شوکرە فامیلیای بەدرخ**

★ ★ ★

**لەمیرتان تاکوئیستاکە دەگاتە پیر و پاشاتان**
**نییە مانەندی ئەم شاهە فیدای بێ سەروەت و جاتان**
**سەلاحەددین کەدنیای گرت ئەمەش بورهانی حاشاتان**
**لەناو تەئریخی میللەت قارەمانی جەدی ئەعلاتان**
**ئەوەند مەشهوور و مەعلومە نییە حاجەت بە ئیعلانی**

★ ★ ★

**نەبوو شەخسێ بکا سەعی لەدنیا بۆ نەجاتی کورد**
**لەدنیادا هەمووتاڵان و کوشتن بوو بەبەراتی کورد**
**بەغەیرەز ئێوە کێ ماوە سەعی کا بۆ حەیاتی کورد**
**هەرئێوەن گەه بەشیر و گەه بەخامە بۆ نەجاتی کورد**
**سەرو ماڵتان فیداکەن هەرلە بۆتان تاکو بابانی***

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٥٢-٥٣.

بەپێی ئەم نموونە شیعریانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین عەونی کەوتۆتە ژێرکاریگەری شیعرە نەتەوەییەکانی مامەندکەرکووکی لەڕووی ناوەڕۆکەوە . هەروەها پێنج خشتەکیەکەشی ستایش کردنی بنەماڵەیەکی کورد پەروەری کوردستانی تورکیایە

---

(*) شیعرەکە (٢٢) کۆپلەیە کەدەکاتە(١١٠) دێڕ ، لەبەر زۆری ئەم چەند کۆپلەیەمان وەرگرتووە .

کەبنەماڵەی بەدرخانیەکانن ڕۆڵیان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی و مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەرزنرخێندراوە.

## - حەوتەم:-مەلا سابیر(مەیلی)* و عەونی:-

مەیلی یەکێکە لە شاعیرەکانی پەیرەوی ڕێبازی کلاسیك و یەکێکیشە لەو شاعیرانەی کۆیە کە بەهۆی شیعرە دڵداریەکانیەوە کاری کردۆتە سەر عەونی و کاریگەری خۆی لەسەر شیعرەکانی عەونی بەجێ هێشتووە . (مەیلی شاعیرێکی زۆرباش بووە . لە گەلێك لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی باشتر بووە . بەڵام دیوانی نییەو شیعرەکانی دەست ناکەون)* . بەداخەوە دوای هەوڵ و گەڕان و پرسیار کردنێکی زۆرمان لەشیعرەکانی مەیلی هیچمان دەست نەکەوت تەنها ئەوەنەبێ کە عەونی شاعیر پێنج خشتەکیەکی لەسەر شیعرێکی داناوەو لە دیوانەکەیدا بلاّوکراوەتەوە کە لەخوارەوە دەیخەینە ڕوو:-

واچـرای کـوڵـمەی بـەعـەزمی سوتنی دڵ شوعلــەدا
چـۆن وەکو پـەروانــە ســوتێم ڕووبەڕووی لالــــەدا
چۆن وەکـو بـولـبـول نـەناڵم من لەدەوری غونچەدا
والــــەدەوری باخی کوڵمی ماری زوڵفی حەلقــەدا
بــولــبولی دڵ پاسەوان و حاجیبە لەم باخــــەدا

★ ★ ★

دڵ وەکو منداڵی ســاوا . والــەدەرگـات کـەوتـــووە
نــاڕوا چـونـکــە بەشەهدی لوتفی تۆ پێ ىگرتووە
مووەتێکە وا لە شـەککەر خـەنـدەیی تۆی چەشتووە
من کەتیفلێکی نەفامم لەم یــەخــەم گـرگـرتــووە
تــاوەکـو قــەنـدی مـەمی بۆم دەردەخا لەم سینەدا

---

(* ) مەیلی نازناوی شاعیری کورد(مەلا سابیری مەلاحبیب)ەولەساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە و لەکەرکووك ژیاوە ، هەرلەوێشدا کۆچی دوایی کردووە .

(* ) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شارەزا ، ڕێکەوتی ١٤ – ٧ – ٢٠١٣ .

لەم دووكۆپلەی سەرەوەدا عەونی شاعیر كوڵمی یارەكەی بەچرا چواندووە و دڵی خۆشی بەپەپولە چواندووە لەسوتاندا بەدەوری چرا و لالەدا . پاشان خۆی بەبولبول چواندووە لەناڵیدا و یاریشی بە خونچە داناوە . وەكو چۆن بولبول لەدەوری خونچەدا دەخوێنێ. مەیلی شاعیریش كوڵمی یاری بەباخ چواندووەو زوڵفەكانیشی لە لوول و پێچ خواردوویی‌بەمار داناوە . پاشان دڵی بەبولبول چواندوە لە پاسەوانی باخی كوڵمەی یاردا. لەكۆپلەی دووەمدا عەونی دڵی خۆی بەمنداڵی ساوا چواندووە لەوەی كە رقەی گرتووە و لەبەر دەرگای ماڵی یاردا ناڕوات . چونكە ماوەیەكە گیرۆدەی لوتفی یار بووە. مەیلی خۆی بە منداڵێك چواندووە كە هیچ چاكەو خراپەیەك نازانێ و یەخەی یاری گرتووە و بەری نادات تاكو سینگ و مەكی خۆی بۆدەرنەخات.

گاه لەگەڵ بولبول لە گوڵشەن ناڵە ناڵێكم هەیە
گاه لەگەڵ قومری دەناڵم چۆن فیغانێكم هەیە
هەردەمە من باخەوانانە خەیاڵێكم هەیە
من لەناو باخ و گوڵستان نەو نەمامێكم هەیە
دووهەناری زەردووسوور و دووگوڵ و خونچێك ئەدا

لەدوایدا عەونی جارێك لەگەڵ بولبول دەناڵێنێ لەناو گوڵاندا و جارێك لەگەڵ قومری شین وگریان دەكات لەتاو ئازاری خۆشەویستی یارەكەی و خۆی بەباخەوان چواندووە لەوەی كە هەردەم جۆرە بیر و خەیاڵێك دەكات. مەیلی دەڵێ: من لەناو باخ و گوڵ و گوڵزاردا تازە نەمامێكم هەیە واتە یارێكم هەیە كە مەمكەكانی بە هەنار چواندووە و كوڵمەكانی بەگوڵ و لێویشی بەخونچە چواندووە.

دڵ وەكو مەجنوون دەناڵێ والەبەرپێ كەوتووە
هەم بەنەشئەی تاس و تورەی پەرچەمت تەسخیر بووە
تۆ كەلەوساوە بەقەتلی ئێمە وادەت فەرمووە
وا بە لەرزانەی گوارە دڵ بەلەرزین كەوتووە
زۆر ئەترسم هەڵقەنێ روحم بەدەم ئەم لەرزەدا

لەم کۆپلەی سەرەوەدا عەونی دڵی خۆی بەشێت چواندووە لەوەی کە بۆیارەگری و لەژێر پێدا کەوتووە . کە یەخسیری تاس و تاڵە پەرچەمێکی یاربووە و ئەویش فەرمانی کوشتنی ئەوانی داوە. مەیلی بە لەرزانەی گوارەکانی یار دڵی بەلەرزین کەوتووە لەترسی ئەوەی کە بەو لەرزینەوە روحی بکێشێت.

**تابەکەی ئەم تاڵی یە ئەی دولبەری شیرین کەلام**
**بێتوگەر جارێ کەرەم کەی تۆ بەخەندە بێیە لام**
**نامەوێ من نەهری کەوسەر یانەخۆ دارولسەلام**
**جەننەت و دۆزەخ چ فەرقێکی نی یە قوربان لەلام**
**من هەتا ماوم ئەگەر شادبم لە ئەم فیردەوسەدا**

عەونی ڕوو لەخۆشەویستەکەی دەکات و لێی دەپرسێت تاکەی ئەو تاڵی و ناخۆشییە ئەی قسە خۆش . ئەگەر بێتوو یەك جار بە دەم بە پێکەنینەوە بفەرمووی بۆ لام ئەوا ئاوی کەوسەرم ناوێت واتە ناچێتە بەهەشت. بەلای مەیلی بەهەشت و جەهەنەم وەکو یەك وایە ئەگەر هەتا لەژیانداماوە بەو باخ و گوڵ و گوڵستانەی یارەکەی بگات کە بەفیردەوسی (جنة الفردوس)ی چواندووە.

**قەت بەیان نابێ بەنووسین ماجەرای دەردی دڵم**
**گەر لەلای تۆوە چ ڕەحمەت بێ چ میحنەت قابلم**
**حاڵ و بێ حاڵیم ئەگەر بێ پێت دەڵێم چۆنەگوڵم**
**خانەیی سەبرو تەحەمول ڕوو لە وێرانە دڵم**
**جار بەجار بۆ قووەتی دڵ ماچی لێوانی ئەدا**

دووای ئەم هەموو ئێش و ئازارە عەونی پێی وایە کەدەردی دڵی بە نووسین دەرنابڕێت و کۆتایی نایەت . ئەگەر لەلای یار خۆشی یان ناخۆشی شیاوبێت . ئەوکاتە حاڵی باش بێت یان خراپ باسی یارەکەی دەکات کەچۆنە و لێرەدا بەگوڵی چواندووە. سەبرو ئارام لەدڵی مەیلی نەماوە و وەکو خانەی وێرانی لێهاتووە . جارجار بۆ هێزی دڵ یار ماچێکی لە لێوی دەدایە . بەڵام ئەوە نەماوە بۆیە دڵ وای لێهاتووە.

چاوەکەم چاوم لەرێتە تاسەحەر نانووم شەوێ

ئینتزاری لەلالەیی ڕووتم کە کەی بۆم دەردەکەوێ

هەر وەکوو (عەونی) بە قوربان بەرگی شادیت قەت نەوێ

(مەیلیا) گەر مەیلی ڕووی ڕوحی شیرینت نەوێ

هەروەکو پەروانە ڕووحی خۆی بەڕوویی لالەدا

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٥٦-٣٥٧.

لە کۆتاییدا عەونی لە خۆشەویستیان بە یارەکەی دەڵێ: چاوەکەم شەو تاکو بەیانی ناخەوم و چاوەڕێی ڕووخساری جوان و بریسکەداری تۆم کەدەبێ کەی بۆم بەدەربکەوێ و بێیتەلام . پاشان بەیار دەڵێ: تۆش وەکو من بە خۆشی و شادیت هەرگیز نەوێ بەقوربان. بەهەمان شێوە مەیلی ڕوو لەیار دەکات و پێی دەڵێ: ئەگەر رووی گیانی شیرینت ناوێ . ئەوا وەکو پەپولە ئەو گیانە بە چرادادە. ئەم غەزەلەی مەیلی لە ناو ناخی عەونی دا ژیاوەو ئەوەندە بەسۆ بووە بۆتە هۆی ئەوەی ئیلهام بەعەونی بدات و ئەم بەرهەمەی لێ دروست بکات . لە راستیدا مەیلی غەزلێکی تەڕوو پاراوی هۆنیوەتەوە و بۆن و بەرامی خۆشەویستیەکی بە ناکام نەگەیشتوو دەدات.

بێجگە لەو کۆمەڵە شاعیرەی شیعری کلاسیکی کوردی کە بە نموونە وەرمان گرتوون عەونی کاریگەریی شاعیرانی ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێشی بەسەرەوە بووە وەکو شاعیرانی ئەدەبی فارسی و عەرەبی کە شتێکی ئاساییە و دەچێتەخانەی بەراوردی ئەدەبیەوە . (ئاساییە ئەدەبێك کاریگەری لەسەر ئەدەبێکی تر هەبێت)[1] . یاخود شاعیری نەتەوەیەك لەسەر شاعیری نەتەوەیەکی تر کاریگەری هەبێت . بەلاّم ئێمە تەنها شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیمان هەڵبژاردووە بۆیە خۆمان لەم لایەنە نەداوە.

---

[1] - الادب المقارن ، محمدغنیمی هلال ، دارالعودە- بیروت ، ص٢٠ .

# بەشی دووەم
# تەوەری دووەم:

**أ-کاریگەریی شاعیرانی نوێی کوردی بەسەر شیعرەکانی عەونی دا:**

**- گۆران**

**- دڵدار**

**- هەژار**

**- هێمن موکریانی**

**ب-کاریگەریی عەونی بەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆیدا**

**- صافیی هیرانی**

**- جاهید**

## تەوەری دووەم /

### أ- كاریگەریی شاعیرانی نوێی كوردی بەسەر شیعرەكانی عەونی دا:-

### یەكەم:-گۆران و عەونی:-

ئەم دوو شاعیرە نەمرە جگە لەوەی هاورێی یەكتری بووینە لەچەند كۆڕوكۆبونەوەیەكدا بەشداریان كردووە . لەوانە لە كۆنگرەی دووەمی یەكێتی مامۆستایانی كورد لەشەقلاوە . چەند گەشتێكیشیان لەشەقلاوە و بێخاڵ و تادەگاتە حاجی ئۆمەران بەیەكەوە ئەنجام داوە. چەند وێنەیەكیشیان بەیەكەوە گرتووە . سەرەڕای ئەمانەش كاریگەری ئەدەبیش لەنێوانیاندا هەیە و گۆران وەكو رابەرو شاعیرێكی نوێخوازی ئەدەبی كوردی كاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر عەونی بەهەر جۆرێك بێت لە جۆرەكان . دەتوانین ئەم راستییەش بەم نموونە شیعریانەی خوارەوە بسەلمێنین:-

- گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) دەڵێت:-

بەیەك بوونە گشت:
پتەو بوونی پشت:
بەیەكبوون ئەبێ
گەلت پێشكەوێ ([1])

- عەونی دەڵێت:-

بەخۆبوون و بەیەكبوونە دەچەسپێ
بەئاسانی هەمووكارێكی دژوار

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٤.

وێنەكەلەیەكبوون و یەك ریزیدا دەردەكەوێت كە هەموو كارێك ئاسان دەكات.

[1] - دیوانی گۆران ، چ٣، چاپخانەی دالاهۆ ، بلاوكراوە ی پانیز ، ساڵی ١٣٨٦ ، ل٣٠٣.

- گۆران لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

**ئەمجا ئەی یار . ئەی خوازنی عەشقم . ئەی ڤینۆس**

**ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج . توالێت ئابنووس**

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٦٤.

- عەونی دەڵێت:-

**ڤینۆس وێنەی خۆی کێشا بەجوانی**

**تەنیا ناوی خۆی نابوو(خوای جوانی)**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٩٠.

وێنەکە لەبەکار هێنانی (ڤینۆس)بەخودای جوانی یەك دەگرێتەوە . عەونی خودای جوانی ڤینۆسی وەرگرتووە و وێنەیەکی تری پێ دروست کردووە.

- گۆران دەڵێت:-

**کام ئەستێرەی گەش . کام گوڵی کێوی**

**ئاڵە وەك کوڵمی ؟ گۆی مەمکی لێوی**

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٤٣.

- عەونی دەڵێت:-

**کام گوڵ کام خونچە . کام وەرزی بەهار**

**شینی نەگێرا هوزاری هەژار؟**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٩٩.

لەوێنەکەدا ئەوە دەفامرێتەوە کە سێبەری شیعرەکەی گۆرانی بەسەرەوەیە لەڕووی ئەوەوە کەعەونی وەك گۆران بەپرسیار دەستی پێ کردوەو (کام گوڵ)ی لێ خواستووەو وێنەیەکی پێ دروست کردووە.

- لەشیعرێکی تردا گۆران دەڵێت:-

**هێز پێویستە بۆ حەق سەندن**

**هێزی پێکهاتووی یەکگرتن**

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٣٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

**برا چارەمان تەنیا خەباتە**

**برایەتی و یەك بوون رێگای نەجاتە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١١٢.

وێنەکە خۆی لەیەکگرتن و تەبایی دا دەبینێتەوە کە بەهێزترین هێزو باشترین رێگایە بۆ ماف وەرگرتن و رزگاربوون . وەکو کورد دەڵێ:- (هێزلە یەکێتی دایە).

- گۆران دەڵێت:-

**ئەی لاوی کورد ! کوری ئازا**

**دانەوێنیٚ بۆ قەزا**

**بۆ زوڵم و زۆر . ملی رەزا**

**تەبنیاز . نەبەنزا**

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٣٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

**سەری مەردایەتی دانانەوێنین**

**بەرامبەر دوژمنی خوێن رێژوو لاسار**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٤.

وێنەکە لەئازایەتی و سەر شۆرنەکردن بۆ دوژمنانی کورد یەکدەگرێتەوە.

- گۆران دەڵێت:-

ئەی لاوی کورد ! پڵنگـــــی لان !
کـــورانــە بــاز دەرە مــــەیدان
حەق بسێنە بەرەنگی شـــــان !
بۆگشت هەژار بۆ گشت ئینسـان !
لەکێ؟ یەکەم لـە ئـیـسـتـعمــــــار
ئمجا دڵـــــگـــیـــرکــەرو زۆردار!

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٣٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

لاوی کورد دەبێ چوست و چالاك بێ
له کاتی پێویست لەگیان بێ باك بێ
لــە کــاتــی ئاشـتی زانا و رابەر بێ
لەرۆژی شەڕدا شـێری سـەنـگـەر بێ
دەبێ نمـوونــەی خـوورەوشـــت بێ
کـاروکـردەوەی بـۆ سوودی گشت بێ

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١١٥.

لاوی کـورد بەشـێرو پڵـینـگ چـوێنراوە لەشـەڕدا وەکـو رەمـزی بـە هێـزی و ئازایـەتی بەرامبەر دوژمنـانی کـورد . هـەوڵ و خـەباتیان بـۆ هـەموو گـەل بـێ نـەك بـۆ بەرژەوەنـدی تاکەکەسی لەمەدا وێنەکە یەکدەگرێتەوە.

- گۆران لە شیعرێکی تردادەڵێت:-

لـــەژێـــر ئـــاســـمـــانی شـــینا
لەپاڵ لووتکەی بـــەفـــریـــنـــا
کـــــوردســـتـــان گـــــــەرام
دۆڵاو دۆڵ پـــــــێـــــــوام
نـــەلـــەشـــارو نـــەلـــەدێ
نـــــەمـــــدی کـــــــەس
وەك تـــــۆ جـــــوان بـــــێ !
تـــــۆیـــــــت و بـــــــــەس

دیوانی گۆران . چ٣ . ل٥٤.

- عەونی دەڵێت:-

جـــیـــهـــانـــم پشکـنـیـــــوە
نازدار جوانـــم زۆردیـــــوە
بەلام وەك تـــۆ نــــازەنین
نەم دی لەسەر ڕووی زەمین

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٤.

وێنەکە لەگەڕان و بەدوا داچوون و بینیندا لەجوانی کچێکی کورد کە هاوتای نییە . یەکدەگرێتەوە. لەم نموونە شیعریانەی سەرەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێ کە کاریگەریەکەی گۆران لەسەر عەونی لەنێوان شیعری نەتەوەیی و وەسفی ئافرەت دایە لەڕووی ناوەڕۆکەوە.

**دووەم:-دڵدار و عەونی:-**

دڵدار (١٩١٨ – ١٩٤٨) . سەرەڕای هاوشاری و هاورێیەتیان هاوخەبات و هاوبیربوونە و پەیوەندیەکی ئەدەبی توند و تۆڵیشیان بەیەکەوە هەبووە . (باوکم دەربارەی دڵدار دەی گووت:- زۆرجار دڵدار شیعرەکانی ئەهێنا پیشانی دەدام . دەی ویست ڕای خۆمی لەسەر بدەم . منیش دوای دەست خۆشیەکی زۆر چەند تێبینیەکم پێ دەگووت . زۆر گەرم و گوڕبوو لەسەرشیعرنوسین)* . ئەم پەیوەندییە وای کردووە کە زیاتر قوڵ ببنەوە لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتدا . هەر ئەمەش بووە وای لێکردوون کە چەند شیعرێك بەیەکەوە بەناونیشانی (دڵ،فەلەك) بهۆننەوە . بمانەوێ یان نا ئەم جۆرە پەیوەندییە بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرە کاریگەری و کارتێکردنێك لەخۆ دەگرێت . ئەگەر هەر مەبەستێکی تریشی لە پشتەوەبێت . بۆیە شیعر دانانیان بەیەکەوە لەوانەیە زۆرشتی تریشی لێ بخوێنرێتەوە . لە خوارەوە دەقی شیعرەکان دەخەینەڕوو:-

دڵ ([1])

دڵ لەبەینی تەلعەتی ڕوو زوڵفەکەی دەیـــجـــوورتـــــە
گـــاهــێ مــەیلـی شەو دەکات و گاهێ مەیلی نـــوورتـــــە
بـــەحــری عـومـانـی ســروشکم وا بـەدەم گـریـانـــــەوە
پـڕ لـەدانـەی گـەوهـەرە هـەم لـەعـلی وێنەی سوورتـــــە

عەونی دڵی لەنێوان هەڵاتن یان دەرکەوتنی ڕووخسارو زڵفەکانی یار دایە . دڵدار دەڵێ: جارێك بەلای زوڵفەکانی خۆی دەنوێنێ و جارێکیش بەلای ڕووخساریەوە . کە زوڵفەکانی یار بەشەو چواندراوە لە ڕەشیدا . ڕووخساریشی لە سپی و جوانیدا بەنوور چواندراوە. عەونی لەکاتی گریاندا ڕژاندنی فرمێسکەکانی بە بەحری عومان چواندووە و دڵداریش دەڵێت: پڕە لە گەوهەرو شتی گران بەها.

---

)* ( چاوپێکەوتن لە گەڵ فرهاد عەونی لەرێکەوتی ١٥- ٦ ٢٠١٣.

[1] - عبدالخالق علاءالدين ، ديوانی دڵدار ، طبع فی مطابع دار افاق عربيةللصحافةوالنشر ، بغداد،ساڵی ١٩٨٥ ، ل١٨٠ .

بادەکەت پڕ ژەهری ماربێ پێم بـدەی نۆشی ئەکـــــــەم
چونکە تەبعم هێند موتیعە بەنـدەیـی مـەیـســـوورتـــــە
سائـەزانـی چـەنـد پـەشـێـوە ئـەو دڵـەی بـیـمـاری مـــــــن
پەی کراوی تیری غەمزەی چاوەکـەی مـــەخـمـوورتـــــــە !

لە دوایدا عەونی دەیـەوێت ئـەوە دەربخات کە ئەوەنـدە یارەکـەی خۆش دەوێت ئەگـەر ژەهریشی پێبدات ئەی خوات لـەتاو خۆشەویستیەکەی . دڵدار دەڵـێ: ئەمـە لەبـەر ئەوەیـە سروشـتم زۆر شـەیدای گوێڕایـەڵی کردنـە. ئینجا عـەونی دەڵـێ: ئەوکاتـە دەزانـی ئـەو دڵـە برینداره‌ی من چەند پەرۆشی تۆیە ئەی یار . دڵدار دەڵێ: ئەو دڵە بەتیری چاوەجوانەکانت پێکراوە.

ئاسمانی حوسنی رووخسارت لە ئەبرۆ و چـەرخـــــی ڕوو
تاقی ئەبرۆت دووهیلال و چەرخی کوڵـمـەی خـــۆرتـــــە
خونچەکەی نەشکفتەیی لێوت لـە بـاخـــــی مـــەقصـــەدم
تـادەمـی پـشـکـوتـنـی دڵ بـولـبـولـی مــــەنـشــوورتـــــــە !

لە پاشاندا عەونی رووخساری یارەکەی بەئاسمان چواندووە و دڵداریش برۆکانی بەمانگ و کوڵمەکانیشی بەخۆر چواندووە لە جوانیدا . لە کۆتایدا عـەونی پرسیار لـە دڵدار دەکات بۆچـی داوای ئـەم هۆنراوەیـەی لێـدەکات ؟ . لەوەڵامـدا دڵـدار ئـەوەمان بـۆ دەسـەلمێنێ کـە عەونی هەمیشە غەمبار بووە بۆ خاك و وولات.

ئـارەزووی ئـەم شیعرە(دڵدار) تۆ لە (عەونـــی) بـۆدەکـەی
چـونـکـە ئـەم غـەمـبـارە دایـم بۆ وەتەن مـــــەجـبــوورتـە !!

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم هۆنراوەیەی سەرەوە لە سەرداوای دڵداری شاعیر هۆنراوەتەوە. جگە لەمە شیعرێکی تریشیان پێکەوە بە ناونیشانی (فەلەك) داناوە . عـەونی

لەنیوە دێری یەکەمدا دەیەوێت ئەوە بڵێ کە دنیا کەسانی باش بەدەردو ئازار لەناو دەبات و کەسی خراپیش دەمێنێتەوە . لە نیوە دێڕی دووەمدا دڵدار دەڵێ:نەخۆشی شێرپەنجە کە نەخۆشیەکی کوشندەیە لە هەرکەسێك بێت چاك یاخود خراپ لەناوی دەبات و دەی کوژێت . واتە مەرگ پەیوەندی بە جۆری کەسایەتیەکانەوە نییە.

**فەلەك**

**ئەوەی کەس بێ فەلەك دایم لەخوێنی خۆی دەگەوزێنێ**
**کەپەنجەی شێری نەگبەت هات ڕەگی ئاساری دەردێنـــێ**

لەدوایدا عەونی دەڵێ: یاسای سروشت وایە کە هەڵات و ڕۆیی شومی و نگبەتی هات . دڵداریش ئاماژە بە نەکردەو مەحال دەکات دەڵێ: ئەگەر لەچیمەن چەقەڵ هەستێ دەبێت شێرێك ببەزێنێ،دڵدار لێرەدا ئەوەباش دەزانێ کەئەمە نابێ . وەك چۆن تۆز لەقوڕ هەڵناستێت . بۆیە مەرج دادەنێ ئەگەر لەچیمەن چەقەڵ هەستێ ئەوا دەبێ شێرێکیش تێکبشکێنێ.

**کەتالع ڕۆیی نگبەت هات . تەبیعەت قاعیدەی وایــە**
**لەچیمەن دا چەقەڵ هەستێ ئەبێ شێرێکی بشکێنێ**

لەپاشاندا عەونی دەڵێت: خوێن ڕشتن و شەڕو کوشتار ناخۆشە . بەڵام من پێم خۆشە. دڵدار تەوای دەکات و دەڵێ: ئەگەر ئەمڕۆ خوێن بڕژێت بەیانی گوڵێك دەڕوێت . ئەم گوڵە گوڵی سەربەستییە.

**ئەگەرچی خوێن ڕژان ناخۆشە ئەمما من لەلام خۆشە**
**ئەگەر خوێنێ ڕژا ئەمڕۆ سبەینێ لالە ئەڕوێنـــــــێ**

لەکۆتایدا عەونی مەنەلۆگ لەگەڵ خۆیدا دەکات کە بە ورەوە هەوڵێك بدات لە ناو دنیای پڕ لە هیواو ئومێد . وەکو ئەوەی کە دەیەوێت ئەوە بڵێ کە دنیا بە ئومێدەوە خوراوە. بەهەمان شێوە دڵداریش لەسەر خۆی واجب دەکات کە دەبێ دڵی خۆی لە سستی رزگار بکات.

لەنێو دنیای ئەمەڵ (عەونی) بە عەزمێك و نەشاتێ بە
دەسا فەرزە ئەتۆش (دڵدار) دڵی سستیت بفەوتێنـــی !

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٤.

## سێیەم:-هەژار و عەونی:-

هــەژار موکریــانی یەکێکــە لــە شــاعیرانی کوردســتانی ڕۆژ هــەڵات . وەکــو شــاعیرێکی نەتەوەیی بەهۆی شیعرەکانیەوە بـەپێی وتـەی عـەونی خـۆی (کـاری کردۆتـە سـەر هەسـتی شاعیریەتی و بـە پاسـەوانێکی زمـانی کوردیشـی زانیـوە)[1] . ئـەم کاریگەرییـە لەشـیعرەکانیدا دیارە . وەکو لەم شیعرەی خوارەوەدا کە هەژار نیشتمانی کورد بـەپیرۆز دادەنـێ و سـوێندی پێـدەخوات . بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان سـەر و مـاڵی خـۆی بـەقوربان دەکـات. لـەژێر کاریگـەری ئـەم دێـڕە شـیعرەدا عـەونی سـوێند بەکوردسـتان دەخـوات و بـەڵێنی مەردانـە بەنیشتمان دەدات تاکو گیان لە لەشیدا مابێ خەم خۆر و هاوبەشی بێت.

- هەژار(١٩٢٠- ١٩٩١) دەڵێت:-

کوردستان !
نیشتمانی کورد گەلێك پیرۆزی سوێندت پێ ئەخۆم
بۆ سەر بەخۆیت بەگیان و بەماڵ بەقوربانی تۆم ([2]).

---

[1] - ك.ن ، چاوپێکەوتن لەگـەڵ عـەونی دا ، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ ، ژ. (١٠٩) سـاڵی یەکـەم ، پێـنج شەممە ٤- ٦- ١٩٩٢ جۆزەردان ٢٦٩٢، ل٦.

[2]- هەژار بۆ کوردستان ، چ٦ ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی انتیشاراتی هەژار ، ئێران — سنە ، ٢٠٠٦ ، ل١٠٥.

- عەونی دەڵێت:-

سوێندم بەم نیشتمانە

بەڵێنێکی مەردانە !!

تاگیان مابێ لە لەشم

لەکردەوەت هاوبەشم !

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٩.

وێنەکە لە سوێند خواردن بەنیشتمان و خۆبەخت کردن لەپێناویدا یەکدەگرێتەوە.

- هەژار لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

کــــــاوەی مەزنمان بارزانی

کــــــاوەی پێشوو بەقوربانی

پێشمــــەرگە خاوەن سەردارە

ژین لە دوژمن ژەهـری مـــارە

بۆ کوردستان . چ٦ . ل١٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

لـــــە کوردستانی بەریـــــن

کاوەی سەدەی بیستەمیـــــن

کـــــاوەی نەمر بارزانـــــی

ئــالآی خستە سەر شانـــــی

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٣٤.

وێنەکە لە چواندنی بارزانی نەمر بەکاوەی ئاسنگەر لە ئازایەتی و نەبەردیدا یەکدەگرێتەوە.

- لەشیعرێکی تردا هەژار دەڵێت:-

بارزانی شێری کــــــــــوردستان
گیان بەری . گیان لەسەردەستان
بارزانی داڵەی ئـــــــــــازادی
داسی هەژ گەلێ بێــــــــدادی

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل٦٧.

- عەونی دەڵێت:-

بلێ مژدەبێ ئەی کێوی سەر بەرز
دێنەوە ولات شێرانی نــــەبـــەز
رۆڵەی ئازادین . هاورێی دلسۆزان
خەمخواری گەل و خاکی پیرۆزن

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٨.

وێنەکە لەچوواندنی بارزانی بەشێر لە بەهێزیدا . پاڵپشتبۆ ئازادیگەل و ولات یەکدەگرێتەوە.

- هەژار دەڵێت:-

هەر دڵۆپێکی ئەو خـــوێنە
بۆ تۆڵە ساندن هـــــەوێنـە
تۆڵەی شەهیدان دەستێـنین
پەری مێژوو دەرەنگێنیـــن

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل١٠٣.

**- عەونی دەڵێت:-**

**کوردە . دەیەوێ خوێنی شەهیــدان**

**کێ بوو موسەبیب بخرێتە زینــدان**

**مەحکەمەی بکا میللەت لەمەیـدان**

**حوکم جاری بێ بۆ وان بەخنکـان**

**بمرێ دوژمنی گەل و نیشتمــان !!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٢٠.

هـەژار وێنەیـەکی جـوانی دروسـت کـردووە . عـەونی لێـی وەرگرتـووە وجـۆری تۆڵـە سەندنەوەکەشـی لـە دوژمنـانی گـەل و ولأت دیـاری کـردووە . چـونکە وێنەکـە لـە تۆڵـە سەندنەوە و بەهەدەرنەدانی خوێنی شەهیدان یەکدەگرێتەوە.

**- هەژاردەڵێت:-**

**کوردم و لەرێگای کوردو کوردستان**

**سەر لەپێناو گیان لەسەر دەســتان**

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل١٣.

**- عەونی دەڵێت:-**

**گیان بەخت کردن لەڕێگای نیشتمان پێویســتیە**

**من کە کوردم پەیرەوی فەرمایشی یەزدان دەکەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٦.

وێنەکە جەخت کردن لەسەرکوردبوون و گیان بەخت کردن لەپێناو کـوردو کوردسـتاندا یەکدەگرێتەوە.

**- لەشیعرێکی تردا هەژار دەڵێت:-**

**سەرو ماڵ بەقوربان دەکەین گشتمان**

**لەرێی سەربەخۆبوونی نیشـــــتمان**

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل٣٥.

**- عەونی دەڵێت:-**

**من لەرێگای سەربەخۆیی خاك و ڕزگاری گـــەلـــم**

**گیانی خۆم و قەم و خۆیشانم هەمووی قوربان دەکەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٥.

وێنەکە لە قوربانی دان لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمان یەکدەگرێتەوە.

**- هەژار دەڵێت:-**

**جەمی دوا ڕۆژی تۆشەو ئیستیعمار**

**چل شەوە مەودای ژینی سەگی هار**

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل٥٦.

**- عەونی دەڵێت:-**

**عومری چل ڕۆژە سەگی هار کورد دەڵێ:**

**مەحوە ئەنجامی هەموو تاغی و عەنید!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٣.

وێنەکە لەبەکار هێنانی ئەم پەندە کوردیەدا یەکدەگرێتەوە کە دەڵێ: (سەگی هار عومری چل ڕۆژە) . لێرە خوازراوە و بۆ مەبەستێکی تر بەکار هاتووە.

**- هەژار لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**کاوە بە کوتکێ کردی کودەتا**

**سەرەمارەکەی زوهاکی کوتا**

هەژار بۆ کوردستان . چ٦ . ل٢٣.

**- عەونی دەڵێت:-**

**ئای بۆ کاوەیێ . وەك کاوەی نەمر**

**بێتە مەیدانێ نەبەرد کت و پڕ!!**

**بەدەستێ ئالا . بەدەستێ کوتەك**

**بەبیرو بڕوا بەهێزی مـــەچەك**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٠٤.

وێنەکە لەگێڕانەوەی چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرو سەرکەوتنی بەسەر زوحاکدا بەزەبری هێزو بازووی خۆی و کوتکەکەی دەستی یەکدەگرێتەوە. لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین عەونی بەشیعرە نەتەوەییەکانی هەژارکاریگەر بووە و هەستی شاعیریەتیان بزواندووە.

## - چوارەم:-هێمن و عەونی:-

هێمن یەکێك بووە لە شاعیرانی هاوچەرخ کە بەهۆی شیعرەکانیەوە کاری کردۆتە سەر عەونی . لە چاوپێکەوتنێکدا عەونی دانی بەوە داناوە کە هێمنی شاعیر کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر هەستی شاعیریەتی و دەڵێ:-(شیعرەکانی مامۆستا هێمن زۆر کاری تێکردووم تەنانەت چەند شیعرێکیشم تەخمیس کردووە)[١] . عەونی ئەم راستیانەی نەشاردۆتەوە و ڕاشکاوانە باسی کردوون . وەکو لەم دێڕەدا هێمن پێی وایە کە ئەوەندەی نەماوە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خۆی ببینێ و خاك و وڵاتی لەژێر چەپۆکی دوژمنان رزگار بێت. بەهەمان هەناسە عەونی بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت کە هەرچەندە پیر بووم ئازادیم هەرنەدیت . بەڵام هیوام وایە ئەم ئازادییە هەردێت کە ڕەنجی هەوڵ و خەباتمانە.

- هێمن (١٩٢١ز – ١٩٨٦ز) دەڵێت:-

**زۆری نەماوە بێتە بەر . نەمامی هەوڵ وخەباتم**

**لەداگیرکەر پاك بێتەوە خاکی پیرۆزی ولأتـــــم ([٢])**

- عەونی دەڵێت:-

**هەرچەندە دوای تەمەنم هات بە نەهاتی**

**هیوام هەیە هەربەردەگرێ داری خەباتم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٧.

وێنەکە لە گەشبینی و بەرهەمی رەنج و خەباتدا یەکدەگرێتەوە کە ئازادییە بۆ وڵات.

---

[١]- ك.ن ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەونی دا ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(١٠٩) ، ٤- ٦- ١٩٩٢، ل٦.

[2] - وریا حبیب ، دیوانی هێمن موکریانی ، چ١ ، چاپ و پەخشی چوارچرا ، سلێمانی ، ساڵی ٢٧٠٨ ، ل١٦.

- له شیعرێکی تردا هێمن دەڵێت:-

ئەمن دەمگوت لەدنیا تابمێنـــــــم
لەبەر کەس ئەستەمە سەردا نەوێنم
کەچی ئێستا لەداوی بسکی تــــۆدا
گرفتارم گوڵم موناپسێنـــــــــم

- عەونی دەڵێت:-

بەڵێن وابێ ئیتر موو ناپـــسێنم
ئەگەر زنجیر و تۆقم کەن لە ئەستۆ

ئەو موو نە پساندنە هەردوو وێنەکانی پێکەوە گرێداوە ([1]).

- هێمن لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

لەچوارچرای مهابــــاد
لەکانگای بیری ئـــازاد
دەستی رەشی ئیستبداد
چەقاندی داری بێــداد
لەکاتی نیوەی شـــەوا
لەجەنگەی شیرین خەوا
کــرا کــاری نــاڕەوا
لــەدار درا پـێشـــەوا

دیوانی هێمن . چ١ . ل١٤٤.

[1] - عەبدوڵلا خدر مەولوود ، کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا ، چاپخانەی پاك ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ،
ل٦٥-٦٦.

**- عەونی دەڵێت:-**

**لـــــــەمهاباد لەچوارچرا**

**داری بێـــــــدادی هەڵکرا**

**ئەو دارەی پێش نیوە شەوا**

**وەستا لەژێریـــــا پێشەوا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٣.

کـات و شـوێن و لەسـێدارە دانـی پێشـەوای کـورد (قـازی محمـد) وێنەکـە پێکـەوە دەبەستێتەوە . جگە لە وەرگرتنی هەندێ کەرستەی شیعری.

**- هێمن دەڵێت:-**

**ڕۆڵەی وەفاداری کـــورد**

**پێشەوای ئـــارام و ورد**

**بۆکورد ژیا . بۆکورد مرد**

**گیانی فیدای گـــەلی کرد**

دیوانی هێمن . چ١ . ل١٤٤.

**- عەونی دەڵێت:-**

**گووتی: ئێستا دەڵێم کوردم**

**لــەرێی ئازادی کورد مردم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٣.

گیان بەخت کردن لە پێناو ئازادی گەلی کورد وێنەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**- هێمن دەڵێت:-**

**رۆڵەی کوردی بلیمــەت**

**نەترسا لەدار و پـــەت**

**پشتی نەکرد لەمیللــەت**

**وادەبێ زیبك و هیممەت**

دیوانی هێمن . چ١ . ل١٤٥.

- عەونی دەڵێت:-

**پێشەوای کورد بەبێ ترسان**

**کردیە ملی پەتی خنکـــان !**

قارەمانیـەتی و چاونەترسـی پێشـەوا قـازی بـۆ بـن پـەتی سـێدارە وێنەکـە بەیەکـەوە دەبەستێتەوە.

- هێمن لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

**لەباری . نازەنینی . نەرم و نۆڵی . دڵتەری . شادی**

**لەچاوی بەد بەدووربی ئەی کچی جوانی مـهابادی!**

دیوانی هێمن . چ١ . ل١٤٦.

- عەونی دەڵێت:-

**لەبەر جەوری کەسێکی کۆیی بێزار بووم بەبێ دادی**

**فەلەك خستمیە بەر دەست چاو جوانێکی مەهابادی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٤٥.

ئەو کچە جوانە مەهاباتیە وێنەکەی بەیەکەوە بەستاوەتەوە.

- لەشیعرێکی تردا هێمن دەڵێت:-

**دڵی سەد عاشقت کردە نیشانەی تیری موژگانت**

**کچی کوردی ! لەتیرئاویتنا مەعلومە ئوســـتادی**

دیوانی هێمن . چ١ . ل٢٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

**کەلێی دام غەمزەیەکی خستمی هەستام وەهام گوت پێ ی**

**کچی کورد ئافەرین بۆ تۆ کە چالاکی لە ســـەیـــــادی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٤٥.

ئەم کچی کوردە وێنەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

- هێمن لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

**وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەو شۆ خەمی دڵ کەم کەم**

**لووزەوم بردە سەرێ . نامەوێ جورعەی کەم کەم**

دیوانی هێمن . چ١ . ل٢٠٧.

- عەونی دەڵێت:-

**وەرە مەیگێڕ ئەتۆ بۆم تێکە کەم کەم**

**مەزەی مەستی منە ماچێکی دەم دەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٨.

سێبەری شیعرەکەی هێمن بەروونی بەسەریەوە دیارە . ئەو وەرە مەیگێڕە لەگەڵ وشەی (کەم کەم) وێنەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

- هێمن لەشیعرێکی تردا دەڵێت:-

**بــەکارو توند و تۆڵە**

**خۆی سازدەکا بۆتۆڵە**

**ورد دەکا وەك پڕپۆڵە**

**تاج و تەختی ئەوزۆڵە**

دیوانی هێمن . چ١ . ل١٤٥.

- عەونی دەڵێت:-

**سروودێك ناوی تۆڵە بێ**

**دژی ئەم شایە زۆڵە* بێ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٠.

بەگوێرەی ئەم نموونە شیعریانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هێمن بەشیعرە (نەتەوەی و دڵداریەکانی) کاری کردۆتە سەر عەونی لەڕووی مەبەستی شیعرییەوە . ئەم

---

(*) شایە زۆڵە : مەبەستیان محمد رضا شای پەهلەوی ئێرانە ، کە رێکەوتننامەی جەزائیری مۆرکرد لەگەڵ صدام حسین ، دژی میللەتی کورد لە ساڵی ١٩٧٤ ز دا .

کاریگەریش وای کردووە کە عەونی حەوت شیعری هێمن بکاتە پێنج خشتەکی وەکو: (عیشق و ئازادی . تاوانی بێ هێز . ئەو دڵەی بێ خەم دەژی . گلێنەی شاعیر . چارەنووسی شاعیر . ماچی شیرین و وەرە مەیگێڕ)ە ئەم پێنج خشتەکیانە گەواهی ئەوە دەدەن کە عەونی ئەوەندە بە زرنگی و هونەریانەوە مامەڵەی لەگەڵ شیعرە ناسکەکانی هێمن داکردووە . ئەگەر لە خوێندنەوەدا بەسەلیقە نەبی زۆربە ئاسانی درکی پێناکرێت و لێك جیا ناکرێتەوە . وەك ئەم نموونەی خوارەوە:-

**تاوانی بێ هێز**

**لەگوێ بگرە وتەی شیرین و ناسك نەستەق و پەنـــــــدە**
**دەمێکە ئەو دڵەی زارم لەچینی پەرچەمت بـــەنــــــدە**
**لەخەجیان پرسی ڕەش پۆشی ؟ گوتی: شینی سیامەنـــــدە**
**لەکۆ ئەسرین دەبارێنم لەبۆ کوردی پەراگـــــەنـــــدە**
**لەگەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەنــدە**

★ ★ ★

**دەمێکە خەمزەدەی ئەبرۆی کەوانی خـــان و مـــانێکـــم**
**لەگەڵ پیری موغان ئەمرۆ خەریکی لێ دوانێـــکـــــــم !**
**کەچی‌ئێستا دەزانم ئەو لەبانێك . من لەبانێـــکــــــم**
**منی زنجیرپسێن لێرە ئەسیری بسکی جوانێـــکـــــــم**
**زەمانە گەرچی ئاڵۆزەو پەشێوە کەل بەمـــوو بەنــــدە**

★ ★ ★

**لـەبیرم چۆن دەچێت ئەو ڕۆژە بانگی کردم و نـەم بیسـت**
**خـەیاڵی وەك مژی داوێنی کێوێك هات لەسەر سەرنیشـت**
**ئەوەندە خۆش بوو لام ناشێ هەتا ماوم لەبـیـر دەرچێــت**
**گوتی: ئێوارە بازارێ وەرە ماچ دەمێ نـەم ویـــســـــت**
**هـەڵۆی کوێستانی کوردستانم و نازیـم بـە دەسـتـەنــدە**

★ ★ ★

ئەوەندەم خۆش دەوێ ی گیانە . ئەوەی بیکەی گلەی ناکەم
ئەگەر غەمزەت هەمووی ئاراستەیی دڵ کەی سوپەر ناکەم
لەڕۆژێکی کەبیستم لێت گوتت سەرفی نەزەر ناکەم !
دڵم سەد هێندی دیکانە بە ناز بشکێنێ دەنگ ناکەم
چ سوودێکی هەیە کێ یە بپرسێ دادو گازەندە !

★ ★ ★

لەگوڵشەن دەنگی ئاهەنگ و سەفایە بەزم و سەیرانە
سەراسەر چەهچەی قومری و هوزار . ئاوازی مەستانە
ئەوەی پێ ی شادنییە بڕوا . نەمێنێ لەم هەرێمانە
جیهان و هەرچی خێرو خۆشی یە بۆ هەڵبژاردانە
بەقانوونی تەبیعەت پاشەڕۆك خۆرە ئەوەی گەندە

★ ★ ★

هەمووی هۆی یەك نەبوونیو دوودڵیم بوو وەك لەڕێم لادا
کەئێستا واپەرێشان بوویمە تۆز و گەرد لەژێر پادا
مەلا گەرخۆی نەمردبا چۆن کەری دەخورا لەسەحرادا
ئەگەر تاوانی بێهێزی نی یە بۆچی لەدنیادا
بەشی من ماتەم وشینە . بەشی خەڵکی زەماوەندە

★ ★ ★

لەڕۆژێکی کەفەرمووت دوژمنم نامەردو سەر شۆرە
ئەوێستاش تیشکی ئەدرەوشێ بە ڕووناکی وەکو خۆرە
بەزیندووی تێدەگەن قەت نامرێ ئەم زاتە پسپۆرە
بەمردوویش نیشانەی گوللە یە ئەو کەللە پڕشۆرە
ئەوێستاش دەرسی شەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە

★ ★ ★

بەزانست چارەسەردەکریٚ ئەوانەی کۆسپی ســـــەر ڕێـــمـــن
ئەوەی بەرد بۆم دەهاوێژێ هەمووکاتێك لەژێر پـــــێـــمـــن
گوتی: (عەونی) دەبێ بمرن ئەوانەی چاو لەڕێ و جێـــمـــن
سەری تەعزیم لەبەرتۆدا نەواندن فەخرە بۆ(هـــێـــمـــن)
بژی حاجی کە کێوی هیممەتت سەد هێـــندی ئـەڵـوەنـــدە

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٦٥-٣٦٦.

ئەم پێنج خشتەکیانەی عەونی کە لەسەر شیعرەکانی هێمن داینـاوە ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی کە عەونی لەگەڵ ئەم شیعرانە دا ژیاوە و لەناخیدا خولاوەتەوە و بەجۆرێك بووە کـە کـاری کردۆتە سەر هەست و سۆزی شاعیریەتی و بۆتە مایەی بزواندنی هەستی شیعری لـە لای . لەراستیدا عـەونی بەشـێوەیەکی شـاعیرانە مامەڵـەی لەگـەڵ شـیعرەکانی هـێمن دا کـردووە توانیویەتی بـەمانای هونـەر هونەریانـە بـی نەخشـێنێ و ئاست و پایـەی شـیعرەکان بـەرەو پێش بباو تیایدا سەرکەوتووبێت . سەرکەوتنێك کەشیاوی باسکردن بێت.

## ب-کاریگەریی شیعرەکانی عەونی بەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆیدا:-

گومان لەوە دانییـە عـەونی وەکـو شـاعیرێکی لێهـاتووی سـەردەمەکەی کاریگـەری بەسـەر شاعیرانی ناوچەکەو دەورو بەریـدا هـەبووە لـە سـەردەمی خۆیـدا لەوانـە: (صافی هیرانـی و جاهیـد) لـەو شـاعیرانەن کـە نموونـەکانیان لەبـەر دەسـت دان و هەریەکـەیان پێـنج خشتەکیەکیان لەسەر شیعری عەونی داناوە.

- پێنج خشتەکی (صافیی هیرانی) لەسەر شیعرێکی(عەونی) داویناوە و دەڵێت:-

هوزاری خونچە زارێکم کە رووی نەوبەهارێـــــــتی
نزاری لالە زارێکم کەدڵ وا داخ داخـــــدارێـــــتی
فیدایی لێو و زارێکم نقودی جان نـــیـــشـــارێـــتی
خوماری چاو خومارێکم هەزاران واخـومـارێـــتـــی
ئەسیری زوڵفی یارێکم هەمووعالەم شـکـــارێـتـــی

★ ★ ★

بەتەوق و کۆتی کاکۆڵی لەپای خستم و نـاســـانـدم
وەکو نێچیری صەیادان لەخوونی خۆی گـــەوزانـــدم
گریشمەی گۆشەیی چاوی بوو ئیمڕۆ ذهنی شێـــوانـم
وەکوو لەیلا بەسەد نازو نەزاکەت عەقڵی لێ ســـانـدم
دڵم دائیم وەکوو مەجنون لەعەشقا بێ قـــەرارێتــی

★ ★ ★

لەهەر رەمزێکی سەد نازو نەزاکەت دایە ئەم شۆخـــە
لەهەر غەمزێکی سەد فیتنەو هیلاکەت دایە ئەم شۆخە
هەزاران تاجی شاهی وا لە ژێر پایـە ئــەم شــۆخــە
لەئیقلیمی مەلاحەت چونکی بێ هـەمـتـایە ئەم شۆخـە
دەبینم چەند شاهەنشا وا موتیعی رەهـگـووزارێـتـــی

★ ★ ★

ئـومـێـدم نـا لـەژیـن وەقـتـێ قـیامـی قـامـەتـی لاوی
کـە وەسـتـاون لـەبـۆ قـەتـلم پیادەی پەرچەمی خاوی
چ چارەی تیرە بارانە لە پـــەنـجـە و دەسـتـی خـوێناوی
دەزانـم دەمکـوژێ چـاوو تـەنـافـی زوڵـفـــی داو داوی
بـــرۆی قـەوس و مـوژەی پـەیـکانـی عوشاقی هەژارێتی

★ ★ ★

**مەتاعی جان لەرێ ی عەشقی بەتالآن و خەسارەت چوو**

**هەموو عومرم لەهیجرانی بەسەد عیجزو مەرارەت چوو**

**گەدایی دڵ بەمەزڵوومی لەژێر تەختی نەزارەت چـــوو**

**بەغەمزەی چاوەکەی عەقڵ و دڵ و دینم بەغارەت چوو**

**خودا چی بوو کەوا ئیمـرۆ هـەموو کـەس انـتـظـاریَـتـی**

★ ★ ★

**دڵی بولبول لەبۆ خونچەی دەمی هەر ئاخ و ئـۆخـێـتـی**

**کەزاخی خاڵەکەی دائم لەباخی سێو و خـــۆخـــێـتـــی**

**لەروو گوڵ پەرچەمی سونبول دوو نێرگس وا لەڕۆخێتی**

**گوڵی روخسارە خونچەی لێوە عەرعەرقەدی شـــۆخێتی**

**گەهێ بولبول گەهێ قومری گەهێ دڵ وا هـــوزارێـتـــی**

★ ★ ★

**عەجایب نەو بەهارێکە کە گوڵشەن چەتری هـــەڵـــداوە**

**لەلایێ سونبول و نەسرین لەلایێ نـــێـــرگـــس مـــاوە**

**بەناڵەی بولبولان (صافی) مەگەرچبـــووە و چ قـــەوماوە**

**شکۆفەی خونچەیی لێوی لە باخا وا دەمـــــــــــی داوە**

**وەیا بۆی عەترە(عەونی)خەنەیێکی لـــێـــو زارێـــتـــی**

**دیوانی صافی . چ۳ . ل۸۰-۸۲.**

**ئەم شیعرەی عەونی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرێکی دڵدارییەو وەسفی جوانی چاو . برۆ . زڵف . کوڵم . لێو . قەد و بالآی خۆشەویستەکەی دەکات کە ئەوەندە جوانە هەموو خـەڵك چاویان تێبڕیـوە لەناویانـدا چـەند پاشایەکیش هەیـە . شـاعیر دڵنیایـە یـار بـەم جوانیـەی دەیکوژێـت . چـونکە بـەس بەتیلـەی چـاوی بـیرو دینـی لـێ سـەندووە و بەرگـەی**

خۆشەویستیەکەی ناگرێت . صافی هیرانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم وەسفە سەرنج ڕاکێشەوە و شیعرەکەی کردووە بە پێنج خشتەکی.

"جاهید*"ی شاعیریش شیعرێکی عەونی کردووە بە پێنج خشتەکی . لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرێکی دڵداریە و دەڵێت:-

**هەستاوە لەخەو تازە گوڵی مەست و خومـــارە**
**سەد عاشقی وەك من لەبەری مات و پـــەژارە**
**(جاهید) بگەڕێ مرووەتە لەم دەشت و کـــەنارە**
**وای فەرموو گوڵم (عەونی) زەدەی دەستی بیمارە**
**ئەم دەنگ و سەداو ناڵەو گریانە لە کـــوێیـــە*؟**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٩٠.

ئەم غەزەلەی عەونی کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر جاهیدی شاعیر و هەست و سۆزو ئیلهامی شیعری بزواندووە و بەجۆرێك کە بەهەمان هەناسەوە توانیوویەتی بەیەك ئاواز و ریتم پێنج خشتەکیەکە بهۆنێتەوەو تواناو بەهرەی خۆی دەربخات بەشێوەیەك کە لێهاتوویی و بەهرەمەندی پێوە دیارە.

ئەوەی ماوە لەم تەوەرەدا بیخەینە ڕوو ئەوەیە عەونی وەکو هەموو شاعیرانی تر کاریگەریی هەبووە بەسەر هەندێ لە شاعیرانەوە بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمی خۆی کە لێوەی نزیك بوونە یاخود ئەوانەی هاتوونەتە شاری کۆیەو بۆماوەیەك لەم شارەدا ژیاون .

---

(*) جاهید: ناوی بورهان کوری محمدعەبدول رەحمانی دۆغرەمەچی یە ، لەساڵی ١٩١٨ زلەهەولێرلەدایك بووە ، لەساڵی ١٩٩١ زلەهەولێرکۆچی دوایی کردووە . مێژووی ئەدەبی کوردی ، مارف خەزنەدار ، بەرگی حەوتەم ، چ١ ، ٢٠٠٦ ، ل٣٢١.

(*) دوای هەوڵدانمان تەنها ئەم کۆپلەیەمان دەست کەوت کە لەدیوانەکەی عەونی دا نووسراوە و بەکۆپلەی کۆتایی پێنج خشتەکییەکە دەچێت .

لەوانە جاهید بەهۆی کارو باری فەرمانبەرییەوە بۆماوەیەك لە شاری کۆیەدا ژیاوە و ئەم غەزەلەی عەونی چنگ کەوتووە و ئەم شیعرەی لێ هۆنیوەتەوە.

گۆرانی شاعیر کە هاوڕێی عەونی بووە شیعری (جیهانم پشکنیوە) زۆرکاری تێکردووە . (گۆرانی شاعیر لە هەندێ شاعیری شاری کۆیە دەپرسێ شیعری"جیهانم پشکنیوە "هی کێیە؟ عەونی شاعیر لەوێ دەبێت و دەڵێت: هی منە . گۆران دەڵێت: لەگەڵ"دە "شیعری من دەیگۆریتەوە ؟)*،لێرەدا مەبەستمان زۆری و کەمی کاریگەری عەونی یە بەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆشی . چونکە ئەوەی راستی بێت ئەم رێژەیەی کە خراوەتە ڕوو زۆر کەمترە لەچاو تەمەنی شاعیریەتی عەونی لەلایەك و چۆنیەتی و چەندییەتی شیعرەکانی لەلایەکی ترەوە . ئەمەش دیارە بێ هۆ و هۆکار نییە و ئێمە چەند هۆکارێك دەخەینەڕوو بەپێی تێڕوانینمان:-

١- کەمی بڵاو بوونەوەی شیعرەکانی عەونی لەبڵاوکراوەکانی ئەوساو ئەم دواییەدا بەهەر هۆکارێك بێت.

٢- لەماوەی ژیانیدا دووجار شیعرەکانی نەماون و لەناو چووینە بەهۆی بارو دۆخی سیاسی کوردستان.

٣- شاعیر ئامادەنەبووە بەبێ شیعرە نەتەوەییەکانی دیوانی شیعری بۆ چاپ بکرێت.

٤- بەهۆی ئەو سانسۆرەی لەلایەن ڕژێمەوە خرابووە سەری بۆماوەیەکی زۆر تەنانەت نەی دەتوانی بۆ سەفەر کردنیش وولات جێبهێڵێت.

٥- درەنگ کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانە شیعریەکەی عەونی بەچەند ساڵێك دوای مردنی.

ئەم هۆکارانەو چەند هۆکارێکی تریش بێگومان هەن کە ڕێگەیان نەداوە چەندین شیعری عەونی لە دوو توێی پەڕاوە دەست نووسەکەی خۆی بەولاوە

---

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ فرهاد عەونی ، رێکەوتی ١٥- ٦- ٢٠١٣.

ڕۆشنایی ببینن . هەر ئەم هۆكارانەشە بووەتە هۆی ئەوەی كە هەوڵدانەكانمان سنووورداربێت و لەوەی كە خراوەتە ڕوو زیاترمان دەست نەكەوێت.

لەو بەشەدا توانیمان چەند لایەنێكی هزری و هونەری عەونی شاعیر و كاریگەری بەشاعیرانی كلاسیك و نوێی كوردییەوە بەلایەك و بەلایەكی تریش هەندێ شاعیر چۆن بەعەونی كاریگەربوون بخەینەڕوو . هەنگاو لە بەشی سێ یەمی ئەم نامەیەدا دەچێتە ناوەڕۆك و روخساری شیعرەكانی عەونی.

# بەشــــی سێیەم

# بەشی سێیەم

## "ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی عەونی"

### تەوەری یەکەم:

**شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ڕووخسارەوە:**

- زمانی شیعری
- وێنەی شیعری
- هونەری ڕەوانبێژی
- سەروای شیعرەکانی
- کێشی شیعرەکانی
- نازناو- (تخلص)

## تەوەری یەکەم / شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ڕوخسارەوە:-

شیعر لە ڕووی پێکهاتـەوە مورەکەبـە واتـە لەدووبـەش پێـك دێـت " روخسارو نـاوەڕۆك "،لەڕووی روخسارەوە شیعری کلاسیك لای شاعیرانی کورد تارادەیـەکی زۆر لەیـەك دەچـن . هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لاسایی شـاعیرانی کلاسـیکی ڕۆژهـەڵاتیان کردۆتـەوە . واتە شاعیرە کلاسیکیە کوردەکان هـەمان تایبەتمەندیـەکانی شـیعری شـاعیرە کلاسـیکیەکانی رۆژهەڵاتیان بەکار دەهێنا . شیعرەکان بەزمانێکی کوردی تێکەڵ بەچـەندین وشـەو زاراوەی زمـانی " فارسـی . تـورکی و عـەرەبی " دەنووسـرا . لەگـەڵ بایەخـدان بەکێشـی عـەرووزی عەرەبی و بەکارهێنانی یەکێتی سەرواو هونەرەکانی رەوانبێژی و هەڵبژاردن و رازاندنـەوەی وشە و بایەخدان بەیەکێتی بابەت و بەکار هێنانی هەمان ئەو قالبەشیعریانەی کە لە لایەن شاعیرە کلاسیکیەکانی رۆژهەڵات بەکار دەهێنران . وەك: (تاك . چـوارین . پێـنجین . پێـنج خشتەکی و مولەمەع و... هتد) . لەکۆتاییی شیعرەکاندا شاعیر ناو یان نازناوی خۆی تۆمـار دەکرد.

### - زمانی شیعری:-

زمان وەکو بوونێکی زیندوو ی کۆمەڵایـەتی لەلایـەن مرۆڤـەوە بـەکاردێت و هۆیەکـە بـۆ لەیەکتر گەیشـتن . بـەردەوامی و گەشـەکردنی ژیـان و پێشکەوتن و شارسـتانی مـرۆڤ و دوا رۆژ و کەلتورەکەی بەرەو پێشەوە دەبـات و بەزمانـەوە گـرێ دراون کـە ئـەویش (وشـەیە یـا (کلمة) کە کۆمەڵە دەنگێکە و واتا دەبەخشێت)[1] . زانایان هەریەکەو بەپێی پسپۆری خۆیـان پێناسەی زمانیان لە بوارە جیاجیاکاندا کردووە . بۆ ئەوەی لە بابەتەکە لانـەدەین ناچـینە ناو درێژەی ئەم باسەوە . ئەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە زمـانی شـیعرییە . محمـد رضـا مبـارك

---

[1]- عەبدوڵلاّ خدر مەولود ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرەکانی حەمدی ، نامـەی ماجستێر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٦ ، ل٧٨.

دەڵێت:- (زمانی شیعری . زاراوەیەکە واتاکەی ئەوەندە سادەو ئاسان نییە بتوانین بەشێوەیەکی سەرپێیی . پێناسەی بکەین . چونکە بابەتێکی ئاڵۆز و تەماوییە . ئەویش بۆ جەوهەری ئەدەب دەگەڕێتەوە...)[1].

کەواتە زمان دەورێکی یەکجار بەرزی هەیە لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی . زمان بەرەگەزێکی سەرکی شیعر دادەنرێت . شیعر خاوەن زمانێکی تایبەتییە و چەندین سیما لە خۆی دەگرێت . ئەفلاتوون سەبارەت بەزمانی شیعری دەڵێت:- (شیعر بەجۆرێکی تایبەتی لە بەکار هێنانی زمان دادەنێت . چونکە ئاماژەکردنی بۆ بوونی جۆرە " ئەفسون" ێك لە شیعردا . بەخشینی ئەو کاریگەرییە ئەمانە جەخت لەسەر ئەو خاسیەتە جیاکەرەوە لە شیعر دەکەن کە جۆرە دەربرینێکی تایبەتییە)[2].

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو زمانەی شاعیر بەکاری دەهێنێت کاریگەری خۆی هەیە بەهۆی ئەم خەیاڵ و سۆزەی کە دروستی کردووە کاردەکاتە سەر خوێنەر . چونکە لە ژیانی رۆژانەی دایەو بەزمان دەردەبردرێت . لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازە لەگەڵ زمانی رۆژانەدا . هەرچەندە جۆرە نزیکییەك هەیە لەنێوانیاندا . بەلاّم هەر ژانرەو زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و شاعیریش لە بەکارهێنانی زماندا ئازادە . ئلیۆت دەڵێت:- (نامانەوێت شاعیر پابەندی لاساییکردنەوەیەکی وەك خۆی دەقاو دەقی شێوازی ئاخاوتنی ئاسایی خۆی و خێزانی و هاوەلانی بێت . بەڵکو ئەوەی لەدەورو بەرەکەی بەدەستی دێنێت کەرستەیەکی بێ هاوتان و دەبێت شیعریان لێ دروست بکات)[3].

کەواتە زمانی شیعری زمانێکی تایبەتەو جیاوازیشە لەزمانی ئاسایی . چونکە هەڵگری هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوانە و هەرەمەکی نییە و پەیوەستە بەرێسای

---

[1] محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربى ، تلازم التراث والمعاصرة ، ط١ ، دارالشؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٢ ، ص١٠ .

[2] پەرێز سابیر ، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل٢٨٢ .

[3] محسن اطيمش ، دبرالملاك ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ص١٧٤.

هونەری شیعری یەوە . ئەرستۆ لەبارەی زمانی شیعرییەوە دەڵێت:-(گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە کە روون و ئاشکرابێ . بێ ئەوەی سواو بێ)[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر پەیوەندییەکی پتەوی بەزمانەوە هەیە . دەتوانێ زمان تازە بکاتەوە و وشەی نوێ دابهێنێ . سەربەستیشە لە چۆنیەتی بەکار هێنانی وشەکاندا . کە بەشێوەیەکی سادە و ساکار دور لە تەمومژی و سواوی بەکاریان بهێنێت،مافی لادانی زمانی هەیە لەڕووی واتاوە. س. م. باورا:پێی وایە (لە شیعردا هەموو شۆرشێك بەپلەی یەکەم . کێشەی فەرهەنگی شیعری و بەکارهێنانی وشەیە)[2].

ئەو وشانەی کە لەلایەن شاعیرانەوە دەردەبردرێن هەست و ئەندێشەی جیاجیای لێ دروستدەکەن و مانایەکی دیکەی پێدەبەخشن و فەرهەنگێکی تریان بۆ ئامادە دەکەن و دەیان خەنە قالبێکی تایبەتییەوە . جوانی شیعر لێرەدا بەدیار دەکەوێت بۆیە هەموو کەس ناتوانێ لەم کانییە ئاو بخواتەوە تەنها بەهرەدارەکان نەبن . ئەگەر سەیری هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعر بکەین دەبینین جۆرە زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە . واتە زمانی شیعری بەپێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەر داهاتوە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە . بۆنموونە:-زمانی شیعری کلاسیکی کوردی جیاوازە لە زمانی شیعری نوێ . لەشیعری کلاسیکی کوردیدا زمانی شیعری وەکو پێویستییەکی سەردەم تێکەڵ بووە بە چەندین وشەی زمانی بێگانە وەکو وشەکانی زمانی (عەرەبی . فارسی و تورکی) کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنا . عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت:-(زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هەر لەسەرەتاوە تا جەنگی یەکەم . زمانێکە تەواو لەگەڵ

---

[1] هونەری شیعر ئەرستۆ ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠١١، ل٨٣.

[2] عبدالواحد لؤلؤة (ترجمة ) ، الاتجاهات و الحركات في الشعر العربى الحديث ، ط١ ، مركز دراسات الوحدة العربيه ، بيروت ، ٢٠٠١ ، ص٧٢٥ .

زمانی ئەدەبیاتی فارسی و تورکیدا لەدیمەنی گشتیدا یەکدەگرێتەوە،... شیعری ئەو سەردەمە لە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی زۆر تەعبیر و ئیستیلاحی تێکەڵە)[1].

دووای ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەر ئەدەب داهات و هەنگاوی بەرەو قۆناغی نوێ بوونەوە نا . دەبینین زمانی شیعری کوردی پاککرایەوە و شاعیران بە وشەی کوردی پەتی شیعرەکانیان دەهۆنیەوە . ڕۆمان جاکۆپسن دەڵێت:-(زمانی شیعری نوێ کودەتایەکە لە سەر کێش و سەرواو ڕووبەری شیعر و دنیای شیعر فراوان دەکات)[2].

بەهەموو پێوەرێك ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانی شیعری کلاسیك جیاوازە لە زمانی شیعری نوێ و ئەم جیاوازییەش لەشیعرەکانی عەونیدا دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی ئەم قۆناغانەی بەشیعر بڕیوە . عەونی وەکو شاعیرێك زانیویەتی کەرەستە خامەکەی ئەو تەنها وشە یە و گرنگی پێداوە . چونکە لەڕێی وشەوە دەتوانێ هەست و ئەزموونەکانی بۆکەسانی تر بگوازێتەوە . بۆ نموونە لە شیعرێکی کلاسیکیدا عەونی دەڵێت:-

**ئەی برادەران واچاکە ڕوو بکەینە یەك بەیاری**

**جەوهەر و هیممەت لازمە بۆ قەومی کوردەواری**

دیونی عەونی . چ٢ . ل٧٦.

لەڕووی زمانی شیعرییەوە بنوارینە ئەم دێرە شیعرییەی عەونی دەبینین بەزمانی کوردی نووسراوە تێکەڵ بەچەند وشەیەکی عەرەبی وەکو:- (جەوهەر . هیممەت . لازم و قەوم) ن . کەنیوە دێڕی دووەمی شیعرەکە پێکدێنن.

**- لە شیعرێکی تردا عەونی دەڵێت:-**

**کەسێ گەر بەستەیی زولفی کەمەندی یاری شیرین بێ**

**وەکو فەرهاد لە بێستون کوهکەن کاری نەکا چ بکا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٦.

---

[1] فازل مەجید مەحمود ، سروشت لە شیعری گۆراندا ، چ١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل١١٦ .

[2] نەوزاد ڕەفعت ، هەژانی بەرد چاپی یەکەم ، ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٦.

ئـەم دێـڕە شـیعرە بـەزمانی کـوردی تێکـەڵ بـە وشـەی فارسـی کـراوە . وەکـو:-(بەسـتە . کەمەند . کوهکەن) * وشەی فارسین.

**- یاخوت لە شیعرێکی تردا دەڵێت:-**

**قوربانی دوو ئەبرۆی رەشی فیتنەگەڕت بـم**

**حەیرانی لەبی خەندەیی شیرین شەکەرت بم**

**ئەم مەجلیسە وامەستە لەبەر بادەیی ساقی**

**هەرمن بەرووح و جان و جگەر بادە گەڕت بم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٥.

ئـەم شـیعرەی سـەرەوە بـەزمانی کـوردی نووسـراوە تێکـەڵ بـە وشـەی زمـانی عـەرەبی و فارسی وەکو:- (فیتنە . مەجلیسە . رووح و ساقی) کە وشەی عەرەبین . وشە فارسیەکانیش (لەب . جان . بادە) ن . عەونی وشەی تورکی زۆر کەم بەکار هێناوە . وەکو دەڵێت:-

**یاری من سەرو قەدە ڕووی گوڵە . لێو قرمزی یە**

**چاوی باز . لەنجە کەوە . ڕەوت و ڕەوی مامزی یە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٥.

وشەی (قرمز)ی تورکیە و بەواتای ڕەنگی سوور دێت . بـەلاّم دوای ئـەم قۆناغـە عـەونی کـە بـەرەو نوێگـەری هـەنگاوی نـاوە کۆمەڵـە شـیعرێکی زۆری بـە زمـانێکی پـاراوی کـوردی هۆنیوەتـەوە دور لـە وشـە و زاراوەی بیـانی کـە زمـانێکی سـادە و سـاکارە و هـەموو کـەس دەتوانێ لێی تێ بگات . وەکو لە شیعری (بۆ ئازادی کورد) دەڵێت:-

---

* کەمەند : کمند ، پەتی سەر بەئالقەی فراوان . - هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، فرهنگ کردی -فارسی ، چاپی شەشەم ، چاپخانە انتشارات سروش لیتوگرافی ، تهران ، ١٣٨٦ ، ل٦٦٩.
کۆهکەن : کوە کن ، کێو هەڵکەن .

**ژێر هەر دارێك . سەربەردێـك**

**سوور بووە بە خوێنی کوردێك**

**بەم خوێنە وەها نووســـــراوە**

**بـــۆ ئـــــازادی کـــورد ڕژاوە**

**ڕۆژێـك ئـەم خــوێنە لافاوی**

**دوژمن لوول ئەدا گـــەرداوی**

**ئەبێتە لافـــاو و شـــەپـــۆڵ**

**ئەگرێتە پێشخۆی ئەشت وچۆڵ**

**خـــــاوەنی ئەم خوێنە ســـوورە**

**لاوێکی کوردی جەســــوورە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٢٣.

ئەم شیعرەی سـەرەوە تائەگاتـە کۆتـایی بـەزمانێکی سادە و بـێ گـرێ نووسـراوە هـەموو وشەکانی لە فەرهـەنگی کـوردی هـەڵێنجراوە دوور لـە وشـە و زاراوەی بیـانی . بـە زمـانێکی کوردی بێگەرد هۆنراوەتەوە بەمەش جیائەکرێتـەوە لـە زمـانی شـیعری کلاسـیکی کـوردی و هەموو کەس بەسانایی لێی تێئەگات و شیعری لەم چەشنەی یەکجار زۆرە . عەونی هەردەم لەهـەوڵیی ئـەوەدابووە کـە بـەزمانێکی سـوك و ئاسـان شـیعرەکانی بهۆنێتـەوە بـۆ ئـەوەی زۆرترین خەڵك لە بۆ چوون و مەبەستەکانی بگەن و بەشێوەیەکی خێـرا لـە ناویانـدا بـڵاو بێتـەوە و بـۆ لەبـەرکردنیش ئاسـان بێـت . واتـە ئاسـانی خۆبەدەسـتەوە نـەداوە بۆیـە لـەم ڕووەوە ئەتـوانین بڵـێین عـەونی سـەر بەرێچکە و ڕێبـازی زمـانی شـیعری مسـتەفا بـەگی " کوردی " ساحێبقڕانە کە بە (سهل ممتنع) ناسراوە لەڕووی زمانی شیعرییەوە.

## - وێنەی شیعری:-

وێنەی شیعری یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی رەخنەی ئەدەبی . وێنە تەنها پەیوەست نییە بە شیعر . بەڵکو پەخشانی ئەدەبیش دەگرێتەوە بەچیرۆك و ڕۆمان و... هتد . ئەم هونەرەیان تیادا بەدی دەکرێت. وێنەی شیعری پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ زمانی شیعریدا هەیە . چونکە شاعیر لەرێگەی ئەم وشانەی بەکاری دەهێنێ وێنەی جوان و سەرنج راکێشیان لێ دروست دەکات . (وێنە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە زمانی شیعریدا)[1] .

کەواتە وێنەی شیعری و زمانی شیعری لێك جیاناکرێنەوە . ئەگەر وشە نەبێت شاعیر ئەم هەست و سۆز و ئەندێشەیەی کە هەیەتی ناتوانێت بیگەیەنێت و بە وێنە بیرازێنێتەوە . سی دی لویس دەڵێت:- (وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا ئەوەیە کە بە وشە دروستکراوە . لەڕێگەی وەسف و خوازە و لێکچواندن)[2]ەوە.

واتە دەتوانین بڵێین شیعر وێنەیەکی دەنگدارە . وێنەی شیعری گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەیە لەلای شاعیران هەرچەندە بابەتێکی نوێیە لە رەخنەی ئەدەبی دا . بەلاَم ئەوە مانای ئەوەنییە کە شیعری کلاسیکی خاڵی بێت لە وێنە . بەڵکو بە پێچەوانەوە لێوان لێون لە وێنەی شیعری بەرز و بریسکەدار . چونکە کەرستە سەرەکییەکانی وێنەی شیعری کە (واقیع . بیرۆکە . سۆز و خەیاڵ)ن ئەمانە لەیەك جیاناکرێنەوە و تەواو کەری یەکترین و لە ناو شیعردا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و شیعریان لێ پێکدێت . بەلاَم وێنەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێ ئەویش لەسەر بیر و خەیاڵی شاعیرانەی شاعیر دەوەستێت . کەواتە وێنەی شیعری وەك بابەت نوێیە . ئەگەر نا هەر هەبووە . ئیحسان عباس دەڵێت:-(وێنە تازە نییە . بەڵکو لەوەتەی شیعر هەبووە وێنەش هەر هەبووە )[3].

---

[1] - صلاح الفضل ، نظرية البنائية في نقد الادبى ، ط٢ ، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٧، ص٤٦٧.

[2] - سى دى لويس ، الصورة الشعرية ، ترجمة احمد نصيف الجنابى ، مالك ميرى ، سلمان حسن ابراهيم ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٢، ص٢١.

[3] - احسان عباس ، فن الشعر ، الطبعة الثالثة ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٩، ل٢٣٠.

وێنە شتێکی لاوەکی نییە بتوانرێت وازی لێبهێنرێت . بەڵکو هۆیەکی گرینگە بۆ زانینی ڕاستیەکان . بۆیە شاعیری ڕەسەن پەنا دەباتە بەر وێنەی شیعری بۆ گوزارشت کردن لە هەندێ بارو دۆخ و پیشاندانی ئەوەی کە لە ناوەوەدا هەیە . چونکە (رووحی شیعر وێنەیە)[1].

وێنە کۆڵەگەیەکی دیارو گرینگی هونەرەکانی شیعرە . چونکە لایەنی هونەری لە هەموو پارچەکانی تری شیعر زۆرترە . سیبرجن دەڵێت:-(من زاراوەی وێنە بەو پێیەی بەکار دێنم کەتاکە وشەیە بتوانێ هەموو جۆرەکانی لێکچوون و هەموو جۆرە بەرهەم هاتووەکانی چوونە ناویەکی لێکچوون و خواستن بگرێتەوە )[2]. لێرەدا وێنە لە پاڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژی هاتووە و بێ هاوتای داناوە کە دەتوانێ ئەم هونەرانە لەخۆبگرێت . لە ڕاستیدا وێنە پەیوەندییەکی جمکانەی لەگەڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەیە . چونکە وێنە زۆرجار بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دروست دەبێت . هونەرەکانی ڕەوانبێژیش لەوێنەدا کۆدەبنەوە جا وێنەی تاك بێت یاخود لێکدراو یان گشتی . ئەگەر سەیرێکی شاعیرانی نەتەوەکەمان بکەین بەگشتی لە قۆناغە جیاجیا کاندا دەبینین شیعرەکانیان لە وێنەی شیعری و ڕەوانبێژیدا پڕ و بەرزن . هەندێك جار پێویستییەکی سەردەم بووە بەتایبەت هونەرەکانی ڕەوانبێژی . شاعیرانمان لەم هونەرە شیعریانەدا توانا و بەهرەی خۆیان تاقی کردۆتەوە و وێنەی جوان و کاریگەریان لەشیعرەکانیاندا دروستکردووە . چونکە دروستکردنی وێنەش پێویستی بە بەهرەو توانای بەهێز هەیە . (وێنەکێشان لە شیعردا هەر زۆر هونەرێکی گەش و بەدەسەلاَت و بەبڕشتە و لەدەست هەموو مرۆڤێکی کەم بەهرە نایەت)[3].

عەونی وەکو شاعیرێکی خاوەن بەهرە بەسەلیقەوە شیعرەکانی هۆنیوەتەوە . بۆیە ئەگەر شیعرەکانی بخوێنینەوە بەگشتی دەبینین پڕە لە وێنەی شیعری جوان و سەرنج

---

[1] محمد غنيمى هلال ، النقد الادبي الحديث ، الطبعة الثالثة ، دار العودة ، بيروت ، ١٩٨٦، ل٣٤٤.

[2] الصورة الفنيية ، ترجمة نايف العجلونى و خالد سلمان ، موسوعة برنستون للشعر ، مجلة الثقافة الاجنبية ، عدد ٤٩ ، سنة ١٩٨٨، ص٢٢.

[3] کاکەی فەلاح ، وێنەی شیعری چییە؟ گ . کاروان ، ژ . (٤٩) ، ساڵی ١٩٨٦ ، ل٢٥.

راكێش كە شیعرەكانی پێ رازاندۆتەوە . لەهەمان كاتدا بەهرەو توانای شاعیرمان بۆ دەردەكەوێت لە چۆنیەتی دروستكردنی ئەم وێنە ناسك و قەشەنگانەی كە لە شیعرەكانیدا چێژ دەبەخشن و چۆن گوزارشتێك لەبیر و واقیع و خەیاڵ و سۆزی عەونی دەكەن . بیر و خەیاڵی عەونی بەرفراوان و وردە . بەهەست و خەیاڵ و خوێن تێكەڵ بە دنیای شیعر بووە . ئەمانە گشتیان رێ خۆشكەربوونە بۆ داهێنان و دروستكردنی وێنەی شیعری تایبەت بەخودی خۆی . كە سوارچاكانە لەمەیدانی هونەری شیعریدا تیایدا سەركەوتوو بووە . بەپێی پێویست هەندێ نموونە لەم وێنە شیعریانە دەخەینە ڕوو.

عەونی دەڵێت:-

شیعرەكانم وەك شەعورم كرد بڵاو

ئێستە چەند ڕاویان دەكەم ناكەونە داو!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٤٥.

لەم دێڕە شیعرەدا عەونی وێنەیەكی جوان و سەرنج راكێشی بەهۆی هونەرەكانی رەوانبێژی دروستكردووە كە لێكچواندنی تەواوە و هەرچوار بنەماكانی لێكچواندنی تیادا بەكار هێناوە . شیعری بە بیرو هۆشی خۆی چواندووە لە بڵاوی و فراوانیدا . بەڵام دواتر دەبێتە ڕاوچی (صیاد) داو بۆ شیعرەكانی دادەنێتەوە بۆ ئەوەی جارێكی تر بیان نووسێتەوە.

بەڕوو گوڵ . غونچە دەم . سینە وەكو باخ

بەباڵا سەروە . مەم سێو و هەناری

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٦١.

ئەم وێنە سەرنج راكێشەی بە كۆمەڵێك لێكچواندن دروست كردووە . كە تەنها لێچوو . لەوچوو بەژداریان تیادا كردووە لە چواندنی ئەندامانی لەشی یارەكەی بەجوانی سروشت و

میوەی ناو باخەکان کە ئەوەندەی تر ناسکی و جوانی بەوێنەکە بەخشیووە. لەشیعرێکی تردا عەونی بەم شێوەیە وێنەی شیعری دروست دەکات:

**یاری من سەرو قەدە . ڕووی گوڵە . لێو قرمزییە**
**چاوی باز . لەنجە کەوە . ڕەوت و ڕەوی مامزییـە**

**تاســـی زێری لــەسەرە دوگمەو دەرزی لە زی یە**

**بــازنــی زیوو مەچەك دەستی سپی مـوسایـــە**
**کــێــوی توورە بەدەنم بەردی ســـووتاو رزی یــە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٥.

شاعیر وەسفی دولبەرەکەی دەکات جارێك پەنای بردۆتە بەر سروشت و جارێکی تـر بـۆ ئەو گیان لەبەرانەی بەهۆی جوانی و ناسکی یەوە ناسراون . پاشان دەستی یاری بەدەستی حەزرەتی ("موسا "سەلامی خوای لێبێت)چواندووە لە سپیەتیدا کە خواستراوە . شاعیر لەشی خۆی بە کێوی توور چواندووە لە ڕووی سووتاویەوە کە لێکچواندنە . جوانی و داهێنــان لێــرەدا خــۆی لــە چــنینی وێنەکانــدا دەبینێتــەوە کــە وێنەیــەکی بــەرز و جوانیداڕشتووە.

**وەکو یەعقوب لەگۆشەی خەم نشینی کەوتووم هەردەم**
**بەهیوای مژدەیێکی ئەو کەسەم لێم بێ سەر و شوونە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٩٢.

شاعیر لەم وێنە قورئانیەدا خۆی بە پێخەمبەر ("یەعقوب" د. خ) لێبێت دەچوێنی لـە خەم خواردن و چاوەڕوانی و بێ هەواڵ بـوونی خۆشەویستەکەی کە هـەردەم بەهیوایـە بـۆ ئەوەی مژدەیـەکی پـێ بگـات . کەرسـتە مەعنـەوی و هەسـتیەکانی بەیەکـەوە بەسـتۆتەوە و

وێنەیەکی پڕ لە سۆی لێ دروست کردووە . هونەری لێکچواندن لەپلەی یەکەم دایە لە بەکار هێنانی وێنەی شیعری لە لای عەونی.

**بەیادی بەژن و بالأت تاکو کەی دڵخوازی بالأبم**
**بەبێ تاوان وەکو یوسف لەزیندانی زولەیخــابم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٧.

لەم وێنە قورئانیەدا عەونی خۆی بە حەزرەتی ("یوسف " د. خ) لێبێت چواندووە لە بێ تاوانیدا کە زولەیخا خستیە زیندانەوە . شاعیر زولەیخای خواستووە بۆ رەمزی عەشق و خۆشەویستی و پرسیار لە خۆشەویستەکەی دەکات کە تاکەی دڵی ئەو دەبێ هەر داخوازی بەژن و بالأی بکات و لەزیندانی عەشقدا بەبێ تاوان بەند بکرێت . وەکو چۆن یوسفی عەزیزی میسر بەندکرا . شاعیر جوانی بەژن و بالأی یارەکەی دەرخستووە و وێنەیەکی وەستاوی لێ دروستکردووە.

**ماهی دە و چواری من . ڕەونەقی ئەنجوم دەبا**
**ڕەونەقی ئەنجوم دەبا . ماهی دە و چواری من**

دیوانی عەونی . چ٢ ل١٦٦.

لەم وێنەیەدا کەرستەکانی سروشتی خواستووە . مانگی چواردەی بۆ یارەکەی خواستووە و ڕووناکی و رەونەقی ئەستێرەکان دەبات یان بڵێین دادەپۆشێ . لەم وێنە وەستاوەدا جوانی یارەکەی پیشان داوە . وێنەی شیعری لای عەونی ئەوەندە زۆرە دەتوانم بڵێم بەڕاوکردنیان ڕاناگەی.

**لە هەڵوێست و لە ڕەوتا چەشنی ئاسك**
**نییە وێنەت کچۆڵەی کوردی نــاسـك**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٦.

لەم وێنە جولاوەدا شاعیر کچی کوردی لە خۆ نواندن و ڕۆیشتنندا بەمامز چواندووە و لەناسکیدا بە بێ هاوتای داناوە . شاعیر وەکو ڕەگەز مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەکات و بە تەواوی سروشت سەرەنجی راکێشاوە و کەرەسەکانی بەکارهێناوە و وێنەی ناسك و نوخبەی لێ دروست کردووە.

**لاوی کورد دەبێ بسوتێ وەك شەم**
**ڕووناك کا بۆ گەل ڕێ ی تاریك و تەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١١٥.

لەم وێنە جولاوەدا عەونی شتە ماددی و مەعنەویەکانی بەیەکەوە بەستاوەتەوە و لە وێنەیەکی جوانی هەستی کوردایەتی کۆی کردوونەتەوە . لاوی کوردی بەشەم (مۆم) چواندووە لە سووتان بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕیگا تاریك و تەم و مژاویەکانی نەتەوەکەی. عەونی لە شیعرێکی تردا ئارەزووی ئەوەدەکات لەسەر کوڵمی دولبەرەکەی وەکو بولبول هێلانە دروست بکات و دەڵێت:-

**بولبول ئاسا واخەریکی ئاشیان هەڵبەستنە**
**خونچەیێکی ناسکی وێنەی دەمی یاری دەوێ**

**پەرچەمی چین چین بەڕیز هێنایە دەوری ڕوومەتی**
**گەنجی ڕوومەتی هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٦٥.

لەم وێنەیەدا کەرستەی هێلانەکەی شاعیر پەرچەمی یارە لە دەوری ڕوومەتی ئالأوە . دەمی یار خونچەیێکە لەوانەی بولبول گرفتاری بووە . دوو کەزیەکانیشی پاسەوانی هێلانەکەن. ئەمە وێنەیەکی داهێنراوی شاعیرانەیە.

## - هونەری ڕەوانبێژی:-

ڕەوانبیژی زانستێکی کۆنە . جوانیی و داهێنان بەشیعر دەبەخشێت . بنەڕەتێکی گرنگی ئەدەبە بەگشتی و شیعر بەتایبەتیی . مەیدانی ئەم هونەرە فراوانە و شیعرێك ئەگەر شیعر بێت بەبێ ڕەوانبێژی دروست نا بێت . چونکە ڕەوانبێژی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەناو زماندا بەتایبەتی زمانی شیعرو ڕوونی دەکاتەوە . هەر لەبەر ئەم گرنگیەش بووە شاعیران پەنایان بۆ بردووە و هەریەکە بەپێی پێویست و توانا و شارەزایی خۆی لە شیعردا بەکاری هێناوە . بۆ دروست کردنی وێنە و دەربڕینی هەست و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی . چونکە لای شاعیران ڕوونە کە ڕەوانبێژی نەمری بەشیعر دەبەخشێ و داهێنان لە لاسایی کردنەوە جیا دەکاتەوە . بەم پێیە بێ ڕەوانبێژی خاوەنی مێژوویەکی کۆنە و لە ناو دەقە سەماویەکانیشدا ئاماژەی پێ کراوە . هەرچەندە لێرەدا جێگای ئەوە نابێتەوە کە باس لەمێژووی ئەم زانستە بکەین . بەلاّم یەکەم کەس ئاماژەی بەهەندێ هونەری رەوانبێژی کردبێ (ئەرستۆ) یە لە هەردوو کتێبەکانی: (هونەری شیعری) و (هونەری دوانەری) دا . لەدوای ئەویش (هۆراس) ی ڕۆمانی دێت کە لەکتێبی (هونەری شیعر)ی خۆی جەختی لە سەر گرینگی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردۆتەوە . پاش ئەوانیش عەرەبەکان دێت . کە هەر یەك لە (ئەبو عوبەیدەی کوڕی موسەنا . جاحز . سەکاکی . ئیبن موعتەز و عەبدول قادر گورگانی و...) دەیانی تر گرینگیان بە ڕەوانبێژی داوە . لەلای کوردانیش یەکەمکەس لەسەر ڕەوانبێژی نوسیبێتی (شێخ نوری شێخ ساڵح)ە لە زنجیرە وتارێکی بەناو نیشانی (ئەدەبی کوردی) لە ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٢٧ز لە ڕۆژنامەی (ژیان) بێ ئەوەی باسی لە وشەی ڕەوانبێژی کردبێ لە ئەلقەکانی (١٨ — ٢٥) تیشکی خستۆتە سەرهەندێ هونەری ڕەوانبێژی . لە دوای ئەویش (عەلائەدین سەججادی) لە کتێبی (ئەدەبی کوردی) ساڵی ١٩٦٨ . پاشان (عەزیز گەردی) لە ساڵانی (١٩٧٢ — ١٩٧٥ — ١٩٧٨) دا لە سێ بەرگدا ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە . لەدوایدا (کامل بەسیر و مەلاعەبدول کەریم مودەڕیس و...)

گرنگیان بەم هونەرە داوە لەگەڵ هەندێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نامەی ماستەر و دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا)[1].

کەواتە هەموو میللەتێك خاوەن هونەری ڕەوانبێژی خۆیەتی و گوزارشت لە زمانەکەی خۆیان دەکات . (ڕەوانبێژی زمانێکی هاوبەشە لەنێوان گشت میللەتانی سەر زەوی و ئەو زمانەی کە شیعری پێ دادەڕێژرێت . دەبێت ڕەوان و پاراو بێت . واتە لە ڕووی ڕووخسارو واتاییەکەیەوە ڕەوان و پاراو بێت)[2].

واتە هونەرەکانی رەوانبێژی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت لە زمانی قسەکردندا کەم تا زۆر بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکان . بەتایبەتیش لە ناو شیعردا دەبێت زمانێکی ڕەوان و بێ گرێ بێت . لە ڕاستیدا پێناسەی زۆر بۆ رەوانبێژی کراوە ڕەنگە گرنگترین پێناسە یان ئەوە بێت کە بریتیە:

(لە کورت بڕی بێ کەم و درێژ بڕی بێ زیادە)[3].

ئەم پێناسەیە ئەفراندنێکی زمانیمان دەخاتە بەر چاو بەو ڕادەیەی کە لەهەموو دەقێکدا کورتکردنەوە دەبێ بەپێی پێویستی دەقەکە بێ . لە درێژ دادریشدا دەبێ ڕەچاوی ئەم پێویستیە بکرێت بۆ ئەوەی لە بەهاکەی کەم نەبێتەوە . لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) گرنگیەکی تریان بەم زانستە داوە و نەمریان پێ بەخشیوە . ئەدیب و شاعیرانی کوردیش بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیك کەزۆربەی هەرە زۆریان لە مزگەوتەکان خوێندوویانە . دەبێ چ جۆرە مامەڵەیەکیان لەگەڵ زانستی رەوانبێژی و هونەرەکانی ئەم زانستەیان کردبێ . لە کاتێکدا کە پێویستیەکی شیعری سەردەمی کلاسیك بووە . عەونیش وەکو شاعیرێك توانیویەتی لەهەرسێ دەریاچەکانی ئەم

[1] - ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی ، چ١، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل١٠.

[2] - ماکۆك مەولود حەوێز ، لێکۆڵینەوەیەك لەشیعرەکانی هەژار ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە بۆزانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل٣٣.

[3] - ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی ، چ ١ ، ل١٠ .

دەریایە مەلە بکا و لێهاتوویی خۆی پیشان بدات . کە ئەوانیش: (ڕونبێژی . جوانکاری و واتا ناسی)یە کە هەریەك لەمانە کۆمەڵە هونەرێك لەخۆدەگرێت . عەونی وێنەی شیعرەکانی بەو هونەرانە رازاندۆتەوە و لە زۆر شوێندا کەسایەتیی خۆی نواندووە . ئێمەش راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەنجە دەخەینە سەر ئەو لایەنانەی کە عەونی شتی تازە یان داهێنانی تیادا کردووە.

## یەکەم:- ڕونبێژی (البیان):-

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (الرحمن) ئایەتەکانی (١ — ٥) فەرموویەتی: ﴿الرحمن *علم القران * خلق الانسان * علمه البیان*﴾ واتە: (خوای بەخشندە ئەو خوایەیە کە قورئانی فێری موحەمەد (صلی الله علیه وسلم) و ئادەمیزادی کرد . بە ئاسانکردنی خوێندنەوە و لەبەر کردن و تێگەیشتنی مانا و واتاکانی . ئادەمی دروست کرد . وە فێری گفتوگۆی کرد)[1].

پێغەمبەر(موحەممەد"د.خ") لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی: (ان من البیان لسحرا . وان من الشعر لحکمة)[2]. واتە: گفتوگۆکردن سیحرە و شیعریش حیکمەتە.

روونبێژی بایەخ و بەهای تایبەتی خۆی لە ئاینی ئیسلام دا هەیە . ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە مامەڵەیەکی تایبەت تری لەگەڵدا بکرێت لەلایەن شاعیرانی ڕۆژهەڵاتەوە . روونبێژی جۆرێکە لەجۆرەکانی زانستی ڕەوانبێژی و بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (روونبێژی باسێکی زۆر فراوانە . هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەردە لەڕووی گوزارە لا ئەدەن و دەیخەنە بەر چاوەوە . یان بیر و باوەڕێك دەگرن و دەیخەنە ڕوەوە تاکو گوێگر یان خوێنەر بتوانێ بگاتە بنج و بنەوانی مەبەستەکەو تێی بگات)[3].

---

1 - کۆمەڵگەی مەلیك فەهد ، وەرگێڕانی مانای قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی ، ل٥٣١ .

2 - التاج ، منصور علي ناصف ، جلد (٥) ، ط٤ ، ص٢٨٢.

3 - عەزیز گەردی ، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی یەکەم ، ڕونبێژی ، چاپخانەی جاحز ، بغداد ، ١٩٧٢، ل١٨.

لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕوونبێژی بۆشیکردنەوە و ڕوون کردنەوەی شتە شاراوەکانە و تاڕادەیەك ئاسانکارییە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر . ئەم هونەرە کۆمەڵێك بابەت لەخۆی دەگرێت . وەکو: (لێکچواندن . خواستن . درکە و خوازە)یە . لەبەر زۆری نموونەکان تەنها یەك دوو نموونە بۆ هەر بابەتێك لە شیعرەکانی عەونی دەخەینەڕوو.

**أ- لێکچواندن:-**

لێکچواندن بریتیە لە: (وەکو یەك لێ کردنی دووشت یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سیفەتە لەو شتەی کە بابەتی باسەکەیە)[1].

عەونی دەڵێت:-

**دڵم لەم کوڵبەیی ئەحزانە دەگری**

**دەڵێی یەعقوبە لەو کەنعانە دەگری**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٥.

عەونی دڵی خۆی بە حەزرەتی یەعقوب چواندووە . واتە: (دڵی شاعیر: لێچووە . حەزرەتی یەعقوب: لەوچووە . دەڵێی: ئەوزارە . گریان: ڕووی لێکچوون)ە . کەوابێ لێکچواندن چواربنەرەتی هەیە: لێچوو (المشبە) . لەوچوو (المشبە بە) . ئەوزار (اداة التشبە) . ڕووی لێکچوون (وجە الشبە) . لێچوو . لەوچوو دوو بنەڕەتی سەرەکین و بەبێ بوونی ئەم دووانە لێکچواندن دروست نابێ . لێکچواندن بەپێی هەر چوار بنەڕەتەکان بەم شێوەیە: لێچوو + لەوچوو + ئەوزار+ ڕووی لێکچوون.

عەونی وێنەی شیعری جوانی لە هەر چوار بنەڕەتەکەدا دروست کردووە و دەڵێت:-

**سۆزیدە نەبێ قەلبێ لە ناو ئاگری عەشقا**

**ئەم جیسمە لە ڕوح خاڵی یە وەك شوشەی بەتاڵ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٥.

---

[1] - عەزیزگەردی ، ڕەوانبێژی ، چ٢، چاپخانەی ئارام ، بغداد ، ساڵی ٢٠٠٥ ، ل٢١.

جیسم: لێچووە . وەك: ئەوزارە . شوشەی بەتاڵ: لەوچووە . روح خاڵی یە: ڕووی لێکچوونە . ئەم لێکچواندنە بەڕەلاّیە . چونکە هەرچوار بنەڕەتەکەی تێدایە . لێکچواندنی ئاساییە لە جۆری راستەوخۆیە . لەڕووی پێکهاتنەوە لێکچواندنی تاکە . چونکە لێچوو و لەوچوو هەردوکیان تاکن . لەڕووی هەستی و ژیریەوە هەستی بەهەستیە . چونکە بەر هەستی بینین دەکەوێت.

**ئەی کچی کورد ڕووت بە وێنەی گوڵ گەشە**
**شۆخ و شەنگ باڵات کەسەروی سەر کەشە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٣.

ڕووی کچی کورد: لێچووە . گوڵ: لەوچووە . وێنە: ئەوزارە . گەشە: ڕووی لێکچوونە . لێکچواندنی بەرەڵلاّیە . ئاساییە لەجۆری راستەوخۆیە . تاکە . هەستی بەهەستییە.

عەونی زۆر وێنەی تری لە لێکچواندن دروست کردووە کە سێ بنەڕەتی تیادا بەکار هێناوە وەکو: (لێچوو + لەوچوو + لێکچوون) واتە ئەوزاری تێدا نییە.

**کەپیر بووم من گوتم: زۆرخۆشە ڕزگاربوون لەدڵداری**
**کەچی من نەم دەزانی داری وشك زووتر گڕ ئەستێنێ**

دیوانی عەونی . چ ٢ . ل٢٦٤.

من (شاعیر) لە پیریدا: لێچووە . داری وشك: لەوچووە . زووتر گڕ ئەستێنێ واتە لە(سوتان): ڕووی لێکچوونە. ئەم جۆرە لێکچواندنە راستەوخۆیە . تاکە . لێکچواندنی جەختاوە لەجۆری ئاسایی . هەستی بەهەستی یە.

لە زۆر وێنەی تردا عەونی (لێچوو + لەوچوو + ئەوزار) ی بەکار هێناوە . تەنها ڕووی لێکچوونی تێدا نییە.

جاری جاران پرچ و زولفی دولبەران
وەك حەشارگەو لانەیەك بوون بۆدلان

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٢.

پرچ و زولف: لێچووە . وەك: ئەوزارە . حەشارگە و لانە: لەوچووە. ئەم لێكچواندنە ڕاستەوخۆیە . وێنەییە . ئەم جۆرە لێكچواندنی قولەی پێدەڵێن . چونكە ڕووی لێكچواندنی تێدا نییە . لەجۆری ئاساییە و هەستی بە هەستییە.

عەونی لەدووبنەرەتە سەرەكیەكەشدا (لێچوو+ لەوچوو) لێكچواندنی دروست كردووە بەمەبەستی كورت كردنەوە یان هەرشتێكی تر وەكو ئەم نموونەیە:-

موژگان و برۆت تیرو كەوانن لە كـــەمینن
لەم دیمەنە سامناكە بەڕاستی حەزەرم كرد

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٣.

موژگان: لێچووە . تیر: لەوچووە . برۆت: لێچووە . كەوان: لەوچووە. ئەم لێكچواندنە ڕاستەوخۆیە و (ڕەوانە)ە لەجۆری ئاسایی . چونكە تەنها لێچوو و لەوچووی بەكار هێناوە . لێكچواندنی پێچراوی ڕێكە . چونكە هەردوولێچووەكان لەتەك یەكتری بەریز هاتوون و پاشان لەوچووەكان بەهەمان شێوە لەدووای یەكتری هاتوون . لێكچواندنی وێنەییە و هەستی بەهەستیە.

## ب- خواستن (الاستعارە):-

عەونی ئەم هونەرەشی لەشیعرەكانیدا بەكارهێناوە . ئەمەش نیشانەی باڵادەستی و شارەزایی شاعیر نیشان دەدەن . (خواستن ئەوەیە وشەیەك لەرستەدا بۆ مانایەكی تری جگە لەمانای دروست و فەرهەنگی خۆی بەكاربێنی بەو مەرجەی پێوەندیی نێوان مانا

دروستەكەو مانا خوازراوەكە لێكچواندن بێت و نیشانەیەك هەبێ كە مەبەست لەو رستەیەدا مانای خوازەیی وشەكەیەنەك مانای دروستی)[1].

واتە ئەو وشەیە كە بۆ مانا راستەقینەكەی خۆی بەكار ناهێنرێت . بەڵكو مەبەستێكی تری پێ دەردەبڕدرێت . بە مەرجێك بۆ دەرخستنی سیفەتێكی لاوازی ئەم مەبەستە بێت لە بەكارهێنانیدا. وەكو عەونی دەڵێت:-

**هەڵی كرد ئاه و نالەی بەر بەیانم**

**سـەری كرد خوێنی ئاڵی چاوەكانم**

دیوانی عەونی . چ۲ . ل۱۵۹.

لێخواستراو (خوێنی راستەقینەیە) . بۆخواستراو (فرمێسك)ە . وشەی خواستراو (خوێن)ە . نیشانە (چاوەكان)ی شاعیرە . كۆكەرەوەكە (رژانە) لە جۆری ئاشكرایە.

**گوتی: عەونی ئەگەر بێ باخەوان باخی سینەم بێ**

**بە نارنج و تورنج و سێو و بێ یاری نەكا چ بكـا**

دیوانی عەونی . چ۲ . ل۱٤٦.

لێ خواستراو (نارنج و تورنج و سێو و بێ)ی راستەقینەیە . بۆ خواستراو (مەمك)ە . خواستراو (وشەی نارنج و ترنج و سێو وبێ)یە . نیشانە (باخی سینە) . كۆكەرەوە (خڕی و هەڵداوی) یە . لە جۆری خواستنی ئاشكرایە.

## ج – خوازە (المجاز):-

عەونی چەندین چەپكی ڕەنگاو ڕەنگی لەم هونەرە دروست كردووە . (خوازە بەكارهێنانی وشەیەكە لەڕستەدا بۆ گەیاندنی مانایەكی تر جگە لەمانای دروستی خۆی بەهۆی پێوەندیەكەوە كە لە نێوان هەردوو مانای وشەكەدا هەیە . دەبێ نیشانەیەكی زمانی

---

[1] – عەزیزگەردی ، رەوانبێژی ، چ۲، چاپخانەی ئارام ، هەولێر ، ۲۰۰٥ ، ل٤۳

یـان واتـایش هـەبێ کـە مەبەسـت لـە وشـەکە مانـا خوازەییەکەیـە نـەك مانـا دروسـت و راستەقینەکە)[1].

واتە هەر وشەیەك بۆ واتای دروستی خۆی بەکار نەهێنرێت . بەڵکو واتاو مەبەستی تـر بگەیەنێ بەمە دەڵێن خوازە . پێوەندیی گشتی و تایبەتی لەنێوان خواستن و خوازەدا هەیە هەموو خواستنێك خوازەیـە . بـەلاّم هـەموو خوازەیـەك خواسـتن نییـە . تـەنها هەنـدێکیان نەبێت . ئەگەر پێوەندییەکە لێکچواندن بێ ئەوا دەبێتە خواستن . ئەگەر نا خوازەیە.
عەونی دەڵێت:-

**لە کوردستانی بەریـــن**

**کاوەی سەدەی بیستەمین**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٣٤.

وشە یان ناوی (کاوە) خوازراوە کە بۆمانا راستەقینەکەی خۆی بەکارنەهاتووە . واتە بـۆ (کاوەی ئاسنگەر) بەکار نەهاتووە . بەڵکو خوازراوە بۆ (مەلا مستەفا بارزانی).

**ماهی دە و چواری من ڕەونەقی ئەنجوم دەبـا**

**ڕەونەقی ئەنجوم دەبا . ماهی دە و چواری من**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٦٦.

وشەی خوازراو (ماهی دە و چوار) واتە: مانگی چواردە کە بۆ مانا راسـتەقینەکەی خـۆی بەکار نەهاتووە . بەڵکو بۆ (یار) خوازراوە . نیشانە زمانیەکە یاخود واتاییەکە وشەی (مـن) واتە شاعیر کردوویەتی بە خاوەن داریەتی . مـانگ مـولکی مـرۆڤ نییـە وەك مـرۆڤ دروسـت کراوە ئەمە بڕاوەتەوە بۆیە دەبێتە خوازەی رەها.

**د – درکە:-**

جـۆرێکی تـری هونـەرەکانی ڕوونبێژییـە عـەونی ئـەم هونـەرەی هەڵنـەبواردووە و لەشیعرەکانیدا بەر چاو دەکـەون . (درکـە ئەوەیـە راسـتەوخۆ نـاوی سیفەت یـان مەوسـوف نەدرێ . بـەڵکو بـەهۆی شـتی تـرەوە بـدرکێنرێ و لـە ڕەوتـی ڕسـتەکەدا دەربکـەوێ . ئەمـە

[1] – سەرچاوەی پێشوو... ل٦٣.

ماناى ماناشى پێ دەڵێن . لەدركەدا مەرج نییە نیشانە هەبێ بۆ ئەوەی کەمانا درکاوەکە مەبەستە . چونکە هەڵدەگەڕێ ماناى ڕاستەقینەی وشەکانیش مەبەست بێ . هەرچەندە مەبەستی سەرەکی هەرمانا درکاوەکەیە)[1].

واتە درکە ئەوەیە کەبەهۆی وشەیەکی ترەوە ناوی سیفە یان مەوسوف بدرکێنرێت . بەمەرجێ لەرستەدا دەربکەوێت.

عەونی دەڵێت:-

**جوانی شۆخی وەك تاقی کراوە**

**کراسێکە بە بالآی تۆ بڕاوە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧١.

لێرەدا جوانیی شۆخی ئاوەڵناوە و ڕاستەوخۆ ناوی هاتووە . ئەوەی ڕاستەوخۆش بێ نابێ بەدرکە . بەلآم لێرەدا بۆتە درکە . چونکە ڕاستەوخۆ نەدراوەتە پاڵ (بالآ) بەڵکو کراوە بە(کراس)ئینجا بە بالآی بڕاوە . واتە سیفەتەکە بەهۆی وەسیلەیەکەوە . کە(کراس)ە . دراوەتە بالآ) . ئەم جۆرە درکەیە (درکە لە هاوگری) یە.

**بەتەمەن پیرە . بەدیمەن لاوە**

**ڕیشی سپی . سەری ڕەشی بێ کلآوە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٥١.

لە هەردوو دێرەکەدا کۆمەڵێك ئاوەڵناو بەدووای یەکدا هاتوون . کە تەنها لە یەك شتدا هەن . بەهۆی ئەم ئاوەڵناوانەوە دەگەینە خاوەنی ئەو سیفاتانە . کە هاوینە هەواری (پیرمام)ە . ئەم جۆرە درکە یە پێی دەڵێن (درکە لە مەوسوف) دا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٩ .

## دووەم:-جوانکاری (البدیع):

جوانکـاری یەکێکـە لـە سـێ بەشـەکەی زانسـتی ڕەوانبێـژی . جوانکـاری گرنگیـی بـەو لایەنەدا کە بەرهەمی ئەدەبی لە ماناو ئاوازەوە لە قسەی ئاسایی جودا دەکاتەوە،لـەزمانی عەرەبی (البدیع) لەرووی زمانەوانیەوە بەمانای داهێنانی شت دێت یان ئەوشـتەی بۆیەکـەم جار دادەهێنرێت . داهێنانیش لای هەمووان ڕوونـە کـە چ جۆرە گرنگیـەکی هەیـە . خـوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی (بدیع)ی کردووە و فەرموویەتی: ﴿ **بديعُ السماواتِ والأرضِ وإذا قضى أمراً فإنما يَقولُ لهُ كُن فيَكُونُ** ﴾سورەتی ﴿ البقرة ﴾ ئایەتی(١١٧).. واتـە: (خـودا بەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە وەکاتێ کەویستی شتێ بکات هەرئەوەندەی پـێ ئـەوێ کە پێ ی بڵێ: ببە ئیتر ئەبێ)[1].

لـە ئایەتـەکانی تریشـدا خـوای گـەورە باسـی (بـدیع و بدعـە)ی کـردووە هـەروەها پێخەمبەریش (د.خ) لە فەرموودەیەکدا باسی کردووە و دەفەرمووێ: (كل بدعة ضلالة وكل ضلالة في نار)[2]. واتە: هەموو تازە داهێنراوێك گومڕایی یە و هەموو گومڕاییـەکیش بـۆ نـاو ئاگرە. لەزمانی کوردیدا جوانکاری بەمانای دەست ڕەنگین یـان رازێنـەرەوە دێـت . بـەڵام لـە ڕەوانبێژیـدا لای کـورد و عـەرەب (جوانکـاری) مانایـەکی تـر دەگەیـەنێ: ئـەویش ئەوەیـە (کەتایبەتە بەچەمکی جوانی و رازاندنەوە بە هەردوولای وشە و واتا شیدەکاتەوە)[3].

واتە بەشێوەیەکی گشتی جوانکاریی لایـەنی هونـەری و جـوانیی ئـەدەب ڕووندەکاتـەوە ودووجۆری هەیـە:- (رازاندنـەوەی لـەفزی و رازاندنـەوەی مەعنـەوی)[4]. واتـە:-(جوانکـاریی وشەیی) و (جوانکاری واتایی) یە . هەریەك لەم هونەرانە کۆمەڵێك بابەت لەخۆ یان دەگرن

---

[1] محمدی خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ، چ١ ، جزمی سێ یەم ، چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٧٦، ل٢٥.

[2] أبی زكريا محی الدين ، رياض الصالحين ، ط١ ، دار ابن حزم ، القاهرة ، ٢٠٠٨ ، ص٦٣ .

[3] عەزیز گەردی ، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ، ل٥.

[4] مەلا عەبدول کەریمی مودەڕڕیس ، بەدیع و عەرووزی نامی ، بەشی یەکەم ودووەم ، چاپخانەی جاحز ، بغداد ، ل٦- ٥٩

. لێرەدا ناتوانین باس لە هەموو ئەو بابەتانە بکەین کە ئەم هونەرانە لە خۆیان گرتووە . بەڵام چەند بابەتێك هەڵدەبژێرین و بە نموونەی شیعری لای عەونی دەیان خەینە ڕوو.

## ١- رازاندنەوەی لە فزی (جوانکاری وشەیی):-

لەلایەنی ئاوازو مۆسیقای ووشە دەکۆڵێتەوە و ئاوازی ووشەکان لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە . ئەم بەشە زیاتر دووبارە بوونەوەی دەنگ و ئاوازی ناوەوە و رەگەزدۆزی و دووبارە بوونەوە و سەروا دەگرێتەوە.

### أ- رەگەزدۆزی (الجناس):

رەگەزدۆزییەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی و چەندین پێناسەی جۆراو جۆریان بۆکراوە . وەکو: (رەگەزدۆزی ئەوەیە کە هۆنەر لە هۆنراوەکەیا دوو وشە یا زیاتر بێنێتەوە . وشەکان لە ڕواڵەتا وەکو یەك وابن . بەلام لەگوزارەدا هەر یەکەیان گوزارەیەکیان هەیە)[1] . لەم پێناسەیەدا وشەی ڕواڵەت لەبری شێوە یان روخسار و گوزارەش لەبری مانا یان ناوەڕۆك بەکارهاتووە . یاخود لە پێناسەیەکی تردا بەم شێوەیە پێناسەکراوە:

(رەگەزدۆزی دوو وشە یە کە لە گۆکردندا یەکسانن و جیاوازیشن لە واتادا)[2] . مەبەست ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەی رەگەزدۆزیەکە دروست دەکەن دەبێ‌لەدەربریندا وەکو یەك بن و واتاکانیان جیابێت،(رەگەزدۆزی یەکێکی ترە لەو ڕەوشانەی کە لە ئاستی وشە یان ڕستەدا هاو ئاهەنگی و مۆسیقا دەهێنێتە کایەوە یان مۆسیقای ئاخاوتن زیاد دەکات)[3].

---

[1] عەلائەدین سەجادی ، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی ، چاپخانەی مارف ، بغداد ، ساڵی ١٩٦٧، ل٨٣.

[2] روح الله هادی ، ارایه های ادبی ( قالبهای شعر ، بیان و بدیع ) ، چاپ و نشر کتابهای درس ایران ، تهران ، ١٣٧٦، ل١٤٠.

[3] سیروس شمیسا ، نگاهی تازه به بدیع ، چ١٢ ، انتشارات فردوس ، تهران ، ١٣٦٨ ، ل٣٩.

بەپێی ئەم پێناسانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕەگەزدۆزی بەکارهێنانی دوو وشە یان دوو دەربڕینی هاوشێوەی یەکن یا بەیەك دەچن لە وێنەدا و جیاوازبن لە واتادا و دوو جۆری هەیە:
(ڕەگەزدۆزی تەواو . ڕەگەزدۆزی ناتەواو)[1].

١- **ڕەگەزدۆزی تەواو:** بریتییە (لەوەی ئەو دوو وشەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن . لەچوارشتدا یەکبن . ئەوانیش: جۆری پیتەکان . ژمارەیان . شێوەیان . ریزبوونیان)[2] . ئەم هونەرە لە شیعری کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت بەهەموو جۆرەکانیەوە و شاعیران بەشێوەیەکی فراوان بەکاریان هێناوە . عەونی ئەوەندە سوودی لەم هونەرە وەرگرتووە و شیعرەکانی رازاندۆتەوە و پێی بەهێزی کردوون خەریکە بەڕاو کردنیان ڕانەگەین . چونکە ئەوەندە زۆرن . بۆ نموونە:-

**خونچە لێوی کردەوە وەك پێکەنی ئابڕوی تکــا**
**چەند دڵۆ پێك شەونمی شەرمی بەسەر ڕوودا تکا**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٥٠.

شاعیر ڕەگەزدۆزی تەواوی لە نێوان وشەی (تکا) دروست کردووە لەجۆری هاوڕەسەن . چونکە هەردوو وشەکە کارن . (تکا)ی نیوەدێری یەکەم بەمانای(چوون) دێت و (تکا)ی نیوەدێری دووەم بە مانای هاتنەخوارەوە دێت . واتە هەردووکیان کارن و یەك ڕەگەزن . لەجۆری پیت و شێوە و ریزبوون و ژمارەیان وەکو یەکن.

**لەڕاکردن وەکو ئاسك بە بازی**
**لە نێچیر گرتنا شاهێن و بازی**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٩٨.

---

[1] ابراهيم محمد صقر ، تيسير البلاغة ، دار مصر للطباعة ، ص٨١.
[2] ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ل٢٩.

شاعیر لە وشەی (بازی) ڕەگەزدۆزی تەواوی دروست کردووە لە جۆری (تەبا) . چونکە (بازی) نیوەدێری یەکەم بە واتای (بازدان) دێت واتە کارە . لە نیوە دێری دووەم (ناوی تەیرێك)ە . واتە ناوە . بەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە دەگوترێت ڕەگەزدۆزی تەبا.

**٢- ڕەگەزدۆزی ناتەواو:-**

ڕەگەز دۆزی ناتەواو (ئەوەیە کە ئەو دوو ووشەیە یان ئەو ووشانەی کە هاوبێژ دەبن لە یەکێ لەم سێ خاڵە جیاواز دەبن " ژمارەی پیتەکان . جۆری پیتەکان . ریزی پیتەکان)[1]. لە ڕووی زمانەوانییەوە بەڕەگەزدۆزی دەڵێن هاوبێژی . واتە لە یەکێ لەو چوار بنەمایەی کە ڕەگەزدۆزی تەواویان لەسەر دروست دەبێ جیاوازبن و ئەوانی تر وەکو یەك بن . ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە.

عەونی دەڵێت:-

**لە دووری تۆ دڵی زارم ئەگەر زاری نەکا چ بکا**
**لەچاوان خوێن وەکو دیجلە و فورات جاری نەکا چ بکا**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٤٦.

لە هەردوو وشەکانی (**زاری . جاری**) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروست کردووە لە جۆری جودا . چونکە جیاوازییان هەیە لە جۆری پیتەکانیی (ز . ج) دا.

**خاوەنی ئەم خوێنە سوورە**
**لاوێکی کوردی جەسوورە**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٢٣.

[1] عەبدول سەلام سالار عەبدول رەحمان ، هونەری رەوانبێژی لە شیعرەکانی (نالی)دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل١٤٠ .

وشەکانی (**سوورە . جەسوورە**) ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دروست کردووە لە جۆری زیاد . چونکە دووپیتیی سەرەتای وشەی (جەسوور) زیاترە لە وشەی (سوور) کە پیتەکانیی (ج . ە)ن . بەڵام ئەوانی تر وەکو یەکن.

**هەریەک بەڕەنگێکی دزێو**

**هاتە بەر چاوم وەکو دێو**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١١٦.

وشەکانی (**دزێو . دێو**) ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دروست کردووە لە جۆری زیاد . چونکە پیتی (ز) لە ناوەڕاستی وشەی (دزێو)دا هاتووە و زیادە لەچاو وشەی (دێو) . واتە زیادەکە لەناوەڕاستدایە . هەندێ جار وادەبێ بکەوێتە کۆتایی وشەکەوە . وەکو ئەم نموونەیە:-

**بۆ پارە هەردەم جەرگی پارەیە**

**تا مردن پیشەی هەر ئەو کارەیە**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٩٦.

وشەکانی (**پارە . پارەیە**) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لەجۆری زیاد دروست کردووە و زیادەکەش کەوتۆتە کۆتایی وشەکەوە کە پیتەکانیی (ی . ە) ن . وشەی "پارەیە " لەگەڵ وشەی " کارەیە" ئەوانیش رەگەزدۆزی ناتەواویان دروست کردووە بەهۆی جیاوازی پیتی " **پ** " و " **ك** " ەوە. لەبەر زۆری نموونە شیعرییەکانی عەونی بەوەندە کۆتایی دەهێنین . چونکە یەکجار زۆرن ڕێژەیەکی زۆریشیعرەکانی هونەری ڕەگەزدۆزییان تێدایە.

## ب- تێهەڵکێش (التضمين):-

هونەرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی و شاعیران گرینگیان پێداوە و چەندین پێناسەی بۆ کراوە لەوانە:-(تێهەڵکێشی ئەوەیە شاعیر دەقێکی ئەدەبی بێ دەسکاری لەناو شیعری خۆی بە کاربێنێ بە مەرجێ دەقەکە بگاتە ڕادەی ڕستەیەکی تەواو)[1].

[1] – عەزیز گەردی ، رەوانبێژی ، چ٢ ، . ... ل٩٩ .

شاعیر شیعرێك یان پەندی پێشینان یان هەردەقێکی تربێ تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی دەکات کە لە رستەیەك کەمتر نەبێ . واباشترە ئاماژە بە خاوەنی دەقەکە بکات ئەگەر هەبوو . مەرج نییە تەنها لە شیعر بێت . بەڵکو بۆ پەخشانیش دەشێ.

عەونی لە چەندین شوێن لە شیعرەکانیدا پەنای بۆ ئەم هونەرە بردووە و لە هەندێ شوێن ئاماژەی بەخاوەنی دەقەکان کردووە و لە هەندێکی تردا ڕاستەوخۆ تێکەڵیی شیعرەکانی خۆی کردووە بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات . هەندێ جار بەدەسکارییەوە بەکاری هێناوە و شیعری هەندێ لە شاعیرانی تێهەڵکێش کردووە بەتایبەتی لەپێنج خشتەکییەکانی کە هۆنیویەتییەوە . جگە لەپەندی پێشینان . بۆ نموونە:-

**ئەوێستاش دەرفەتە گەر یەکدی بگرن**

**بەمەرجێ هەموو یەك ڕەنگ و یەك خوو**

**وەکو (حاجی) کەفەرمووی یەك دی نەگرن**

**(دەبینی زوو ولآتیشت لەدەست چوو)**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٧٤.

ئەم نیوە دێرەی بەدەست کاریەوە تێهەڵکێشیشیعرەکەی خۆی کردووە و ئاماژەی پێ کردووە کە هی شیعری حاجی قادری کۆییە . هەر لەم شیعرەدا لەدێرێکی تردا دەڵێت:-

**کەچی (وەك ئاگری ژێرکاین لەگەڵ یەك)**

**بەرەحمەت بێ کە حاجی ڕاستی فەرموو!**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٧٣.

لەبنەڕەتدا پەندێکی کوردییە کە حاجی قادر تێهەڵکێشی شیعرێکی خۆی کردووە . بەلآم عەونی لە حاجی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بۆیە ئاماژەی بەناوی حاجی قادر کردووە.

**خەزانیش دەڕوا بەهار دێتەوە**

**(گیا لە سەر بنجی خۆی دەروێتەوە)**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٣٧.

نیوەدێری دووەم پەندێکی کوردییە عەونی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بە بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات کە ئەمە پەندێکی کوردییە.

فەرموو یانە لەمەو پێش

(خێر بەخوێش نەك بە دەروێش)

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٣٣.

لە نیوە دێری یەکەمدا ئاماژەی بۆ نیوە دێری دووەم کردووە کە پێشینان وا یان وتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە.

ناگەینە ئامانج بەدانیشتن برا

(لیس للأنسان إلا ما سعی)

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٤٥.

نیوە دێری دووەم ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە عەونی تێهەڵکێشی شیعرەکەی کردووە و ئاماژەی بە ئایەتەکە نەکردووە. نموونەی تر لەم بابەتانە زۆرن بەپێنج خشتەکییەکانیشەوە کە لەسەر شیعری شاعیرانی وەکو:(نالی،وەفایی . صافی . مامەند کەرکوکی و هێمن) ی داناون . لەبەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا نموونەمان خستۆتە ڕوو.

## ج – رەنگامە (الملمع):-

مولەممەع هونەرێکی تری جوانکاریی وشەیە و عەونی لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناوە . ئەمەش دوو جۆری هەیە:-(مولەممەعی داهێنراو . مولەممەعی تێهەڵکێشراو) . عەونی مولەممەعی تێهەڵکێشراوی هۆنیوەتەوە لەسەر شیعرێکی حافزی شیرازی کە بەزمانی فارسی و عەرەبی دایناوە . عەونیش بۆ هەر نیوە دێرێك نیوەدێرێکی بەزمانی کوردی داناوە . بەم شێوەیە پێناسە کراوە:-

(مولەممەعی تێهەڵکێشراو ئەو مولەمەعەیە . کە دێڕ و نیوە دێڕەکانی بەچەند زمان نووسرابن . هی ئەوەندە کەس و لایەنەیە)[1].

واتە مولەممەعی تێکهەڵکێشراو بەتەنها هی شاعیرێك نییە،بەڵکو مولکی دوو یان سێ و زیاتریشی پێوەیە . کە بەزمانی جۆراو جۆر نووسرابێت . وەکو ئەم نموونەیە:-

**بەخوێنی دڵ کەنووسیم بۆ لای نیگارم نـــامـــە**
**(إنــــي رأيــت دهــراً . هــجرك الـــقــــيامــة)**

**هەرچەند سەرو بنم کرد . هیچ فائیدەی نەبەخشی**
**(مــن جــرب المجــرب . حــلــت بــه الـــندامـــــة)**

**لـــەدووری تـــــۆ لـــە چـاوم ســەد دەردو ژانـــــــە**
**(لـــيــــس دمــــوع عـــيـــنـي هـــذا لـــنـــا العلامــة)**

لەدێڕی شەشەمدا دەبێتە فارسی:

**پــێــویــست نــیـە کـە بـیـڵـێم دەردی دەرونی زارم**
**(خـود مــيـشـود محـقق از اب چـشـم خــامـــــه)**

لە دێری کۆتایی دەبێتەوە عەرەبی:

**(حافظ) کەویستی (عەونی) جامێ شەڕاب لەساقی**
**(حــتـى يــذوق مــنــه كـأسـاً مــن الــكــرامــــــة !!)**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٥.

[1] – ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل٦٨

لەم شیعرەدا عەونی بەیەکسانی هەموو نیوە دێڕەکانی مولەممەع کردووە . کوردییەکە هی خۆیەتی و عەرەبی و فارسییەکەش هی (حافزی شیرازی)یە . بەوەش مولەممەعی تێهەڵکێشراوی هاوسەنگ بەرهەم هاتووە.

## د – هێنانەوە (التصدیر):-

هونەرێکی تری جوانکاریی وشەییە و بەم جۆرە پێناسەی بۆکراوە: (رد العجز على الصدر: دووبارە کردنەوەی وشەیەك یان زیاتر لە کۆتایی دێرە شیعرەکە بۆ هەر شوێنێکی تری ئەو دێڕە)[1].

واتە دووبارەکردنەوەی وشەیەکە لەناو یەك دێڕە شیعردا یەکیان لەکۆتایی دێڕدێت . ئەوی تریشیان لە کۆتابێ یان ناوەڕاست یاخود سەرەتای دێڕەکە هیچ جیاوازی نیە . عەونی نموونەی لەم بابەتەی زۆرە . وەکو:-

**عەقلی دابەر شەق کەڕووی کردە دڵم سوڵتانی عەشق**
**ئیختیارم پێ نەما وەك چوومە ژێر فەرمانی عەشق**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٥.

شاعیر دووجار وشەی (عەشق) ی بەکار هێناوە لەم دێڕە شیعرەدا یەکیان لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و ئەوی تریش لەکۆتایی نیوە دێڕی دووەم کە هونەری هێناوەی پێ دروست کردووە.

**زۆرجیاوازی لە ئێستاو دەوری ڕابردوو هەیە**
**تاج لە بۆ سەربوو . بەڵام ئێستاکە هەر بۆ پێ یە تاج**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٨٢.

وشەی **(تاج)** دووجار بەکاری هێناوە . جارێکیان لەسەرەتای نیوە دێڕی دووەم و جارێکیش لە کۆتایی هەمان نیوە دێڕ . بەمەش هونەری هێنانەوەی پێ دروست کردووە.

---

[1] -عەبدوڵلاّخدر مولود ، حەمدی و ڕەوانبێژی ، گ . ڕامان ، ژ . (٥٣) ، ساڵی ٢٠٠٠، ل١٠ .

**هـ – گێڕانەوە (الترديد):-**

ئەمەشیان هونەرێکی ترەو عەونی لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناوە . گێڕانەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (بریتییە لەبەکار هێنانی چەند جارەی وشەیەك . یان دەستەواژەیەك بەو مەرجەی هەر جارەو لەپاڵ شتێکەوە هاتبێت.. ئەمەش بەرەچاوگرتنی ئەو وشەیەی گێڕانەوەکە دروست دەکات)[1].

واتە ئەو وشەیەی شاعیر لە دێرە شیعرەکەیدا دەیگێڕێتەوە نابێت لەتەك یەکتری بێن . بەڵکو دەبێت بکەونە پاڵ وشەیەکی ترەوە. بۆ نموونە:-

**بۆئەم مەبەستە . زۆرکۆششیان کرد**

**کەوا هان بدەن . کورد لەدژی کـورد**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٣٢.**

**(کورد)** ناوێکی سادەیە و لە پاڵ وشەی (لە دژی) گێڕدراوەتەوە.

**سلاّو لەنیشتمانەکەی ژینم**

**سلاّو لە یارەکەی دێرینـــم**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٢٢.**

وشەی (سلاّو) لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و سەرەتای نیوە دێڕی دووەم گێڕدراوەتەوە.

**و – دووپاتکردنەوە (التکرار):-**

لـەم هونەرەشـدا عـەونی دەسـت ڕەنگینـی خـۆی نیشـان داوە و شـیعرێکی زۆری پێرازاندۆتەوە . ئەم هونەرە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (هۆنەر یا نووسەر . وشەیەك یان ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بێنێ و چەند جارێك دووپاتی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی

[1] ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل٣٤ .

تایبەتی بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ واتە نابێت وشەکان نە لە ڕووالەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەر دابێت)[1].

واتە ئەو وشانەی شاعیر دووپاتی دەکاتەوە نابێت هیچ وشەیەك بکەوێتە نێوانیانەوە و هیچ گۆڕانێکیش بەسەریاندا بێت لەناو شیعرەکەدا.

عەونی دەڵێت:-

**چیا بەرزەکان کێوانی سەر کەش**

**نیشتمانی کورد ناکرێ بەش بەش**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٣١.

لە نیوە دێڕی دووەم (**بەش بەش**) دووپاتکردنەوەیە . چونکە واتایان یەکەو بەدوای یەکیش داهاتوون . ئەم دوو پاتکردنەوەیە پاتکردنەوەی دوویی یە لە جۆری یەك پاتکردنەوە.

**فڕۆکەی مێك و هەنتەر و هەلوشن**

**وەکوو کورەی هەنگ زۆر زۆر بەجۆشن**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٢٧.

لە نیوەدێڕی دووەم (**زۆر زۆر**) دووپاتکردنەوەی دوویین لەجۆری یەك پاتکردنەوەن بۆ پێداگرتن و جەخت کردن بەکارهاتوون.

**ئەوەی هۆهۆ دەکا هیچ کاتێ من پێی دڵنیا نابم**

**کەسێکم خۆش دەوێ مەرد بێ هەمیشە حەز بە کۆکۆ کا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٨١.

لە نیوە دێڕی یەکەم (**هۆ هۆ**) و لەنیوە دێڕی دووەم (**کۆ کۆ**) دووپاتکردنەوەی دوویی پێ دەڵێن . چونکە دووجار لەسنووری دێڕەکەدا هاتوون.

---

[1] – عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، جوانکاری ، بەرگی دووەم ، ل٤٧.

## ز – بوونی پێویستە (الضرورات):-

عەونی ئەم هونەرەشی تاقیکردۆتەوە و لەشیعرەکانیدا بەرچاوەدەکەون و بەم شێوە یە پێناسەی بۆکراوە: (بریتییە لە وەك یەکی و هاوشێوە هاتنی پیتێك . یان چەندپیتێکی بەر لەو پیتەی . کە لە هۆنراوەدا ڕووی "سەروا"و لە پەخشاندا "سەروادارد" دروستدەکات . ئەمەش "سەروا"و"سەروادار"ەکان جوان و ڕێکتردەکات لە شێوە . بۆ سەر زار خۆشتر گۆ دەکرێن . بەر لە گەیشتنمان بە کۆتایی رستە . یان دێرە شیعرییەکە دەزانین کۆتایی بەچی دێت)[1].

بۆنموونە عەونی دەڵێت:-

بەتوندی پێ مەنێ سەر خاك و ئەندامی نیگـــارێکـــە
نەکەی پێی دا بڕۆی چونکە لەجەستەی چەند هەزارێکە
بەسوکی تێمەگەن ئەم خاکە لاتان زۆر بەقیمـــەت بـێ
هەمووی هەر خاکی دەست و پێ و چاو و لێو و زارێکە
ئەگەر تۆ هەڵکەنی سا ناو دڵی خاك بۆت بەدەربێخــی
چ جێگای ئاوەدانی بێ . چ جێگای شوێنـــەوارێـــکـــە
ئەگەر بێت و بەچاوی دڵ سەرنج بگری . دەزانـــی تـــۆ
کە شار وێران بووە . وێرانەیە ئێستاکـــە شـارێـــکـــە

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٩٤.

لەم شیعرەدا وشەکانی (نیگارێکە . هەزارێکە . زارێکە . شوێنەوارێکە . شارێکە) وشەی سەروان . پیتی (ر)رەوییە و (ێکە) لەدوای پیتی (ر) هاتوون لە هەموو شیعرەکەدا پاش رەوین و پیتی (ا) پێش رەوییە و بوونی پێویستە . لە هەموو دێرەکانی تری ئەم شیعرە بەم شێوەیەیە کە باسمان کرد.

٢

[1] – ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل٤٨.

**- رازاندنەوەی مەعنەوی (جوانکاری واتایی):-**

ئەم هونەرە جۆری دووەمی جوانکارییەو لەواتای وشە و دەستەواژەو رستەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی جوانکارییەوە . ئەم هونەرە چێژێکی تایبەتی جوانکاری بەخوێنەر دەبەخشێت و کۆمەڵێك هونەری وەکو: تێلنیشان و دژیەك و... دەگرێتەوە.

**أ – تێلنیشان (تلميح):-**

هونەرێکی دیاری جوانکاری واتایی یە چەند پێناسەیەکی بۆکراوە . وەکو: (نووسەر شتێك لە ئایەتی قورئانی پیرۆز یا فەرموودەکانی پێغەمبەر "د. خ " بخاتە پەخشانەکەی یا هۆنراوەکەیەوە بە شێوەیەکی وا کە هەستی پێ نەکرێت کە لەوانەوە وەرگیراوە)[1].

واتە نووسەر یا شاعیر بە وشە یەك یان چەند وشە یەك ئاماژە بۆ دەقێکی تر بکات . بێ ئەوەی درێژەی پێ بدات یان باسی بکات . (تێلنیشان ئەوەیە کە ئەو هۆنەرە لە هۆنراوەکەیا بە تیلی چاو دەست بۆ کارەسات . وەیا داستان . وەیا پەندێکی پێشینانی ئەو زمانە درێژ بکا)[2].

کەواتە تێلنیشان تەنها ئاماژە بۆکردنە نەوەك باس کردن . عەونی زۆر لە شیعرەکانی بەم هونەرە رازاندۆتەوە . بۆ نموونە:-

**مەگەر لاوانی کورد وابوون بەمەنسور**

**لەسەر لەفزی (أنا الحق) چوونە سەردار**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٤.**

لێرەدا شاعیر ئاماژەی بە ڕووداوی لە سێدارە دانی مەنسوری حەلاج کردووە . کە لەسەر وشەی (أنا الحق) لە سێدارەیان دا.

---

[1] أحمد هاشمي ، جواهر البلاغة في " معاني وبيان وبديع " ، الطبعة الثاني عشرة ، الشعادة ، مصر ، ١٩٦٠ ، ص٤١٨ .

[2] عەلا ئەدین سەجادی ، خۆشخوانی ، " گوزارەکاری ، جوانکاری ، ڕەوانکاری "، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٨٦، ل١٥٧.

**ده‌با ده‌ئاکی به‌دخوو خوێن برێژێ تاکو ڕۆژی دێ**

**ده‌که‌وێته‌ به‌ر شه‌پۆڵی هه‌ڵمه‌تی ئاسنگه‌رێکی تـــر!!**

دیوانی عه‌ونی،چ۲ . ل۱۵٤.

شاعیر ئاماژه‌ به‌ئه‌فسانه‌ی کاوه‌ی ئاسنگه‌ر ده‌کات . که‌ به‌چه‌کوشه‌که‌ی زوحاکی زۆرداری له‌ناو برد . به‌لاّم (دوایی فه‌ره‌یدونی کوڕی له‌ جێگای دانا)[1].

**به‌لقیس و جولێت . شیرن و له‌یلا**

**بۆ که‌نیزه‌ییت هاتنه‌ به‌ر ده‌رگـا**

دیوانی عه‌ونی . چ۲ . ل۲۹۱.

ئاماژه‌ به‌ به‌لقیسی حه‌زره‌تی سولێمان و ڕۆمیـۆ جولێتی شکسپیر و شـیرین و فـه‌رهاد و له‌یلا و مه‌جنوون ده‌کات. نموونه‌ی یه‌کجار زۆرله‌م بابه‌ته‌ له‌ شیعره‌کانیدا هه‌ن.

### ب – دژیه‌ك (تضاد):-

عه‌ونی له‌م هونه‌ره‌شدا شاره‌زایی خۆی نواندووه‌ . بـه‌م چه‌شـنه‌ پێناسـه‌کراوه‌: (دژیـه‌ك بریتییه‌ له‌ کۆکردنه‌وه‌ی دوو وشه‌ . کـه‌ ئـه‌و وشـانه‌ لـه‌ڕووی واتـاوه‌ دژ و پێچـه‌وانه‌ی یـه‌ك بن)[2] . واته‌ بریتییه‌ له‌ کۆکردنه‌وه‌ی دوو واتای دژ به‌ یه‌ك . ئه‌مه‌ش دووجۆری هه‌یه‌:-

**- دژیه‌کی ئه‌رێ یان فه‌رهه‌نگی:-**

جۆرێکـه‌ لـه‌ هونـه‌ری دژیـه‌ك و بـه‌م شـێوه‌یه‌ پێناسـه‌کراوه‌: (ئه‌وه‌یـه‌ دوو وشـه‌ی جیـاو سه‌ربه‌خۆ دژبه‌یه‌ك بن . وشه‌کان له‌یه‌ك ریشه‌وه‌ نه‌هاتبن)[3].

وه‌کو عه‌ونی ده‌ڵێت:-

---

[1] ئه‌حمه‌د زه‌رده‌شت ، کاوه‌ و نه‌وروٚز...ئه‌فسانه‌و بیری نوێ ، ده‌زگای ڕۆشنبیری و بلاّوکراوه‌ی کوردی ، زنجیره‌ی ژ .

[2] ئیدریس عه‌بدوللاّ ( د . ) ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل۸۵ .

[3] عه‌زیز گه‌ردی ، ره‌وانبێژی ، ل۱۲۹ .

**ڕۆژ و شەوم نەسرەوم**

**دەبێ منیش سەر کەوم**

**دیوانی عەونی،چ٢ . ل٩٨.**

**وشەکانی (ڕۆژ . شەو) دژیەکی فەرهەنگیان دروست کردووە . چونکە وشـەکان ریشـەیان جیاوازە و یەك ریشە نین.**

**بەسیە لەخەو هەڵستە پشت بەخودا ببەستە**

**مردن بەمەردی خۆشە نەك ژینی بەندی واری**

**دیوانی عەونی،چ٢ . ل٧٦.**

**وشەکانی (مردن . ژین) ریشەیان جیاوازە و دژیەکی ئەرێنیان دروست کردووە.**

**٢- دژیەکی نەرێ یان نافەرهەنگی:-**

**جۆری دووەمی هونەری دژیەکە . واپێناسەکراوە: (ئەوەیە کەدوو وشەکان بەنەفی . یـان نەهی بووبن بەدژ. واتە یەك وشەبێ . پاشـان نـەفی . یـان نـەهی کرابـێ)[2] . واتـە دوو وشـە دژبەیەکەکە لەبنجدا یەك وشەبن . بەلاّم بەهۆی ئامرازەکانی نەرێ (نە . نـا . مـە . بـێ...) بووبن بەدژیەك . وەکو عەونی دەڵێت:-**

**هەرچەندە دوایی تەمەنم هات بە نەهاتی**

**هیوام هەیە هەر بەر دەگرێ داری خەباتم**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٧.**

**وشەکانی (هات . نـەهات) دوو وشـەی دژیـەکن بـەهۆی ئـامرازی نـەرێ ی(نـە)وە بونەتـە دژیەکی نا فەرهەنگی.**

2 – سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٩ .

## ج – كۆكردنەوە لەگەڵ لێككردنەوە (الجمع مع التفريق):-

ئەمەش یەكێكە لە هونەرەكانی تری جوانكاری واتایی . كە شاعیر لە هۆنراوەكانیدا بەكاری دەهێنێت و شیعرەكانی پێ دەرازێنێتەوە . بەم شێوەیە پێناسەی بۆكراوە: (كۆكردنەوە و لێككردنەوە ئەوەیە كە دووشت بخرێنە ژێر خێوەتی یەك مەعناوە . لە پاشا جیا بكرێنەوە لەو هۆیەدا كە یەكی خستوون)[1].واتە كۆكردنەوەی شتێك یان زیاتر لەژێر بڕیارێك یان خاسیەتێكدا . دوایی لیك جیا بكرێنەوە . وەكو عەونی دەڵێت:-

**حیزبی بەعسی ئیشتراكی و پارتی دیموكراتی كورد**
**بۆ عەرەب ئەو پێشەوایە . ئەم لەڕێ ی داهاتی كورد**
**ئەركی سەرشانیانە هەردوو تێ بكۆشن وەك برا**
**ئەو لەبۆ وەحدەی عەرەب ئەم بۆ یەكێتی وڵاتی كورد**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٨.

شاعیر دووشتی كۆكردۆتەوە ئەویش (حزبی بەعسی ئیشتراكی و پارتی دیموكراتی كورد)ە لەژێر فەرمانی تێكۆشاندا . بەڵام دوایی جیایان دەكاتەوە . كە حیزبی بەعس بۆ وەحدەی عەرەب تێ بكۆشێ و پارتی دیموكراتی كورد بۆ یەكێتی وڵاتی كورد تێ بكۆشێ.

**هەڵبەست و وێژە . مۆسیقاو وێنە**
**هونەری جوانن هەرسێ بێ وێنە**
**وێنە ئایاتی سیحر و بەیانە**
**مۆسیقا . ئاواز خۆراكی گیانە**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٢٧.

شاعیرچەند شتێكی كۆكردۆتەوە لەژێر هونەری جوان (هەڵبەست و وێژە . مۆسیقا و وێنە) . بەڵام تەنها دوانی جیاكردۆتەوە (مۆسیقا و وێنە) . كە وێنەی بە ئایاتی سیحرو بەیان داناوە و مۆسیقاشی بە ئاواز و خۆراكی گیان جیاكردۆتەوە.

---

[1] – عەلائەدین سەجادی ، خۆشخوانی ، ل١٠١ .

**د- ئیقتیدا:-**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی . بەڵام دەچێتە خانەی تێکەڵ . واتە: (جوانکاری تێکەڵ) . ئەمەش سێ جۆری هەیە: (ئیقتیدای واتایی . ئیقتیدای ڕووالەتی . ئیقتیدای کۆی واتا و ڕووالەت) بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (ئیقتیدا ئەوەیە شاعیر لەدێڕەکانی خۆیدا شوێن پێی داهێنانی شاعیرێکی پێشەخۆی هەلگرێتەوە . ئەو چۆنی نووسیوە . ئەمیش بەهەمان شێوەی ئەو بنووسێتەوە . بەڵام بێگومان بەواتایەکی نوێ . ماوەی نێوان دوو شاعیرەکە هۆکارە بۆ بەرەو پێشچوونی مەبەست لە یەکەمەوە بۆ دووەم)[1]. واتە شاعیر کاریگەر بێ بە شیعری شاعیرێکی تر چ لەڕووی ڕوخسارەوە بێت یان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت . یان ڕوخسارو ناوەڕۆك بەیەکەوە بێت . بەمەرجێك گۆڕانکاری پێوە دیاربێت. عەونی نموونەی شیعری لەم جۆرە هونەرەدا زۆرە . وەکو ئیقتیدای عەونی بەمەحوی:-

**مەحوی دەڵێت:-**

**هەر گفتوگۆمە . کەچی هەر دەڵێم و تێ ناگەم**
**هەر جوست و جۆمە . کەچی هەر دەڕۆم و پێ ناگەم**
**چاوم ڕواو و گۆشەیی ئەو ئەبروەم نەدی**
**دڵ بوو بە بەحری علووم و لە ئەلف و بێ ناگەم[2]**

عەونی بەو ئاوازو دەربڕینەی مەحوی زۆر کارتێکراو بووە و ئیقتیدای پێکردووە و دەڵێت:-

---

[1] ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاریی لەشیعری کلاسیکی کوردی ، ل١٧٦ .

[2] مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی ، دیوانی مەحوی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدەلکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم ، چ٣ ، انتشارات کوردستان ( سنه ) ، ١٣٨٧، ل٣٨٨ .

**هەر دەڕۆین و پێناگەین**

**هەردەڵێین و تێ ناگەیـن**

**شێوەی ئەم گفتوگـۆیــە**

**لاوی کورد رەنــجەڕۆیــە**

**نەلەیەك دەگـەیـــــــن**

**نەبەیەك دەگــــەیــــــن**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٦.

ئیقتیدا کردنەکە لە وشەکانی (گفتوگۆ . تێ ناگەین . پێناگەین . نەلەیـەك دەگـەین) خـۆی دەبینێتەوە.

## سێ یەم: واتاناسی:-

واتاناسـی بەشـێکە لەسـێ بەشەسـەرەکییەکەی زانسـتی رەوانبێـژی . ئـەم زانسـتە لـە پێوەندی وشە و رستە دەکۆڵێتـەوە . بەتایبـەتی چۆنیەتی چنینی ڕەگـەزەکان و پێوەنـدی بـەمانای دروسـت و خـوازەیی وشـەکانەوە هەیـە و جـۆرو شـێوەی پێکهـاتن و بـەکار هێنانـە جیاجیاکانیـان دەسـت نیشـان دەکـات . مەبەسـتەکانی قسـەکەر ڕوون دەکاتـەوە . واتاناسـی مەیدانێکی فراوانی هەیە . بۆیە ئێمـە هەنـدێ لـە بابەتـەکانی بەنموونـەی شـیعری عـەونی نیشان دەدەین . (قسە بەگشتی دوو شێوازی دەربڕینی هەیە:-

أ- خەبەر: ئەوەیە کەخودی قسەکە ڕاستی یان چەوتی هەڵدەگرێ.

ب- ئینشائی: ئەوەیە قسەکە ڕاستی . یان چەوتی هەڵناگرێ)[1].

**أ- خەبـەری:** لـە بنەڕتـدا بۆگەیانـدنی زانیاریـەك دەگوترێـت . کـە ڕاسـتی و چـەوتی هەڵدەگرێت . وەکو عەونی دەڵێت:-

**خوماری چاو خومارێکم هەزاران وا خومارێتی**

**ئەسیری زوڵفی یارێکم هەموو عالەم شـــکارێتی**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٦٢.

---

[1] عەزیزگەردی ، رەوانبێژی ، ل١٥٨ .

لەم شیعرەدا عەونی باسی گرفتاری و خۆشەویستیی خۆی دەكات بۆ یارەكەی و دەڵێت: سەرخۆشی چاو مەستێكم هەزاران بۆی سەرخۆشن . دیلی زوڵفی یارێكم هەموو دنیا هەوڵی ڕاوكردنی دەدات. ئەم جۆرە خەبەرە بۆ كەسێكە هیچ لە بارەیەوە نەزانێ . خەبەرەكە بێ جەختەو لە رەوانبێژیدا پێی دەڵێن (خەبەری ساكار).

من بەلێنم داوە تاماوم بەسەر بەرزی بژیـــــم

گەر سەرم بڕوا لەڕێ دا قەت لە ژێر پێ ناكەوم

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٨٩.

شاعیر لەم دێڕەدا یەك وشەی جەختی هێناوەتەوە . ئەویش وشەی (قەت)ە . بۆ ئەوەیە كە دوو دڵی نەهێڵێ و جەخت و پێداگیری دەكات لە سەر ئەو بەڵێنەی كە داویەتی هەتا ماوە بە سەر بەرزی بژی . ئەو خەبەرانەی یەك جەختی تێدابێت (خەبەری داواكاری)ن.

بەیەزدان و بە زەردەشت

بەو فریشتانەی بەهەشت

ئەگەر ئەوی بەراســـتی

ڕزگار دەبم لە پەســـــتی

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٥- ٨٦.

عەونی بۆ ئەو خەبەرەی كە دەڵێ: (ڕزگار دەبم لە پەستی) سێ سوێندی خواردووە بۆ جەخت كردنەوە . لە هەموو شیان گەورەتر سوێند خواردنە بەیەزدان . بۆ ئەوەی هیچ جۆرە نكوڵیەك نەهێڵێ . ئەم جۆرە جەخت كردنەوەیەش زۆر بەهێزە . بۆ كەسانێكە كە نكوڵی بكەن لە خەبەرەكەو یارمەتی باوەڕپێكردنی دەدەن . بەم جۆرەش دەڵێن (خەبەری نكوڵی).

**ب – ئینشائی:**ئەمە(ڕاستی و چەوتی هەڵناگرێت و دەكرێت بە دوو جۆر: داخوازی و ناداخوازی)[1].

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو . .. ل١٧٢ .

**١- داخوازی:-** ئەمەش چەند جۆرێك دەگرێتەوە:-

**أ – فەرمان (أمر):-**

**گـوێ گرە چیت بۆ دەبێژێ ئەی بـــرا**

**دەستی یەك بگرین هەموومان وەك برا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٤٨.

وشەی (گرە . واتە: بگرە) فرمانی داخوازییە.

**ب – پرسیار (استفهام):-**

**کام گوڵ . کام خونچە . کام وەرزی بـــــەهار**

**شینـــی نــەگـێـڕا هـوزاری هــــــەژار؟**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩١.

وشەی (کام) سێ جار دووبارەی کردۆتەوە بۆ پرسیارکردن.

**ج – نەرێ (نفی):-**

**بەم گوتە بڕوا مەکە حەق ژێر کەوێ**

**هەر درۆیە ! نابێ ناحەق سەرکــەوێ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٤٤.

وشەکانی (مەکە . نابێ) هەردووکیان نەرێن.

**٢- ناداخوازی:-**ئەمەش چەند جۆرێکە:

**أ- سەرسوڕمان (تعجب):-**

**ئای لەدڵداری دەردی گرانە**

**تایبەت بۆمن کەبێ دەرمانە !**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٧٣.

سەرسورمانەکە لە وەدایە کە دڵداری تەنها بۆ ئەو دەرمانی نییە.

**ب – بانگ کردن:-**

**وەرە ئەی بولبوولەکەی دەنگ خۆشـــم**

**مژدەبێ لێت کە منیش دڵ خـۆشـــم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٨٣.

وشەی (وەرە) بۆ بانگ کردن بەکاردێت.

**ج – خۆزگە (التمنی والترجی):-**

**بەپێچەوانـەی هـــیواو ئـــــارەزوو**

**خۆزیا سەد خۆزی بە دەوری پێشوو**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٢٥.

لە پێوەندی نێوان وشە و مانای رستەدا لە واتاناسی چەند جۆرێك لە رستە دەردەکەوێت:

**أ – یەکسانی:-** ئەوەیە کە وشە و مانا وەك یەك بن . وەکو:-

**بەجێ بێنە پێویســتی**

**لەلای خوا خۆشەویستی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل ٢٣٤.

**ب – کورت بڕی:-**مانای زۆر بەکەمترین وشە و مەبەست بدات بە دەستەوە . وەکو:

**لە رەنجی دەست و شانت**

**بـــخـۆ لە نان و خوانت**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٣٣.

**- تایبەتی:-**

هونەرێکی تری واتاناسی یە سیفەتێك یان شتێك جا راستەقینە بێ یاخود دانە پاڵ بـێ تەرخان بکرێت بۆ تەرخان کراوەکە. وەك:-

**خزمە گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆر بێ چارەیە**

**من گرینم نەك لە بۆ خۆم . بەڵكو بۆ كوردان دەكەم**

**یوانی عەونی . چ٢ . ل٦٦.**

عەونی گریانی بۆ خۆی نییە . بەس بۆ كوردانە . وشەی (بەڵكو) تایبەتییەكی داوە بە كوردان.

لە كۆتایی ئەم بابەتەدا بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم كەوا عەونی زۆر بایەخی بەزانستی رەوانبێژی داوە بەگشتی و شارەزایی باشی هەبووە . پشت ئەستوور بووە بەو بیرو ڕۆشنبیریەی هەیبووە . پاش خوێندنەوەی شیعرەكانی ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە عەونی شتی باشی بەدەست هێناوە و داهێنانی تێدا كردووە و زیادەی خۆی خستۆتە سەر لە هەرسێ بواری (روونبێژی . جوانكاری و واتاناسی) دا.

## - سەروا- (قافیە)ی شیعری..

مێژووی سەروا پێوەندیەكی توند و پتەوی لەگەڵ شیعردا هەیە و ئەركی مۆسیقا و ئیستاتیكی تێدا دەبینێ . سەروا وەك كێش بنەڕەتێكە لە بنەڕەتەكانی شیعر . بەڵام كەسەیر دەكەین لە چاو كێشدا شتێكی وای لەسەر نەنووسراوە . راستە كێش بە پلەی یەكەم و سەروا بەپلەی دووەم لەپێناسە تەقلیدیەكاندا بەمەرجی شیعر دانراون . بەڵام سەروا لە ڕووی مێژووییەوە لەلای زۆربەی نەتەوەكان بایەخی كۆنترە لەكێش بۆ گەلاڵەكردنی بنەماكانی شیعر . سەروا یەكێكە لە پێویستیە سەرەكیەكانی شیعری كلاسیك و بوونی لە هەر شیعرێكدا . چەندین پێناسەی جۆرا و جۆری بۆكراوە . لەوانە: (قافیە بریتیە لە دوا تیپی دێرەوە تا یەكەم تیپی وەستاوی پێش خۆی و تیپی پێش ئەویش . واتە سەرجەمی تیپە بزواوەكانی نێوان دووپیتی وەستاوی كۆتایی دێڕو تیپی تیپی وەستاوی یەكەمیش)[1].

---

[1] عەزیز عەبدوڵلاّ ئەحمەد گەردی ، سەروا لێكۆڵینەوەیەكی شیكاریی بەراوردە لە شیعری كوردیدا ، نامەی دكتۆرا لەئەدەبی كوردیدا ، كۆلێجی ئاداب ، زانكۆی سەلاّحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل٢٢ .

لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەكەوێت كە لەسەر بنچینەی تیپ نەك دەنگ لەسـەروا دوواوە . لەكۆنـدا عەرەبـەكان بـە پیـت و حەرەكـە وەسـفی سـەروایان كـردووە . لـە نوێـدا (تـازە) بەلێكدانـەوەی دەنگسازی سـەروا روون دەكەنـەوە لەسـەر پێوەنـدی نێـوان دێرەكـان یـاخود پارچـەكانی هـۆنراوە . (سـەروا تیپـی ڕەوییـە . چـونكە ئـەو تیپـە یـە كـەهۆنراوەی پـێ دەناسرێتەوە)[1].

ئەم پێناسەیە سەروا چڕ دەكاتەوە لەدوا پییتدا . وەكو دەڵێت سـەروای ئـەم هۆنـراوەیـە دالیە (د) یان قەسـیدەی (مـیم) یەكـەی نـالی... . لەپێناسـەیەكی تـردا واهـاتووە كـە (سـەروا بریتیـە لـەو دەنگـە یـا كۆمەڵـە دەنگـەی " كـە هەنـدێ جـار بەبڕگـەو لای هەنـدێ بـەتیپ ئامـاژەی بـۆكراوە " لـەكۆتایی وشـە سـەرواداركان دووبـارە دەبنـەوە . ئەمەیـە تایبـەتی لەكۆتایی لەت یا دێڕە شیعر و هەندێ جار لەناوەوەش دێ . هەروەكو دەشێ لە پەخشانیشدا هـەبێ . بەتایبـەتی لـەكۆتایی فاسـیلەكان . بەمـەرجێ وشـەكان بـە هـەمان مانـا لـەكۆتایی دووبارە نەبووبنەوە)[2].

كەواتـە سـەروا دەنگێكـە یـا كۆمەڵـە دەنگێكـە یـا بەبڕگـە . پیـت ئامـاژەی بـۆ كـراوە و لەكۆتایی وشەدا دووبارە دەبنەوە لە شیعر یان لە فاسیلەكانی پەخشـاندا كـەنابێت وشـەكان بەیەك مانا هاتبن. سەروا لە شیعری كوردیدا فرەڕەنگ و جۆراو جۆرە . پێوەنـدی پتـەو و ڕاسـتەو خۆشـی لەگـەڵ پیتـەكانی بـزوێن و نـەبزوێن هەیـە لـەو شـانەی سـەروای دێـڕە شیعرەكە پێك دەهێنن.

عـەونی لـە شـیعرەكانیدا زۆربـەی هـەرە زۆری هونـەرەكانی شـیعری بـەكار هێنـاوە . لـە سـەروادا ئـەلف و بێـی كـوردی و عـەرەبی بەچـەندین شـێوە بـەكارهێناوە . پـاش سەرواشـی هەیـەو هـەموو وشـەكانی كـوردین . لـە شـیعری نوێـدا زۆربـەی شـیعرەكانی سـەروایان مەسـنەوین و سـەروای ڕەنگـاو ڕەنگیشـی هەیـە . بـەپێی شـیعرەكانی نـاو دیـوانی عـەونی سەرواكان دەست نیشان دەكەین.

---

[1] رجاء عبد ( د . ) ، الشعر والنغم ، دارالثقافة للطباعة و النشر ، القاهرة ، ١٩٧٥ ، ل٢٨٤ .

[2] عەزیز گەردی ، سەروا لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری بەراوردە لە شیعری كوردیدا ، ل٢٤ .

**١- سەرووای غەزەل:**

غەزەل هونەرێکە لە هونەرەکانی شیعر . وەکو قەسیدە سەرواکەی یەکگرتووە . غەزەل مەرجی ئەوەی هەیە . کەوا دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەکانی تر دەبێت یەك سەروایان هەبێت. بۆ نموونە:

**ئاشنایەکەم هەبێ لەم عالەمە تەنیا غەمە**
**ماڵی ئاوابێ وەفا داری وەها ئەمڕۆ کەمە**
**هەمدەمی ڕۆژ و شەوانم هەر ئەوە و هەر ئەو دەبێ**
**ئەو نەبێ من بێ کەسم قوربانی بێ هەرچی هەمە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٩٣.

وشەکانی سەروا لەم غەزەلەدا (**غەمە . کەمە . هەمە**) . سەرووای دێڕی یەکەم (موسەڕڕەع) ەو سەرووای نیوە دێڕەکانی تر بەهەمان سەرووای دێڕی یەکەم هاتوون کە ئەمانەن:(مەحرەمە . ماتەمە . ئەستەمە . هەمە . جێگەمە . ئادەمە . کەمە) . ئەو دەنگانەی سەرواکەیان دروست کردووە (ە مە)یە . پیتی (م) ڕەوییە و (ە) پاش ڕەوییە.

زۆرجار شاعیر بۆخۆشی دەربڕین و ڕازاندنەوەی شیعرەکە لەگەڵ سەروا وشە یەك یان زیاتر دوو بارە دەکاتەوە و بەشداری دەکاو پێی دەگوترێت پاش سەروا..
وەکو:-

**نەخۆشی چاوەکانت هاتە چاوم دەردو ژانی گرت**
**لە چاوی تۆ بەدووربێ چاوەکانی من کەتانی گرت**
**لەژێر باری خەمت قەدی چەمیوی من تەماشاکە**
**گوناهی چاوتە تیری موژەت گۆشەی کەوانی گرت**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٥١.

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروایان دروست کردووە بریتین لە:(ژانی . کەتانی . کەوانی) . ئەو دەنگانەی کە سەرواکەیان پێکهێناوە: (انی) یەو وشەکانی (گرت) پاش سەروان . (ن)

ڕەوییە و (ی)پاش ڕەوییە و (ا) پێش ڕوییە . لە هەموو دێڕەکانی تری شیعرەکەدا بەم شێوەیە. نموونەی تری زۆرن . بەڵام درێژەپێدانی بەپێویست نازانین...

## ٢- سەرواى پارچە (قطعة):-

پارچە قالبێکی تری شیعرە و سەرواى یەکگرتووی هەیە . نابێ ژمارەی دێڕەکانی لە دوو دێڕ کەمتر بێت و لە (١٢) دێڕ زیاتر بێت . ئەگەر لە دوانزە دێڕ کەمتربێت زۆرباشترە . پارچە بەوە لە غەزەل جیا دەکرێتەوە کە سەرواى دێڕی یەکەمی پارچە جیاوازە و (موسەڕڕەع) نییە . واتە جیاوازی پارچە و غەزەل لە سەرواى یەکەم دێڕ دایە . بۆ نموونە:-

**بەهیوای هاتنت شەو تا بـــەیانیٲ**
**بەچاوی مەستی تۆ چاوم لە ڕێ یە ب**

**چی یە جارێ گوزەر فەرمووی بەلامان ھ**
**نیشانەی گەورەیی و کاری بەجێ یە ب**

**سەبا ئیمشۆکە مژدەی خۆشی هێناز**
**گوتی: ئامادەبە دولبەر لەڕێ یە ب**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٥٤**

سەرواى ئەم پارچەیە لە دێڕی یەکەمدا نیوە دێڕی یەکەم سەرواکەی جیاوازە لە سەرواى نیوەدێڕ دووەم و هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییە . بەڵام سەرواى نیوە دێڕی دووەمی دێڕی دووەم و سێ یەم . وەکو سەرواى نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەمە . بەم شێوەیە تا کۆتایی دەڕوات.

## ٣- سەرواى مەسنەوى يان موزدەوەج (couplet):

ئەم جۆرە سەرواى زياتر بۆ شيعرى درێژ بەكاردێت... . لەجووت سەروا (مثنوى)دا هەر دوو نيوە بەيتى شيعرەكە خاوەنى سەرواى تايبەتيى خۆيانن هيچ لە بەيتەكان سەروايان وەكو يەك نيە و بەڵكو لە يەكترى جياوازن . بۆ نموونە:-

**ڕۆژێك دانيشتبووم تـەنـيا**

**سەرم پڕ بوو لــە مـاخوليا**

**لەپڕ برا دەرێك هـاتــە لام**

**دانيشت و لێ ى كردم سەلام**

ديوانى عەونى . چ٢ . ل١٣٧.

سەرواى بەيتى يەكەم لە وشەكانى (تەنيا . خوليا) يەو دەنگەكانى سەرواش (ى . ا) يەو دەنگى (ا) ڕەوييە . لە بەيتى دووەم وشەى سەروا (لام . سەلام) سەرواى رەگەزدۆزيشى پێ دەڵێن . دەنگەكانى (ا . م) ەو (م) رەوييە. بەم شێوەيە تا كۆتايى شيعرەكە سەرواكان لەيەك جياوازن

(مەسنەوين). مەتەڵ و چيرۆكە شيعرييەكانى عەونى هەموويان سەرواكانيان مەسنەوين. بۆ نموونە لە شيعرێكى تردا دەڵێت:-

**پيرێك دەڕۆيشت لە ڕێگـــوزارێ**

**بەرەنگارى بوون چەند هەرزەكارێ**

وشەكانى سەروا (ڕێگوزارێ . هەرزەكارێ)ن . دەنگەكانى سەروا (ار)ەو (ر)ڕەوييە . (ێ) پاش ڕەوييە. لەدێرى نۆيەم دا دەڵێت:-

**ڕۆڵە ئەگــەر تۆش نەمرى بەلاوى**

**رۆژێك دێت وەك من دەكەونە داوى**

وشەكانى سەروا (لاوى . داوى) يە . دەنگەكانى سەروا (او)ە . (و) ڕەوييە . (ى) پاش رەوييە. لە كۆتايدا دەڵێت:-

**ئـەمـە سـەر مـايـەی ديـن و دنـيايە !!**

**جیٚ ی ڕەزامەندی خەڵك و خودايـە!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٢٣- ٣٢٤.

وشەکانی سەروا (دنیایە . خودایە) . دەنگەکانی سەروا (ایە)یە و (ا) رەوییە و (یە) پاش ڕەوییە.

## ٤- سەروا لە پێنج خشتەکی دا:-

پێنج خشتەکی هونەرێکی بـەربلاٚوی شـیعری کوردییـە . لەچـەند بەنـدێك پێـك دێـت هـەر بەندێك لەپێنج نیوە دێڕ پێك دێت . شاعیرێك شیعری شاعیرێکی تری بەدڵ دەبیٚ و لەگەڵ شیعرێکی خۆی تێکەڵی دەکات بـەم شـێوەیە: دێـڕی یەکـەمی شـاعیرەکە وەردەگرێـت و سـیٚ نیوە دێری خۆی لەپێش دادەنێت لـە سـەر هـەمان کـێش و سـەروا . سـەرواکە بـەم شـێوەیە دەبێت:

**ئەگەر بیٚ پەرچەمی ئاڵۆز و شێواوت لەڕوو لاچیٚ** A

**خەم و دەردو پەژارەم دوور نییە بڕوا لەگەڵ باچــیٚ** A

**دەزانی خۆشەویستیت بۆ لە دڵ چەسپاوە دەرناچـــیٚ** A

**بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچـیٚ** A

**بەپیریش لەزەتی ئەو ماچەشیرینەم لەبیر ناچیٚ** A

وشەکانی سەروا لەسیٚ نیوە دێڕی یەکەمدا کەهی " عـەونی "ن ئەمانـەن: (لاچیٚ . باچیٚ . دەرناچیٚ) . لەدوو نیوە دێڕەکەی چوارەم و پێنجەمدا کەهی" هێمن " ی شاعیرە ئەمانـەن: (ماچیٚ . ناچیٚ) . ئـەوەی لـەم پێـنج خشـتەکییە تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە . کـە پێـنج خشتەکیی یەکەم هـەموویان یـەك سـەروایان هەیـە . بـەلاٚم لـەپێنج خشـتەکییەکانی دووای ئەمە سەرواکانیان بەم شێوەیەیە:

**ئەوەندەی شین و زاریم کرد نەبوو دڵسۆزیٚ لەو شـــارەی** B

**کە رزگارم بکا ڕۆژیٚ لە دەست ئەم ئێـــش و ئـــــازارەی** B

**گوتی پێم ئاشنایەك ڕۆژی ئەووەل تۆ سیا چــــــارەی** B

**بەسەد دکتۆر و دەرمان و پەرستار ناکریٚ چارەی** B

**کەسیٚ تیری مژۆی ئەم کچە کوردەی لەدڵ ڕاچــیٚ** A

دیوانی عەونی،چ٢،ل٣٧٥.

سێ نیوە دێڕی یەکەم وشەکانی سەروا (شارەی . ئازارەی . چارەی) هی عەونی یە لەگەڵ نیـوە دێـڕی چـوارەمی " هـێمن "ی شـاعیر یـەکن لەسـەروادا کـە وشـەی (چـارەی) یـە . دەنگەکانی سەروایان دروست کردووە (ارەی)ە لە هەرچوار نیوە دێردا . تـەنها نیـوە دێـڕی پێنجـەم نـەبێ سـەرواکەی وەکـو پێـنج خشـتەکی یەکـەم وەك یـەکن. کـە واتـە ئەوشـیعرەی کەدەکرێتە پێنج خشتەکیی غەزەل یان قەسیدەیە.

## ٥- سەروا لە پێنجیندا (موخەممەس):

پێنجین لەچەند بەندێك پێك دێت و هەربەندێك لە پێنج نیوە دێـڕ پێکهاتووە و یـەك شاعیر دەینووسێت . سەروای هەرچوار نیوە دێـڕی کۆپلـەکان لـە یـەکتری جیـاوازن . بـەڵام نیوە دێڕی پێنجەم هەموو کۆپلەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە . بۆ نموونە:-

بەقەد شمشادی بۆستانە بە ڕوو باغ و گوڵسـتـانـە C
بەلێو کەوسەر . بەچاو ساقی . بە وێنە حووروغیلمانە C
لەسەر کێوی دڵم دایم وەکو مووسایی عـیـمـرانـە C
بەشوعلەی شەمعی ڕوخساری هەموو دنیا چرا خـانـە C
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خـووبـانـە C

لـەم کۆپلەیـەدا سـەرواکان وەکـو یـەکن . چـونکە کۆپلـەی یەکەمـە . بـەڵام گۆڕانکـاری و جیاوازیەکە لەکۆپلەکانی تردا بەدیار دەکەوێت.

لەنێو خوبانی عالەم تاکە ئەم شۆخە بەبێ باکـی D
بەحوسنی سەرکەش و مەغرووڕە مەشهورە بەسەفاکی D
دڵە گەر تۆ نەترساوی چییە وا مات و غەمناکـی D
لەمەیدانی مەلاحەت شاسوارێکە بەچالاکـی D
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانـە C

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٣٩.

لـەم کۆپڵەیـەدا سـەروای چـوار نیـوە دێڕیـان وەکـو یەکـە و تـەنها نیـوەدێڕی پێنجـەم سەرواکەی وەکو کۆپلـەی یەکەمـە ئـەم سـەر وایـە تاکۆتـایی شـیعرەکە وابـەردەوام دەبێـت و

هەموو کۆپلەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (پێنج خشتەکی بەشێوە وەکو پێنجین وایە . بەڵامهی ئەویان لەبەرهەمی دووشاعیرە وپێنجین بەرهەمی شاعیرێکە)[1].

## ٦- سەروای چوارین:

چوارینقالبێکی تری شیعرییە و لەچوار نیوە دێر پێکهاتووە . واتای سەربەخۆی خۆی هەیە و لە ڕووی سەرواوە ئەگەر هەموو سەرواکان وەکو یەك بوون ئەوە چوارینی تەواوە . بەڵام ئەگەر نیوە دێڕی سێ یەم یان چوارەم سەروایان جیاواز بوو ئەوا چوارینی ناتەواوی پێدەڵێین . لە شیعری کوردیدا زۆربەی چوارینە ناتەواوەکان نیوە دێڕی سێ یەم سەروایان جیاوازە . بۆ نموونە:-

بەناوی ئینتیخابی حوڕ لە میللەت A
هەڵئەبژێرن لە بۆ مەجلیسی ئومەت A
هەزار مەجلیسی واخاڵی لە قیمەت A
بەلەعنەت بێ بەلەعنەت بێ بەلەعنەت A

دیوانی عەونی . چ٢،ل٣٩٣.

ئەم چوارینەیە سەرواکانیان وەکو یەکن . بۆیە چوارینی تەواوی پێ دەڵێین.

گوتم چاوت شەڕ ئەفرۆشێ گوتی دلگیرمەبە مەستە B
گوتم غەمزەت لەسینەم کارگەربوو پێی گوتم بەستە B
گوتم تیری نگاه وتیخی ئەبرۆ و چاوی فەتانت C
گوتی بڕوا مەکە ئەفسانەیە ئەم جۆرە هەڵبەستە B

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٩٢.

ئەم چوارینەیە تەنها سەروای نیوەدێڕی سێ یەم جیاوازە لە نیوە دێڕەکانی تر . بۆیە پێی دەگووترێت چوارینی ناتەواو.

[1] – مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢ ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل١٨٩ .

**٧- سەرواى چوار خشتەكى:-**

هونەرێكى شيعر نووسينە . كە پارچە شيعرێكى درێژە بەسەر چەند كۆپلەيێكى چوار نيوە دێڕى دابەش بووە . هەموو كۆپلەكان بەسەر يەكەوە واتاى گشتى شيعرە كە تەواو دەكەن . واتە لەڕووى واتاوە سەربەخۆ نييە . لەڕووى سەرواشەوە نيوە دێڕى كۆتايى هەموو كۆپلەكان لەگەڵ سەرواى كۆپلەى يەكەم دا وەكو يەك دەبن. ئەم وەك يەكيەش لەسەروادا سەرەڕاى بەيەك بەستنەوەى هەموو شيعرەكە بەيەكەوە . ڕيتم و مۆسيقايەكى چێژ بەخش بە شيعرەكە دەبەخشێت . بۆ نموونە:-

**لاو: ئەى مامە چەند ئيختيارىأ**
**تـــۆ خـــەڵـكـى كامە ديارى ؟أ**
**بۆچى دەكەى شـــيـــن و زارى ؟أ**
**بـــە چ دەردێـــك گـــرفـتـــارى ؟أ**

ئەمە كۆپلەى يەكەمى چوارخشتەكييەكەيە كە سەرواكەى هەموو نيوە دێرەكان وەكو يەكن . بەلاَم لە كۆپلەى دووەم تاكو كۆپلەى كۆتايى تەنها نيوە دێرى كۆتايى سەرواى وەكو سەرواى كۆپلەى يەكەم وايە . ئەوانى تر هەموويان جياوازن بەم شێوەيە:

**پير: ڕۆڵە من كوردى عێراقـم** ب
**كەم سەبر پڕ ئيشـتـيـاقـم** ب
**قەومێكى خاوەن نيـــفـــاقـم !!** ب
**بێ ئابڕوو بووم بەيەكـجارى !** أ

ديوانى عەونى . چ٢ . ل٧٩.

**٨- سەرواى تێهەڵكێش:-**

تێهەڵكێش هونەرێكى ترى شيعرييە و شاعير نيوە دێرى شيعرى شاعيرێكى تر ياخود ئايەتێك يان فەرموودەيەك يا پەندێكى پێشينان تێهەڵكێشى شيعرەكەى خۆى دەكات . نموونەى ئەم قالبە شيعرييە لە ئەدەبى كورديدا زۆرە لەوانە: عەونى شيعرێكى حافزى شيرازى تێهەڵكێشى شيعرێكى خۆى كردووە . سەرواى شيعرەكەى حافز (مەسنەوى)يەو بەدووزمان نووسراوە . زمانى (عەرەبى و فارسى) . عەونى بۆ هەر نيوە دێرێك نيوە دێرێكى لەپێش داناوە بەزمانى كوردى و غەزەلێكى لێ دروست كردووە . دێڕى

یەکـەمی(موسـەڕڕەع)ە . هـەموو نیـوە دێڕەکـانی دووەم بەهـەمان سـەرواى دێـڕی یەکـەم هاتوون لە کۆتاییدا ئاماژەی بە ناوی حافز کردووە و نازنـاوی خۆشـی تۆمـارکردووە . وەکـو هەموو شیعرەکانی تری سەرواکەی بەم شێوەیە:-

بەخوێنی دڵ کەنووسیم بۆ لای نیگارم نامە

(إنی رأیت دهراً . هجرك القیامة)

هەرچەند سەرو بنم کرد،هیچ فائیدەی نەبەخشی

(من جرب المجرب . حلت به الندامة)

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٨٥.

وشەکانی سەروا (نامە . القیامة . الندامة) . دەنگەکانی سەروا (امە) یەو (م) ڕەوییە (ە) پاش ڕەوییە . وشەی سەرواى دێڕەکانی تـر ئەمانـەن:(العلامـة . الندامـة . خامـة . ملامـة . الغمامة . الکرامة)ن.

**٩- سەرواى تاك (مفرد):-**

تاك یەك دێرە شیعری سەر بەخۆیە و مانای تەواو دەدات بەدەستەوە . (تاك ئەوەیە کە هۆنەر هەندێ جار هەندە بیرێکی بۆ پەیدا ئەبێ و ئەیخاتە نـاو هۆنراوەیـەکی تـەنها و ئـەم هۆنـراوە ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نییە . خۆی بۆ خۆی سەربەخۆیە)[1].

سەرواى تاك دووجۆرە:-

[1] – عەلائەددین سجادی ، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی معارف ، بغداد ، ١٩٦٧ ، ل١٧١ .

**١- سەرواى هەردوو نیوە دێڕەکە وەکو یەکن.**

بۆ نموونە عەونی دەڵێت:-

**کەس نییە لە جیهان کە دڵگیر نەبێ**

**مەگەر ئەو کەسەی شێت بێ ژیر نەبێ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٥٥.

وشەکانی سەروا (دڵگیر . ژیر) ە و دەنگەکانی سەروا (یر)ە . (نەبێ) پاش سەروایە و (ر)ڕەوییە.

**٢- سەرواى هەردوو نیوە دێڕەکە جیاوازن و وەکو یەك نین.**

**ئەگەر دولبەر بەچاوی مەستی خوێنا توانی من مەست کا**

**بەڵێن بێ تاکو ماوم هۆگری وێسکی و شەڕاب نابم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٥٧.

سەرواى ئەم تاکە شیعرە هیچ پێوەندی لە نێوانیاندا نیە . واتە لەیەك جودان. کەواتە تاك لە ڕووی سەرواوە لە یەك جیاوازن.

## ١٠- سەرواى ڕەنگاو ڕەنگ:-

زۆرجار وادەبێت شاعیر لە هۆنینەوەی هۆنراوەیەکدا زیاتر لە سەروایەك یاخود زۆرتر لە دوو سەروا بۆ هۆنراوەکەی دادەنێت بەبێ زۆر لە خۆکردن بۆ سەروا بە گوێرەی هۆنراوەکەیسەروا بەکار دەهێنێت . بەمەش سەرواى ڕەنگاو ڕەنگ دروست دەبێ. بۆ نموونە عەونی لە شیعرێکدا بەناو نیشانی (نامرێ ئەو گەلەی) سێ جۆرە سەرواى بەکارهێناوە . بۆهەر چوار دێرێك لە شیعرەکەی سەروایەکی جیاوازی داناوە و یەکێ لە سەرواکانی بۆ چواردێڕی تر دووبارە کردۆتەوە و دەڵێت:-

**گەلێك کەڕۆڵـەی لـــە کۆڕی شـەڕا**

**هەنگاو هـەڵـێـنێ بەسەر سەنگەرا**

**چاوی نـــەتـرسێ لە تۆپی دوژمــن**

**مل بماڵـــێنێ بەدەم خـەنـجــەرا**

**بۆ سەربەخۆیی بە خوێـــنی ئـاڵی**

**قەڵایێ هەڵنێ لە کەللــە ســــەرا**

**نامرێ ئەو گەلە هەر زیندوو دەبێ**

**سەر فراز دەژی لە ڕووی مەحشەرا**

وشـەکانی سـەروای ئـەم چـوار دێـڕە شـیعرەی سـەرەوە ئەمانـەن: (شـەڕا . سـەنگەرا . خەنجەرا . سەرا . مەحشەرا) . دەنگەکانی سەروایان دروست کردووە (ە ر ا)یە . (ر) ڕەوییە و (ا) پاش ڕەوییە لە چوار دێڕەکەی تردا سەرواکەی گۆڕیووە و بەم شێوەیەیە:

**گەلێك کەمێژووی بەخوێن نووسرابێ**

**لــە تـێکۆشـان دا کۆڵـی نـەدابـێ**

**بـۆ وەرگـرتـنـی کـەمـتـریـن مـافی**

**خـوێـنـی هــەزاران ڕۆڵـەی ڕژابــێ**

وشەکانی سەروای ئەم دوو دێڕە (نووسرابێ . نـەدابێ . ڕژابـێ) یـە و (ا) ڕەوییـەو (بـێ) پاش ڕەوییە . دەنگەکانی سەروای دوو دێڕەکەی تر بەهەمان شێوەن . چوار دێڕەکەی دواتر لەلاپەرە (٦١)دا گەڕاوەتەوە سەر دەنگی(ر) و کردوویەتی بەڕەوی . بـەڵام چـوار دێـڕی دوای ئەو لـە هـەمان لاپـەڕەدا (ان)ە دەنگی سـەروایە . (ن) ڕەوییـە . (بـێ) پـاش ڕەوی یـە . بـەم شێوەیە:

**گەلێك هەمیشە لە تـێکـۆشان بێ**

**دروشمی مەرگ یان کوردستان بێ**

**گـڕی شـۆرشی نـاکــوژێـتـەوە !!**

**هێرشی دوژمن ئەگەر تـۆفـان بێ**

سەرواى دوو دێڕەکەى تریش بەهەمان شێوەیە. لەچوار دێڕى کۆتاییدا دیسان سەرواى شیعرەکەى گۆڕیووە و کردوویەتى بەپیتى (وو) بەم شێوەیە:

**ئەمجا دەست و برد . بێ وەستان و زوو**

**سـنـوور دەشکێـنـن بـەهـێزى بــازوو**

**لەناو چوار چێوەى ئەم کـوردسـتــانــە**

**یـــەکێـتـیـیـەکى وا دەهـــێــنـیـنـە ڕوو**

دیوانى عەونى،چ٢ . ل٦٠ — ٦٢.

دوو دێڕەکەى تـریش هـەمان سـەروایان هەیـە. کەواتـە شاعیر لـەم شیعرەدا سێ جۆرە سەرواى جیاوازى بەکار هێناوە لە پیتەکانى زمانى کوردى کە ئەمانەن: (ر . ا . وو)ە.

## - کەم و کورتییەکانى سەروا لە شیعرەکانى عەونى دا:

سـەروا وەکـو ڕەگـەزێکى هونـەرى زمـانى . هەنـدێ جار بـەهۆى ناشارەزایى یـان ناچار بوونى شاعیر بەجۆرێك لە جۆرەکان کەناتوانێ دەورى خۆى بگێڕێ . بەلکو زیان بـە تـرپـەو مۆسـیقاى ڕەوتـى شـیعرەکە دەگەیـەنێ و لەنگـەرى ئـاواز تێـك دەدات . بۆیـە شـاعیر دەبـێ وریایانە مامەڵە لەگەڵ سەروادا بکات و نەهێڵێ هیچ کەم و کورتییەکى تێدا دروست بێت . چونکە دەبێتە هۆى بێزار بوونى خوێنەر و بەهاى شیعریش کەم دەکاتەوە . ئەم جۆرە کەم و کورتیانە پێى دەڵێن (الایطاء) واتە (دووبارە کردنەوەى سەروایە بەهەمان روخسار و واتـا لە شیعردا)[1].

واتە دوو سەروا لە پارچە شیعرێکدا وەکو یەك وابن بەهـەمان شـێواز دووبـارە ببنـەوە . هەرچەندە لەدێڕى یەکەمدا تارادەیـەك ڕێگـا پێـدراوە . بـەڵام لـەدێڕەکانى تـردا بەخـەوش دادەنرێت . بۆیە ئەو خەوشانەش بەپێى جۆرى بەکارهێنانەکەى کاریگەریەکەى دەگۆڕێت . ئەگەر نێوانیانچەند زۆربێ . واتە (٧ . ٨) دێڕێـك بکەوێتـە نێـوان سـەروا دووبـارە کراوەکـە

[1] — عبد العزيز عتيق ، علم العروض والقافية ، دار النهضة العربية ، ١٩٧٤ ، ص١٦٦ .

ئەوە کاریگەریەکەی کەمتر دەبێت . بەڵام ئەگەر لەدووای دێڕێك یان دوو دێڕ دووبارە ببێتەوە ئەوا خەوشەکە گەورەتر و کاریگەر تر دەبێ . ئەم کەم و کورتیانەش دووجۆرن:

١- کەم و کورتیی زمانەوانی و فەرهەنگی.

٢- کەم و کورتیی دەنگ و ئاوازی سەروا.

عەونی لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا تووشی هەر دوو جۆری ئەم کەم و کورتیانە هاتووە . ئەمانەی خوارەوە نموونەی خەوشەکانن:-

**هەڵگرە ڕووبەندە و پێچەت بۆچی یە ؟**
**تۆ کەڕوو سوری پەچە بۆ ڕووی ڕەشە؟**

دێڕی دووەم

**من لەبێ دادی پەنا بۆ کوێ بەرم**
**ڕووم نییە لای کەس بڵێم چارەم ڕەشە**

دێڕی پێنجەم

وشەی سەروا لەم دوو دێڕەدا وشەی (ڕەشە) کە دووجار دووبارەکراوەتەوە بەهەمان شێوە و مانا بۆیە بەخەوش دا دەنرێت . هەر لەم شیعرەدا لەدێڕی شەشەم و حەفتەم دا هەمان خەوش لەوشەکانی سەروادا دووبارە بۆتەوە کە وشەی (بەشە)یە و دەڵێت:

**ئەم جیهانەی پڕ لە شادی و خۆشی یە**
**کوردی گەر لێ لا بەرێ کێ بێ بەشە**

دێڕی شەشەم

**کونجی بەندیخانە و سێدارەکان**
**هەر بەباڵای کورد بڕاوە ئەم بەشە**

دێڕی حەوتەم

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٥٣.

دووبارەکردنەوەی وشەی سەروا لەم شیعرەدا دەچێتە خانەی کەم و کورتیی زمانەوانی و فەرهەنگی یەوە . بۆیە دوو بارە کردنەوەی سەروا لە دوو دێڕی یەك لەدووای یەك یان نزیك لەیەك بەخەوش دانراوە بە بەڵگەی بێ دەسەڵاتیی شاعیر و زاڵ نەبوونی بەسەر فەرهەنگی زمانەکەیدا . بەڵام هەموو جار دوو بارەکردنەوەی وشەی سەروا نیشانەی بێ دەسەڵاتیی شاعیر نییە . بەڵکو شوێن هەیە دووبارەکردنەوەی دەوێ لەو کاتەدا شیعرەکە ناشکێنێ . بەڵکو بەهێز تری دەکات. نموونەی تر زۆرە ئەگەر درێژەی پێ بدەین.

عەونی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا تووشی کەم و کورتی لەدەنگ و ئاوازی سەروا بووە . وەکو ئەم دەنگانەی خوارەوە:-

أ- دەنگی (ا – ە) ئەمە جیاوازی لە بزوێن دایە واتە گۆرینی ڕەوی لە بزوێنی درێژبۆ بزوێنی کورت . واتە لە دێڕێکی هونراوەکە یان چەند دێڕێك ئەم گۆڕانکارییە دروستبێ ئەمە بە خەوشی دەنگ و ئاواز دادەنرێت . وەکو ئەم نموونانە:-

دڵی غـــەیرەیە ئیرادەی وەتەنمان زۆر هەوەس ناکا

لە بۆ ئێمە بەجێما مەزرەعە و مەرعا لە ئەم خاکە

لەبۆ ژینی بەسەر بەرزی هەمموومان هەروەها چاکە

لە پاش مەدح و سەنا بۆ کۆمەڵەی عالی وەها چاکە

بکەم بۆ عیززەت و ئیقبالیان تۆزێ دووعـا خوانی

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٥٧.

لەم نموونەیەدا عەونی دەنگی (ا) کە بزوێنی درێژە گۆڕیووە بۆ دەنگی (ە) کە بزوێنی کورتە . لێرەدا خەوشەکە زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێت لە وشەکانی سەروادا . کە (ناکا . خاکە)ن.

ب- (ر – ڕ) ئەم دوو دەنگە زۆر لە یەکترییەوە نزیکن . ئەگەر چی دوو دەنگی جیان و هەر یەکەیان دەورو بەهای فۆنیمایەتی خۆی هەیە وەکو دوو دەنگی لێك دوور . وەکو دەڵێت:-

**بەچە شێران . کوڕی کورد . زێدە بەڤین و قاڕن**

**توڕەنە . داخ لەدڵ و دوژمنی بەد ڕەفتـــــارن**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل ٨٨.

هەردوو دەنگی (ڕ) ی قەڵەو و (ر) ی لاواز یان سووك هـاتوون و كـراون بـە ڕەوی كـەم و كورتییەكەیان لەڕووی دەنگ و ئاوازدا دروست كردووە.

ج – دەنگی **(ل – ڵ)** ئەم دوو دەنگەش لەیەكەوە نزیكن و هەر یەكەیان فۆنیمێكی سەر بەخۆن . ئەوەی لەیەكیان جیا دەكاتەوە تەنها ئەم چوكڵەیە یە(٧) . لەوانەیە هەر ئەم لێك نزیكیەش بێت بۆتە هۆی ئەوەی شاعیران بەباشی لەیەكی جیانەكەنەوەو پێی تووشـی ئـەم خەوشەی سەروا هاتبن لە شیعرەكانیاندا و عەونیش یەكێك بووە لەوان.

**ڕەنگی گوڵ سوورە لەڕوو سووری كچێكی كورد دەكا**

**دوور لە میكیاج ئارەزووی چاوی بێ كل دەكـــــەم**

**داوی ئـــاڵۆزاوی زولفیم دیت لە دەوری خاڵی ڕوو**

**تــرس و لـەرزی زۆرمە لەم داودانە سڵ دەكـــــەم**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٨٨.

دەنگەكانی (ڵ) ی قەڵەو و (ل)ی سووك . هەردووكیان هاتوون و كراون بەڕەوی و كەم و كوڕیەكەیان تێدا بەر جەستە بووە.

د- **(لا – ڵا)** ئەمانـەش دوو دەنگـی تـرن كـە خەوشـیان دروسـت كـردووە لـە شـیعرەكانی عەونیدا:

**بیبەخشم بە كوڕی لاو**

**لەگەڵ جوانترین ســڵاو**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٩٩.

هەردوو دەنگی (لا) ی سووك و (ڵا)ی قورس هاتوون . لەڕووی سازگەوە لەیـەك نـزیكن . بەڵام بەخەوش دادەنرێت بەهۆی جیاوازیی نێوانیان . چونكە هەر یەكەیان سەربەخۆن.

**ه – (وو – و)** هەردوو دەنگی (وو) ی درێژو و (و) کورت زۆر جار شاعیر پێی تووشی کەم و کورِی دەبێت . چونکە هەردووکیان سازگەیان (لێو)ە . واتە یەك سازگەیان هەیە . وەکو ئەم نموونەیە:-

**فریشتەی جوانی . شۆخی پەری ڕوو**

**داد لە دڵداری وای لـەدەسـتـی تو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٧٣.

هەر دوو دەنگی (وو . و) کراون بـەڕەوی لـەم دێـڕە شـیعرەدا و کـەم و کورِیەکـەی تیـدا دەرکەوتووە.

**قژی کاڵی لە دەوری گوڵشـــەنی ڕوو**

**پەرێشان بوو وەکو سەربازی هیندوو**

**لــەباغـی سـینە شەو کـاتی بەیانــی**

**کە دەستم کەوتە سەر دوو دانە سنجو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٩٦.

لەم چوارینەیەشدا خەوشەکە بەڕوونی دیـارە کـە لـە نێـوان هـەردوو دەنگی (وو . و)ی ڕەوی شیعرەکەدایە . چوارینەکە لەبنەڕەتدا چوارینـەیەکی ناتـەواوە و سـەروای نیـوە دێـری سێیەمی جیاوازە.

**- کێشی شیعری:-**

لە کۆنەوە شاعیرانمان دووجۆرە کێشیان بـەکار هێنـاوە لەشـیعرەکانیاندا ئـەویش کێشـی خۆماڵی و کێشی عـەرووزی عەرەبییـە . بـەلاّم کێشـی خۆمـاڵی سـەبارەت بەشـیعری کـوردی کۆنترە و شاعیرانمان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام شیعرەکانیان لەسـەر کێشـی خۆمـاڵی بـووە . بەلاّم . دووای هاتنی ئاینی ئیسلام و بەموسـوڵمان بـوونی کـورد کێشـی عـەرووزی عـەرەبی هاتە ناو ئەدەبی کوردیەوە بەتایبەتی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد . (کێشـی عـەرووزی کە بێگومان جێگەی بەکێشی نەتەوەیی لەق کردووەو خۆی بەسەر شیعری گەلانی موسڵمان

دا سەپاندووە . لە سەیر کردنی ئەدەبی کۆنی فارسی و تورکی دا کە خودان کیانی خۆیان بوون ئەم ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێت)[1].

واتە دووای دامەزراندنی دوەڵەتی ئیسلامی کێشی عەرووزی دەستی لە کێشی نەتەوە موسڵمانەکان ستاندووە و خۆی سەپاندووە بەسەریاندا . بەلاّم مەرج نییە هەموو نەتەوەکان ڕاستەوخۆ کێشی عەرووزیان لە عەرەب وەرگرتبێ . (شیعری کوردی لە رێگەی شیعری فارسییەوە . نەك هەر کێشە عەرووزییەکانی وەرگرتووە . بەڵکو شێوەی بەکارهێنانی "زیحاف" و"عیللە"ی شیعری فارسیشی وەرگرتووە )[2].

کەواتە مەرج نییە کێشی عەرووزی شیعری کوردی وەکو عەرووزی عەرەبی بێت . (عەرووزی عەرەبی بەکوتومتی . لە شیعری کوردیدا ئەستەمە پیادە بکرێ)[3].

هەرچۆنێك بێت پێش ئەوەی کێشی خۆماڵی یان عەرووزی عەرەبی هەبێت شیعر هەر هەبووە . دووای پەیدابوونی ئەم زانستە ئینجا توانراوە شیعر بپێورێت و بخرێتە تەرازووی کێشەوە . کێشی عەرووزی عەرەبی چەندین پێناسەی بۆکراوە لەوانە:(عەرووز ئەو زانستەیە کە باسی دۆخی کێشەکانی تێدا دەکرێ)[4].

واتە عەرووز زانستەو تایبەتە بەکێشی شیعر و سنووری کێشەکان و دروستی و نادروستیی شیعر لەڕووی کێشەوە دیاری دەکات و زیحاف و عیللەکان دەردەخات . ئەم زانستە هەرچەندە هی عەرەبەو تەنانەت ناوەکەشی نەگۆردراوە لە ناو ئەدەبی گەلانی موسڵماندا . بەلاّم ئەو شیعرانەی کە لەسەر ئەم کێشە دانراون دەورێکی بەرز و بەهایان هەیە . بە تایبەتی لە مێژووی شیعری کوردی دا . کە شاعیرانی شیعری کلاسیکی کوردی

---

[1] عە بدول رەزاق بیمار ، عەرووز لە هەڵبەستی کوردی دا ، رۆشنبیری نوێ ، ژ. (١١٣) ساڵی ١٩٨٧ ، ل١٦٨.

[2] ئەحمەد هەردی ، عەرووز لە شیعری کوردیدا ، وەرگێڕانی ئاسۆس هەردی ، چ١ ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل١٤ .

[3] نوری فارس حەمەخان ، وەرگێرانی عەرووزی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بنکەی رۆشنبیری لوبنانی ، بەیروت ، ل١٢.

[4] عەزیز عەبدوڵلاّ گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٤ ، ل١١١.

وەستاییەکی مەزنیان پیشان داوە لەم ڕووەوە. دووای ئەم قۆناغە لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرانمان گەڕانەوە سەر کێشی خۆماڵی و شیعرەکانیان لەسەر ئەم کێشە دەهۆنیەوە بەتایبەتی لە پەنجاکاندا لەسەر دەستی (پیرەمێرد . شیخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)دا بەتەواوی لەسەر کێشی ڕەسەنی کوردی شیعریان دانا . کە کێشی پەنجە . (سیلاب)ی . بڕگەیشی پێ دەڵێن . ئەم کێشە بریتیە: (لە چەند ئاوازێك کە ئاوازەکان بەپێی کەم و زۆری ژمارەی برگەکان دەگۆڕێن . هەروەها بەپێی ژمارەی بڕگەکانیش ناویان لێ نراوە)[1].

واتە ئەم کێشە بەپێی ژمارەی بڕگەکانە نەك بەپێی بەرامبەری بڕگەی کورت لەگەڵ کورت و درێژ لەگەڵ درێژ دا،ئەمە بووە قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا و شاعیران دەستیان لە کێشی عەرووزی هەڵگرت . نموونەی ئەم شاعیرانە زۆرن لە ئەدەبی کوردیدا . عەونی یەکێك بووە لەم شاعیرانە و شیعرەکانی لەسەر ئەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە . کەواتە شیعرەکانی دابەش دەبن بۆ دووبەش: (کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی) . عەونی پیڕەوی شاعیرانی پێش خۆی کردووە بۆیە شیعری لەسەر کێشی عەرووزی داناوە . ئێمەش ئەو دەریایانە دەست نیشان دەکەین کە عەونی شیعری لەسەر داناوە بە نموونەوە . پاشان هەندێ لەو شیعرانەی لەسەر کێشی خۆماڵی هۆنیویەتییەوە دەیان خەینە ڕوو:-

**- کێشی عەرووزی عەرەبی:-**

ئەم کێشە شانزە دەریایە لە شیعری عەرەبیدا . بەلاّم عەونی چوار دەریای سەرەکی بەکار هێناوە (هەزەج . رەمەل . بەسیت . موزاریع) . نموونە بۆ هەردەریایەك دەهێنینەوە:-

**١- کێشی هەزەج (الهزج):-**

ئەم کێشە لەناو شیعری کوردیدا زۆر بلاّوە . (وشەی هەزەج لەزمانی عەرەبیدا بە مانای لەرینەوەی دەنگ هاتووە . وەکو زاراوەش بەو کێشە عەرووزیە دەگوترێ کە سەرەتای بازنەی سێیەم بەو دەست پێ دەکا و لە کێشی عەرەبیدا سێ تەفعیلەی وەکو یەکە: "

[1] کامەران موکری ، زانستی عەرووز ، گ . ڕامان ، ژ . (١١٤) ، خولی سێیەم ، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ ، ل١٠١ .

مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن " ×٢ . ئەو کێشە یا ئەو دەریایە لە کوردیدا بەچار پێ (تفعیلە) بەکاردێت: "مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن " ×٢)[1].

**- کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو:-**

**لەڕێ ی دڵداریا ژینم بەبا ڕۆیی بـەنـامــرادی**

**لە شوێن یارا وەکو شێت کەوتمە دەشت و کەژو وادی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٤٥.

**لەڕێ ی دڵدا ریا ژینم بەباڕۆیی بەنامرادی**

– – – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ

**لە شوێن یارا وەکو شێت کەو تمەدەشت و کەژو وادی**

– – – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ

**مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن**

**- کێشی هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف:-**

**بەڵێن وابوو شەوێك بێ ی بۆ ژوانم**

**بپرسی حاڵ و ئەحواڵ و ژیانــــم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٤٣.

**بەڵێن وا بوو شەوێك بێ ی بۆ ژوانم**

– – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ

**بپرسی حا ڵ و ئەحواڵ و ژیانم**

– – ᴗ   – – – ᴗ   – – – ᴗ

**مفاعیلن مفاعیلن فعولن ×٢**

---

[1] عەبدوڵڵا خدر مەولوود ، ئامادەکردنی عەرووز یا کێشناسی ، چاپخانەی پاك ، زنجیرەی (٨٣) ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٤٢.

٢- کێشی ڕەمەل (الرمل):-

زۆربەی شاعیرانمان ئەم کێشەیان بەکارهێناوە . (وەکو وشە بەواتای ڕایەڵ کردن یا چنینی حەسیر هاتووە . واتای ڕۆیشتنی خێراش دەگەیەنێ . وەکو زاراوەش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی سێیەم (موجتەلەب) لە نێوان رەجەز و هەزەج هاتووە. لەکێشی عەرەبی سێ تەفعیلەی وەکو یەکە: " فاعلاتن- فاعلاتن – فاعلاتن "×٢ . ئەو کێشە یا ئەو بەحرە لە کوردیدا بەچوار پێ (تەفعیلە) هاتووە و بەکاردێت " فاعلاتن – فاعلاتن- فاعلاتن – فاعلاتن "×٢)[١].

## - ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف:-

دڵ وەکو مەجنوون لە عەشقا دەشت و دەر واتەی ئەکا

یار کەوای زانی ئیتر لەیلا صیفەت لۆمەی ئەکا!

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٥٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دڵ وەکو مەج | نوون لەعەشقا | دەشت و دەروا | تەی ئەکا |
| یار کەوای زا | نی ئیتر لەی | لاصیفەت لۆ | مەی ئەکا |
| - - ᴗ - | - - ᴗ - | - - ᴗ - | - ᴗ - |
| فاعلاتن | فاعیلاتن | فاعیلاتن | فاعلن ×٢ |

## - ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف:-

هێنە بەدکارە فەلەك بۆیە لەئەو بێ ئەمەلم

جارها ئاگری بەرداوەتە خەرمان و خەلم

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٤٠٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێنە بەد کا | رە فەلەك بۆ | یە لە ئەوبێ | ئەمەلم |
| جارها ئا | گری بەردا | وەتە خەرما | ن و خەلم |
| - - ᴗ - | ᴗ ᴗ - - | ᴗ ᴗ - - | ᴗ ᴗ - |
| فا علاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلن ×٢ |

[١] – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١- ٥٢ .

**٣- کێشی بە سیت (البسیط):-**

عەونی تەنها یەك شیعری لەسەرکێشی بەسیت داناوە . (وشەی بەسیت لە عەرەبیدا بەمانای کشان و بڵاو بوونەوە هاتووە . بەڵام وەکو زاراوە بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی یەکەمدا یەو پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدا بریتین لە: مستفعلنفاعلن مستفعلن فاعلن×٢)[1].

**- کێشی بەسیتی چوار هەنگاوی مەتوی:**

**یاری من ناز        داری من**

**خونچەیی گوڵ        زاری من**

**- ᴗ - -        - ᴗ -**

**مستعلن = مفتعلن   فاعلن ([1])**

**٤- کێشی موزاریع (مضارع):-**

عەونی چەند شیعرێکی لەسەر ئەم کێشە داناوە . (وشەی موزاریع لە عەرەبیدا بەمانای پێ چوون هاتووە . وەك زاراوەیەکیش بۆ ئەو کێشە بەکاردێ کە لە بازنەی چوارەمدایە و پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدایە بەم جۆرەیە: مفاعیلنفاع لاتنمفاعیلن ×٢)[2] . ئەم کێشە بەتەواوی بەکار نەهاتووە.

**- کێشی موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب:-**

**نەورۆزی ساڵی تازە جەژنی بەهارە ئیمڕۆ**

**دەنگی بلوێر لە دێ یە یان نەی لە شارە ئیمڕۆ**

**دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٨٧.**

---

[1] - عەزیز عەبدوڵلا گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٤، ل٢١٦.

[1] عەبدوڵلا خدر مەولوود ، عەرووز یا کێشناسی ، چاپخانەی پاك ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٧٣ .

[2] عەزیز عەبدوڵلا گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنیلەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی ، ل١٩٣ .

نەو رۆ زی    سا ڵی تا زە    جەژ نی بە   ها رە ئیم ڕۆ

– – ⏑ – ⏑ – – – ⏑ – ⏑ – ⏑ – –

دەن گی بل   وێر لە دێ یە   یان نەی لە   شا رە ئیم ڕۆ

– – ⏑ – ⏑ – – – ⏑ – ⏑ – ⏑ – –

مفعول    فاع لاتُ    مفعول    فاع لا تن

پێی دووەم کەفی هاتۆتە سەری بۆتە ( فاع لاتُ ).

**- موزاریعی چوار هەنگاوی ئەخرەب:-**

**ئەی گوڵ لە سەرچڵانت**

**بویین بە پـاســـەوانت**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٧٩.

**ئەی گوڵ لە   سەر چ ڵا نت**

**بو یین بە   پا سە وا نت**

– – ⏑ – ⏑ – –

**مفعول    فاع لا تن**

**- کێشی ڕەسەنی کوردی (خۆماڵی):-**

کێشی ڕەسەنی کوردی مەبەست لەو جۆرە کێشانەیە کە پێش ئیسلام بوونی کورد . لەزمانی کوردی و زمانەکانی تری ئێرانیدا . هۆنراوەیان لەسەر داناوە . دووای قۆناغی کلاسیکی کە بە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ناسراوە . شاعیرانمان گەڕاونەتەوە سەرئەم کێشەخۆماڵیە رەسەنەو هۆنراوەیان لەسەر داناوە . لەوانە عەونی زۆر لەو دەریایەی کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە و شیعری زۆری لە سەر ئەم کێشە هۆنیوەتەوە . بەتایبەتی لەسەر کێشی (١٠) بڕگەیی و (٨) بڕگەیی شیعری زۆری هەیە . کێشەکانی تریشی بەکار هێناوە کە سەرواکانیان بەزۆری مەسنەوین . هەندێك لەو نموونە شیعریانە دەخەینەڕوو:-

**١- كێشی حەوت بڕگەیی:-**

**جیهانم پشکنیوە ٣+ ٤**

**نازدارجوانم زۆردیوە ٤+ ٣**

**بەڵام وەك تۆ نازەنین ٤+ ٣**

**نەم دی لەسەر ڕووی زەمین ٤+ ٣**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٤.

ئەم شیعرە لەسەر کێشی حەوت بڕگەیی یە و بەسەر بڕگەکانی (٣+٤ و ٤+٣)دا دابەش بووە.

**٢- کێشی هەشت بڕگەیی:-**

**دانیشەلامخۆشەویستم ٤+٤**

**دەستت بێنەبیخە دەستم ٤+٤**

**داستانێکە نەك ئەفسانە٤+ ٤**

**باسی کۆیەی خـنـجیلانە ٤+ ٤**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢١٥.

ئەم شیعرەش هەشت بڕگەیی یە و (٤+٤) دابەش بووە.

**٣- کێشی دە بڕگەیی:-**

**یاران لەشین دامیاران لەشـــین دام٥+٥**

**نیوە سەر بڕاو لەخاك و خوێن دام٥+٥**

**ئەوتیرەی غەمزەی لەئەبرۆی کەوان٥+٥**

**نیشانت لێ گرت وەك نێچیرەوان٥+٥**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٢١.

ئەم شیعرە دە بڕگەیی یەو (٥+٥) دابەش بووە.

**٤- كێشی یانزده بڕگەیی:-**

**هوزارئاساکەهۆگربووم بەزاری٤+٤+٣**

**شەو و ڕۆژمبەیادیخونچەزارێك٤+٣+٤**

**نی یە هیوامبەرزگاریم لەبەندت٤+٤+٣**

**کە دەرناچێ لە چنگ بازاشکارێك ٤+٤+٣**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٦.

ئەم جۆرەکێشە لە فۆلکلۆردا بەتایبەتی لەناو لاوك و حەیران و پەخشانە شیعریش دەبینرێت . ئەم شیعرە (٤+٤+٣ و ٤+٣+٤) دابەش بووە و کێشی یانزە بڕگەی خۆماڵیان پێك هێناوە.

**٥- کێشی پانزده بڕگەیی:-**

**پرسیان لەجیهانبۆچی شووت نەکردهەروا مایەوە٥+٥+٥**

**سەری هەڵبڕی ناسك لەسەرخۆ جوابی دایەوە٥+٥+٥**

**ئەوکەسەی ویستم من شووی پێ بکەمکەخۆشم دەویست ٥+٥+٥**

**زۆرکۆششم کرد لەبەختی ڕەشمئەومنی نەویست٥+٥+٥**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٢٨.

ئەم شیعرە (٥+٥+٥) دابەش بووە و کێشی پانزەیی دروست کردووە . عەونی سەرەڕای شیعرەکانی هەموو مەتەڵ و چیرۆکە شیعرییەکانیشی لەسەر کێشی خۆماڵی دارشتووە . لەبەر زۆری ڕێژەی شیعرەکانی بەوەندە کۆتایی دێنین . ئەگەرنا نموونەی زۆری تری لەسەر کێشی خۆماڵی هۆنیوەتەوە.

- نازناو "**تخلص** ":-

نازناو یان تەخەلّوس تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی شیعری کلاسیکی . شاعیرانمان لە دێری کۆتایی یان پێش کۆتایی ناو یان نازناوی خۆیان نووسیوە . نازناو یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی یان ناوی شتێکی ترە،شاعیرمان هەیە لە نازناوێکیان زیاتر هەیە وەك: (مەلا . مەلیٚ . نیشانیان " مەعدوم . مەولەوی " . " بیمار . سالم " . یا " کوردی . هیجری "،... تاد). نازناو جگە لەوەی کە پێویستیەکی شیعری کلاسیکی کوردی بووە . گرنگی تایبەتی خۆشی هەبووە لەوانە:-

١- تێکەلّ نەبوونی شیعرەکان لە بەر نەبوونی چاپ و چاپەمەنییەکان.

٢- ڕزگار بوونی شـاعیرەکان لە ناوی نامۆ و ناقۆلاّ بۆ ناوی ناسـك و ئاوازەدار و... تاد.

٣- وەکو تەقلیدێك شاعیر دەبا نازناوێکی بۆ خۆی دابنابا.

عثمان حبیب وەکو هەریەك لەو شاعیرانە نازناوی (عەونی) بۆخۆی داناوە و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە . بۆ نموونە:-

**لە (عەونی) گەر دەپرسی تەندروستی**

**ئەتۆ خۆش یەك نەفەس ماوە لە ڕیٚ دا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٩.

لەشیعرێکی تردا دەلّێت:-

**لەئاسك سلّترە ئەم شۆخە (عەونی)**

**دلّـم نـــایێ دلّـی بــشکـێ بە ئاستەم**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل١٥٨.

یاخود لەکۆتایی شیعرێکی تردا دەلّێت:

**عەونی نەکەی بێهودە تەرکی یار و مەی بکەی**

**خۆشی بەهەشتیش حۆری و شەراب و ساقیەد**

یوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٧.

بەم شێوەیە شاعیر نازناوی خۆی لەشیعرەکانیدا بەکار هێناوە.

کەواتە شیعرەکانی عەونی لەڕووی روخسارەوە توانرا هەموو لایەنە هونەریەکانی " وێنە و زمانیشیعری و کێش و سەروا و هونەری رەوانبێژی بەجۆرەکانیەوە لەگەڵ نازناوی شیعری لە شیعرەکانیدا بخەینەڕوو . نموونەی شیعرەکانیش راستی و دروستی بەڵگەمانە... تەوەری دووەم ناوەرۆکی شیعرەکانی دەخەینە ڕوو...

# بەشی سێیەم
## تەوەری دووەم:

## "شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە"

- شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی
- سیاسی و خەباتی کوردایەتی
- شیعری دڵداری
- شیعری وەسف (سروشت و ئافرەت)
- شیعری مەینۆشی
- شیعری شانازی
- شیعری ستایش
- شیعری داشۆرین
- شیعری کۆمەڵایەتی
- شیعری پەند و ئامۆژگاری
- شیعری بۆنەکان (مناسبات)
- شیعری شیوەن و لاواندنەوە
- شیعری ئاینی

## تەوەری دووەم/ شیعرەکانی عەونی لە ڕووی ناوەرۆکەوە:-

شاعیرە کلاسیکیەکانی کورد هەمان ئەو مەبەستە شیعریانەیان بەکار دەهێنا کە شاعیرانی کلاسیکی ڕۆژهەڵات بەکاریان دەهێنا . وەکو: (شیعری نیشتمانی . ئاینی . دڵداری . ستایش و لاواندنەو... هتد) . بۆ ئەوەی بەشاعیرێك بڵێن شاعیرەو بەتوانایە دەبوایە لەسەرجەم مەبەستەکان بەرهەمی هەبوایە.

عەونی وەکو زۆربەی شاعیرەکانی پێش خۆی ئاوڕی لە بابەتە شیعریەکان داوەتەوە و توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی لە ناو شاعیران بکاتەوە و ببێتە خاوەن دەنگی خۆی . هەرچەندە عەونی کاریگەریی شاعیرانی تری بەسەرەوە بووە . بەلاّم ئەمە لە پلەو پایەی کەم ناکاتەوە و توانیوویەتی مەبەستەکانی خۆی لە ڕێگەی بابەتەکانی شیعریەوە بگەیەنێت. لە خوارەوە بابەتە شیعریەکانی دەخەینە ڕوو:-

### ١- شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی:-

شیعری نیشتمانی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە بۆخاك و نەتەوە . بۆن و بەرامەی خاك و خۆڵی نیشتمان و دەنگی ڕەسەنی نەتەوایەتی لێ بەرز دەبێتەوە . (خۆشەویستی نیشتمان وابەستەی ئەو پێوەندیە دەروونییە یە کە تاك بەنیشتمانەکەی دەبەستێتەوە بەجۆرێك کە نەتوانێ دەستبەرداری بێت . ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەم هەستە لای تاك دروست دەکات کە لە پێناویدا قوربانی بۆ بدات)[1].

ئەم جۆرە شیعرە پێوەندیەکی قوڵی بەخاك و نەتەوەوە هەیە و شاعیر لە شیعرەکانیدا هەموو کات ئامادەیە بۆ قوربانیدان و باسکردنی خۆشەویستی گەل و نیشتمان . (شیعری

---

[1] – محمد الصادق عفيفي ، النقد التطبيقى والموازنات ، مكتبة الخانجى ، القاهرة ، ١٩٨٧ ، ص٦٣ .

نیشتمانی کۆنەو ڕەگی لە مێژووی نیشتمان دایەو نـەگۆڕە و هەمیشـەیی و نـەمرە و لەگـەڵ گۆڕانی بارودۆخ دا ناگۆڕێ)[1]. زۆربەی شاعیرانی کورد خاوەن شیعری نیشتمانین و هەموویان هەموویان بەجۆرێك هەست و سۆزی خۆیـان بـۆ زێدەکـەیان دەر بڕیـوە . دەربڕینـی سـۆزو خۆشەویستی بۆ نیشتمان بەوشەی سادە و داڕشتنی گشتی دەبنە مایەی شیعری نیشتمانی . عـەونی یـەکێك بـووە لـەو شـاعیرانەی کـە ڕۆڵەیـەکی بـەوەفای کـورد و کوردسـتان بـووە . هەمیشە لە خەمیانـدا بـووە و خـەباتی بـەردەوامی لـەپێناودا کـردووە . پێنـووس هەمیشـە وەکو چەکێك لەلای شاعیر بەکار هاتووە دژ بە دوژمنانی داگیرکـەر . بۆیـە هـەر لەسـەرەتای شـیعر دانانیـەوە ئـەو هەسـت و خۆشەویسـتییەی کـە لـەناخی دابـووە بەرامبـەر بەگـەل و نیشتمانەکەی . بە وشەی جوان و رازاوە لـە چوارچـێوەی شـیعری نیشـتمانی و نەتەوایـەتی دەری بڕیوە و گیانی بـەرگری و هاندانیشـی لای نەتەوەکـەی پـێ بـەهێز تـر کـردووە . ئـەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە لای عەونی زۆر چڕ و تۆکمە بووە . وای کـردووە سـەرەتای شیعر دانانی پێ دەست نیشان بکرێت . ئێمە پێمان وایە عـەونی بـە شـیعری نەتەوایـەتی و نیشتمانی دەستی پێکردووە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:-

أ- عەونی هەر لەزووەوە هەستی بەزوڵم و زۆرداری سەر نەتەوەکەی و خاکـە بـەش بـەش کراوەکەی کـردووە . لـە ڕێگـەی مامۆسـتایانی قۆنـاغی سـەرەتایی قوتابخانەکـەی جـۆش دراوە بە ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمانەکەی.

ب- بەهۆی ئەو ژینگە پڕ جۆش و خرۆشەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەریەی لە کۆیە تێیدا ژیاوە . هاورێی کەسانی ڕۆشنبیر و کورد پەروەری وەکو: (کاکە زیـاد . عمـر عەبدوڵلا . مەلای گـەورە . ئەحمـەد دلـزار و دڵداری خـاوەن ئـەی ڕەقیـب و سـکرتێری حیزبی هیوا و... هتد)بووە . ئەحمەد دلـزار دەڵێـت: (بـاس و خواسمـان لەگـەڵ عـەونی تەنها لەسەر هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و کاری سیاسی بووە)[*].

---

[1] ئەبو بەکر خۆشناو ، شیعری بەرەنگاریی کوردی ، چاپخانەی ڕووناکبیری ، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٧٥ .

([*]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار ، ڕێکەوتی ٢٢- ٥ – ٢٠١٣ .

ت- دیوانی شیعری حاجی قادری کۆیی خوێندۆتەوە و زیاتر کاری کردۆتە سەرهەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری . خۆی بەقوتابی خانی و حاجی داناوە لە شیعرەکانیدا.

پ- لە سەردەمی لاویدا لەتەمەنی (٢٠)ساڵیدا بەشداری لە کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی شارەکەی کردووە . لەو سەردەمەدا لەشاری کۆیە هەستی نەتەوایەتی لەناو لاواندا پەرەی سەندبوو.

ج- عەونی وەکو خۆی باسی کردووە لە ساڵی ١٩٣٧ داچۆتە ناو قۆناغی ئەڤین دارییەوە کە گیرۆدەی عەشقی کچێکی مەهاباتی بووە لە کۆیە و شیعرێکی بەناو نیشانی (چاو جوانێکی مەهاباتی) نووسیووە . پێش ئەم ڕێکەوتە عەونی چەندین شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی داناوە.

ح- یەکەم شیعر کە کۆنترین شیعری عەونی یە لە ئێستادا ئۆپەرێتێکە بۆ قوتابیانی قوتابخانەکەی نووسیوە لە ساڵی ١٩٣٢ ز کە بە شانۆگەری پێشکەش کراوە بەناوی (ئەژدەهاك)لەڕووی ناوەڕۆکەوە لێوان لێوە لە هەستی نەتەوایەتی . ئەوشیعرەی لە گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی ١٩٣٣ دا بلاّوی کردۆتەوە بەناو نیشانی (بۆخاوەنی هاوار) پڕاو پڕی هەستی نەتەوایەتییە . شیعری تریشی هەیە وەکو: (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم) کە لە ساڵی ١٩٣٥دا دایناوە . ئەمەو چەندانی دیکە کە هەمووی هەر بۆ کورد و کوردستانە،لەم ماوەیەدا هیچ شیعرێکی تری نییە کە لەسەر بابەتێکی تر نووسرابێت جگە لە شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی نەبێت.

خ- فەرهاد عەونی کوڕی شاعیر گەواهی ئەوە دەدات کە باوکی بە شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی دەستی پێکردووە و ئامادە نەبووە هیچ جۆرە مساوەمەیەك لەسەر ئەم شیعرانەی بکات . چونکە نۆبەرەی شیعرەکانی بوون و زۆر لەلای پیرۆز و خۆشەویست بووە . ئەمانە هەمووی بەسەر یەکەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە عەونی شاعیرێکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە وەدەڵێت:-

**هەرکەسێ دژ بەگەل یان نیشتمـــان جـــولایـــەوە**
**کۆچی کرد ڕۆیی لە مێژوو ڕوو ڕەشی بۆمـــایـــەوە**

**ئافەرین بۆ ئەو جوان مەردەی لە ژین کۆڵـــی نـــەدا**
**کردەوەی بەرزی لە دەفتەر یەك بەیەك خـــوێنـــدرایـــەوە**

دیوانی عەونی . چ۲ . ل۷۵.

- لە شیعرێکی تردا عەونی بە ناوی (بەختیاری)یەوە دەڵێت:-

**کە من پێم خۆشە بۆخۆم بێ بـــەلاّبـــم**
**لـە بۆخـەڵکی تریش پێویســـتە وابـــم**

**نەژێر دەست بم نەکەس ژێر دەستی من بێ**
**نـــەداگـیـرکـەر نـەخـاك داگـیـر کـراو بم**

لە پاشاندا دەڵێت:-

**وەکو زۆربەی گەلانی ئەم جـیـــهـــانـــە**
**منیش خاوەن ولاّت و مـــافـــی رەوابـــم**

دیوانی عەونی . چ . ل۵۸.

شاعیر لەدێری یەکەم دا ئاماژە بەو فەرموودەیەی (پێغەمبەر "د. خ") دەکات کە دەفەرموویێت:-(چۆن بۆ خۆت دەتەوێ و پێت خۆشە . بۆ برا کەشت ئاوا بە) . بۆیە شاعیر پێی خۆش نییە کەس لەژێر فەرمانی دابێت و نە لەژێر فەرمانی کەسیشدا بێت . نەخاکی کەس داگیر بکات و نەکەسیش خاکی لێ زەوت بکات . بەڵکو دەخوازێت وەکو گەلانی تری سەر ڕووی زەمین خاوەنی خاك و مافی خۆی بێت.

- لە شیعری (ئەی برادەران) دا عەونی دەڵێت:-

**ئەی برادەران واچاکە ڕوو بکەینە یەك بەیاری**
**جەوهەر و هیممەت لازمە بۆ قەومی کوردەواری**

**ئیمڕۆ هیممەت نەنوێنین سبەی بەجێ دەمێنین**
**بـەخودا هـیچ پـارە نـاکا گـریان و شین و زاری**

شاعیر هاورێ و هاو سەنگەرانی خۆی ئاگادار دەکاتـەوە کـە هـەموویان بەیەکـەوە بـەبێ جیـاوازی بـیر و ڕا هـەوڵ و کۆشـش بکـەن . چـونکە گـەلی کـورد پێویسـتی پێیـەتی . شـاعیر سـوێند بەیـەزدانی مـەزن دەخـوات ئەگـەر هـەوڵێك نـەدەن بـەزوویی ئـەوا گەلەکـە یـان لـە کاروانی خەباتدا جێ دەمێنێ و گریان و پەشیمانیش هیچیان بۆ ناکات.

لەپاشاندا دەڵێت:-

**نیشتمان دایکی تۆیە . چاوی لەدەسـتـی تـۆیــە**
**زۆر شەرمە ئەی کوڕی کورد ناچی بۆ هـاری کـاری**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٧٦.

لەم دێرەدا شاعیر ڕوو لە سەرجەم کوڕانی گەل دەکات و هۆشیاریان دەکاتەوە کـە دایکـی نیشتمان چـاوی لـە هـەوڵ تێکۆشـانیانە بـۆ رزگـار کردنـی و مایـەی شـەرمەزارییە بـۆ کـوڕە کوردێك کەم تەرخەمی بکات.

- لە شیعریکی تردا عەونی بەناوی (خەون و خەو) دەڵێت:-

**ئافرەتێکم لەخەوا دی کزو ڕەنگ زەرد و نەخـۆش**
**پەست و دلگیر بوو کە فرمێسکی دەڕشت زۆر پەرۆش**

**گوتم: ئەی خوشکی بەرێزم چی یە هاوار و گریـــن ؟**
**بۆچی کردۆتە بەرت بەرگی ڕەشی ماتەم و شیـــن ؟**

**گوتی: نــازانــی مەگەر بۆچی بەسەر هاتــی مــن**
**شین و ڕۆ ڕۆیە هـەمــوو وەخت و دەم و کاتی من ؟**

**ئیستە نـام نـاسـی یەوە من کچەکەی کـەرکـووکم؟**

**خاوەنـی نـازو نـیاز بووم و ئەوێستـا چـووکـم !!**

شاعیر لەرێگەی خەو بینینەوە دەیەوێت گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و باسی زوڵم و زۆری سەر شارەکانی ولاٚتەکەی بکات . (یەکێك لەخەسڵەتە هەرە گرینگەکانی شیعر بریتییە لە دۆزینەوەی شێوەی نوێ بۆ گوزارشتکردن)[1] . عەونی چەند شێوەیەکی جیاوازی بۆ دەربڕینی شیعرەکانی بەکار هێناوە . لێرەدا ئافرەتێکی کز و ڕەنگ زەرد و نەخۆشی دڵ پڕلە خەم و چاو بەفرمێسکی کردووەبەرەمز بۆ شاری کەرکووك و پرسیاری لێ دەکات کە بۆچی دەگری ؟ بۆ وا ڕەش پۆشی ؟ کچەوەلاٚمی ئەوەیە کەپێشتر خاوەنی ڕێز بوو . خۆشەویست بوو . بەلاٚم ئیستا فەرامۆش کراوە . لەدوایی دا دەڵێت:-

**واخەریکـــن بە هەموو شێوە بگۆڕن ناوم**

**چونکە بەم ناوە کە ئیستاکە هەمە ناسراوم**

**مـن بـەشـێکی وەتەنی کوردم و کوردستانم**

**خاوەنی مێژوو یەکی کۆن و هەزار داستانم !**

لێرەدا شاعیر ئاماژە بەگۆڕینی ناوی کەرکووك دەکات بۆ سەر ناوی (تامیم)لە سەردەمی بەعسیەکان کە ناوی شارەکەیان گۆڕی و پاشان ڕاگواستنیان دەست پێکرد... . بەلاٚم شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کەرکووك شاری کوردانە و خاکی کوردستانە و خاوەنی مێژوویەکی کۆن و چەندین داستانە و دەڵێت:-

**شەقڵم لێداوە بەکوردی لەهەموو دەشت و بەنت**

**نـاتـوانـن بـەدرۆ و سـاخـتـە بگۆڕن ڕەسەنت !**

لەپاشاندا دەڵێت:-

**تۆ کە تەنیا نی دەناڵێنی لەدەست داگیرکەر**

**موبتەلایە وەکو تۆ خاك و ولاٚتمان یەکسـەر**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٧ — ٨٨.

[1] — ئاوات محەمەد ، دەق و راڤەکاری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، ٢٠٠٨ ، ل١٢٧ .

شاعیر دڵنیایە لەوەی کە ناتوانن ڕەسەنایەتی کەرکووك ئاوا بەئاسانی بگۆڕدرێت و لەکوردستانی جیا بکەنەوە . چونکە سنووری کوردان دیارە . هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو کە تەنیا کەرکووك لەژێر چەپۆکی داگیر کەراندا نییە . بەڵکو کوردستان سەرتا سەری داگیر کراوە و گیرۆدەی دەستی داگیر کەرانە.

- لە شیعرێکی تردا شاعیر خۆشەویستی نیشتمان بەهیوا و خۆشی ژیانی خۆی دەبەستێتەوە . چونکە ئەم خۆشەویستیە هیوا و ئومێدی پێ بەخشیوە لە کاتێکدا کە بێ هیواو ئەمەل بووە . دەڵێت:-

**نیشتمانی شیرینم**

**تۆی هیواو شادی ژینم**

**خۆشەویستی تۆ تەنیا**

**بە منی بەخشی هیوا !**

**من زۆر هیوا بڕاو بووم**

**ناکام و کاڵ و خاو بووم**

شاعیر پێی وایە کە خۆشەویستیی نیشتمان لە بێ ئاگایی رزگاری کردووە و هۆشیاری کردۆتەوە .

دەڵێت:-

**کاتێ خەو دەی بردمەوە**

**تۆبووی ئاگات کردمەوە**

پاشان سوێند بەنیشتمان دەخوات و بەڵێنی پێ دەدات تاکو لەدنیا دا بژیت خەم خۆرو هاوبەش بێت . دەڵێت:-

**سوێندم بەم نیشتمانە**

**بەڵێنێکی مەردانە !!**

تـاگیان مابێ له لەشم

لـه کردەوەت هاوبەشم !

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٧- ٩٩.

شاعیر زۆر نموونەی شیعری لەم بابەته هۆنیوەتەوە بۆیه هەرچۆنێك چاو بەشیعرەکانی دابخشێنین راستی و دروستی ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێت.

## ٢- شیعری سیاسی و خەباتی کوردایەتی:-

شیعری سیاسی له هەولْ و تەقەلاو هەلْوێستی فیکری و ئایدیۆلۆژی وکردەوەیی ئـەدویْ و لەپێناو دامەزراندنی حوکم و دەسەلاتێکی دیاریکراو یاخود گۆڕانکاری بەسەر دەسەلات و حوکمدا . وا دەبێت ئەم جۆره شیعره سۆز و خۆشەویستی تێدا نـەبێت و باسی نەتـەوە و نیشتمان نـەکات . شاعیران و نووسەران هەریەکەو بـەجۆرێك پێناسـەی شـیعری سیاسـیان کردووە . وەکو عەلی عەباس عەلوان دەلێت:-

(چەمکی شیعری سیاسی به هەر دوو مانای ئەرێنی و نـەرێنی . ئەگـەر هەلْوێستی تـاك بێت بەرامبەر به دەسەلات ئەوا نموونەی شیعری سیاسی زۆره له ئەدەبدا)[1].

شاعیر کاتێك شیعری سیاسی دەنووسیْ تارادەیـەك دەبـیْ بـاس لـه دەسـەلات و چۆنیەتی بـەڕێوه بردنـی بکـات بەلایـەنی بـاش و خراپیـەوە . شـیعری سیاسـی پەیوەسـته بـەکات و سەردەم له مێژووی یەك دەسەلاتدا که جیاوازی له نێوان فەرمان ڕەواکاندا دەکات . چونکه زۆر جـار وادەبێـت شـاعیران نیشـتمان پـەروەر و دلْسۆزی گـەل و خـاك بـن . بـەلام لەگـەلْ دەسەلات ناکۆك و دژبن . (تێڕوانینی دیدگای شاعیر بۆ دەقی شیعرێکی سیاسی مەرج نییـه گوزارشت له بیری شاعیرەکه بکات . واته ڕەنگدانەوەی هەلْوێستی سیاسیانەی شـاعیرەکەبێت . بەلْکو بۆ سروشتی ئەو پێوەندییه دەگەڕێتەوە که شاعیر لەگەلْ دەسەلاتدا هەیەتی)[2].

---

[1] – علی عباس علوان ، تطور الشعر الحديث في العراق ، وزارة الثقافة والاعلام ، ١٩٧٥ ، ص١١١ .

[2] – أبراهيم الوائلی ، الشعر السياسی في القرن التاسع عشر ، مطبعة العانی ، بغداد ، ١٩٦١ ، ص١١٧ .

واتە ئەمە دان پێدانانێکی ناڕاستەوخۆی شاعیری لێ دەکەوێتەوە . لەگەڵ سروشتی ئەو شیعرەی کە هۆنیویە تییەوە . (شیعری سیاسی لە شیعری نەتەوەیی بەربلاوترە . نەك تەنیا لە سنووری نەتەوەیی دیاریکراو تێئەپەرێ . بەڵکو لەوەیە لە تەنیا سنوورێکی جوغرافیدا شیعرەکە ناوەڕۆکی سیاسی لەڕووی گۆڕانکاریی دەسەڵاتەوە لەخۆ گرتبێ و توخنی هەست و بیر و باوەڕی نەتەوەیی نەکەوێ . ئەگەرچی لەرێچکە و رێبازە گشتییەکەیدا یەك ئەگرنەوە )[1].

عەونی شیعری سیاسی بەدروشمی بێ وچانی میللەتەکەی ئاو دەدات و شیعری پتەو وبەهێزی سیاسی هۆنێتەوە و نموونەی شیعری سیاسی جوان و پڕ وزەی داهێنانمان پێشکەش دەکات و دەڵێت:-

**ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم**
**قەتل و عامی تورکەکان و غارەتی ئێران دەکەم**

**چونکە ئەم دوو چینی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر رژاند**
**دوژمنی خاك و وڵاتم پەرت و سەرگەردان دەکەم**

شاعیر ڕای ئەگەیەنێ کە چەك هەڵدەگرێ و پارێزگاری لە کوردستان دەکات و هەرچی تورك و فارس هەیە دەیانکوژێت . چونکە ئەمانە دوژمنی سەر سەختی کورد بوونە و خوێنی کوردیان زۆر ڕشتووە . دوژمنی خاك و نەتەوەکەی سەر گەردان و دەربەدەر دەکات. لە دواییدا دەڵێت:-

**ناکەسێك نیم بۆ مەتاڵیب من لە ڕووی لافەوە**
**ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم**

**من لەڕێگای سەر بەخۆیی خاك و ڕزگاری گەلم**
**گیانی خۆم و قەوم و خۆیشانم هەمووی قوربان دەکەم**

---

[1] عەبدوڵلا ئاگرین ، شیعری سیاسی کوردی لەخوارووی کوردستان ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٤، ل٣٤.

شاعیر ئەوکەسانەی کە بۆ داواکاری و پۆست و پلەو پایە هەوڵدەدەن بە ناکەسیان دادەنێ و خۆی بە میرات گری ساسانیەکان دەزانێ . بە مافی خۆی دادەنێ کە داوای دەوڵەتی کوردی بکات . هەرلە رێی سەربەخۆیی کوردستان و ڕزگارکردنی گەلی کورد گیانی خۆیی و خزم و کەسەکانیشی بەخت دەکات . شاعیر لە شیعرەکەیدا نموونەی وەفاداری نیشان ئەدات و بە کردەوە ئامادەیی خۆی لە پێناوی سەربەرزی و ئازادی گەل و نیشتماندا دەردەبڕێت.
لە کۆتایدا دەڵێت:-

**گیان بەخت کردن لەڕێگەی نیشتمان پێویستی یــە**
**من کە کوردم پەیڕەوی فەرمایشی یەزدان دەکـــەم**

**خزمە گوێ بگرن لەبەندە (عەونی)* زۆر بێ چارەیە**
**من گریم نەك لە بۆ خۆم . بەڵکو بۆ کوردان دەکـەم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٦٥-٦٦.

شاعیر ئاماژە بە موسڵمانیەتی گەلی کورد دەکات و پێڕەوی فەرمانەکانی خوادەکات کە گیان بەخت کردن لەپێناو خاك و وڵات پێویستە و پاداشتیشی هەیە لای یەزدان ئەگەر داگیر کرابێ یان لێت داگیر بکەن . عەونی بەکەس و کاری دەڵێ کە بێ چارە مە و ئەم داد و گریان و غەمەشم بۆ خۆم نییە . بەڵکو بۆ گەلی کوردە بەگشتی.

- لە شیعرێکی تردا بەناو نیشانی (دوژمنی بەدکار) دەڵێت:-

**دوژمنی بەدکاری من هەرچی بکەی لێت ناگرم**
**پێت دەڵێم من تاکو ئێستا ماوم و قەت نامــرم**

---

)* ( عەونی ناونیشانی بۆ هەموو شیعرەکانی داناوە بەکۆن و نوێوە ، لەلای شاعیرانی کلاسیك دەگمەنە ، ساڵی دانانی زۆربەی شیعرەکانیشی نوسیووە .

شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دوژمنانی گەلەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە هەرچی دەیکەن من تانەتان لێ نادەم . چونکە ئێوە بەدکار و بەدخوون . تەنها ئەوە بزانن کە گەلی کورد تاکو ئێستا ماوە و هەر دەشمێنێت . پاشان دەڵێت:-

**هەرچی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکە هیچ سودی نییە**
**ئەم پڕۆژەی خۆم مەبەستمە دەستی لێ هەڵناگرم**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٦٨.

شاعیر لە دوژمن ناترسێت و بێ منەتیان دەکات کەچی لەدەستیان دێت بابیکەن لەگەڵ میللەتی کورد هیچ سودێکی لێ نابینن . چونکە کورد خاوەن پڕۆژەیەکی تایبەت بە خۆیەتی کە خەبات و تێکۆشانە وازی لێ ناهێنێ تاکو مافی ڕەوای خۆی بەدەست نەهێنێ.
- لە شیعرێکی تردا شاعیر باس لە هیوا و ئاواتی خۆی دەکات . کە رزگار بوونی نیشتمان و ئازادی گەلە . زۆر گەش بینەو دەڵێت:-

**خواست و گەرەکم بوو ببینم لەحەیاتم**
**ئازادی و رزگاری گەل و خاکی ولاتم**

**هەرچەندە دوایی تەمەنم هات بە نەهاتی**
**هیوام هەیە هەر بەر دەگرێ داری خەباتم**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٦٧.

عەونی ئاواتە خوازی ئەوەبوو لە ژیان کە رزگاری و ئازادی گەل و نیشتمان ببینێ . بەم ئاواتەوە پیر بوو . بەلاَم ئەوەندە باوەڕی بە خەباتی گەلەکەی هەبوو دڵنیابوو لەوەی هەر دێتەدی . وەهەر واش بوو ئاواتەکەی هاتەدی لە قۆناغی کۆتایی تەمەنیدا.

- له شیعرێکی تردا بەناونیشانی (خەونی سەربەستی) دەڵێت:-

هەر لە رێبازی خەباتا پیری ئیرشادم دەوێ
من گەلێکی سەربەخۆ و سەربەست و ئازادم دەوێ

مل کەچی و ژێر دەستی پیشەیی من نی یە ئەی بەد گومان
باسی مێژووی ڕۆژگاریمیدیا و مادم دەوێ

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٧٧.

شاعیر ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی و سەربەستی بۆ گەل دەکات . بە دوژمنانی گەل دەڵێ کە ژێردەستی و مل کەچی کاری ئێمەی کورد نییە و ئەمە گومانێکی بەدە بە کوردیان بردووە . ئەگەر باوەڕناکەن مێژووی میدیا و ماد بخوێننەوە ڕۆژانی دەسەڵات و سەرکەوتنەکانیان بزانن کە ئەم کوردانە چیان لە مێژوو دا تۆمار کردووە.

- له شیعرێکی تردا بەناوی (بەرەو هەورازی سەرکەوتن) باس لەخەباتی کوردایەتی دەکات . کە بەرەو لوتکە کەوتۆتە ڕێ و لەوێ کاروانی خەبات دەگاتە ئەنجام . ئەم خەباتە بۆ گەیشتنبەهیوا بەبێ خوێن رشتن و شۆرش سەرناگرێ . بەم شێوەیە باس دەکات و دەڵێت:-

کۆچ بار کۆچی کرد بەرەو کۆساران
بنەو بارگەیان خست لە نزاران

بەرەو هەورازی سەرکەوتن دەڕۆن
مژدەی سەربەستی دەدەن بەیاران

دواحەشارگەم بێ . لانەی خوێناویم
دەگەرێمەوە لای گیان سپاران

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٢.

- شاعیر لە شیعری (گوتم ئەی کچ) دا گفتوگۆ لەگەڵ کچە کوردێکی ئاوارەی کوردستانی تورکیا دەکات و دەڵێت:-

**گوتم ئەی کچ لەگەشتی**
**شارستانی یا دەشـــتی**
**واجوان و پاك رەوشتی**
**مەسیحی یا زەردەشـتی**

دوای ئەم سەرەتاو پرسیار کردنەی عەونی کچە کوردی نازدار دێتە جواب و وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

**گوتی: ئـــــەی برای کوردی من**
**گـــــەر بزانی دەردی من**
**هـــــیچ جاری تر ناپرسی**
**مەلووڵی و ڕەنگ زەردی من**

**کـــــیژێکم لێم قەوماوە**
**خـــــزم و برام کوژراوە**
**هـــــانام هێناوتە بەرتان**
**نـــازانم کێ تان پیاوە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٢- ٨٣.

عەونی لەم گفتوگۆیەدا دواکەوتن و بەجێمانی گەلی کورد لە کاروانی میللەتان و ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتووە دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەوەی خۆپەرستی و چاوچنۆکی ناو میللەتی کورد بەگشتی بەرپرسانی بەتایبەتی.

**ئـەوگـــــەورانەی ناسراون**
**دەڵـــــێن کورد زۆر پیاون**
**هەمـــــوو میللەت فـرۆشن**
**جـــاهـیـل و نـاتەواون**

لەکۆتاییدا دەڵێت:-

**حـــــــەیفم لەکوردەواری**

**بـــــــۆلاوانی هـوشیاری**

**خـــــــۆڕایی ڕەنـجـەڕۆبن**

**زۆرن تـــــێکـدەری کاری**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٢- ٨٣

شاعیر سەرەڕای پەرۆشی بۆ گەلەکەی لە شیعرێکیداله غەمی ڤێتنام دابووە و دژی ئەمریکاییەکان وەستاوەتەوە و شیعری بۆ گەلی ڤێتنام گووتووە و دەڵێت:-

**سڵاوی زۆر و چەپکێك گوڵی سوور**

**دەنێرم لە بۆ خـــۆرهـەڵاتی دوور**

**سـڵاو لـەڤیەتـنـام مەکۆی دلێران**

**لانەی نەبەر دان . مەڵبەندی شێران**

لەدوای ئەم سەرەتایە دەڵێت:-

**ئیمپریالیزمی خـــاوەنی دۆلار**

**هەر دەتوێتەوە وەکو بەفری پار**

**ژیان دوا ڕۆژی خۆشی بـۆ گەلـە**

**حوکمی سروشتە پێی نـاوێ پەلە**

لە کۆتاییدا دەڵێت:-

**مـــــژدەبێ بڵێ زۆری نەماوە**

**زۆردار لەدەنگی گەلان ترساوە**

**چڵی زەیتوون و کۆتری بیکاشۆ**

**مژدەی ئاشتی دەگەینن بە تـۆ**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل ٢٩٥- ٢٩٦.

شاعیر لێرەدا لە ناسیۆنالیزمی کوردایەتی دەرچووە بۆ ئەنتەر ناسیۆنالیزم و پشتی ڤێتنامی باکووری گرتووە دژ بە ئەمریکا.

شاعیر لە شیعرێکی تریدا لەسەر مافی فەلەستینیانی کردۆتەوە . پێوەندی شاعیر وەکو کوردێك بە گەلی فەلەستینەوە وەك نەتەوە خاوەن یەك کێشەی وەك یەك بوونە کە گەلی فەلەستین و گەلی کورد بەدەست بێگانە و دەولەتە زلهێزەکان چەوساونەتەوە... عەونی شاعیر سەرەتا بە سلاوی گەلێکی ئازا دەست پێدەکات کە ڕۆژانێك خاوەن سەرکردەیەکی ئازای وەك سەلاحەددین بووە . سلاوی پێشمەرگەی کورد لە گەلی فەلەستین دەکات . ئەو پێشمەرگانەی کەلە مەیدانی شەڕدا نەبەرد و کۆڵنەدەربوون بۆ گەلی فەلەستین بە پەرۆش بوون و پشتیوانی خۆیان بۆ دەر دەبڕن . داوا دەکات هەردوو گەل لە تێکۆشاندابن تا ڕیشەی دوژمن لەبن دەردەهێنن . وەك لەم شیعرەی خوارەوەدا بەناو نیشانی (نامەیەك بۆ برا فیدابییەکانی فەلەستین) دەڵێت:-

**سلاوی ئێمەی ئازا و کۆڵ نەدەر**
**پێشمەرگەی کوردین لە مەیدانی شەڕ**

دوای سلاو ناردنی دەڵێت:-

**کوردم من نەوەی سەلاحەددینم**
**برای بە وەفای عەهدی دێرینم**

**برای فیدایی نەك من هەر تەنیا**
**بۆت بە پەرۆشم وەك باوك و برا**

**هەموو ئازادی خوازانی جیهان**
**پشتیوانی تۆن وەك من بێ گومان**

**برای فیدایی قۆڵ تێك هەڵکێشین**
**تا ڕیشەی دوژمن لەبن دەرکێشین**

له کۆتاییدا دەڵێت:-

**ئەمـجا پێکەوە لە قودسـی پیرۆز**

**بەیەکتر دەڵێین جەژنمان پیرۆز**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل ٢٩٦- ٣٠١.

عـەونی لـەدنیای خـەبات و تێکۆشـاندا بـەم چەشـنە بـیری کردۆتـەوە و لـە پشـت مـافی هەموو ماف خوراواندا بووە بەبێ ئەوەی جیاوازی نەتەوە و ئاین ڕەچاو بکات.

## ٣- شیعری دڵداری:-

بە یەکێك لە بابەتە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی شیعر دادەنرێ . شـاعیران گرنگـی زۆریـان پێداوە و هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ داهێنان و شاکاری مەزنیان لێ دروست کردووە . جا بە ئەنجامی سەرکەوتن یاخود دابڕان بوو بێ کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر هەستی شـاعیران . کەواتە شیعری دڵداری (ئەو شیعرەیە دەربڕین لە هەست و سۆز دەکات کە پیاو بەئافرەت دەبەستێتەوە و وێنەی خۆشەویستی پیاوی تێدایەو وەسفی ڕوخساری ئـافرەت و ڕەوشـت و ئەو خۆشەویستییەی لە نێوانیاندا ڕوودەدات)[1].

واتە ئەم جۆرە شیعرە ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ هەسـت و دەروون و چـێژی مرۆڤـەوە هەیـە بەهـەردوو ڕەگـەزەوە . جـوانیی ئـافرەت وەکـو بابـەتێکی خۆشەویسـتی و دڵداری لـە بەرهەمی شاعیراندا دەبینرێت و لەلای نەتـەوە جیـا جیاکانـدا گرنگـی پێـدراوە . شـاعیرانی کوردیش بەهاو نرخی خۆیان داوەتێ و بەو پـەڕی هەسـتەوە مامەڵـەیان لەگەڵـدا کـردووە . شیعری دڵداری لای عەونی باڵی دووەمی شیعرەکانیەتی ئەگەر زیاتر نەبێت . هەرچەنـدە لە تەمەنی لاویدا هاوسـەرگیری کـردووە . بـەڵام دانـی بـەوە دانـاوە کـە خۆشەویسـتی و ئـەوین داری کردووە و بەئاکام نەگەیشتووە . بۆ نموونە دەڵێت:-

---

[1] شوکریە ڕەسوڵ ابراهیم ( د. ) ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، مطبعة التعلیم عالی ، أربیل ، ١٩٨٩ ، ل٨٢ .

**دڵ بەندە بەتای زوڵـفـــی نیگارێك**

**سەرم گێژە بەسەودای شەم عوزارێك**

**هوزار ئـاسا كە هۆگر بووم بە زاری**

**شـەو و ڕۆژم بەیــادی خونچە زارێك**

**نی یە هیوام بەڕزگاریـــم لەبەندت**

**كەدەرناچێ لەچنگ بازا شـــكارێك**

شاعیر لەم غەزەلەدا باس لە گیرۆدەبوونی خۆی دەكات بـەزوڵفی كچێك لـە حەسـرەتدا سەری گێژبووە . چونكە شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی ئەم شۆخەدا بووە و هیچ ئومێدێكی نەبووە كە لەدەست ئەم خۆشەویستییە رزگاری بێت . وەكو چۆن نێچیر لـە دەسـت بـازدا رزگـاری نابێت . بۆیە پەنا دەباتە بەر یارەكەی و دەڵێت:-

**عیلاجی گەر نەكا ئەم شۆخە ئیمڕۆ**

**بە (عەونی) ناكرێ دەرمان وچارێك**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٦.

- لە شیعرێكی تردا دەڵێت:-

**خۆی دەزانێ دڵ كــە پێكــاوی نیــگای چاوی ئـەوە**

**دڵ ڕەقــە ڕەحمی نی یە بــڕوا مەكەن چـــی بۆ بـكا**

**ئاشكرایە لای كە چەند خۆشم دەوێ سوودی نی یـە**

**گەر رەقیبی سەگ سیفەت سەد هێندە بەد گۆیی بكا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٠.

شاعیر ئەم نهێنیەش دەدرکێنیٚ کە دولبەر دەزانیٚ عەونی چەندەی خۆش دەویٚ . بەلاٚم دڵی ڕەقە و بیٚ بەزەییە بۆیە باوەڕ ناکات کە هیچی لەدەست بێت . بۆیە خۆشەویستیەکەی بیٚ هودەیە.

لە شیعرێکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەمێکە عاشقی کچە کوردێك بووە و دڵی لیٚ داگیر کردووە و کەوتۆتە ژێر باری خەمی و بیٚ چارەی کردووە،تەنها بزەو خەندەی سەر لێوی خۆشەویستەکەیەتی بۆتە مایەی دڵ خۆش کردنی:

**ماوەیێکە دڵ گرفتارە لەچینی پەرچەمت**
**جەژنە وەعدەی فەرمووە گیراوەکان ئازاد دەکا**

**وا لە ژێر باری خەمت دەستم لە ئەژنۆ گرتووە**
**هەر بزەی لێوی تووە تەنیا ئەمن دڵشاد دەکا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٧.

لە شیعرێکدا عەونی ئەوەندە یارەکەی خۆش دەوێت خۆی دەکات بە قوربانی برۆ ڕەش و خەندە شیرینەکەی سەر لێوی یار کە بە شەکری چواندووە:

**قوربانی دوو ئەبرۆی فیتنە گەرت بم**
**حەیرانی لەبی خەندەی شیرین شەکەرت بم**

لە دواییدا دەڵێت:

**بۆ مەحزی تەماشا وەرە ئیمرۆکە بەلەنجە**
**قوربانی قەدی شۆخ و شەدەی لاری سەرت بم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٥.

له یار دەخوازێت تەنها بۆ سەیر کردن بە لەنجەولار بڕوات بۆ لای و خۆی بە قوربانی نێو قەدە جوان وشەدە لارەکەی سەری دەکات.

له شیعرێکدا عەونی لە دووری یارەکەی بێ ئۆقرەیەو دڵە برین دارەکەی خەم و ئازار دەکێشێ و دەگری . چاوەکانی لە بری فرمێسك خوێن دەرێژێت و ڕووبارێکی هەڵبەستووە وەکو ڕووباری دیجلەو فورات:

**لەدووری تۆ دڵی زارم ئەگەر زاری نەکا چ بکا**

**لەچاوان خوێن وەکو دیجلەو فورات جاری نەکا چ بکا**

له پاشاندا دەڵێت:-

**لە گۆشەی بێ کەسی دا بێ ئومێدو بێ ئەمەل ماوە**

**لە ژین بێزارە داوای مەرگی یەکجاری نەکا چ بکا**

**ئەوەی کوشتەی نیگاهت بێ بەدەرمان ناکرێ چاری**

**لەلای تۆ گەر بەیانی دەردو ئازاری نەکا چ بکا**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٤٦.

لێرەدا شاعیر مردنی پێ خۆشترە لە ژین کاتێك کە دوولبەرەکەی لێی دوور کەوتۆتەوە خۆی بە بێ هیوا و ئومێد بڕاو دەزانێ و لەژین بێزارە ئارەزووی کۆچی دنیا دەکات . چونکە لەوە دڵنیایە ئەم ئێش و ئازارەی ئەو بەدەرمان چارەسەر ناکرێت . تەنها چارەسەرەکەی ئەوەیە لە نزیکەوە بۆ یاری بەیان بکات.کاتێك لەو عەشق و خۆشەویستیەی عەونی بەرامبەر بە دولبەرەکەی وورد دەبینەوە ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە شاعیر وەکو هەزارانی تر خۆشەویستیەکەی بێ ئاکام بووە و بە ئەنجام نەگەیشتووە . لە شیعرێکدا بێزاری خۆی دەردەبرێت و گازەندە لەدڵداری دەکات . چونکە پێی وابووە رزگار بوون لە

داوی خۆشەویستی دا زۆر گرانەو بەم شێوەیە نییە کە لە سەرەتادا بە ئاسانی تووشی دەبی و گەیشتن بە ئاکامیش بە خەون و خەیاڵ دەزانێت:

فریشتەی جوانی . شۆخی پەری ڕوو
داد لە دڵداری وای لـە دەستــی تـو

نێچیرت کردم بەنــیـگــای چــاوت
خـستـمـتـە بـەنـدی پـەرچەمی خاوت

خــۆ رزگار بوونـم یـەکجار مەحاڵە
گەیـشـــتـن بە تۆ خـەون و خـەیاڵــە

پاشـان عـەونی دڵـداری بـەدەردێکی گـران دادەنـێ . بەتایبـەتی سـەبارەت بـەخۆی کـە لەدەستی چووە و تازە چارەسەری نییە . بۆیە گەیشتن بەیار بەخەیاڵی خاو دەزانێ:

ئای لەدڵداری دەردی گــرانە
تایبەتی بۆ من کەبێ دەرمانە

ئاسمان و ڕێسمان لەمن ڕووی داوە
گەیشـتـن بـە تۆ خـەیاڵی خـاوە!!

دیوانی عەونی . چ۲ . ل۲۷۳.

لـەم شـیعرەدا شـاعیر دانـی بـەوە دانـاوە کـە لـە خۆشەویسـتیدا سـەرکەوتوو نـەبووە بـەدەردێکی گرانـی نـاو بـردووە . دڵ شـکاوی پێـوە دیـارە و لـەڕووی دەروونیشـەوە وای لێ کـردووە کـەبێزاربێ و دەسـت بـەرداری دڵـداری بێـت . بـەهۆی ئـەوەی کـە گەیشـتن بەخۆشەویستەکەی بەخەیاڵ داناوە و هیوا بڕاو بووە.

ئەوەی لە غەزەلەکانی عەونی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە زۆربەیانـدا خۆشەویستی ئافرەت و گەل و نیشتمانەکەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە و لـە یـەکتری جیـا نەکردۆتـەوە و بەردەوام خۆشەویستیی نیشتمانی لە بیردا بووە و لە دڵی دەرنەچووە . وەکو دەڵێت:-

**لە لام ئەم ڕۆژە جەژنە گیان بەخت کەم**

**لە پـێـنـاو سـەر بـەخـۆی نیشتمانم**

**ئـەگـەر بێ بـم کوژێت و لـەت لەتم کا**

**گلـەی ناکـەم لـەیـاری میهـرەبـانـم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٥٩.

لە زۆرشوێنی تردا جۆشی ئـەوینی و هەسـتی نەتەوایـەتی و نیشـتمان پـەروەری تێکـەڵ بەیەکتری دەکات و بە نـاوەڕۆکێکی تـازەوە دەیانخاتـە نـاو چـوار چێوەی شـیعری نـوێی ئـەم سەردەمەوە . لە شیعرێکی تردا بەناو نیشانی (جیهانم پشکنیوە) دەڵێت:-

**جـیـهـانـم پشکنیوە**

**نازدار جوانم زۆردیوە**

**بـەلاّم وەك تـۆ نـازەنـین**

**نەمدی لەسەر رووی زەمین**

لە دوای ئەم سـەرەتایەو دەسـت نیشـان کردنـی ئـەدگاری یارەکـەی . هـەر دوو مەسـەلەی خۆشەویسـتی نیشـتمان و خۆشەویسـتی ئـافرەت دەکاتـەوە بەیـەك و ڕوو دەکاتـە کچـە و دەڵێت:-

**کیژێ تۆم دی وام زانی**

**تۆ کچی کوردسـتانی**

**ئەگەر ئەوی بەراستی**

**رزگار دەبم لەپەستی**

لێرەوە شاعیر خۆی لەوەسف و سۆزی دڵداری لەگەڵ ئافرەت دەکێشێتەوە و دەکەوێتە بواری دەربڕینی هەست و سۆزی نیشتمانی و خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی گەلەکەی لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا . ئینجا دەڵێت:-

**مــن گــۆران و تــۆ کــرمانج**

**هەر دوو بۆ شوێن یەك ئامانج**

**هەر دەڕۆین و پێ ناگەین**

**هــەر دەڵێــن و تێ ناگەین**

**شــێوەی ئەم گفتو گۆیە**

**لاوی کورد ڕەنجەڕۆیە**

**نــە لە یــەك دەگــەین**

**نە بە یەك دەگــەین**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٨٤- ٨٦.

لە کۆتایی شیعرەکەدا هەست بەرەش بینی دەکرێت . هەرچەندە بریارێکی گشتیە . بەلاَم ناحەقیش نەبووە لە دەست ئەم هەموو دووبەرەکییەی کە لەنێو ماڵی کورد داهەبووە و هەیە.عەونی ئەم شێوازە تێکەڵ کردنەی کردۆتە بەرنامەیەکی دیاریکراو و چەسپاو لە زۆربەی شیعرە دڵداریەکانیدا.

## ٤- شیعری وەسفی (سروشت و ئافرەت):-

یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەستی شاعیران دەبزوێنێ و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دەروون و ناخی شاعیران . لەچەندین ڕووەوە پێناسەی کراوە . لای فەیلەسوفەکانی یۆنانی

بریتیه (له جیهان و گەردوون و هەموو بونـەوەرەكانی مـادی دەگرێتـەوە بەیاسـاكانیانەوە . لەوانـەش مرۆڤ)[1].

یۆنانیـەكان پێیـان وایـە سروشـت هـەموو كـەون دەگرێتـەوە بـەوەی كەتێشـی دایـە . سەبارەت بەپێناسەی ئەدەبی سروشت واپێناسە كراوە كە (ئەدەبێكە گرنگی بـە وێنـاكردنی سروشت دەدا كە دەیخاتە نەفسی مرۆڤەوە)[2].

واتە سروشت توانای بزواندنی هەستی مرۆڤی هەیە و دەتوانێ كاری تێبكات و چێژی پـێ ببەخشـێت . لـەڕووی هونـەرەوە بەگشـتی و ئـەدەب بەتایبـەتی . شـیعری وەسـف بـەم شێوەیە پێناسە كراوە: (لاسایی كردنەوە و نواندنی شتێكە بەهۆی نیشاندانی سیفەتەكانی . واتا باسكردنی شتێكە وەك خۆی كە لە چ باروو دۆخێك دایە)[3].

كەواتە دەرخستنی سروشت بـەهۆی سیفەتەكانیەوەیە كـە لاسـایی دەكرێتـەوە و بـارو دۆخەكەی بـەهۆكارێكی تـر دەردەبڕدرێت . عـەونی یەكێكە لـەو شـاعیرانەی كـە سروشـتی كوردستان و شـاری كۆیـە سـەرنجی ڕاكێشـاوە و هەسـتی داگیـر كـردووە و كاریگـەری كردۆتـە سـەری و لـە شـیعرەكانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە . لـە شـیعرێكدا بـەناو نیشـانی (وەرزی بـەهار) دەڵێت:-

ئارایشی خۆی داوە چەمەن وەرزی بەهارە
بـووكی گـوڵە ئـامـادەیـە دامـادی* هوزارە

بنوارە كە وێنەی هونەری دەستی سـروشـتــە
ئەم دەشت و كەژە گوڵ گوڵ و ڕەنگین و نیگارە

---

[1] یوسف كرم ، الطبیعة وما بعد الطبیعة ، دار المعارف ، القاهرة ، ١٩٥٩ ، ص٨ .

[2] انیس المقدسي ، الأتجاهات الأدبیة في العلم العربي الحدیث ، ط٥ ، دار العلم للملایین ، بیروت ، ١٩٧٣ ، ص٣٤٨ .

[3] شوكریە ڕەسوڵ ابراهیم ( د. ) ، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب ، مطبعة التعلیم عالی ، أربیل ، ١٩٨٩ ، ل٥٥ .

(*) دامادی : واتە زاوا .

شاعیر لەم شیعرەدا باسی سروشتی راستەقینە دەكات كە دەستی مرۆڤی تێدا نییەو باس لە یەكێك لە دیاردەكان دەكات كە بەر دەوامیان نییە ئەویش وەرزی بەهارە . پاشان لە شیعرەكەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:-

بەیبوون و بنەوشە بەجیا سونبول و سووسن
وەك پەرچەمی یارە بە رەزا وا لە نەزارە
شەونم مەیە . نێرگز قەدەحە . لالە سوراحی
دار و دەوەن و دەشت و چیا مەست و خومارەد

یوانی عەونی،چ٢ . ل٢٨٨

شاعیر باس لە جۆرەكانی گوڵ دەكات و بەپەرچەمی یاریان دەچوێنێ و چەند لێكچواندنێكی جوان دروست دەكات . پاشان باس لە ڕەگەزەكانی سروشت دەكات ئەو بەشانەی كە لەناو ناچن وەكو: چیا و دەشت . دار و دەوەن.

عەونی زۆر جوان و شاعیرانە وەسفی ئافرەتی كورد دەكات لە ڕووی جوانی و ڕەوشت بەرزی و ناسكیەوە دەڵێت:-

دەمێكە من بەهیوام لێت بپرسم
وەڵامی گەر بفەرمووی چی دەپرسم

فریشتەی یان پەری باخی بەهەشتی
جوان و شۆخ و شەنگ و پاك ڕەوشتی

لەهەڵوێست و لە ڕەوتا چەشنی ئاسك
نییە وێنەت كچۆڵەی كوردی ناسك

سوێندم خوارد بەچاوی مەست و كاڵت
بە باڵای بەرز و خونچەی لێوی ئاڵت

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٧٦.

له شیعرێکی تردا عەونی سەبارەت بە جوانی ئافرەتی کورد گفتوو گۆیەك دروست دەکات لە نێوان ڤینۆس و کچێکی جوانی فەرەنسیدا:

ڤینۆس وێنەی خۆی کێشا بەجـــوانـی
تەنیا ناوی خۆی نابوو (خوای جوانی)

ڕۆژێك بـەرێـکـەوت لـە ڕێـگـوزارێ
چاوی هەڵ ئـەنـگـوت لە نەو نیگـارێ

هێزی پێی نەما هەنـگـاو هـەڵـێـنـێ
ویـستی ڕوو بە ڕوو خۆی بۆ بنوێنـێ

پاشان دەڵێت:-

گوتی: کیژۆڵە پەپولەی بێگەرد
بژی بەشادی بێ ئازار و دەرد

بەوێنەی خونچە دەمت کردەوە
گرەوی جوانیت لە مـن بردەوە

بەلقیس و جولێت . شیرین و لەیلا
بۆ کەنیزەیت هاتنە بەر دەرگـا

سوێند بە یەزدان و زەند و ئاوێستا
نەم دیوە جوانێك وەك تۆ تا ئیستا

عەونی ئەم سوێندە لەسەر زمانی (ڤینۆس)ەوە کە بەخوای جوانی ناسراوە دەخوات کە ڕۆژێك کچێکی فەرەنسی دەبینێ و لە جوانیدا سەرسامی دەکات و دان بەوە دادەنێت کە ئەم کچە فەرەنسیە لەو جوانترە . دەست دەکات بە ئامۆژگاری و پێی دەڵێت: لەتۆش جوانتر هەیە و نەکەی وەك من بە هەڵەدابچی و خۆت بە پێشەوای جوانان بزانی . چونکە نازدارەی کوردان زۆر لە تۆ جوانترن:

**هەرچەند کە جوانترین کیژی فەرەنگی**
**کە هاوتات نی یە لە شۆخ و شەنگی**

**تۆ وەك من نەکەی لە ڕووی نەزانی**
**خۆت بەپێشەوای جوانان بزانی**

**تۆش بەرامبەر نازدارەی کوردان**
**دەبیە گولاڵەی مانگی جۆ زەردان**

لێرەوە دێتە سەر وەسفی ئافرەتی کورد چەند سیفەتێکی باشیان دەداتە پاڵ و دواتر پەنا دەباتە بەر سروشت و ئەندامەکانی لەشیان بەگوڵ و جۆرەکانی گوڵ دەچوێنێت:

**گەر گەشتێ بکەی لە کوردستانا**
**بە ناو گوڵزار و باخ و بۆستانا**

**پۆل پۆل دەبینی کیژی شۆخ و شەنگ**
**بێ لاف و گەزاف بێ هەست و بێ دەنگ**

**هەرکام یەك لەوان ناسکتر لە گوڵ**
**پەرچەم سوسن و ئەگریجە سونبول**

ئەوان جوانترین کیژی جـــیهانـــــن
بێ کل و کلدان مکـــیـــاج نـازانـــــن

گـــفتوگۆ شیرین پاك خوو و ڕەوشتن
نـــموونەی جوانی دەستی سروشــــتن

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٩٠- ٢٩٢.

لەم شیعرەدا عەونی بەراوردێك لە نێوان ڤینۆس و کچی فەرەنسی و کچی کورد دەکات لە جوانیدا . لە سەر زمانی ڤینۆس پلەی باڵای داوەتە کچی کورد و لە هەردوکیان جوانتری داناوە . واتـە ڤینـۆس (جـوان) ە . کچـی فەرەنسـی (جـوانتر) ە و نـازدارەی کـوردان (جوانترین)یانە. کەواتە شیعری وەسف کار دەکاتە سەر مرۆڤ و بایەخ بـە وەسفی شتەکانی سروشت دەدات بە هەموو ڕەگەز و دیاردەکانیـەوە . وشـەکانی وەسف کۆدەکاتـەوە و وێنـەی هونەریان لێ دروست دەکات.

## ٥- شیعری مەینۆشی:-

لە ئەدەبی کوردی دا مـەی نۆشی وەك دیاردەیـەك بـاو بـووە بەتایبـەتی لای شاعیرانی کلاسیك کە هەریەکەیان بەشێوەی ڕەمز یان ڕاستەوخۆ جام و پیاڵەی مەی لە دەستی ساقی وەرگرتووە و بۆ ئـەو مەبەسـتەی بـردووە کـە ویستوویەتی سـۆز و خۆشەویستی خـۆی پـێ دەربـبڕێـت . جـا خۆشەویستی خواناسـین (حـەقیقی) بێـت یـاخود خۆشەویسـتی ئـافرەت (مەجازی) بێ . بەم شێوەیە شیعری مەینۆشی لەشیعری کلاسیکدا مەبەست و ئامانجێکی لە پشـتەوە بـووە . شـاعیرانمان هـەر لـە بابـا تـاهیری هەمەدانیـەوە تـاکو مـەلای جزیـری و ئەحمـەدی خـانی و... تـاد . بـەپێی مەبەسـت و بۆچـوونیان لـەم بابەتـە شـیعریەیان هۆنیوەتەوە . (شیعری مەی نۆشی یەکێکە لە مەبەستەکانی شیعری ویژدانی . شاعیران بۆ

مەبەستی جیا جیا هەست و نەست و سۆزیان دەر ئەبڕن . ئەم شیعرە لە خولیای خودی شاعیر دا دروست دەبێت)[1].

کەواتە شیعری مەینۆشی وا بەستەی خۆشەویستییە بە هەردوو جۆرەکەیەوە. عەونی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعری مەینۆشیی هۆنیوەتەوە و مەرام و مەبەستەکانی خۆی پێ دەربڕیووە . لەچوارینەیەك دا داوا لە ساقی دەکات پیاڵەیەکی مەی بداتێ بۆ ئەوەی دڵی لە غەم و مەینەت رزگار بێت و لەشین دەربچێ و شاد بێت:

ساقی پیاڵە بۆ دڵەی غەمگین
بەڵکو شاد دەبێ دەردەچێ لە شین
دەنگی گریانی بەجێ خۆشترە
نەك لەجێ نەبێ قاقای پێکەنین !

دیوانی عەونی،چ۲ . ل۴۰۲.

لەدێرە شیعرێکی تاك دا عەونی دان بەوە دادەنێ کە هۆگری شەراب بووە لەبەر خۆشەویستیی دولبەرەکەی و بەڵێن دەدا ئەگەر چاوی یار نەتوانێ مەستی بکات ئەوە واز لە وێسکی و شەڕاب دەهێنێ:

ئەگەر دولبەر بەچاوی مەستی خۆی نا توانێ من مەست کا
بەڵێن بێ تاکو ماوم هۆگری وێسکی و شەڕاب نابم

دیوانی عەونی . چ۲ . ل۴۵۷.

لە شیعرێکیدا شاعیر بەناو نیشانی (مەی گێڕ) داوا دەکات لە مەی گێڕ فەرامۆشی نەکات . چونکە لەمێژە پەست و غەمناکە دەیەوێ بۆ چەند ساتێك خۆی مەست بکات تەنیا خەمەکەی لەبیر بکات نەك سەرخۆش بێ و زیان بەکەسانی تر بگەیەنێ:

---

[1] شوکریە رسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل۷۰ .

مەی گێڕ بە چاوی مەست و شەڕ فـــــرۆش
لـە کـۆڕی بـەزمـت نــەم کـــەی فـەرامۆش

دەمـــێـکـە پـــەستی دەستی ڕۆژگـــــارم
مـــات و سەر سامی جەرخی بـــەد کـــــارم!

دەمـــەوێ ساتـێ دووربـــم لـە پـــەســـتـــی
کـات ڕابـوێـرم بـەشـادی و مــــەســتـــی

هێنـدەش مەست نەبم کە پێی سـەرخـــۆش بم
نــەك بۆ کـەسێکی دی شـــــەڕ فرۆش بـــم !!

پاشان شاعیر بەخواردنەوەی پێکێك هەموو شت لە بیر دەکات و دەچێتە خەیاڵەوە . ئینجا دەست بە گۆرانی گووتن بکات و مەی گێریش شەڕابی پێ بدات:

بـنۆشم جامی مەی ڕەنگ ئەرخەوان
ئاشنا دەبین بەیەك بــێ گـــومـــان

گـــۆرانی بێژی بە ئـــاوازی چـــەنگ
مەی گێڕ ببەخشێ پیاڵەی گوڵ ڕەنگ

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٧٤.

لە شیعرێکی تردا شاعیر تکا لە مەی گێر دەکات خۆشی و شادی لێ بەهەدەر نەدات و هەرچی خەم و مەینەتی کۆن و نوێی هەیە لە شەوێکدا هەمووی لە بیر بەرێتەوە . چونکە ئارەزووی لە مەی خواردنەوە و مۆسیقایە:

**تکا کارم لەتۆ مـــەی گێڕ نەکەی شادیم بە بەر بادەی**

**خەمی ئێستاو لەمەو پێشم دەبێ ئەو شۆکە بەربادەی**

**کە من دڵخـــوازی بادەو ئارەزووی ئاوازی شمشاڵم**

**پیاڵەی پڕ لە مەی هێنا گوتم:بۆچی لەنەی نادەی**

لە کۆتاییدا دەڵێت:

**ئــەمن مــەیخانە و ســاقــی . بــەشــێخ و خانەقا نادەم**

**گوتی (عەونی) هەتا ماوی نەکەی لەم ڕێگە قــەت لادەی**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٢٥٩.

لە چوارینێکی تردا داوا لە ساقی دەکات شەڕابی بـۆ بهێنـێ . چونکە ژیـان کورتـە و زووو کۆتایی دێت هەتا لە دەستی نەچووە لە خـەمی دنیـا و ژینـی ژێـر دەسـتی بـا خـۆی مەسـت بکات و شەڕاب بنۆشێت:

**ســاقــــی پیـــاڵە تا خۆم بــکەم مەست**

**چـەنــد ڕۆژێــك ژینە با نەڕوا لە دەســـت**

**چــەرخی ستەمکار نەی بەخشی بـەکەس**

**دڵــێـکـی بـێ خـــەم . ژینێکی سەربەست**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٤٠٢.

## ٦- شیعری شانازی (فخر):-

شیعری شانازی یەکێکە لـە بابەتـە گرنگـەکانی نـاوەڕۆکی شـیعری . شـاعیران بایـەخێکی تەواویان بەم لایەنە داوە بەتایبەتی لای شاعیرە کلاسیکیەکان . (شانازی هونەرێکی شـیعری گۆرانیەو شاعیر شانازی بەخۆی یان بەکار و سیفەتە چاکەکانی خێڵەکـەی یـان نەتەوەکـەی

یاخود سەرکردە و قارەمانانی گەلەکەی دەکات)[1]. شاعیر لەم جۆرە شیعرەدا شانازی بەخۆی یان سەرکردە و ڕۆڵە قارەمانەکانی هۆز و نەتەوەکەی دەکات و دەتوانێت لەناو خەڵکدا خۆشەویستیان بکات . ئەمەش دووجۆر شانازی لەخۆ دەگرێت:-(شانازی تاکە کەسی و شانازی کردن بەنەتەوە).

ابن الرشيق پێناسەی شانازی کردووە و دەڵێت:-(شانازی کردن هەر ستایشە . بەلام شاعیر شیعرەکە بۆخۆی و نەتەوەکەی تەرخان دەکات . وەهەرچی بۆستایش باشە بۆ شانازیش باشە . وەهەرچی لە ستایشا پێڕەوی بکرێ لە شانازیشدا دەشێ پێڕەوی بکرێ)[2].

واتە جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ستایش و شانازیدا نیە تەنیا لەجیاکردنەوەیان نەبێ . شاعیرانمان هەر لە کۆنەوە ئەم بابەتەیان بە کارهێناوە لە شاعیرە میللیەکانی وەکو فەقێ تەیران و عەلی بەردەشانی تاکو دەگاتە شاعیرانی سەردەمی نالی و دوای ئەویش واتە شاعیرانی کلاسیك ئەم بابەتەیان هەڵبواردووە و شیعریان لەسەر هۆنیوەتەوە... . عەونی وەکو شاعیرێکی سەردەمی خۆی لەم بابەتە شیعری هۆنیوەتەوە . بەلام زۆر بەکەمی تەنانەت ئەوەی لەبەردەستماندایە تەنیا دێرە شیعرێکە کە شانازی بەخۆیەوە دەکات و دەڵێت:-

دەفتەری ئەشعاری من تەعنە لە حافز دەدا
تەعنە لە حافز دەدا دەفتەری ئەشعاری من

دیوانی عەونی . چ٢،ل١٦٦.

لەم دێرە شیعرەدا عەونی شانازی بەشیعرەکانی خۆیەوە دەکات و ئەوەندە بەرزە لەلای کەتانەو تەشەر لە شیعری حافزی شیرازی دەدات و لە شیعری ئەو زۆر بە باشتریان دەزانێت.

---

[1] شوکریە رسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل٣٠ .
[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠ .

### ٧- شیعری ستایش (مدح):-

ستایش مەبەستێکی تری شیعریە شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر ئەم هونەرە شیعری زۆریان هۆنیوەتەوە . دوور لە زێدە ڕۆیی و سوود وپلەو پایە ستایشی کەسانی دلسۆز و ناوداری گەلەکەیان کردووە لەچین و پێگەجیاوازەکاندا . ئەمەش دەچێتە خانەی ستایشی پاك و بێ گەردەوە . تاکو ئێستا شاعیرێکی دیاریکراومان نییە کە بۆ پلە و پارە شیعری هۆنیبێتەوە بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیك . (ستایش بەشێکە لەشیعری گۆرانی یا ویژدانی و بریتی یە لە دەرخستنی گشت ئاکامە جوان و سەرنج ڕاکێشەرەکان لە کەسێکدا و ستایش کردنی)[1].

واتە شیعری ستایش خستنە ڕوو و دەرخستنی هەموو خووڕەوشتێکی باش و کارو کردەوەیەکی جوامێرانە یە بە مەبەستی رێزگرتن و دەربڕینی خۆشەویستی . یاخود بۆ مەبەستی سوود و پلە و پایە و خۆنزیك کردنەوەیە. عەونی شیعری ستایشی هۆنیوەتەوە بە مەبەستی دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی دوور لە هەموو مەبەستێکی تر . بۆنموونە لەشیعرێکیدا کە لەبنەرەتدا غەزەلێکی مامەند کەرکوکییە عەونی کردوویەتی بە پێنج خشتەکی . ناوەڕۆکی ئەم شیعرە ئەوە دەسەلمێنێ کە عەونی بەوپەڕی سۆز و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەی بەدرخانیەکانی هۆنیویەتیەوە . ئەو هەستە پڕ سۆزە نەتەوەییەی عەونی دەردەخات کە چەند لەناخەوە دەری بڕیوە و ستایشی میر جەلادەت بەگ دەکات و کار و کردەوەکانی کە بۆ خزمەتکردنی گەلی کورد دڵسۆزانە رای پەڕاندووە بەرز دەی نرخێنێ و دەڵێت:-

هەر ئێوەن خانەدانی موڵك و میللەت میرجەلادەت بـــــەگ
هەرئێوەن فەخری کورد . ساحێبی غیرەت میرجەلادەت بەگ
لەپاش ئەو هەرئە تۆی ئەرکانی دەوڵەت میرجەلادەت بــەگ
ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میرجەلادەت بــەگ
نەوەی شێری جەزیرەو قارەمـانی موڵـــــکـــی بـۆتـــــی

---

[1] -سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٤ .

* * *

**لەدونیادا هەرئێوەن ناوتان لاییق بـــەتـــەسـجـــیـلـــە**

**تەمەنای سەربەخۆیی میللەتی کوردت بـــەتـــەعـجـیـلـە**

**لەسایەی لوتفی ئێوە میحنەت و شادی کـــەتـــەبـدیـلـــە**

**بەراستی خانەدانتان لایقی تەعزیم و تـــەبـجـیـلـــە**

**لەسەر کورد لازمە دایم بکا عـەرزی پـەنـا خـــوانـــی**

لەم دوو کۆپلەیەی سەرەوەدا شاعیر ستایشێکی پڕ بەپێستی بۆ میر جەلادەت بەگ و خانەوادەکەی کردووە . لە راستیدا ئەم بنەماڵە بە ئەمەکە کورد پەروەرە . مێژوو گەواهی ئەوەیان بۆ دەدات کە شیاوی رێز و خۆشەویستیی هەموو کوردن بەو خزمەتە جوامێرانەی کە بەگەل و ئەدەبی ئەم گەلە ستەم دیدەیەیان کردووە . لەکۆتاییدا شاعیر لەخوا دەپارێتەوە کە بیان پارێزێ و کامەران و سەرفرازیان کات لەدونیادا:

**ئەوەی دوژمن بە کوردانە هیلاکی ژەهری ماریان کەی**

**خودا ئەو قەومە نازدارە کە حیفزی چاوەزاریان کەی**

**لەدنیا شادو خەندان و بڵند و بەخـتـیـاریـان کـەی**

**خودایە کامەران و سەرفرازو پایـــەداریـــان کـەی**

**نەوەی شێرانی کوردان یەعنی خێزانـــی بـــەدرخانی**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٥٢-٥٧.

**٨- شیعری داشۆرین (هجو):-**

ئەم جۆرە شیعرە لە ناوەرۆکی شیعری هەندێ لە شاعیرانی کورد دا بەرچاو دەکەوێت و شیخ ڕەزای تاڵەبانی بەپێشەنگی ئەم مەبەستە شیعریە دادەنرێت . ئەم جۆرە شیعرە بەهۆی هەندێ دیاردەوە دروست دەبێ کە شاعیران بەرامبەری ناتوانن بێدەنگ بن . (شیعری داشۆرین ئەو شیعرەیە کە خەوشەکانی ئەو کەسە دەژمێردرێ و پیشانیان دەدات

که شیعرەکەی ئاراستە دەکرێ . ئەمەش لەئەنجامی سۆزی ڕق و کینە لای شاعیر لە دایک دەبێت)[1].

واتە شیعری داشۆرین لە کاردانەوەی کاری بەد و کەم و کوڕیەوە دێتە کایەوە . عەونی شیعری داشۆرینی زۆر کەمەو ژمارەیان لەپەنجەی یەك دەست کەمترە . هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرە لە دیوانەکەیدا بەرچاو ناکەوێت . لە ئاکامی بەدوا داچونمان توانیمان چەند دێرێك لەم جۆرە شیعرە مان دەست بکەوێت . بۆنموونە:-

تف لەوانەی نانیان هەیە
مەیلی بەدو دوونان دەکەن

تف لەوانەی خوانیان هەیە
خولیای خەمی خانان دەکەن

تف لە نامەرد تف لە ناکەس
تف لەوانەی کورد لێك دەکەن

هەر کەسێ دڵسۆزی کورد بێ
میللەتەکەی خۆی خۆش بووێ

تف لە رەفتارو رەوشتی
.......... و........ دەکەن[*]

---

[1] - شوکریە ڕەسوڵ ابراهیم ( د. ) ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل٤٦ .

( [*] ) چاوپێکەوتن لەگەڵ وریا عەونی،رێکەوتی٨- ٦ – ٢٠١٣ .

شاعیر سەر زەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە خیانەت لەگەل و ولآت دەکەن و دەبنە هۆی تێکدانی ریزەکانی گەلی کورد . لە شیعرێکی تردا کە تەنها یەك دێڕمان دەست کەوت . وەلآمی یەکێك لە شاعیرانی شاری کۆیە دەداتەوە بەم شێوەیە:-
شاعیری یەکەم دەلێت:

**ئەهلی مەکتەب قون چەورکەن**
**وەخـــــتی گـاندان هاتەوە**

عەونی دەلێت:-

**ئەهلی مەکتەب کیر چەورکەن**
**....قـوندەر هـــــــاتەوە*** 

عەونی لەسەر هەمان کێش و سەروا وەلآمی دەداتەوە . بەلآم دێرەکانی تر فەوتاون.

## ٩- شیعری کۆمەلآیەتی:-

ئەم شیعرە بابەتە کۆمەلآیەتییەکان دەگرێتەخۆ و تایبەتە بە ژیانی کۆمەلگاوە لە بوارە جیاجیاکاندا . شاعیران هەولیان داوە لە رێگەی شیعرەکانیانەوە کۆمەلگا هۆشیار بکەنەوە و ئاستی رۆشنبیرییان بەرزبکەنەوە . بۆ ئەوەی لەم دەرد و داب و نەریتە چەوت و بێ بنەمایانە رزگاریان بێت،(شیعری کۆمەلآیەتی ئەو شیعرەیە کە گیروگرفتی کۆمەلآیەتی و دەردەکانی کۆمەڵ لە هەژاری و نەزانی و نەخوێندەواری و نەخۆشی و لایەنە چەوتەکانی کۆمەڵ دەخاتە ڕوو)[1].

---

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر عەونی کوڕی شاعیر ، رێکەوتی ٩- ٦ – ٢٠١٣

[1] - شوکریە ڕەسوڵ ابراهیم ( د. ) ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل٨٢ .

واتە شیعری کۆمەڵایەتی هەم دەردی تێدایە و هەم دەرمانیش . کەم و کوڕییەکان دەردەخاو خەڵکیشی لێ ئاگادار دەکاتەوە . کە هەڵەیەو ڕاستیەکەی بەم شێوەیە و پێویستە بیزانن . (سەرچاوەی شیعری کۆمەڵایەتی خودی کۆمەڵگا خۆیەتی . چونکە هیچ شیعرێکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵ دەرناچێت . وەك چۆن تاکە کانیش تێکەڵاوی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە دەبن)[1].

واتە کۆمەڵگا سەرچاوەی ئەم جۆرە شیعرەیە . چونکە گیروگرفتەکان لە ناو کۆمەڵ دا سەر هەڵدەدات و تاکەکانیش وابەستەی کۆمەڵگان . شاعیرانی کورد زۆربەیان دەردەکانی کۆمەڵی کوردەواریان لە شیعرەکانیاندا باس کردووە و سەر زەنشتی ئەم گیروگرفتانەیان کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دوور بخەنەوە لەم پەتا کوشندەیە جا هەرچی بێت . عەونی لەم بوارەوە قەڵەمی خستۆتە کار و دەڵێت:-

**بەرەنجی خۆت پەیاکە نانە جۆیێ**
**گەلێ خۆشترە لەچێشت و نانی دونان**
**لەکوخێ گەر بژی ئازاد و سەربەست**
**مەچۆرە کۆشکی نامەرد بۆ پشوودان**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٠.

لێرەدا مەبەستەکەی شاعیر ڕوونە کە خەڵك هاندەدات بەرەنجی شانی خۆیان نان پەیدا بکەن نەك چاویان لە دەستی ئەم و ئەو بێت و لە کەلاوەی خۆیدا بژیت بەبێ مننەتی نەك بۆ ساتێکیش ڕوو لە کۆشك و سەرای کەسانی ناکەس و کەم بکەن.

لە شیعرێکی تردا بەناو نیشانی (مامەی لادێی) دەڵێت:-

**ڕۆژێك بەیانی بەر لەخۆر هـــــەڵات**
**مامەلادێیی ڕوو بەرە و شارهـــــــات**

---

[1] عربية توفيق لازم ، حركة التطوير و التجديد في الشعر العراقي الحديث ، مطبعة الأيمان ، بغداد ، ١٩٧١ ، ص١٧٤ .

کەم هێزووماندوو کفت و شەکەت بوو
سەرو ڕیشی بەتۆز دڵ پڕ خەفەت بوو

دوای ئەم وەسفە دەڵێت:-

بۆچ وابە پەلە . وابێ ئـــــارامی
هەر بۆ زیارەت زاتی کـــــیرامـــی

کوڕم نەخۆشە هاتووم بۆ نـــووشتە
بۆ هەموو دەردێك دەرمانی گـــشتە

دوعای یەك بەیەك وەك پەنسلینــــە
دەرمانی هـەمـوو دەرد و بـریـنــــە

پێم گووت: مامەگیان toوبەشقی خودا
کەی بۆتـە دەرمان کـشـتەك و دوعا

کـــــوڕەکـەت بـەرە بـۆ نەخۆشخانــە
هەموو پزیشکە و پــڕ لـــە دەرمـــانــە
بۆخۆی نەخۆش بێ شیخی جادووکەر
بـۆ نـەخـۆشـخـانـە ڕادەکا یـەکسـەر

لە کۆتاییدا دەڵێت:-

مـامـە کـەبـیـنـی لە نەخـۆشخانە
شێخیش موحتاجی دەواو دەرمانە
گوتی: سەد لەعنەت لەو شێخ و پیرە
لــە پـەنـای دیـنـدا پـیـشـەی تەزویرە

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٢٥- ٣٢٧

شاعیر لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ مامەی لادێیی ئاماژە بەو دەردە کۆمەلآیەتیە دەکات لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهۆی شێخەکانەوە بوو بووە دیاردەیەکی دیاری ناو کۆمەڵگا . ئێمە نوکوڵی لە دوعاکردن ناکەیەن . بەڵام دوعا بەس تایبەت نییە بە شێخ و مەلاکان بۆ هەموو کەس وەکو یەکە . بەڵام ئەوان لە پەنای دینەوە خەریکی بازرگانی کردن بوون بەدوعا . هەر چەندە تارادەیەکی کەم ئیستاش هەرماوە . بەڵام وەکو جارانیش نییە.

## ١٠- شیعری پەند و ئامۆژگاری:-

ئەم شیعرەش بەپێی سەردەم و ڕووداوەکان لەناو بەرهەمی شاعیراندا جیٚ پێی خۆی کردۆتەوە و گرنگی پێدراوە . شاعیران وەکو ڕێگایەك بۆ ئامۆژگاری کردن و هۆشیار کردنەوەی ڕۆڵەکانی گەل بەکاریان هێناوە بۆ هەموو مەبەستێکی گرنگ و هەستیار . بەجۆرێك خستۆیانەتە ڕوو کە وەك ڕێنیشاندەر و خاوەن ئەزموونێك لە ژیان بە ئەرکی خۆیان زانیووە بۆئەوەی ڕۆڵەکانیان نەکەونە سەر ڕێگای چەوت و چەوێڵ و ڕێنوێنیان بکەن بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە بەسەریان هاتووە یاخود بینیوویانە کە بۆ ئەوان ببێتە بەر چاو ڕوونی و لەژیاندا سوودی لیٚ وەربگرن . شاعیرانمان پەندێکی زۆریان خستۆتە ناو شیعرەکانیانەوە بەمەبەستی پشت ئەستوور بوون و دارشتنەوەیان لە بەرگێکی تردا تەنیا بۆ سوود وەرگرتن و بەبیر هێنانەوەیان . چونکە هەر یەکێك لەو پەند و ئامۆژگاریانە زادەی ڕووداو و بەسەر هاتی راستەقینەو دڵ تەزێنن . لەبیرێکی بەرز و فراوانەوە هەڵقولاوە و دەماو دەم بۆمان ماوەتەوە . (پەندی پێشینان بریتی یە لەبەرهەمێکی زۆرکۆنی خەڵك و ڕستەو ووتەیەکی کورتەو مانایەکی فراوان و قووڵی تێدایە . یاخود پەندی پێشینان کۆمەڵە ووتارو ئامۆژگاریەکی کاریگەر و ڕێك و پێك و پڕشنگ دارو بەنرخە لەباو باپیرانمانەوە پێش چەندە ها ساڵ بۆمان ماوەتەوە)[1].

---

[1] شوکریە رسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل١٧٥ .

عـەونی ئـەم جـۆرە شـیعرەی هۆنیوەتـەوە بـەهۆی ئـەوەی هەمیشـە لـەبیری گـەل و نەتەوەکـەی دا بـووە . بەهـەموو شێوەیەك هـەوڵی داوە خزمـەتی نەتەوەکـەی خـۆی بکات بەهەر جۆرێك کەپێویست بێت،لە شـیعرێکیدا عـەونی ئامۆژگـاریی لاوان دەکات بـەوەی کـە گوێڕایـەڵیی کەسـانی چـاك و بـە ئـەزموون بـن و هەمیشـە قسـەکانیان گرنگـی پـێ بـدەن . چونکە لەژیان دا ئیشیان پێ دەبێت لەکاتی خۆشی و ناخۆشی دا بە کەلکیان دێت:

گوێ بگرە ئەی لاوی ژیر
پەند و ئامـۆژگاری پیر

وەك زێـر بـیخـە گیرفانت
بـۆ ڕۆژی لـێ قـەومـانـت

ڕووداوی ســات و کـاتە
دەسکەوتی بەسەر هاتە !

لــە ڕۆژانـی پێویستی
بۆ ژین و تەندروستی
لە پێناو خۆشی و شادی
بۆ سەر بەرزی و ئازادی

ڕۆژان ڕۆژی لــەدوایــە
بۆت دەبێتە سەرمایـــە

لـە بیـرت بـێ هەمیشـە
بۆ خۆت بیکە بە پیشـــە!

له کۆتاییدا دەڵێت:-

**هـەموو ئامۆژگاری پـــیر**

**بـۆ تۆیە ئەی لاوی ژیـــر**

**باگـەلت سـەر فراز بـێ**

**جێگای هـیواو نیاز بـــێ !!**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٣٢- ٢٣٤.

مەبەستی شاعیر دیارە کە ڕوو لە لاوانـی گـەل دەکات بـۆ ئـەوەی لـە قسـەی پێشینان و ئامۆژگاری گەورەکان لانەدەن و لە لایان بە قەدر بێت . چونکە ئـەم ئامۆژگاریانـە لـەڕۆژی پێویسـتیدا دەبێـت بەسـەرمایەو ڕێگـای تاریکیـان بـۆ ڕۆشـن دەکاتـەوە و لـە تەنگـەژەو نـا ڕەحەتیدا سوودی لێ دەبینن.

لە چوارینەیەکدا شاعیر ئامۆژگاریی ئەوەمان دەکات کە بـۆ هـەردوو دنیـا هـەوڵ بـدەین هیچ کامێکیان فەرامۆش نەکەین . چونکە ئەگـەر پڕچـەك نـەبین لـە دونیـاو لـە قیامەتـدا ئەوا ژیان جێگەی پەرۆشیە:

**دەمێك بۆخۆت دەمێك بۆ خوا بکـۆشـــە**

**کە هەر دوو دەم وەکو یەك بۆ تۆ خۆشە**

**لە هەر دوولاوە ئەگەر نا بەهرەمەند بی**

**بەبێ هودە ژیان جێگەی پـەرۆشـــــە**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٣٩٩.

لەسەر بەرنامەی پێشوو لەچوارینەیەکی تردا دەڵێت:-

**بەهیوای گەر لەژین دا بەخـــتەوەر بی**

**لەگوێت بگرە کوڕی لاو . پەندی پیران**

**گەرەکتە سود مەند و بـــێ زەرەر بی**

**بکە پەیڕەو ڕەوشتی چـــاك و پیران**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٠.

لێرە دا شاعیر جەخت لەسەر گوێڕایەڵیی ئامۆژگاریی کەسانی بەئەزموون و دنیادیتە دەکاتەوە بۆ لاوان . ئەگەر بیانەوێ بەختەوەر و ڕەوشت بەرز بن دەبێ پێڕەوی کەسانی چاك و لە خۆ گەورەتر بکەن.

## ١١- شیعری بۆنەکان (مناسبە):-

ئەدەبی کوردی لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بەشداریەکی کاریگەری لە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا کردووە . چەندین بۆنەی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەیە کە شاعیران پێشەنگ بوونە ڕۆڵی خۆیان تێدا گێڕاوە . عەونی وەکو شاعیرێکی چالاك و کەسێکی نیشتمان پەروەر و سیاسیەکی لە خۆ بوردوو ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە لەم بۆنە و مناسەباتانەدا بە تایبەتی لە شاری کۆیە . چ وەك ڕێکخەر و سەرپەرشتی کردنی ئەو چالاکی و بۆنانە چ وەك شاعیرێك بەشداریی کردووە . بۆ زۆر لە بۆنەکان شیعری هۆنیوەتەوە . بۆ نموونەلە شیعری(نامەیك بۆ بارزان) دا دەڵێت:-

**ئەی سروەی شەماڵ کزەی بەر بەیان**
**فیدات بم هەڵسە بڕۆ بێ وچان**
**نامەی گوشادی کورد و کوردستان**
**هەڵگرە بیبە بۆ شاخی بارزان**

**بڵێ مژدەبێ ئەی کێوی سەر بەرز**
**دێتەوە ولات شێرانی نەبەز**
**ڕۆڵەی ئازادین هاوڕێی دڵسۆزن**
**خەمخۆری گەل و خاکی پیرۆزن**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٤٨.

عەونی ئەم شیعرەی بە بۆنەی گەڕانەوەی (مەلا مستەفا بارزانی) لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق لە بەرواری ٦- ١٠- ١٩٨٥ نووسیوە.

له شیعرێكی تردا به بۆنەی (نەورۆزی ساڵی تازە) وە دەڵێت:-

**نەورۆزی ساڵی تازە جەژنی بەهارە ئیـــمڕۆ**
**دەنگی بلوێر لەدێ یە یان نەی لە شارە ئیمرۆ**

پاشان دەڵێت:-

**پۆل پۆلی کیژ و لاوە . لەو دەشتە تێکـەڵاوە**
**هەر زەردو سەوز و ئاڵە بۆسەو كەنارە ئیمڕۆ**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٨٧.

له ساڵی ١٩٤٣ دا به بۆنەی هاتنی باوەڕپێكراوی (یانەی سەركەوتنی كوردان) كە لەسـاڵی ١٩٣٠ دامەزرابوو لەلایەن (معروف بەگ جیـاووك) . كۆمـەڵێكی زانسـتی و پـەروەردەیی بـوو دوور لە سیاسەت . بۆ ئەم مەبەستە باوەڕ پێكراوەكەی هاتۆتە كۆیە بۆ پیتاك كۆكردنەوە و لـە لایـەن چـەند كەسایەتیەكی حكومی و نـاوداری شـاری كۆیـەوە پێشـوازی لێكـراوە . لـە كۆڕێكدا دووای بەخێر هاتنیان بەم بۆنەیەوە عەونی ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە:

**ئەی برادەران یانەی سەركەوتـــن**
**میللەت دەخاتە رێگەی پێشكەوتن**

**فـائـیـدەی زۆرە یـانـە بـۆ مـیللەت**
**گەل رزگار ئەكا لە جەورو میحنەت**

لە دواییدا دەڵێت:-

**قەت دوانەكەوی تۆ لە پێشكەوتن**
**دامەزرێنەری یانەی ســـەركەوتن**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٥٥٣- ٥٥٤.

له شیعرێكی تردا بەناو نیشانی (ئەی شەهیدان) دەڵێت:-

**ئەی شەهیدانی ڕێگای نیشـــتمان**
**خۆتان بەخت كرد كران بەقوربان**
**لەڕێی ئازادی و سەربەستی ژیـــان**
**له بیر ناچنەوە بەدرێژی زەمــــان**
**مێژوو دەنووسێ یەك یەك ناوتـــان**

له كۆتاییدا دەڵێت:-

**كوردە دەیەوێ خوێنی شەهیدان**
**كێ بوو موسەبیب بخرێتە زیندان**
**مەحكەمەی بكا میللەت لە مەیدان**
**حوكم جاری بێت بۆ وان بەخنكان**
**بـمـرێ دوژمـنـی گـەل و نیشـتـمـان**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١١٨- ١٢٠

عەونی ئەم شیعرەی بەبۆنەی ڕاپەڕینەكەی گەلی عێراق لە كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ز دا ناسراو بە (وثبة كانون) دژی كار بەدەستانی كۆنـە پەرست و پـەیمانی (پۆرتسمۆث) بـۆ شەهیدان داناوە . لـە چلەی شـەهیدان لـە مزگـەوتی گـەورە و دێـری دیانـان و كەنیشـتێ ی جوولـەكان لـە كۆیـە خوێندوویەتیـەوە . شـاعیر یـەكێك بـووە لەخوتبـە خوێنـانی كـۆر و كۆبوونەوە جەماوەریەكان و لەم ڕاپەڕینە دا بەشداری كردووە.

## ١٢- شیعری شیوەن یان لاواندنەوە:-

شیعری شیوەن مێژوویەكی كۆنی هەیە . شاعیران گرنگیان پێداوە لەكاتی لە دەست دان و كۆچكردنی خۆشەویستانیان لە دنیادا لەوانە: مەولـەوی . نـالی . كـوردی . گـۆران . دیـلان .... تاد كە ئەو پەڕی هەست و سۆزیان لـە لاواندنـەوەكانیانـدا بـەكار هێنـاوە . ئەمـەش لـە كانگای سۆزو وەفاوە دەردەچێت بۆ كەسی خوا لێخۆش بـوو . (لاواندنـەوە یـاخود شـیوەن

هونەرێکە شاعیر دەربڕین لە سۆزی بەرامبەر بە مردوو دەکات بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتەکانی دەژمێرێ)[1].

واتە شیعری لاواندنەوە بۆکەسێکی نزیك یا خۆشەویستە کە کۆچی دنیا دەکات بە باس کردنی سیفەتێك یان چەند سیفەتێکی باش لەم کەسەدا شاعیر بە هۆنراوە شیوەنی بۆ دەگێرێت و سۆز و خۆشەویستی خۆی تێدا دەردەخات . قودامەی کوڕی جەعفەر لاوانەوەی دیاری کردووە و دەڵێت:-

(هیچ جیاوازیەك لە نێوان ستایش و لاوانەوەدا نییە تەنیا لە درکاندن نەبێ کە هەندێ وشە و زاراوە هەن مانای ستایش دەبەخشن و هەندێکی تری تایبەتیش واتای لاوانەوە دەبەخشێ)[2].

لاوانەوە بە هەردوو جۆرەکەیەوە تایبەتە بە مردوو . شیعری لاواندنەوە دەکرێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە :-

١- (لاواندنەوەی تایبەتی کەسی نزیك مردووەکە دەگرێتەوە . وەك: دایك . باوك . منداڵ . خوشك و برا . هاورێ . خزم و کەس و کاری خۆی.

٢- لاواندنەوەی گشتی بۆ ناو داران و ناسیاوانە)[3].

عەونی چەند شیعرێکی لاواندنەوەی هۆنیوەتەوە و لە شیعرێکدا بەناو نیشانی(شین بۆ پێشەوا) دا دەڵێت:-

**لە سی مارتی چل و حـــــەوتـــــا**
**لەچەپ گەردی چەرخی چەوتـــــا**

**لـــــە مەهاباد لە چوار چـــــرا**
**داری بـێـــدادی هـــەڵـــکـــــرا**

---

[1] شوکریە ڕەسوڵ ابراهیم ( د. ) ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل٦١ .

[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٣ .

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢ .

**ئەو دارەی پێش نیوەی شـــــەوا**

**وەسـتـا لـە ژێــریـا پـێــشــــەوا**

پاشان دەڵێت:-

**شــــەوێکی پڕ تاسەو خەم بــوو**

**لە کــوردســتــانـا مـاتـەم بــوو**

**شین بوو ڕۆ ڕۆ بوو فەریاد بــوو**

**بــۆ پــێــشــەوای مـەهاباد بــوو**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٩٣.

بەچەند ڕۆژێك دووای لە سێدارە دانی (قازی محەمەد) و هاوڕێکانی لـە گۆڕەپـانی چـوار چرا لە مەهاباد عەونی ئەم شیوەنەی بۆ هۆنیوەتەوە.

لـە شـیعرێکی تـردا عـەونی شـیوەن بـۆ (ئیـدریس مـەلا مسـتەفا بـارزانی) دەکـات دوای بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کردنی،دەڵێت:-

**گوێم لەڕادیۆ گرت بوو تاهەست بکەم دەنگێکی خۆش**

**خستیە بەر گوێم کت و پڕ دەنگێکی پڕ سۆز و پەرۆش**

**دەنگی مەرگی خـۆشـەویـسـتـێکە لـە بـیـر نـاچـێـتـەوە**

**هەر کە بیستم هێنده دڵگیر بووم نەما لام هەست و هۆش**

پاشان دەڵێت:-

**ڕۆژی سی و ئێکی کانوون "نۆسەد و هەشتاو حـــەوت**

**هەر کە بیستم ڕاچەنیم لەرزیم و کەوتم چووم لەهۆش**

**ڕێم ببێ دەستە گوڵێك بەستم لە بۆ سەر گۆڕەکەی**

**پێ ی بـڵـێـم تۆ نامری ناوت دەژی ژینێکی خۆش**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٨٣.

ئەم دوو شیعرەی سەرەوە دەچنە خانەی شیعری لاواندنـەوەی گشـتی . چـونکە هـەردوو لاواندنەوەکە بۆ کەسانی ناودارن.

عەونی شیعری شیوەنی بۆ هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) ی هاوڕێی نووسـیووە چـل ڕۆژ لە دووای کۆچی دوایی کردنی کە بە تایەری خۆش خوانی من ناوی دەبات و دەڵێت:-

**ئـــەمڕۆ ڕۆژێکە کەوا تێپەڕ دەبێ ڕۆژی چـلـــەی**
**چونکە هەر لەم ڕۆژەدا وەستا لە لێدان ئەو دڵـــەی**
**ئـــەو دڵە پڕ سۆزو پڕجۆش و چریکەی بولبولـــەی**
**نیشتمان بووخواستی ئەوخستبوویە شوێنی ئەوگوڵەی**
**نامرێ دەنگی دەمێنێ تایەری خۆش خـــوانی مـــن**

پاشان دەڵێت:-

**زۆر هەژاری چەشت لەژین دا ماوەیەکیش ڕای بوارد**
**مل کەچی بۆ کەس نەکرد تا ڕۆژێ هات گیانی سپارد**
**یـــارمەتی داوا نەکردوو خواستی بۆ لای کەس نەنارد**
**خۆی لە بۆ خۆی هان دەدا بۆ پیاوەتی خۆی هەڵبژارد**
**نـــامرێ دەنگی دەمێنێ تایەری خـۆش خـــوانی من**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٢٤٩.

لە شیعرێکی تردا عەونی بۆ مەرگی برا بچوکەکەی (عومەر حبیب) دەڵێت:-

**بە چاوی خوێن بار بەدڵی خەمناك**
**بـــە ئـاهــو ناڵە زامی سینە چاك**

**بـــەدیـــمـــەن گـــەر دەبـینی ماوم**
**وێنەی کۆتەڵم بێ هەســـــت و ادراك**

**کـــــاکت بۆ مێژووی مەرگی تۆ گوتی**
**ئیمڕۆ بەهار بوو گوڵم ناشت لەخاك**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٥٨.

ئەم دوو شیعرەشیان دەچێتە خانەی لاواندنەوەی تایبەتی . لە چەند شیعرێکی تردا عەونی لاواندنەوەی بۆ قابیلی پورزای منداڵەکانی و حاجی مەحموودی هاوڕێی و بابا کەریم شێخ صدری نوسیووە و خەم و پەژارەی خۆی دەربڕیووە.

### ١٣- شیعری ئاینی:-

ئەگەر سەیرێکی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بکەین ئەوە بەدی دەکەین کە ئەدەبیاتی کوردی بەشیعری ئاینی دەستی پێکردووە هەر لە بابا تاهیرەوە کە گەلێك لە چوارینەکانی ئەم بابەتە شیعرییەی تێدا بەدی دەکرێت لە نزاو پاڕانەوە و خۆ بە گوناهبار زانین لە ناو یاندا هەڵە قوڵێت . دووای ئەویش ئەدەبیاتی گۆران بەئەهلی حەق و ئیسلامەوە . بەشیعر و پەخشانەوە هەموویان لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئاینین و هەندێکیش بەرەو لایەنی سۆفیانە چووە . هەروەها ئەدەبیاتی کرمانجی ژوورو بەهەمان شێوە لە فەقێ تەیران و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بەشێك لە شیعرەکانیان ئاینی بووە . شاعیرانی کرمانجی خواروو وەکو: مەحوی . نالی . حەمدی...ئەم بابەتە یان فەرامۆش نەکردووە . عەونی وەکو شاعیرێك هەرچەندە بیر و باوەڕێکی قەومی مارکسی هەبووە . بەلاّم کەم تا زۆر ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە و شیعری ئاینی هۆنیوەتەوە و دەڵێت:-

**من خۆم دەزانم کەتاوان بارم**
**لە کردەوەی خۆم شەرمەزارم**
**روم نییە ئەوسا سەرم هەڵبڕم**
**ئەگەر نەم بەخشێ پەروەردگارم**

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٩٢.

لێرەدا عەونی دان بەگوناهەکانی دادەنێت و خۆی بەشەرمەزار دەزانێ بەرامبەر بە یەزدان بەهۆی کردەوەکانی . ئەگەر پەروەردگار نەیبەخشێ ئەوا ڕووی سەربەرزکردنەوەی نییە.

له شیعرێکی تردا دەڵێت:-

**ڕۆژی حەشرە شەرمەزارم ڕووم نی یە سەر هەڵبڕم**
**دەنکە جۆیێ چاکە شك نابەم پەنا بۆ کـــوێ بەرم**
**بەم هەموو تاوانی کردوومە نەجاتم چـــۆن دەبێ ؟**
**گەرلەلای یەزدان تکا کارم نەکا پێـخــەمــبــەرم**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل٤٠٤.

شاعیر جەخت لەسەر تـاوان و شـەرمەزاری خـۆی دەکاتـەوەی . چـونکە هـیـچ چاکەیەك شك نابات نازانێ ڕوو لە کوێ بکات . تاکە هیوای ئەوەیە کە پێخەمبەر (د. خ) لـەلای خـوای گەورە پاکانەی بۆ بکات . ئەگەر نا لە رۆژی حەشردا رزگاری نابێت.

له شیعرێکی تردا به ناو نیشانی (خودایه) دەڵێت:-

**خودایە تۆ دروستت کرد سروشتم**
**لە خوانی نیعمەتی تۆ پێگەیـشتم**
**نی یە چاکەم لە بۆ ڕۆژی حیسابم**
**کە لوتفی تۆ نەبێ من بەد ڕەوشتم**
**بەبێ هوودە ژیانی خۆم بەسەر برد**
**لە بێ بەختی درەنگ من تێگەیشتم !**

پاشان دەڵێت:

**لەبەد کاری و بەد خوویی ڕەوشتم**
**لەژێر باری گوناها کۆمە پـشـتـم !**
**شیاوی ئـاگری دۆزەخ مــنــم مــن**
**بەڕەحمی خوا هیواداری بەهەشتم !**

دیوانی عەونی . چ٢ . ل١٨٦.

لەم شیعرە دا شاعیر لەبەر تاوان باری و خراپەی کردەوەکانی دان بەوە دادەنێت کە شیاوی ئاگری دۆزەخە . بەڵام لەبەر زۆری رەحمی خودا هیوای وایە کە بچێتە بەهەشت و خودای گەورە رەحمی پێ بکات و لە گوناهو تاوانەکانی چاو پۆشی بکات.

ئەوەی ماوە لەم تەوەرەدا بیخەینە ڕوو ئەوەیە کە عەونی لە ڕاستی دوور نەکەوتۆتەوە . کاتێك کە باس لە زانستی مێژوو دەکات بە درۆی دەزانێ ودەڵێت:-

ئەگەر ڕاستیت دەوێ مێژوو درۆیە
هەموو ڕوو داو و ڕابردوو دڕۆیە

بەچاوی خۆت دەبینی کارەساتێك
دەگۆڕێ پێچەوانەی هەر لە کاتێك

ئەوەی مێژوو دەنووسێ وەك بەڕۆژە
گوڵێکە تابیعی سوڕانی ڕۆژە

دیوانی عەونی،چ٢ . ل٣٨٨.

لەم دێڕانەدا شاعیر هێرش دەباتە سەر زانستی مێژوو ناهەقی نییە . چونکە بەسەرهاتی ڕووداوێك وەکو چۆن ڕووی داوە نانووسرێتەوە . بەڵکو وەکو مێژوو نووس خۆی چۆنی دەوێ یان دەسەڵات چۆنی بوێوا دەنووسرێتەوە . بۆیە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری داهێنراو سوودی بۆ کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەمیشەییە و وەکو سامانێکی ڕۆشنبیری دەبێتە سەرچاوەی ڕاستەقینە بۆ دوواڕۆژ.

# ئه نجامه‌كان

## ئەنجامەکان

پاش ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ژیان و بەرهەمی عەونی گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- ڕووداوەکانی جیهان . بەتایبەتی کوردستان کارێکی زۆریان لەبیر و بۆچوونەکانی عەونی کردووە . لەشیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە . خۆشی وەکو کەسایەتیەکی دیار تێکەڵ و بەشداری ڕووداوەکانی کردووە . چارە نووس و دوا ڕۆژی خۆی بەچارەنووسی نەتەوەکەی گرێ دابوو . زۆر ئازاو چاو نەترسانە چ وەك شۆرشگێرێك یا وەکو شاعیرێکی رۆشنبیر و بەتوانا لەریزەکانی شۆرش و پارتە سیاسیەکاندا لە کارکردن و خەباتی بێ وچان و بەردەوام دابووە. بۆنە جۆراو جۆرەکانی فەرامۆش نەکردووە . وەکو کوردێکی خاوەن هەڵوێست و خەم خۆری نەتەوەکەی پەنجەی لەسەر کەم و کوڕی و هەڵەو ناتەواویەکان داناوە. بەشیعر و وێنەی جوان رێی ڕاستی کوردایەتی نیشان داوین و چارەشی بۆ دەرد و گرفتەکان دۆزیوەتەوە . لە بیری ناسیۆنالیزمی کوردایەتی دەرچووە بۆ ئەنتەر ناسیۆنالیزمی.

٢- هەرچەندە بیر و باوەڕێکی قەومی مارکسی هەبووە . بەڵام کاریگەریی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بەسەرەوە بووە . ڕووداو و چیرۆکەکانی ئاینی ئیسلامی لەبینای شیعر و وێنەی هونەری بەکارهێناون و دیوانەکەی بەچەند شیعرێکی ئاینی رازاندۆتەوە.

٣- عەونی یەکێکە لەو شاعیرانەی سوودی لەکەلتوور و کەلەپووری نەتەوەکەی بینیووە و لەشیعرەکانیدا بەکارهاتوون و تێهەڵکێشی شیعرەکانی کردوون.

٤- عەونی شیعرەکانی بەوشەی کوردی و بیانی هۆنیوەتەوە . زمانێکی سادەو ئاسانی بەکارهێناوە . بەخوێندنەوەی شیعرەکانی هەموو کەس لەماناو مەبەستەکانی دەتوانێ تێبگات . دەتوانین بڵێین لەڕووی زمانی شیعریەوە سەر بەقوتابخانەی شیعری مستەفا بەگی کوردی بووە.

٥- لـه زانسـتی ڕەوانبێژیـدا دەسـتێکی بـاڵای هـەبووە . لـە زۆر لایـەنی ئـەو هونـەرە بەرفراوانـەدا بـاڵا دەسـتی نوانـدووە . لـە هەرسێ جۆرەکەیـدا " رونبێـژی . جوانکـاری و واتاناسی " داهێنان و ئەفراندنەکانی نیشان داوە.

٦- عەونی بۆسەرواى شیعرەکانی تیپەکانی زمانی کوردی و عەرەبیی بەکارهێناوە . پاش وورد بوونەوە چەند خەوش و کەم و کوڕی لەو بابەتـەدا دەست نیشان کـراوە کـە عـەونی لەشیعرەکانیدا تووشی هاتووە . لە شیعرە عەرووزیەکاندا پێڕەوی یەکێتیی قافیەی کردووە . جووت سەروا و سەرواى ڕەنگاو ڕەنگیشی بەکار هێناوە.

٧- عـەونی بۆکێشـی شـیعرەکانی چـوار دەریـای لـە کێشـی عـەرووزی بـەکارهێناوە کـە لەبنەڕەتـدا شـیعرەکانی لیریکـن . لەکێشـی خۆماڵیشـدا زۆربـەی کێشـەکانی بـەکار هێنـاوە . بەتایبەتی لە کێشی " دەبڕگەیی و حەوت بڕگەیی " دا شیعری زۆرە.

٨- عەونی بێجگە لە شیعر چەند بەرهەمێکی تـری وەکو: (پەخشان . چیرۆکە شیعر و مەتـەڵی) هەیـە. چـەند چـوارینەیەکی خـەیامی کـردووە بـەکوردی . لەگـەڵ چـەند پارچـە شـیعرێکی کـەلیمی هەمـەدانی و ابـو علاالمعـری . شـیعرێکی حـافزی شیرازیشـی تێهەڵکێشـی شیعرێکی خۆی کردووە.

٩- عەونی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی چەند شاعیرێکی کلاسیك و نـوێ ی کـوردی و چـەند پارچە شیعرێکی ئەو شاعیرانەی کردووە بـە پێـنج خشـتەکی . لـە هەنـدێك لەشیعرەکانیدا کەرستەو بیرۆکەی لێ وەرگرتوون و لە هەندێکیشدا تێهەڵکێشی شیعرەکانی خـۆی کـردوون. لەلایەکی تریشەوە عەونی بەشیعرە پتـەو و بـەهێزەکانی توانیویـەتی سـەرەنجی شـاعیرانی سـەردەمی خـۆی رابکێشـێ و چـەند غـەزەلێکی بکـەن بـەپێنج خشـتەکی . لەوانـە: (صافی هیرانی و جاهید).

١٠- ئـەو نووسـین و ڕایانـەی لەسـەر عـەونی نووسـراون بەنووسـین پیشـان دراوە . بەشێوەیەکی گشتی کۆمـەڵێ هەڵـەو زانیـاری نادروسـتی لەسـەر نووسـراوە . لـەم بارەیـەوە هەڵسەنگاندن و بیرو بۆچوونمان خستۆتە ڕوو.

١١- عەونی هەرچەندە لە سەرەتادا بە شیعری نیشتمانی و کوردایەتی دەستی پێکردووە . بەلاّم سەرکەوتوو بووە . ئەگەرچی لە ڕووی هونەری و جوانکارییەوە ناگاتە شیعرە دلّدارییەکانی. شاعیر خاسیەتێکی تایبەت لەشیعرەکانیدا دەبینرێت کە سێ خۆشەویستی تێکەلّ بەیەکتری کردووە . خۆشەویستی " ئافرەت . گەل و نیشتمان " ئەمانەش وای لێکردووە ببێتە شاعیری (دلّداری و کوردایەتی).

١٢- بەشێوەیەکی گشتی لەئەنجامی ئەم لێکۆلّینەوەیەدا دەرکەوت کە عەونی شاعیرێکی میللی بەتوانای کوردە . ڕۆشنبیرو کوردێکی خاوەن هەلّوێست و سوارچاك بووە. سەردەمەکەی پڕ لەگۆڕانکاری گەورەبووە . ئەویش هەر لەسەر ڕێبازی خزمەت کردن بەردەوام بووە و نەگۆڕاوە کە چەندین جار بەندکراوە کۆلّی نەداوە و تا دواین ساتەکانی تەمەنی لەشیعر نووسین بەردەوام بووە . بەهەموو ئەمانەش نەمری بە دەست هێناوە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**- قورئانی پیرۆز.**

## یەکەم: بەزمانی کوردی:

**أ- <u>پەڕتووکەکان</u>:**

**١- ئاوات محەمەد . دەق و راڤەکاری . چاپی یەکەم . چاپخانەی شڤان . ٢٠٠٨.**

**٢- ئەبو بەکر خۆشناو . شیعری بەرەنگاریی کوردی . چاپخانەی رووناکبیری . سلێمانی ٢٠٠٢.**

**٣- ئەحمەد زەردەشت . کاوە و نەورۆز...ئەفسانەو بیری نوێ . دەزگای ڕۆشنبیری و بلاڵوکراوەی کوردی . زنجیرەی ژمارە (٣١٧) . ١٩٩٩.**

**٤- ئەحمەد هەردی . عەرووز لە شیعری کوردیدا . وەرگێڕانی ئاسۆس هەردی . چاپی یەکەم . چاپخانەی سەردەم . سلێمانی . ٢٠٠٩.**

**٥- ئیبراهیم ئەحمەد شوان . لێکدانەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لەدیوانی موخلیس . چاپی یەکەم . چاپخانەی سپیرێز- دهۆك . ٢٠١٠.**

**٦- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید . رووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا . چاپی یەکەم . چاپخانەی خانی . دهۆك . ,٢٠١٠**

**٧- ئیدریس عەبدوڵلا،جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی،چاپی یەکەم . چاپخانەی هێڤی،هەولێر،٢٠١٢.**

**٨- ئیدریس عەبدوڵلا . جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا . چاپخانەی سەردەم . سلێمانی . ٢٠١٠.**

٩- پەرێز سابیر . رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر . دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس . هەولێر . ٢٠٠٦.
١٠- تاهیر احمد حوێزی . مێژووی کۆیە . بەرگی دووەم . بەشی یەکەم . چاپخانەی نمیر . بغداد . ,١٩٨٤
١١- جەلال زەنگابادی ساغکردنەوەولێکۆڵینەوەی چوارینەکانی خەیام پاچڤەی عەونی . چاپی یەکەم . چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین . هەولێر . ساڵی ٢٠١٢.
١٢- حەمەسەعید حەمە کەریم . دیداری شیعری کلاسیکی کوردی . چاپخانەی دارالحریە . ١٩٨٦.
١٣- دیوانی گۆران . بلاّوکراوەی پانیز . چاپی سێیەم . چاپخانەی دالاهۆ . ساڵی ١٣٨٦.
١٤- سەردارحەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی . پێداچوونەوە مەسعود محەمەد . بلاوکردنەوەی سنە . شارە کتێبی میدیا . ٢٧٠٧- ٢٠٠٧.
١٥- شوکریە ڕەسوڵ (د.) . ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب . مطبع التعلیم عالی . أربیل . ١٩٨٩.
١٦- عبدالخالق علاءالدین . دیوانی دڵدار . طبع فی مطابع دار افاق عربیةللصحافةوالنشر . بغداد . ساڵی١٩٨٥.
١٧- عەلی تاهیر بەرزنجی . کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا . چاپی یەکەم . چاپخانەی . چوارچرا . سلێمانی . ساڵی ٢٠٠٨.
١٨- عەبدوڵلاّ خدر مەولوود . ئامادەکردنی عەرووز یا کێشناسی . چاپخانەی پاك . زنجیرەی (٨٣) . هەولێر . ٢٠١٠.
١٩- عەبدوڵلاّخدرمەولوود . کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا . چاپی یەکەم . چاپخانەی پاك . هەولێر . ٢٠٠٧.
٢٠- عەبدوڵلاّخدر مەولوود . کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە سەر یەکتریدا . چاپی دووەم . چاپخانەی رۆژهەلاّت . هەولێر . ٢٠١٣.

٢١-عەزیز عەبدوڵلا گەردی . ڕەوانبێژی . چاپی دووەم . چاپخانەی ئارام . هەولێر . ٢٠٠٥.
٢٢- عەزیز گەردی . ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا . بەرگی یەکەم . ڕونبێژی . چاپخانەی جاحز . بغداد . ١٩٧٢.
٢٣- عەزیز گەردی . وەرگێڕانی هونەری شیعری ئەرستۆ . چاپی دووەم . چاپخانەی گەنج . سلێمانی ٢٠١١.
٢٤- عەزیز گەردی . ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا . بەرگی دووەم . چاپخانەی شارەوانی . هەولێر.
٢٥- عەلائەددین نجم الدین سەجادی . مێژووی ئەدەبی کوردی . چاپی یەکەم . بلاّوکردنەوەی کوردستان(سنە) . ,١٣٨٩
٢٦- عەلا ئەددین سەجادی . خۆشخوانی . " گوزارەکاری . جوانکاری . ڕەوانکاری " . چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین . ١٩٨٦.
٢٧- عەلائەدین سەجادی . ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی . چاپخانەی معارف . بغداد . ساڵی ١٩٦٧.
٢٨- عزالدین مستەفا ڕەسول . شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی مەلای جزیری . چاپخانەی دارالحکمە . هەولێر . ساڵی ١٩٩٠.
٢٩- عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم . لێکۆڵینەوەی دیوانی نالی . چاپی دووەم . بلاّوکردنەوەی کوردستان . سنە ١٣٨٧.
٣٠- عەبدول کەریمی مودەڕڕیس . بەدیع و عەرووزی نامی . بەشی یەکەم ودووەم . چاپخانەی جاحز . بغداد.
٣١- فازل مەجید مەحمود . سروشت لە شیعری گۆراندا . چاپی یەکەم . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی . ٢٠٠٧.
٣٢- فەرهاد عەونی . دیوانی عەونی . چاپی دووەم . چاپخانەی ڕۆژهەلاّت . ساڵی ٢٠١١.
٣٣- کۆمەڵگەی مەلیك فەهد . وەرگێڕانی مانای قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی . سعودیە ٢٠١٣.

٣٤- کەمال حسین غەمبار . بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك . چاپی یەکەم . دەزگای چاپ و بلاّو کردنەوەی ئاراس . هەولێر . ساڵی ٢٠٠٨.
٣٥- کەمال مەعروف . ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی . چاپی یەکەم . چاپخانەی ژین . ٢٠٠٣.
٣٦- کەریم شارەزا . ئامادەکردنی دیوانی عەونی . چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . ١٩٩٧.
٣٧- کەریم مستەفا شارەزا . کۆیەوشاعیران . بەرگی دووەم . چاپخانەی شەهاب . هەولێر . ٢٠١٣.
٣٨- کەریم شارەزا . نازم محمدئەمین . جەمیل حەوێزی . عوسمان مستەفا خۆشناو . مەجید ئاسنگەر . کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا . چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری . هەولێر . ساڵی ٢٠٠٩.
٣٩- گیوموکریانی . دیوانی صافی . چاپی سێ یەمین . چاپخانەی کوردستان . هەولێر . ساڵی ١٩٧٣.
٤٠- لەتیف فاتیح فەرەج . مامەند کەرکوکی شاعیرێکی لەبیرکراو . چاپی یەکەم . چاپخانەی کارۆ . کەرکووك . ٢٠١٣.
٤١- مارف خەزنەدار . مێژووی ئەدەبی کوردی . چاپی دووەم . بەرگی حەوتەم، . چاپخانەی ئاراس . هەولێر ، ساڵی ٢٠١٠.
٤٢- مارف خەزنەدار . مێژووی ئەدەبی کوردی . چاپی یەکەم . بەرگی حەوتەم . چاپخانەی ئاراس . هەولێر ، ساڵی ٢٠٠٦.
٤٣- مارف خەزنەدار . مێژووی ئەدەبی کوردی . چاپی دووەم . بەرگی یەکەم . چاپخانەی ئاراس . هەولێر . ٢٠١٠.
٤٤- مەولود ئیبراهیم حەسەن . گەڕان بەدوای نەمریدا . چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر . ٢٠١٠.

**٤٥- محمد علی قەرەداغی . دیوانی وەفایی . چاپ اول . مرکزنشر فرهنگ وادبیات کردی انتشارات صلاح الدین ایوبی . ١٣٦٤.**

**٤٦- مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی . دیوانی مەحوی . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم . چاپی سێیەم . انتشارات کوردستان(سنە) ١٣٨٧.**

**٤٧- محمدی مەلا مستەفا هیرانی . دیوانی صافی . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر . ٢٠٠٤.**

**٤٨- موکرم تاڵەبانی . شێخ رەزای تاڵەبانی " ژیانی . پەروەردەی . بیرو باوەڕی و شیعری "،چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر . ٢٠٠١.**

**٤٩- نەوزاد رەفعەت . هەژانی بەرد چاپی یەکەم، . چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری . هەولێر . ١٩٩٩.**

**٥٠- نوری فارس حەمەخان . وەرگێرانی عەرووزی کوردی . بەرگی یەکەم . بنکەی رۆشنبیری لوبنانی . بەیروت.**

**٥١- وریا حبیب . دیوانی هێمن موکریانی . چاپی یەکەم . چاپ و پەخشی چوارچرا . سلێمانی . ساڵی ٢٧٠٨.**

**٥٢- هەژار بۆ کوردستان . چاپی شەشەم . دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی انتیشاراتی هەژار . ئێران — سنە . ٢٠٠٦.**

**٥٣- هیمدادی حوسێنی (د.) . رێبازە ئەدەبییەکان . چاپی دووەم . چاپخانەی رۆژهەلاَت . هەولێر . ٢٠١٠.**

**٥٤- یادگار ڕەسول باڵەکی . سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی . چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر . ساڵی ٢٠٠٥.**

## ب- گۆڤارەکان:


٥٥- ئەدۆنیس . وەرگێران: شوان ئەحمەد . چەندسەرنجێك سەبارەت بەئەزموونی شیعرم . گۆڤاری ئێستا . ژمارە(٢٢) . ساڵی ١٩٩٩.

٥٦- حەمەبۆر(هۆشەنگ) . هەڵبەستی بڵاونەکراوەی عەونی . گۆڤاری وەشت . ژمارە(٢)چاپخانەی بابان- سلێمانی . بەهاری ٢٠٠٨.

٥٧- رازی . چوارینەکانی باباتاهیری عوریان . لەلوڕیەوە کردوویەتی بەسۆرانی . گۆڤاری ڕۆڤار . ژمارە(٣٨) . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . چاپخانەی رەنج . سلێمانی . ١٥ – ٢ – ٢٠٠٦.

٥٨- عباس احمدی . چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی . گۆڤاری ڕۆڤار . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . چاپخانەی رەنج . سلێمانی . ١٥ – ٢ – ٢٠٠٦.

٥٩- عە بدول رەزاق بیمار . عەرووز لە هەڵبەستی کوردی دا . رۆشنبیری نوێ . ژمارە (١١٣) ساڵی ١٩٨٧.

٦٠- عەبدوڵلاٲخدر مولود . شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن . گۆڤاری ڕامان . ژمارە (١٣٠) . ٢٠٠٠.

٦١- عەبدوڵلاٲخدر مولود . حەمدی و ڕەوانبێژی . گۆڤاری ڕامان . ژمارە (٥٣) . ساڵی ٢٠٠٠.

٦٢-فەرهەنگ سەلیمی . رێرەوی شیعری کوردی . گۆڤاری نووسەری نوێ . ژمارە (٥٧) . ئەیللولی ٢٠١١.

٦٣- فەرهاد عەونی . سەرەقەڵەمێك دەربارەی پێنج خشتەکی عەونی لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکوکی . گۆڤاری هەولێر . ژمارە (٥) . چاپخانەی ڕۆشنبیری . هەولێر . زستانی ٢٠٠٠.

٦٤- کاکەی فەلاح . وێنەی شیعری چییە؟ گۆڤاری کاروان . ژمارە (٤٩) . ساڵی ١٩٨٦.

٦٥- کامەران موکری . زانستی عەرووز . گۆڤاری ڕامان . ژمارە (١١٤) . تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

٦٦- کەمال مەزهەر . گۆڤاری بەیان . گۆڤاری هاوارو کوردی عێراق . ژمارە ١٨٣ . ساڵی١٩٩٩.
٦٧-کەریم شارەزا . ناودارانی پارێزگای هەولێر . گۆڤاری هەولێر . ژمارە(٥) . چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر . زستانی ٢٠٠٠.
٦٨- کەریم شارەزا . عەونی شاعیرێکی نەتەوەی کوردە . گۆڤاری کاروان . ژمارە ٣ . کانوونی یەکەم ١٩٨٢.
٦٩- مارف خەزنەدار . نالی چۆن گوڵ دەبینێ . گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات زانستگای بەغداد . ژمارە ٢٣ چاپخانەی علاء. ١٩٧٩.
٧٠- وریا ئەحمەد . گۆڤاری ڕامان . گۆرانی و میوزیکی ناوچەی کۆیە . ژمارە(١٣٤) . چاپخانەی خانی دهۆك . خولی سێیەم . ساڵی سێزدە . تەمموزی ٢٠٠٨.
٧١- وریا ئەحمەد . مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە . گۆڤاری ڕامان . ژمارە (١١٩) . خولی سێیەم . ساڵی یازدە . گولانی ٢٠٠٧.
٧٢- وریا ئەحمد . گۆرانی و میوزیکی ناوچەی کۆیە . گۆڤاری ڕامان . چاپخانەی خانی . ژمارە(١٢٧) . خولی سێیەم . ساڵی دوازدە . کانوونی یەکەم ٢٠٠٧.

## پ – ڕۆژنامەکان:

٧٣- ئا: . لەیادیماڵئاوایی عەونی شاعیر . ڕێگای کوردستان . ژمارە (٧٥١) . چوارشەممە ١ئابی ٢٠٠٧.
٧٤- ئومێد رەزا و سەردار ئەکرەم . یەکەمین فیستیڤاڵی عەونی شاعیر لەکۆیە . ئەدەب و هونەر پاشکۆی کوردستانی نوێ . ژمارە (٦١٧٣) . ساڵی بیست و دووەم . پێنج شەممە ٥-٩-٢٠١٣.
٧٥- باکوری . بزوتنەوەی سیمفۆنیا لەدیوانی عەونی دا . ڕۆژنامەی برایەتی – پاشکۆی ئەدەب . ژمارە
(٣٤ – ٢٣٧٤) . چوارشەممە ساڵی١٩٩٧.

٧٦- پاشكۆی ئەدەب . دیوانی عەونی و خستنە ڕووی چەند سەرنجێك . ڕۆژنامەی برایەتی . ژمارە (٢٣- ٢٣٢٢) . ١٩٩٧.

٧٧-جەوادحەمەبەگ . لەحەڤدەمین ساڵیادی عەونیدا . رۆژنامەی رێگای كوردستان . رێگای ئەدەب و هونەر . ژمارە (١٥) . پوشپەری ٢٧٠٩.

٧٨- زیرەك كەمال . عەونی شاعیر نەمردووە . چونكە سەردەمەكان بەشیعر دەبرێت . هەفتەنامەی رێگای كوردستان . ژمارە (٧٥١) ساڵی ٢٠٠٧ . ل١٠.

٧٩- كەریم شارەزا . دووشاعیر و بابەتێك "عەونی و گۆران و كچی كوردستان " . ڕۆژنامەی برایەتی . ژمارە (٢٣٧٦) . ساڵی ١٩٩٧.

٨٠- كەریم شارەزا . لە دووەمین ساڵڕۆژی كۆچی دوایی شاعیری سەربەرزی ورەبەر نەدان عەونی . ڕۆژنامەی برایەتی . ژمارە (١٩٩٧) . ساڵی ١٩٩٤.

٨١- ك . ن: . چاوپێكەوتن لەگەڵ عەونی . كوردستانی نوێ . ژمارە (١٠٩) ساڵی یەكەم . پێنج شەممە ٤- ٦- ١٩٩٢.

٨٢-محەمەد ئەكرەم . مانگ نامەی كۆیە . گۆشەی ناوداران . ژیانی عەونی لەچەند دێڕێكدا . ژمارە (٢٠) . پێنج شەممە ١٧ — ٨ — ٢٠.

## ت- فەرهەنگەكان:

٨٣- كەمال جەلال . فەرهەنگی زانستی عەرەبی . ئینگلیزی . كوردی . چاپی یەكەم . چاپخانەی رێنوێن . سلێمانی ٢٠٠٣.

٨٤- محمدی خاڵ . فەرهەنگی خاڵ . چاپی یەكەم . جزمی سێ یەم . چاپخانەی كامەرانی . سلێمانی،١٩٧٦ . ل٢٥.

٨٥-محەمەد نوری عارف . فەرهەنگی دیوانی شاعیران(نالی،سالم،كوردی) بلاّوكراوەی ئاراس . چاپی دووەم . هەولێر . ٢٠٠٩.

٨٦- موحسین ئەحمەد عومەر . فەرهەنگی ئەدەبی . چاپخانەی حەمدی . سلێمانی . ساڵی ٢٠١٢.

٨٧- هەژار . هەنبانە بۆرینە . فرهنگ کردی-فارسی . چاپی شەشەم . چاپخانە انتشارات سروش لیتوگرافی . تهران . ١٣٨٦ . ل٦٦٩.

## ج- نامەی ئەكادیمی:

٨٨- عەبدوڵڵا خدر مەولود . لێكۆڵینەوەیەك لە شیعرەكانی حەمدی . نامەی ماجستێر . كۆلێجی ئاداب . زانكۆی سەلاحەددین . ١٩٩٦.

٨٩- عەبدول سەلام سالار عەبدول رەحمان . هونەری رەوانبێژی لە شیعرەكانی (نالی)دا . نامەی ماستەر . زانكۆی سلێمانی . ٢٠٠٠.

٩٠- عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد گەردی . سەروا لێكۆڵینەوەیەكی شیكاریی بەراوردە لە شیعری كوردیدا . نامەی دكتۆرا . كۆلێجی ئاداب . زانكۆی سەلاحەددین . هەولێر . ١٩٩٨.

٩١- عەزیز عەبدوڵڵا گەردی . كێشی شیعری كلاسیكی كوردی و بەراوردكردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و كێشی شیعری فارسی . نامەی ماجستێر . كۆلێژی ئاداب . زانكۆی سەلاحەددین . هەولێر . ١٩٩٤.

٩٢-عەبدوڵڵا ئاگرین . شیعری سیاسی كوردی لەخوارووی كوردستان . نامەی ماستەر . كۆلێجی ئاداب . زانكۆی سەلاحەددین . هەولێر . ١٩٩٤.

٩٣- ماكۆك مەولود حەوێز . لێكۆڵینەوەیەك لە شیعرەكانی هەژار . نامەی ماستەر . كۆلێجی پەروەردە بۆزانستە مرۆڤایەتیەكان . زانكۆی سەلاحەدین . هەولێر . ٢٠٠٨.

## ح- دەستنووسەكان:-

٩٤- دەستنووس . كەریم مستەفا شارەزا . تۆماری (٤) . ساڵی ٢٠١٣.

٩٥-دەستنووسی عەونی ساڵی١٩٧٩.

## د- بلأوكراوه:

٩٦- بەچاودێری سامی شۆرش . سەرفرازبێ کاروانی وشەی شیرینی کوردی . بلأوکراوه . ڕێکەوتی ٣ – ١٠ – ٢٠٠٥.

## دووەم: بەزمانی عەرەبی:

### أ- پەرتووكەكان:-

٩٧- ابراهيم الوائلى . الشعر السياسى في القرن التاسع عشر . مطبعة العانى . بغداد . ١٩٦١.

٩٨- ابراهيم محمد صقر . تيسير البلاغة . دار مصر للطباعة . (د. ت).

٩٩- احسان عباس . فن الشعر . الطبعة الثالثة . دار الثقافة . بيروت . ١٩٧٩.

١٠٠- أحمد الهاشمي . جواهر البلاغة في المعانى والبيان والبديع . الطبعة الثانى عشرة . السعادة،مصر . ,١٩٦٠

١٠١- انيس المقدسي . الأتجاهات الأدبية في العالم العربي الحديث . ط٥ . دار العلم للملاين . بيروت . ١٩٧٣

١٠٢- الحافظ ابى محمدزكى . الترغيب والترهيب من الحديث الشريف . مطبعةالسعادة،الطبعةالاولى،الجزالثالث . ابريل سنة١٩٦١.

١٠٣- رجاء عبد (د.) . الشعر والنغم . دارالثقافة للطباعة و النشر . القاهرة . ١٩٧٥

١٠٤-.أبى زكريا محى الدين . رياض الصالحين . الطبعة الأولى . دارابن حزم . القاهرة . ٢٠٠٨.

١٠٥- سى دى لويس . الصورة الشعرية . ترجمة احمد نصيف الجنابى . مالك ميرى . سلمان حسن ابراهيم . دار الرشيد للنشر . بغداد . ١٩٨٢.

١٠٦- صلاح فضل . نظرية البنائية في النقد الادبى . ط٢ . دار الشؤن الثقافية العامة . بغداد . ١٩٨٧.

١٠٧- عربية توفيق لازم . حركة التطوير و التجديد في الشعر العراقي الحديث . مطبعة الأيمان . بغداد . ١٩٧١.

١٠٨- عبد العزيز عتيق . علم العروض والقافية . دار النهضة العربية . ١٩٧٤.
١٠٩- على عباس علوان . تطور الشعر الحديث في العراق . وزارة الثقافة والاعلام . ١٩٧٥.
١١٠-عبدالواحد لؤلؤة (ترجمة) . الاتجاهات و الحركات في الشعر العربى الحديث . ط١ . مركز دراسات الوحدة العربيه . بيروت . ٢٠٠١.
١١١- ڤ. م. جيرنومسكى . الدراسات الادبيةالمقارنة . نقلها عن الروسية . عزالدين مصطفى رسول . الجزء الاول . سليمانية — ٢٠٠٠.
١١٢- كمال غمبار . عبداللة گۆران رائداً لحركة تجديد الشعر الكوردى . وزارةالثقافة دارالثقافة والنشر الكردية . الطبعةالثالثة . بغداد . السنة ٢٠١٣.
١١٣- محمد رضا مبارك . اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربى . تلازم التراث والمعاصرة . ط١ . دارالشؤن الثقافية العامة . بغداد . ١٩٩٢.
١١٤- محمد عبدالسلام كفافى . فى الادب المقارن . الناشر دار النهضة العربية . بيروت . ١٩٧٢.
١١٥- محمد الصادق عفيفي . النقد التطبيقى والموازنات . مكتبة الخانجى . القاهرة . ١٩٨٧.
١١٦- محمد غنيمى هلال . النقد الادبي الحديث . الطبعة الثالثة . دار العودة . بيروت . ١٩٨٦.
١١٧- محمدغنيمى هلال . الادب المقارن . دارالعوده- بيروت (د. ت).
١١٨- مجدى وهبه . معجم مصطلحات الادب . مكتبة لبنان . بيروت . السنة ١٩٧٤.
١١٩-محسن اطيمش . دبرالملاك . دار الرشيد للنشر . بغداد . ١٩٨٢.
١٢٠- منصور على ناصف . التاج . جلد (٥) . الطبعة الرابعه . (د. ت).
١٢١- نايف العجلونى و خالد سلمان . ترجمة . الصورة الفنيية . موسوعة برنستون للشعر . مجلة الثقافة الاجنبية . عدد ٤٩ . سنة ١٩٨٨.
١٢٢- يوسف كرم . الطبيعة وما بعد الطبيعة . دار المعارف . القاهرة . ١٩٥٩.

**ب- گۆڤار:**

١٢٣- لقاء مع الرعيل الاول لرجال التربية والتعليم . احمد حويز الملا . افاق تربوية تصدرها وزارة التربية فى اقليم كردستان العراق . العدد(١) . اب ٢٠٠٣.

**سێ یەم: بەزمانی فارسی:**

**أ- پەرتووکەکان:**

١٢٤- روح الله هادى . ارايه هاى ادبى (قالبهاى شعر . بيان و بديع) . شركت چاپ و نشر كتابهاى درس ايران . تهران . ١٣٧٦.

١٢٥- سيروس شميسا . نگاهى تازه به بديع . چاپ دوازدهم . انتشارات فردوس . تهران . ١٣٦٨.

**چوارەم: چاوپێکەوتنەکان:**

١٢٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد دلزار . ڕێکەوتی ٢٢- ٥ – ٢٠١٣ . هەینی . سەعات (١١) ی پێش نیوەڕۆ،هەولێر .ماڵەوە.

١٢٧-چاوپێکەوتن لەگەڵئەحمەد دلزار . ڕێکەوتی٢٢- ٥- ٢٠١٣ . هەینی . سەعات (١٠) ی پێش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ جوان عەونی . ڕێکەوتی ٢٢- ٥- ٢٠١٣ . هەینی . سعات (١٢) ی نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر عەونی . ڕێکەوتی ٩- ٦ – ٢٠١٣ . یەك شەممە . سەعات (٧)ی ئێوارە . هەولێر،ماڵەوە.

١٣٠-چاوپێکەوتن لەگەڵ ساسان عەونی . ڕێکەوتی ١٣- ٦- ٢٠١٣ . پێنج شەممە . سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٣١- چاوپێكەوتن لەگەڵ صلاح رەمزی رحیم . رێكەوتی ١٨- ٧ – ٢٠١٣ . پێنج شەممە . سەعات (٥)ی ئێوارە . هەولێر ماڵەوە.

١٣٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ دكتۆر شوكریە رەسول لەرێكەوتی ٧- ٩ – ٢٠١٣ . هەینی . سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٣٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ غەریب پشدەری . ڕێكەوتی ١٤- ٦- ٢٠١٣ . هەینی . سەعات (٤) ی پاش نیوەڕۆ . هەولێر . یەكێتی نووسەران.

١٣٤- چاوپێكەوتن لە گەڵ فەرهاد عەونی . رێكەوتی ١٥- ٦ ٢٠١٣ . یەك شەممە . سەعات (٩)ی شەو . هەولێر . ماڵەوە.

١٣٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ كەمال غەمبار . ڕێكەوتی ٨ – ٦- ٢٠١٣ . شەممە . سەعات (١١) پێش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٣٦-چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم شارەزا . رێكەوتی ١٤ – ٧ – ٢٠١٣ . دووشەممە . سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٣٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری . رێكەوتی ١٦- ٦- ٢٠١٣ . یەك شەممە . سەعات (٩)ی پێش نیوەڕۆ . هەولێر . ماڵەوە.

١٣٨-چاوپێكەوتن لەگەڵ وریا عەونی . رێكەوتی ٨- ٦ – ٢٠١٣ . شەممە . سەعات (٦)ی ئێوارە . هەولێر . ماڵەوە.

## چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی:

١٣٩- چاوپێكەوتنی كەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی گەلی كوردستان . لەگەڵ وریا جەلی زادە . پێگەی كۆیە لەئەدەبی كوردی دا . رێكەوتی ١٨- ٦- ٢٠١٣.

**پەیوەندیەکان:**

١٤٠- پەیوەنـدیی دەنـگ و ڕەنـگ لەگـەڵ بـایز مسـتەفا . ڕێکـەوتی ١٦- ٨- ٢٠١٣ . لەڕێگـەی ئەنتەرنێت- فەیس بووك.

١٤١- پەیوەندیی تەلـەفۆنی لەگـەڵ کـەریم شـارەزا . ڕێکـەوتی ١٥- ٨ – ٢٠١٣ . پێـنج شـەممە . سەعات (٦)ی ئێوارە.

**فاکس:**

١٤٢- بایز مستەفا حسن . بەشێك لەژیانی پرغەم . ڕێکەوتی ١٤- ٤- ٢٠٠٦ . " بەریتانیا – هەولێر " فاکس.

# پاشکۆ



٨

- بولبول -

وەرە ئەی بولبولەکەی خۆشخوێنم
لەو گری خونچە گوڵی باخانم

باخەوان دەنگی بیستبوو شەوەکی
دەرکەوتە تاکو بەیانی مەستەوە

بەر لەوەی خونچە لەوانی بکەنێ
باخەوان هەستی لەخەو گوڵ بچنێ

چن بەچن شوێنی گوڵی هێوا بکەوە
بۆی خەریکی بە پەلەکە دوامەکەوە

هیچ گومانی نییە هەر دەبێت دەکەوێ
گوڵ بەدڵ گەرەکە ڕەنجی دەوێ

هەر گەڵی دیرینە بنا گەر بەهەیات
بانگی ئازادی لەم بوودێ بەهەڵێت

ئەم بەڕێنەی کە بەخوێنی دەست دەکەوێ
ڕێی بۆ دابنێ ژیری نەکەوێ

عارە

لاپەڕەیەکی دیوانی عەونی بە دەستنووسی خۆی


٦٦

وەرەوە بولبول لەی دەنگ خۆشم
مژدە بێ لێت کە منیش دل خۆشم

من و تو و گول کە یەک دەگرین
لێک جیا نابینەوە تا دەمرین

تو بخوێنە لە لقو پوپی چلان
دەنگی ئازادی بگەیێنە بە گولان

هێرشی لەشکری شۆڕی خەزان
جاوەڕێ بن لە لیکا بالای وەزان

گول بە ڕو سوری بە ناز بێ بکەنی
بە ڕەنگی بێ شەرمی لەبەر دا بکەنی

دوستی ئێوەش کە بلێن دا پێتان
لە موڕو داوی بنوسێ بوتان

لە گوڤاری کاروان ژمارە ١٠ بلاوکراوەتەوە

تۆراوە

تۆراوە

لاپەڕەیەکی دیوانی عەونی بە دەستنووسی خۆی

# باوەرپیکراوەکانی گەلاویژ

## لە

سلیمانی : عمر قەزاز وابراهیم ملا عارف ـ لە جادەی تازە.

سنـــە : شهاب‌الدین عمی : ادارەی دارائی

کرکوك : ملا خورشید : مزگەوتی قاضی لە گـەرەکـی حەلواجی .

خانقین : عبدالعزیز نورمحمد .

کرماشان : ابراهیم نادری . خیابان سپە . سلمان خادم .

زاخو : حسین حاجی رشید .

سابلاخ : محمد صدیق حیدری

عمادیە : یونس امین آمیدی .

رواندز : علی عبدالله . مکتبەی پیشکەوتن.

کویسنجق : عثمان عونی حاجی ملا

موصل : محلة باب الجدید : لە دوکان توتنچي ملا طاهر عمادی : ملا صبغة الله مزوري

هەر کەس ایشیکی ئەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بـدا یا ناو ونیشانی بگوری یا ببی بە آبونە، لە وولاتی خویەوە راستەو خو ئەم شوینانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـ بەغدا

لە چلەکانی سەدەی رابردوو کاتێ گۆڤاری گەلاوێژ دەردەچوو

عەونی شاعیر باوەڕپێکراوی ئەو گۆڤارە بووە لە کۆیە



هاوینەهەواری بێخاڵ، ١٩٦٠/٧/٢٠

له چەپەوە: دڵزاری شاعیر، محەمەدی مەلا کەریم، عەونی، گۆرانی شاعیر، مامۆستا یحیا

پاش بەکۆتا هاتنی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

کە بەشدارییان تێدا کردبوو



**بەندینخانەی (نوگرە سەلمان) زستانی ١٩٦٢**

**لە راستەوە: کامەران موکری شاعیر، عەونی**




**هەولێر: کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر ١٩٧١/١/١٥**

**لە راستەوە: تایەر ئەحمەد حەوێزی، عەونی، هەژاری موکریانی، شێخ محەمەد هەرسینی،**

**جەلال غەریب، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید عومەری موهەندیس**



چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم

بەغدا – باڵەخانەی رۆژنامەی (التآخي و برایتي)

پایزی ١٩٧٣



**شاعیر و زەکیە مەلا رەئوف مەلا رەسولی بێتوشی هاوسەری**



**دوایین وێنەی شاعیر کە تێیدا بریندارە، پاش بۆردومانەکەی سوپای داگیرکەری بەعس**

**لە کۆیە، هاوینی ساڵی ١٩٩١**

**لە ئەرشیفی ئازادی عومەر ئاغای غەفووری وەرگیراوە**

اقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين – اربيل

# حياة عوني الشاعر و نتاجه
# (دراسة تاريخية – وصفية)

**رسالة**

مقدمة الى مجلس كلية التربية – في جامعة صلاح الدين – اربيل
و هي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في الأدب الكوردي

**من قبل**

**اميد عزيز مصطفى** بكالوريوس – كلية التربية- جامعة صلاح الدين- اربيل – ٢٠٠٨

**بإشراف**

أ.د. شوكرية رسول ابراهيم

گولان ٢٧١٤ الكورديةجمادى الثاني١٤٣٥ الهجريةآذار ٢٠١٤ الميلادية

# ملخص الرسالة

إن المطلع على تأريخ مدينة كوية من الجانبين الاجتماعي والثقافي . سيتعرف على المركز الأدبي والفني في كوردستان الجنوبية وسيظهر له بأن هذه المدينة هي منبع الأدب والحس القومي . والنضال الوطني . كما ظهر فيها كوكبه من الشعراء والادباء الكبار من أمثال (قاصد . وحاجى قادر . جليل زاده . أختر....) . بالاضافة الى الشاعرعوني الذي هو موضوع البحث.

- حدود البحث:

تتناول هذه الرسالة الموسومة ب (حياة عوني الشاعر و نتاجه) نبذه تاريخية عن حياة الشاعر لغرض التعرف على نتاجه الأدبي الذي تركه ومدى تأثيره و تأثره بالشعراء التقليديين والمحدثين من الكورد وقد تضمن شعره كلا الضربين القديم والحديث.

- أسباب اختيار الموضوع:

مما لاشك فيه إنَ اختيار أي موضوع له أسبابه . وسبب اختياري لهذا العنوان بصورة رئيسة يعود إلى عدم وجود دراسة أكاديمية علمية على مستوى الماجستير و الدكتورا تتناول حياة ونتاج الشاعر عوني من جهة . و تقديم خدمةٍ لشعراء مدينتي من خلال هذه الدراسة من جهة أخرى.

- أهمية البحث:

تكمن أهمية هذا الموضوع في إبراز كيفية تحول النضال والكفاح الشعبي إلى ولادة العمل الأدبي من خلال الشعر . وليكون مرجعاً علمياً لتحديد الموروث الشعري للشاعر و خطوة للقيام بدراسات أخرى.

- صعوبات البحث:

تكمن الصعوبات في هذا البحث الى ندرة الدراسات العلمية في هذا الجانب . بالاضافة الى ضياع قسم كبير من أشعار عوني مما ولدَ نقصاً في بعض قصائدهِ . وهذا أدى بدورهِ إلى صعوبة الوقوفِ على مضمونها.

- منهج البحث:

لقد حاول البحث الاعتماد على المنهج التاريخي الوصفي . في تقسيم وتحليل الموضوعات لغرض التقليل من السلبيات و اخراج البحث فى أحسن وجه . حيث اقتضت طبيعة الموضوع

أن يتوزع البحث على ثلاثة فصولٍ وكل فصل بتكون من مبحثين . ويتضمن كل مبحثِ مجموعة من الموضوعات . وتنتهي هذه الفصول بعرض أهم النتائج التي توصل إليها البحث . فضلاً عن أنموذجين من المخطوطات الشعريه التي كتبها الشاعر بخط يديهِ . أما الفصول فهي كالآتي:-

**الفصل الأول:** ويتكون من مبحثين . تناول المبحث الأول تناول نبذة تاريخية عن مدينة كوية مع دراسة لحياة الشاعر وينقسم هذا المبحث الى ستة محاور وهي كالأتي: مصادر عوني الثقافية . تجربته الشعرية . كفاحه ونشاطاتهُ . مراتب شعره . نتاجاته واستحداثاتهُ . وصدى وفاتهِ بين أوساط الناس. وتناول المبحث الثاني عرض وتقيم الكتابات التي كتبت عن الشاعر وفيه تمَ الإحاطة بأكثر هذه الكتابات و رتبت بحسب تاريخ النشر . وتمَ التركيز على تلك الكتابات القيمة التي تستحق أن يركز البحث عليها.

**الفصل الثاني:**-ويقع هذا الفصل تحت عنوان (أثر الشعراء التقليدين والمحدثين في شعر عوني) . ويتكون من مبحثين . ففي المبحث الأول تمَ التطرق إلى أثر الشعراء التقليدين في شعر عوني من أمثال (بابا طاهر الهمداني . وحاجي قادر الكويي . ووفايي . و صافي هيراني . و مامندكركوكي . و ميلي). اما في المبحث الثاني فقد تناول أثر الشعراء المحدثين من الكورد في شعر عوني من أمثال (گوران . ودلدار . وهژار . و هيمن موكرياني) . فضلاً عن أثر عوني نفسه على شعراء عصرهِ من أمثال(صافي هيراني . و جاهيد).

**الفصل الثالث:**-حيث يتناول الشكل و المضمون في شعر عوني وينقسم على مبحثين إذ يدرس المبحث ألأول شعر الشاعر من ناحية الشكل وذلك من جوانب عدة منها لغتة الشعرية و صوره . واستخدامه للفنون البلاغية . و الوزن و القافية). أما المبحث الثاني فقد تطرق إلى شعره من ناحية المضمون من خلال العرض والتحليل لغرض الوقوف على الاغراض و الموضوعات الشعرية وعلى وجه الخصوص في قصائده الوطنية والقومية و السياسية والنضال الكوردي والغزل و الخمر والوصف والمدح و الفخر و الهجاء والرثاء وغيرها.

وفي نهاية البحث تم عرض أهم النتائج التي توصل إليها البحث متلوة بقائمة المصادر و المراجع التي اعتمدها البحث عليها مرتبة وفق طريقة الالفبائي الكوردي.

# Abstract

If anyone reads the history of koya city, it will appear to him that koya is the center of education and full of the people having feeling of Kurdish nationality.

The research is entitled "life and works of the poet Awny" this poet is considered to be the one affected by classic and modern poets. why it is chosen lies in the fact that till now, no research has been conducted on this title. It is also to serve koya poets and poems. I tried to save same of his poems from being evaporated. The research consists of three parts, having tow sections in each part.

Section one in part one is about the history of koya city and life of the poet. The second section is about evaluation of the poet. Part two, section one is about the impact of Kurdish classical poets on Awny's poems. Section two talks about the impact of modern Kurdish poets on Awny's poems. Part three is a bout the surface and contents of Awny's poems finally, the study ends with conclusion and a list of books consulted for writing the research.

**Kurdistan Region – Iraq**
**Ministry of Higher Education**
**And Scientific Research**
**Salahaddin University – Erbil**

# Life and works of the poet Awny

## AThesis

**Submitted to the Council of the College of Education- Salahddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish literature**

## By

**Umed Aziz Mustafa B.A. College of Education- Salahddin University- ٢٠٠٨**

## Supervised By
## Prof. Dr. Shukria Rasool Ibrahim

**May ٢٠١٤ A.D. Jamadi II ١٤٣٥ Al-H.Gulan ٢٧١٤ K.**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٦٨٨ )ی
ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

# نەسرین
# ئەمڕۆ
# نەورۆزە

نەسرین گوڵی بەهارم
نمونەی ڕۆژگارم،

کچێکی کوردستانم،
جوانێکی کردگارم!!

نەسرین ئیمڕۆ بەهارە
خۆشتر لە ساڵی پارە

بابڕۆینە سەیری باخان
لەو دەشت و مێر گوزارە

نەسرین ئیمڕۆ نەورۆزە
لێت بێ جەژنە پیرۆزە

لە کوردستانی گەورە
جەژنی گشت تیر و هۆزە

ڕۆژێك بە یادی مەستی
دەستم گەیشتە دەستی

پێم گوت: نەسرین تویی خوا
گەر لێرە ڕانەوەستی!

کە وەستا بانگی کردم
بەم گوتە هۆشی بردم

بۆیە سووکم لە لاتان،
چونکە کچێکی کوردم!!

لە پەنجاکانی سەدەی
رابردووەوە هونەرمەندی گەورە
تایەر تۆفیق بە دەنگی خۆی
تۆماری کردووە و دەیڵێ.